# سوورخەڵاتان



تایبەت بە

**شەهیدانی شۆڕشی ژینا**

بەرگی یەکەم

# سوور خەڵاتان

## تایبەتە بە ژیاننامەی شەهیدانی شۆڕشی ژینا

## (بەرگی یەکەم)

چاپی یەکەم
خەرمانانی ١٤٠٢

# سوورخەڵاتان

**ناوی کتێب:** سوورخەڵاتان (بەرگی یەکەم)

**ئامادەکار و سەرپەرستی پڕۆژە:** سۆما ناسری

**پێداچوونەوە:** هەژیر عەبدوڵڵاپوور، مستەفا شێخە

**دیزاینی ڕووبەرگ و ناوەوە:** شاهۆ ئەحمەدی

**چاپی یەکەم:** خەرمانانی ١٤٠٢

**چاپخانە:** چوارچرا

**ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

پێشکەشە بە

**ڕوحی پاکی شەهیدانی شۆڕشی ژینا و بنەماڵەی سەربەرز و خۆڕاگری شەهیدان**

# پێڕست

پێشەکی ........ ٧
ژینای کوردان ........ ١٣
محەممەد حەسەنزادە ........ ١٩
شەهریار محەممەدی ........ ٢٤
فەرجاد دەرویشی ........ ٣٠
دانش ڕەهنەما ........ ٣٥
ئارام حەبیبی ........ ٤٠
تاهیر عەزیزی ........ ٤٥
میلان حەقیقی ........ ٤٩
سمکۆ مەولوودی ........ ٥٤
نەسرین قادری ........ ٦١
مینوو مەجیدی ........ ٦٧
ڕەزا لوتفی ........ ٧٣
کۆمار دەرئوفتادە ........ ٧٨
موحسین قەیسەری ........ ٨٤
پەیمان مینبەری ........ ٨٩
کوبڕا شێخە ........ ٩٥
فواد قەدیمی ........ ١٠١
تەحسین میری ........ ١٠٦
فەرەیدوون مەحموودی ........ ١١١
هێمن ئامان ........ ١١٧
زانیار ئەبووبەکری ........ ١٢٢
ئەمین مەعرەفەت ........ ١٢٧
سامان قادربەیگ ........ ١٣٢

ئەمیر فەراسەتی‌شاد ........ ١٣٨
مێهران ڕەحمانی ........ ١٤٣
فەرەیدوون فەرەجی ........ ١٤٨
هیوا جان‌جان ........ ١٥٤
سارینا ساعێدی ........ ١٥٩
شاهۆ خزری ........ ١٦٤
زەکەریا خەیاڵ ........ ١٧١
حەبیبوڵلا فەتحی ........ ١٧٦
یەحیا ڕەحیمی ........ ١٨١
میلاد مەعرووفی ........ ١٨٧
دوکتور مەسعوود ئەحمەدزادە ........ ١٩٥
غەفوور مەولوودی ........ ٢٠١
دوکتور ئازاد حوسێن‌پووری ........ ٢٠٦
دانیال پابەندی ........ ٢١٣
بەهمەن مەعرووفی ........ ٢١٩
محەممەد حاجی‌ڕەسووڵپوور ........ ٢٢٥
شۆڕش نیکنام ........ ٢٣٣
زانیار ئەڵلامورادی ........ ٢٣٨
ئیبراهیم شەریفی‌فەڕ ........ ٢٤٤
موحسین محەممەدی ........ ٢٤٩
شەماڵ خەدیری‌پوور ........ ٢٥٦
ئەسعەد ڕەحیمی ........ ٢٦٢
عیسا بیگلەری ........ ٢٦٧
فریشتە ئەحمەدی ........ ٢٧٢
ڕەزا شەهپەڕنیا ........ ٢٧٧
سەید کەماڵ ئەحمەدپوور ........ ٢٨٣
هوومەن عەبدوڵلاهی ........ ٢٨٨

# پێشەکی

شۆڕشـی ژینـا یـان بزووتنـەوەی «ژن، ژیـان، ئـازادی»، لـە ناخـی شـعوور و ئاگایـی ڕزگاریخوازانـەی گەلەکەمـان لـە ڕۆژهەڵاتـی نیشـتمانەوە سـەری هەڵـدا و لەڕاسـتیدا تەقینـەوەی بورکانێکـی پەنگخـواردوو لـە هەنـاوی ڕقێکـی پیـرۆز دژبـە ڕێژیمـی پـەت و سـێدارە بـوو.
گەلـی کـورد لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان بـەم ڕاپەڕینـە بـۆ جارێکـی دیکـەش وەبیـر دەسـەڵاتدارانی دیکتاتـۆر و خۆسـەپێنیان هێنایـەوە کـە لـە ئاسـت زوڵـم و سـتەم بێدەنـگ نابـن و نەترسـانە و ئیرادەبەرزانـە خاوەندارەتییان لە خوێنـی بەناحـەقڕژاوی ژینـا ئەمینـی کچـە کـوردی سـەقزی کـرد، ئـەو کیـژە کـوردەی بـە بیانـووی دیاربوونـی چەنـد تاڵێکـی پرچـی لەلایـەن پۆلیسـی بەنـاو ڕەوشـتەوە لـە تـاران دەسبەسـەر و بەهـۆی ئـازار و ئەشـکەنجە و ئـەو زەبرانـەی لـە سـەری درابـوو، لـە پێتەختـی ئێـران شـەهید کـرا. شـێرکۆ بێکـەس گوتەنـی: «**تـاران بـەدم کەسـەوە پێناکەنـێ**».
قەتڵـی حکوومەتیـی ژینـا بـە دەسـتی کوردکوژانـی ڕێژیـم بـوو بـە خاڵـی وەرچەرخانێکـی مێژوویـی لـە بزاڤـی ڕزگاریخوازیـی کـورد و بەخێرایـی ڕاپەڕینـی جەمـاوەری لەئاسـتی ئێرانـی لێکەوتـەوە؛ هـەر ئـەو ڕۆژە (٢٦ی خەرمانانـی سـاڵی ١٤٠١ی هەتـاوی) لـە گۆڕسـتانی ئایچیـی سـەقز، لـە ڕێوڕەسـمێکی بەشـکۆدا بـە بەشـداریی هـەزاران کـەس ژینـای کـوردان ئەسپەردەی خاکـی نیشـتمان کـرا و لـە سـەر بەردەکێلەکـەی نـووسرا «**ژینا گیـان تـۆ نامـری، نـاوت ئەبێتـە ڕەمـز**»، هـەر ئـەو سـاتەوەختە خەڵکـی

دەروەست و بەهەڵوێستی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڕیاریان دا لە ئاست خوێنی بەناڕەوارژاوی ژینای کوردان بێدەنگ نەبن و بە بەرزکردنەوەی دروشمی دوژمنتۆقێنی «ژن ژیان ئازادی» ڕژانە سەر شەقامەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەخێرایی شەپۆلەکانی ئەو بەرهەڵست و ئاخێزە سەردەمییانە و بێوێنەیە زۆربەی شارەکانی ئێرانی گرتەوە و تەنانەت سنووری وڵاتانیشی تێپەڕاند و خەڵکی بەهەڵوێست لە زۆربەی وڵاتانی جیهان بەتایبەتی لە ئامریکا و ئورووپا، بە وەڕێخستنی خۆپیشاندانی دەیان هەزار کەسی بۆ مەحکوومکردنی قەتڵی ژینا ناڕەزایەتییان دەربڕی و پاڵپشتییان لە گەلی ڕاپەڕیوی کورد کرد.

دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیش وەک خەسڵەتی هەمیشەیی خۆیان کە تا ئێستا بۆ مانەوەی دەسەڵاتی نگریسیان دەستیان لە هیچ چەشنە جینایەت و تاوانێک دژبە گەلانی بەرهەڵستکار و ناڕازیی وەک کورد نەپاراستووە، ئەمجاریش لە بەرانبەر داوای ڕەوای خۆپیشاندەران، هەموو هێز و توانای خۆیان وەگەڕ خست و دیسانەوە پەنایان بۆ توندوتیژی و سەرکوتی دڕندانە و خوڵقاندنی جینایەت و کارەسات برد. لە ڕەوتی ئەو سەرکوتەدا چەند سەد کەسیان لە منداڵ و مێرمنداڵ و گەنج و لاو خەڵتانی خوێن کرد و بە هەزاران کەسی دیکەشیان بریندار و دەیان هەزار کەسیان ڕاپێچی گرتووخانەکان کرد. لەو نێوەدا هەبوون بە هەزاران کەسی تر کە بەسەختی بریندار ببوون و بۆ ئەوەی دەسبەسەر نەکرێن، لە چوونە لای پزیشک و نەخۆشخانەکان خۆیان بواردبوو و هەر بەو هۆیەوە بەشێکی زۆر لەو بریندارانە بەهۆی قورسیی برینەکانیان و وەرنەگرتنی چارەسەری پێویست یان ئەندامێکی جەستەیان لە دەست داو یان هێشتاش بە دەست ئێش

و ئـازاری زۆری جەسـتەیی و دەروونییـەوە دەناڵێنـن. هەروەهـا لـە ڕەوتـی خۆپێشـاندانەکاندا ژمارەیەکـی زۆر لـە خۆپیشـاندەران بێسەروشـوێن کـران و بەشـێکیش لـە دەسبەسـەرکراوان حوکمـی دوورودرێـژ و تەنانـەت حوکمـی لەسـێدارەدانیان بـۆ بڕاوەتـەوە یـان بـە دانانـی بارمتـەی قـورس بەشـێوەی کاتـی ئـازاد کـراون و چەنـد کەسـیش لەلایـەن دەزگای قەزایـی ڕێژیمـەوە حوکمەکەیـان جێبەجـێ کـرا و لەسـێدارە دران!

لەگـەڵ دەسـپێکی ئـەو سـەرهەڵدانە و بڵاوبوونـەوەی هەواڵـی دڵخۆشـکەر و هەواڵـی دڵتەزێـن؛ دڵخۆشـکەر وەک ئەوەیکـە خەڵکـی وەزاڵەهاتـوو لـە هەمـوو چیـن و توێژێکـی کۆمەڵگـە ئیرادەبەرزانـە و یەکگرتووانـە بـۆ ڕامماڵینـی ڕێژیمـی جەنایەتـەکار و خوێنمـژی ئاخونـدی ڕاسابوون، هەواڵـی دڵتەزێنیـش وەک ئەوەیکـە ڕۆژانـە شـاهیدی شـەهید و برینـدار بوونـی دەیـان گەنـج و لاوی دڵ پـڕ لـە ئاواتـی ئـەم نیشـتمانە دەبوویـن، کـۆی ئـەم ڕووداوانـە بـۆ ئێمـەی پێشـمەرگە سـەرەڕای ئەوەیکـە تـازە بنکـە و بارەگاکانمـان لەلایـەن سـپای تێرۆریسـتی پاسـداڕانەوە کرابوونـە ئامانجـی درۆن و مووشـەک و ژمارەیـەک کادر و پێشـمەرگە و خەڵکـی مەدەنـی شـەهید و برینـدار ببـوون، قورسـایی ئـەو خـەم و کۆسـتە زۆر پـتر بـوو و زیاتـر هەسـتمان بـە ئێـش و ئازارەکانـی گەلەکەمـان دەکـرد.

ئەمنیـش وەک کادری ڕاگەیاندنـی حیزبـی دێموکـرات، بـە حوکمـی کارەکـەم و بینیـن، تەتەڵـە و بڵاوکردنـەوەی بەردەوامـی وێنـە و ڤیدیـۆی خۆنەویسـتی و لەخۆبوردوویـی خەڵکـی ڕاپەڕیـوی کوردسـتان و ئێـران، ئـەو هەسـتەم لـەلا سـاز بـوو کـە دەبـێ لـەو شۆڕشـەدا ڕۆڵـی زیاتـرم هەبـێ و لانیکـەم بتوانـم بـۆ بنەماڵـەی سـەربەرزی شـەهیدانی شۆڕشـی ژینـا، کارێکـی شـیاو بکـەم. بۆیـە سـەرەتا بڕیـارم دا کورتەیـەک لـە ژیاننامـە و چۆنیەتیـی

شـەهیدبوونیان لـە تۆیـی کتێبێکـدا بنووسـم و چـاپ و بـڵاوی بکەمـەوە، بـەڵام دواتـر بـە ڕاویـژ لەگـەڵ «هەژیـر عەبدوڵڵاپـوور» کـە جگـە لـەوەی هاوژینمـە، هەمیشـەش پاڵپشـت، هـاوڕێ و هاندەرێکـی قایـم و لێبڕاوی من بـووە لـە کار و ئەرکـی حیزبیمـدا، ئـەو لای وا بـوو ئەمـە کارێکـی قورسـە و پێویسـتی بـە زانیـاری و بەڵگـەی جێیمتمانـە هەیـە. دواتـر پێشـنیاری کـرد ئەگـەر هـەر دەتـەوێ ئەرکێکـی گرینگـی ئەوتـۆ جێبەجـێ بکـەی، هـەوڵ بـدە سـتاڤێکی بـۆ سـاغ بکەیـەوە و ژیاننامـەکان تێروتەسـەلتر و پڕنێوەرۆکـتر ئامـادە بکرێـن و بـا سـەرەتا لـە کوردکانـاڵ و تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان وەک دێکۆمێنـت بـڵاو ببنـەوە و دواتـر لـە دەرفەتێکـدا وەک کتێـب چـاپ بکرێت. چونکـە کتێـب خوێنـەری تایبـەت بـە خـۆی هەیـە و کوردکاناڵیـش بینـەر و بیسـەری خـۆی هەیـە و هەمـوو کـەس کتێـب ناخوێنیتـەوە، بـە تایبـەت بنەماڵـەی شـەهیدان و دایـک و باوکی شـەهیدان بەشـێکی زۆریان دەسـتیان بـە کتێبەکـە ڕانـاگا، بـەڵام لـە ڕێـگای کوردکانـاڵ و دونیـای مەجازییـەوە دەتوانـن ژیاننامـەی ڕۆڵـە شـەهیدەکەیان ببینـن.

منیـش پێشـنیارەکەی هەژیـرم پـێ جـوان بـوو و گوتـم بـا جـارێ هەوڵێـک بـدەم بزانـم چیـم بـۆ دەکـرێ و داخـوا دەتوانـم بـە یارمەتیـی بنەماڵـەی شـەهیدان زانیـاری و وێنـە و ڤیدیـۆی زیاتـر سـەبارەت بـە شـەهیدەکان دەسـت بخـەم؛ سـەرەتا لـە ڕێـگای چەنـد کەسـێکەوە کـە سپاسـی هـەوڵ و ماندووبوونیـان دەکـەم لـە تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـەوە داوای هاوکاریـمان لـە ژمارەیـەک بنەماڵـەی سـەربەرزی شـەهیدانی شـۆڕشـی ژینـا کـرد، ئەوانیـش بەوپـەڕی دڵسـۆزییەوە بەهانـای داواکارییەکـەی ئێمـەوە هاتـن.

دوای ماوەیـەک کـە کۆمەڵێـک گرتەڤیدیـۆم وەدەسـت خسـتبوو و لەنێـو فیلمەکانـدا بـرای یەکێـک لـە شـەهیدەکان ڤیدیۆیەکـی بـرا شـەهیدەکەی

بـۆ نـاردم و داوای کـرد لـە کوردکانـاڵ بـڵاو بێتـەوە، پاشـان لەکاتـی بڵاوبوونـەوەی لـە کوردکانـاڵ، ڤیدیـۆی لـە دایـک و باوکـی گرتبـوو کـە چەند بـە تامەزرۆییـەوە چـاو لـە کوردکانـاڵ دەکـەن و چاوەڕێـن شـەهیدەکەیان لەوێـدا ببیننـەوە، بەتایبـەت کـە چـاوم بـە سـیمای پڕماتـەم و فرمێسـکەکانی باوکـی شـەهیدەکە کـەوت بڕیـارم دا بـە هـەر نرخێـک بـێ ئـەو بەرنامەیـە دەسـت پـێ بکـەم و تـەواوی هەوڵـی خـۆم بخەمەگـەڕ و کارێـک بکـەم لـە ئاسـتی گەورەیـی شـەهیدان و بنەماڵـەی سـەربەرزیاندا بێـت و نەهێڵیـن یاد و نـاوی شـەهیدان ون بێـت و ئازایەتـی، قارەمانیەتـی و گیانفیدایـی ئـەوان بـۆ جیلەکانـی داهاتـوو ڕاگریـن و ناویـان بـە زیندوویـی لـە لاپەڕەکانـی میـژووی پـڕ لـە سـەروەریی نەتەوەکەمانـدا بـەرز ڕابگریـن.

هاوڕێیانـی بەشـی بەرهەمهێنانـی کوردکاناڵیـش بـە دڵاواڵەییـەوە پێشـنیارەکەیان قەبـووڵ کـرد و وێـڕای سپاسـی بێکۆتاییـم بـۆ هەمـوو ئـەو هـاوڕێ و هاوکارانـەم لـە کوردکانـاڵ کە بەوپـەڕی خەمخۆری و دڵسـۆزییەوە لـە جێبەجێکردنـی ئـەو ئەرکـە قورسـەدا هـاوکار و یارمەتیـدەرم بـوون، بـەو هیوایـە بتوانیـن تـا کۆتایـی بـەردەوام بیـن.

خاڵێکـی دیکـە کـە بـۆ مـن جێی دڵخۆشـییە و سـەری کڕنـۆش بـۆ گەورەیی و سـەروەرییان دادەنەوێنـم، بنەماڵـەی شـەهیدانن کـە بەخۆشـییەوە بەشـێکی زۆریـان بەوپـەڕی متمانـە و بـاوەڕەوە بەهانـای داواکارییەکەمانـەوە هاتـن و بەشێکیشـیان کـە بەداخـەوە بەهـۆی ئـەو گوشـارە زۆرەی کـە لەلایـەن ناوەندەکانـی ڕێژیمـەوە لـە سـەریانە نەیاندەتوانـی وەک پێویسـت هاوکاریـمان بکـەن. ئێسـتاش کـە نزیکـەی ٦ مانگـە ئـەو بەرنامەیـە بـڵاو دەبێتـەوە و ژیاننامـەی ٥٠ شـەهید بڵاوکراوەتـەوە، لێـرەوە دیسـانەوە داوا لـە بنەماڵـە و کەسـوکاری نزیکـی ئـەو شـەهیدانە دەکەیـن کـە

ژیاننامەکانیـان بـە دەسـتمان نەگەیشـتووە، هـاوکار و یارمەتیدەرمـان بـن بـۆ ئـەوەی ژیاننامەکانیـان بنووسـینەوە و یـاد و نـاوی هەمـوو شـەهیدەکان بـەرز ڕابگریـن.

بەپێویسـتی دەزانـم لێـرەوە سپاسـی تـەواوی ئـەو کەسـانە لـە نێوخـۆ و دەرەوەش بکـەم کـە بـە ناردنـی تەنیـا وێنەیەکیـش بـووە هاوکارییـان کردوویـن و پێزانینـی بێبڕانەوەشـم بـۆ ئـەو کۆمەڵـە هاوکارانـەم هەیـە کـە لـە بـواری نووسـین، هۆندنـەوەی شـێعر و پەخشـان، پێداچوونـەوە، مونتـاژ، کاری گرافیکـی و دیزایـن و ... تـا ئێسـتا بـە دڵسـۆزی و دڵاواڵەیـی لـە بەرەوپێشـچوونی کارەکانـدا هاوکارمانـن. بـەڵام ئەوانـەی کـە دەبـێ دەسخۆشـیی تایبەتییـان لـێ بکرێ و سپاسـی ماندووبوون و دڵسـۆزییەکانیان بکـەم کـە بەدڵنیاییـەوە لـەو چەنـد دێـڕەدا ناتوانـم وەسـفی گەورەییـان بکـەم و خامـەم لەئاسـتی مشـوور و خەمخۆرییـان کولـە، خاتـوو لەیـلا قـادری و کاک نـاسر سـادقی، دوو هاوسـەری دڵسـۆز، دوو هاوڕێـی تێکۆشـەر، دوو نیشـتمانپەروەر، کـە سـەرەڕای داڵغـەی کاروبـاری ڕۆژانـەی خۆیـان و ڕاکەڕاکـەی ژیـان، هـەر کـە داوای هاوکاریـم لـێ کـردن سـادقانە و بەوپـەڕی دڵسـۆزییەوە ئامادەیـی خۆیـان دەربـڕی و گوتیـان ئـەوە جێـی شـانازییە کـە ئێمـە بتوانیـن بـە نووسـین و داڕشـتنەوەی ژیاننامـە کارێـک بۆ شـەهیدانی شـۆڕشـی ژینـا و بنەماڵـەی سـەربەرزیان بکەیـن، بـە دڵنیاییـەوە دەڵێـم ئەگـەر دڵگەرمـی و بەردەوامیـی ئـەو دوو ئازیـزە نەبووایـە کارەکـەی مـن زۆر چەتـوون و قورسـتر دەبـوو و ڕەنگـە کارەکان بـە شـێوازی ئێسـتا بەرەوپێـش نەچووبـان.

سۆما ناسری



## «ژینا»ی کوردان

عەلی بداغی

لە نێوەڕاستی سەدەی نۆزدەی زایینیدا «توماس کارلایل» تیۆری کەسایەتییە مێژووسازەکانی داهێنا. بەپێی بیردۆزییەکەی «کارلایل» مێژوو بە سەرنجدان بە شوێنەواری کەڵەپیاوان دەنووسرێتەوە و شی دەکرێتەوە. ئەو کەڵەپیاوانەش کەسانێکن بەهۆی هێندێک تایبەتمەندیی وەک دەسەڵات، بیر و ئاوەز، سەرنجڕاکێشی، دەستڕۆیشتوویی و ڕچەشکێنی کە هێندێک لە تاکەکان وەک ڕێبەران هەیانە، توانیویانە کاریگەری لەسەر ڕەوتی مێژوو دابنێن و تەنانەت بیگۆڕن. بیردۆزییەکەی توماس کارلایل دواتر لە ساڵی ١٨٦٠ی زایینیدا لەلایەن «هێربێرت ئێسپەنسێر»ەوە پوختە کرا. بە بۆچوونی «ئێسپەنسێر» ئەو کەڵەپیاوانە بەرهەمی کۆمەڵگەکەی خۆیانن و شوێندانەریشیان قەرزباری هەلومەرجێکە پێشوەختە بۆیان ڕەخساوە. ١٦٢ ساڵ دواتر لە وڵاتی ئێران نەک کەڵەپیاوێک، بەڵکوو ئەوە کچە کوردێکە بە مەرگی دڵتەزێنی خۆی دەبێتە خاڵی وەرچەرخانێک لە مێژووی خەڵک و وڵاتەکەی.

لە کۆتاییەکانی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاویدا ژینا ئەمینی خەڵکی سەقز کە هێشتا خەرمانی تەمەنی نەگەیشتبووە ٢٣ ساڵ، لە تاران کەوتە بەر

ڕەشـەبای بێـدادی. گوڵـی تەمەنـی ژینا لـە قاقڕسـتانێکدا هەڵـوەری، کـە چـاوی بەرایـی نـادا کچانـی شـۆخ و شـەنگ ببینـێ. شـەختە لـە شـوێنێک لـە بەژنـی ژینـای دا، کـە تێیـدا فرچکیـان بـە ژاکاندنـی بەهـار و خەونـە ئەرخەوانییەکانـی ژن گرتـووە.

ژینـا، خـۆی، ناوەکـەی، بەسـەرهاتی ژیـان و مردنیشـی هەمـوو تەعبیـر لـە چارەنووسـی گەلەکـەی دەکـەن. ئـەو لـە کوردسـتان و لـە شـارە دڵڕفێنەکـەی سـەقز لەدایـک بـوو. هێشـتا چـاوی نەپشـکوتبوو کەوتـە بـەر تیغـی سـڕینەوەی شـوناس و هەبوونـی خـۆی. «ژینـا»ی ژیـان و بووژانـەوە لـە وڵاتـی حاشـا و چەواشـەدا کـرا بـە «مەهسـا»، بـەڵام مەحـوی گوتەنـی:

**«وەکوو ڕۆژ ئەو مەهە لەو دوورە دەرکەوت**

**لەمێوە ئەشک و ئاهی ئێمە سەر کەوت»**

ژینـای ئەمجـەد و مـوژگان و خێزانـە گەورەترەکـەی ئەمینـی و ئیفتیخـاری پـاش ئـەوەی دیپلۆمـی تەجروبیـی وەرگـرت، کەوتـە قۆناغێکـی دی لـە کایەکانـی ژیـان. ئـەو وەک هەمـوو تاکێکـی ئـەم دنیایـە شـاییبەخۆ بـۆ داهاتـووی دەڕوانـی. حـەز و ئارەزووەکانـی ژینـا، هێمـن گوتەنـی بچـووک بـەڵام تـا بفەرمـووی شـیرین بـوون کـە خوێنـدن و پـەروەردەی پـتر یـەک لـەوان بـوو. ژینـا خوێندنـی زانکـۆ لـە بەشـی «میکرۆبیۆلـۆژی»ی زانکـۆی ورمێـی لـە پاییـزی ئەمسـاڵدا کردبـووە یەکێـک لـە ئامانجەکانـی، بـەڵام خەزانـی مـەرگ زووتـر گەیشـتە سـەر خەرمانانـی تەمەنـی و پێنـج ڕۆژ پێـش ئـەوەی مۆمـی ٢٣ سـاڵەی تەمەنـی دابگیرسـێنێ، زریانـی دەسـەڵاتی ئەهریمەنیـی کۆمـاری ئیسـلامی چـرۆی ژینـی هەڵوەرانـد.

ژینـا ئاشـقی ژیـان و جوانییەکانـی سرووشـت و کولتـووری گەلەکـەی بـوو. ئـەو ئەوینـداری بـزە و سـەما و چۆپیکێشـان و ڕەشبەڵەک بـوو، بـەڵام لـە

وڵاتێکدا، کە دەسەڵاتبەدەستانی شیر لە گەردەنی خۆشی و زەردەخەنە و جوانی دەسوون، ئەو ئاشقی گۆرانی و نۆتەکانی ناخبزوێنی مۆسیقا بوو. بەڵام چی کردبا لە هەرێمێکدا کە تاریکپەرستان ژن و جوانی و حەزی پیرۆزی ئەوانیان لە بەندیخانەی ئەقڵی تەسکی کۆنەپەرستی و بیرکردنەوەی پیاوسالاریدا بەند کردووە؛ لە وڵاتێکدا کە دەسەڵاتە ئەهریمەنییەکەی نەک هەر جگە لە ژن و جوانی، بەڵکوو دوژمنی قەستەسەری خۆشی و زەردەخەنەشە و؛ لای ئەوان هەر شتێک کە ببێتە هۆی خۆشی و گەشی حەرامە و سزای لەسەرە.
ژینا وەک هەموو کوڕوکاڵانی هاوتەمەنی لەگەڵ ئازار و ژان گەورە ببوو، بەڵام هەروەک باووباپیرانیشی جەنگاوەری خۆرەتاو بوو، کەوی و دەستەمۆ نەببوو. نەیدەویست ڕەش لەبەر کات و ماتەم بگێڕێت، نەیدەهێشت ئەهریمەن مەودا بخاتە نێوان خۆی و خەونەکانی، نەیدەتوانی ڕێگە بدات پێکەنین و زەردەخەنەکانی هەڵبوەرێن؛ بۆیە بۆ گەیشتن بە خولیاکانی ئامادە بوو گیان دابنێ. هەمووان لە بەرچاومانە: ژینا بە جلی کوردیی سوور، بێگەرد و ڕازاوە، گەش و ئاڵ بە گوڵبزەی شیرینەوە و، بە قژێکی پەرێشانەوە چۆپی دەکێشێ و فەرمووی ئەوانیدی بۆ گەڕی ڕەشبەڵەک دەکات. ئەم تابلۆیە دڕدانی هەموو بەهاکانی دەسەڵاتە کە خۆشی و پێکەنینی تێدا قاتە.
ژینا و ئەشکانی برای ڕۆژی ٢٢ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی سەردانی تارانیان کرد. هەمان ڕۆژ ژینا بە بەرچاوی براکەی بە بیانووی ئەوەی چەند تاڵ قژی بەدیارەوەیە و جلی نەشیاوی لەبەرە، دەسبەسەر کرا. لە بەردەم ئۆتۆمبیلی پۆلیسدا بێبەزییانە کەوتە بەر مست و پێلەقە و بە باتۆم لە سەری درا. لە بنکەی پۆلیس لەسۆنگەی ئازار و

ئەشکەنجەکانەوە و ئەو زەبرانەی بەر مێشکی کەوتبوو، لە هۆش چوو و پاش سێ ڕۆژ هەوڵی پزیشکەکان و کادری دەرمانیی نەخۆشخانەی کەسرای تاران، دوانیوەڕۆی ٢٥ی خەرمانان ئەستێرەی ژیانی ئاوا بوو. تەرمی ژینای جوانەمەرگ لە گۆڕستانی ئایچیی سەقز لەنێو ئاپۆڕای خەڵکی کوردستاندا بەخاک سپێردرا. لەسەر بەردەکێلەکەی نووسرا: «**ژینا گیان تۆ نامری، ناوت دەبێتە ڕەمز**» و ئەو بوو بە سەرەتای وەرچەرخانی مێژوو لەم وڵاتەدا.

لە ساتەوەختی ناشتن و دواماڵئاوایی لە ژینای کوردستان دەنگێکی بەگوڕ و هاوارێکی چڕ لەنێو خەڵکدا بەرز بۆوە: «**ژن، ژیان، ئازادی**». ئاپۆرای خەڵک بە یەکدەنگ و بەرز بەرز ئەو دروشمەیان گەیاندە شار، گەیاندیانە گوێی پێتەخت و لە سنووری وڵات ئاودیویان کرد. ئەو بەڵێنەی بە ژینا درا کە ناوی ببێتە ڕەمز، ئاوێتەی مانیفێستی شۆڕشی نوێ کرا بۆ لە گۆڕنانی ڕێژیمی تاریکی، بۆ بنیاتنانی دوارۆژی ڕوون، بۆ چێکردنی هەرێمێکی دی لە خەڵک و دەسەڵات بە پێناسەی ماف و جوانییەکانی ژیان.

حەماسەی ڕزگاری لەسەر مەزاری «ژینا»وە دەستی پێکرد. کۆڵان بە کۆڵان، شەقام بە شەقام، شار بە شار، وڵات بە وڵات هەموو هاتنە شەڕی خێوی شەڕ و تاریکی. کوردستان مانی گرت و شەقام جمەی تێ کەوتەوە.

**«دەرگای شێران کرایەوە**

**داروبەرد دەنگی دایەوە**

**گوێ لە زڕەی زنجیر بگرن**

**پاڵەوان ناترسن بمرن**

**بۆ مەرگ دێن بەئازایی**
**دەڵێی دەڕۆنە سەرشایی»**

نەعرەتـەی لاوانـی دلێـر نایەڵـێ دەنگـی فیشـەک و پۆسـتاڵی داگیرکـەر بـە سـەر شـەقامدا زاڵ ببێـت. هەمـوو شـوێنێکی وڵاتـی خـۆر دەبێتـە بڵێسـەی ئاگـر و کانـگای خۆڕاگـری و نەسرەوەتـن. ڕۆژهـەڵات دیسـانەکەش سـەری بەرزتـرە ... دەنگـی دلێرتـرە ... ڕووسـوورتر لـە هەمـوو کاتێـک، لـە هەمـوو جارێـک. دەستەخوشـکەکانی ژینـا پێشـەنگ و ڕچەشـکێنن. دەنگیـان لـەو ئۆرکێسـترایەدا زاڵـە و زراوی دوژمنـی بـردووە، قرمژنـی چەکـی دوژمـن هەدادانـی نییـە:
**«وا ڕۆژ هەڵات لە بەندەنی بەرزی وڵاتەوە**
**خوێنی شەهیدە ڕەنگی شەفەق شەوق ئەداتەوە**
**تا ئێستا ڕووی نەداوە لە تاریخی میللەتا**
**قەڵخانی گوللە سنگی کچان بێ لە هەڵمەتا»**


زەماوەنـدی سەربەسـتییە و چۆپیکێشـەکەی ژینایـە. دەسرۆکـەی سـەرچۆپی لـە نێـوان محەممـەد و شـەهریار لـە بـۆکان، فوئـاد و موحسـین لـە دیوانـدەرە، برایـم و ڕەزا لـە دێـولان، فەرجـاد و دانـش لـە ورمـێ، زەکەریا و کۆمـار لـە پیرانشـار، فەرەیـدوون و سـمایل لـە سـەقز، ئەفشـین و مینـوو لـە قـەسری شـیرین، ئەمیـن و میـلان لـە شـنۆ، ئاڕمیـن و سـینا لـە کرماشـان، یەحیـا و پەیـمان لـە سـنە، هێمـن و شـەهریار لـە سەردەشـت، بورهـان و فوئـاد لـە کامیـاران، عیرفـان و بەهادیـن لـە جوانـڕۆ، زارا و ئیـمان لـە شـائاباد، محەممـەد و عەلیـڕەزا لـە سـونقوڕ، شـۆڕش و ئـازاد لـە مەهابـاد، موختـار و نەسریـن لـە مەریـوان، نیـما و ئاریـن لـە سـەلاس، موحسـین لـە

ئیلام و ئەڕدەڵان لە گەیلان، ئاسۆ لە بانە و سامان لە تیکاب و؛ کوبڕا و فریشتە و دەیانیتریش دەست بە دەست دەگەڕێ و گەڕی شایی ڕزگاری هەر بەردەوامە. چاوی ژینا لە بان بانی کوردستانەوە دەڕوانێتە بنەماڵەی شەهیدان کە چۆن ڕێوڕەسمی ناشتنی ڕۆڵەکانیان کردووە بە مەیدانێکی دیکەی خەبات و بەرەنگاربوونەوە لەدژی کۆماری ئیسلامی و ئەو کاروانە هەر وا بەڕێوەیە.

لە نووسینەوەی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی بۆ ڕاماڵینی کۆماری ئیسلامیدا «ژینا ئەمینی» پاڵەوانی چیرۆکەکە و هۆی بەردەوامیی شۆڕشەکەیە. وردەکارییەکانی ژیانی کەسیی ژینا، ئەوەی لە کوێ خوێندوویەتی و لە بنەماڵەدا چۆن پێ گەیشتووە و پێوەندییەکانی خۆی و دەوروبەری چۆن بووە ڕەنگبێ لە پلەی دووهەم و چەندەمدا بن، بەڵام ئەوەی لەو مێژووەدا لە لوتکەدا دەمێنێتەوە ناوی ژینایە و کوردستان. ژینا وەک قافڵەسالار و کوردستان وەک داینەمۆی ئەو شۆڕشە. کوردستان وەک ڕێکخەری شۆڕشی ژینا و وەک ناوەندی هەناردەکردنی بەها و بایەخە مرۆیی و شۆڕشگێڕییەکانی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی بۆ ناوچەکانی دیکەی ئێران و تەنانەت ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش.

حەماسەکە بە ژینا دەستی پێ کرد و بوو بە ئەفسانە، بەڵام کۆتاییەکەی بۆ کاروانێک جێ هێشتووە کە بەڕێوەیە. ئەو لەپێناو سەربەستی و ئازادیی خەڵکەکەیدا شەهید بوو و ئەرکی گەیشتن بەو ئازادی و سەربەستییەشی بە ئێمە سپاردووە. ئێمەش هەمووان بەپێوەین و پێکەوە بەرەو لوتکە بەڕێوەین.

**گیانە ژینا تۆ نامری، ناوت بووە بە ڕەمز ...**



## شەهید محەممەد حەسەنزادە

لەیلا قادری

شۆڕشـــی ژینـــا تەقینـــەوەی ســـەرهەڵدانێکی پەنگخـــواردووە لـــە هەنـــاوی ڕقێکـی پیـرۆزی دژ بـە ڕێژیمـی ٤٣ سـاڵەی پـەت و سـێدارە و بڵێسـە دەدا. ئـەم شۆڕشــە لــە ناخــی شــعووری ڕزگاریخوازانــە و بــڕوا و بەرخۆدانــی گەلەکەمـان پێگەییـوە و ڕژاوەتـە شـەقامەکانی کوردسـتان و تەنانـەت ئێران بـۆ ئـەوەی بانگـی ئـازادی بـە گوێـی هەمـوو گەلانـی ئێرانـدا بـدا.

کۆمـاری ئیسـلامی ئەگەرچـی هـەر لـە سـەرەتای دەسـپێکی شۆڕشـی گەلانـی ئێرانـەوە دەسـتی بـە سـەر ئازادیـی خەڵـک داگرتـووە، بـەڵام لـە کوردسـتان لـە دژی ئـەم حکوومەتـە و ئایدۆلۆژییەکـەی شـار و گونـدی لـێ کـراوە بـە سـەنگەری خۆڕاگـری و گەلـی کوردیـش لـە پێنـاو پاراسـتنی کەرامەتـی نیشـتمانەکەی هـەزاران ڕۆڵـەی خـۆی بەخـت کـردووە.

شۆڕشـــی ژینـــا نوێتریـــن بەڵگـــەی ڕزگاریخوازیـــی نەتـــەوەی کـــوردە دژ بـــە ســـتەمکاریی کۆمـــاری ئیســـلامیی ئێـــران و تێیـــدا بـــە ســـەدان کـــەس شـەهید بـوون، بـە هـەزاران کـەس برینـدار و دەسبەسـەر کـراون. یەکێـک لـەو ڕۆڵانـەی بۆتـە سەرمەشـقی ئازادیخوازانـی کوردسـتان، «محەممـەد حەسـەنزادە»یە و یەکێکـە لـە شـەهیدە سـەربەرزەکانی شۆڕشـی «ژینـا» لـە شـارە سـەربەرزەکەی بـۆکان، شـاری گۆرانـی و مۆسـیقا و بۆکانـی بووکـی موکریـان.

محەممـەد حەسـەنزادە، ڕۆژی ٩ی گەلاوێـژی سـاڵی ١٣٧٣ی هەتـاوی، لـە شـاری کەرەجـی ئێـران لەدایـک بـووە. نـاوی باوکـی ئەحمـەد و دایکـی عەزیمەیـە. دوو خوشـکی هەیـە بـە ناوەکانـی سـۆلماز و ئێلنـاز.

محەممـەد لـە خێزانێکـدا پـەروەردە بـوو لـە کانیـاوی وەفاداریـی بـۆ نیشـتمانەوە پـاراون. بەڵگـەش بـۆ ئـەو قسـەیە کاک ئەحمـەدی باوکـی شـەهید محەممـەدە لەکاتـی ئەسـپاردەکردنی تەرمـی رۆڵـە شـەهیدەکەی بـە خاکـی پیـرۆزی نیشـتمان کـە دەڵێـت: «**ئـەوەی زۆر پیـاو بێـت دەبـێ زۆر ژن بێـت، بەڕاسـتی ژنەکانمـان لـە پیـاوان ئازاتـر و بەغیرەتـترن**». ئەمـە وتەیەکـی زێڕینـە بـۆ هەتاهەتایـە لـە مێـژووی نەتەوەکەمـان و شـۆڕشـی ژینـادا تۆمـار کـراوە.

باسـکردن لـە ژیانـی شـەهید محەممـەد وەک کەسـانی نزیـک و هاوڕێکانـی دەڵێـن؛ چەندیـن کتێـب هەڵدەگرێـت، ئـەو کوڕێکـی سـەربزێوە و بـۆ گەیشـتن بـە ترۆپکـی ئـازادی و کەناراوەکانـی ئارامـی لـە تاقیکارییەکانـی ژیـان سـڵ ناکاتـەوە.

محەممـەد حەسـەنزادە دیپلۆمـی بـاڵای لـە ئەندازیاریـی شارسـتانی و بیناسـازی لـە زانکـۆی ئـازادی بـۆکان وەرگرتبـوو، بـەڵام بەهـۆی بایەخنەدانـی دەسـەڵات بـە شـارەزایی زانسـتی و بەرزبوونـی بڕوانامـە لـە سیسـتمی کۆمـاری ئیسـلامیدا، محەممـەد بـە ناچاریـی ڕێـگای جیاوازتـر لـە پسـپۆڕییەکەی بـۆ دابینکردنـی بژێـوی ژیانـی هەڵدەبژێرێـت و دەچێتـە نێـو بـازاڕی کڕیـن و فرۆشـتنی ماشـێنەوە و خەریکـی ساتوسـەودای ماشـێن دەبێـت.

پـاش تەواوکردنـی خوێندنـی بـاڵا، وەک هەمـوو کوڕێکـی ئـەم وڵاتـە دەبردرێتـە خزمەتـی زۆرەملـێ و داسـەپاوی سـەربازی، بـەڵام محەممـەد بەهـۆی بێگانەبوونـی حکوومەتـی کۆمـاری ئیسـلامی بـە نەتەوەکـەی، ناتوانێـت سـەربازیی تـەواو بـکات و دوای دە مانـگ بەجێـی دەهێڵێـت و

بڕیار دەدات چەکی شەڕەفی پێشمەرگایەتی بکاتە شان، هەر بۆیە ڕوو دەکاتە ڕیزەکانی پێشمەرگەوە.

پاش ماوەیەک پێشمەرگایەتی دەگەڕێتەوە شاری بۆکان، محەممەد حەسەنزادە باوەڕی بە بەها جوانە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان لە ژێر سایەی ئازادیدا هەبوو و سەربزێوانە بۆ دۆزینەوەی کانگای ویستی دەروونیی زۆر ڕێگای تاقی کردووەتەوە.

محەممەد وەک ڕۆڵەیەکی گەلە پێشەنگەکەی بوو، ئاواتی ڕزگاری بە ناخیدا ڕۆچووبوو و خولیای ئازادی لە چاوانیدا هێلانەی کرد بوو. لە سەرەتای دەسپێکی نارەزایەتییەکان لە کوردستان تێکەڵ بە خۆپیشاندانە هەزاران کەسییەکەی بۆکان دەبێ و لە ٣١ی خەرمانان دەکەوێتە بەر دەستڕێژی گوللە و ساچمەی هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی چەند شوێنێکی جەستەی و یەک لەوانە چاوی دەپێکرێت، خۆپیشاندەران ناهێڵن محەممەدی زامدار بکەوێتە دەست جەللادانی جاش و پاستاڕ و بۆ شوێنێکی ئەرخەیانی ڕادەگوێزن. بۆ ئەوەی دایک و باوکی نیگەران نەبن هاوڕێ لەگەڵ خوشک و ژاڵە دەستگیرانی بە مەبەستی چارەسەر دەچنە نەخۆشخانەی نیکووکاری لە تەورێز، بەڵام کاتێک هەست بە نائاسایی بوونی دۆخی نەخۆشخانەکە و مەترسیی دەستبەسەرکران دەکەن لە سەر داوای خۆی تەورێز بەجێ دەهێڵن و ڕوو دەکەنە شاری تاران.

لە تاران ٢١ ڕۆژ لە نەخۆشخانەدا دەمێنێتەوە، لەو ماوەیەدا چەند نەشتەرگەریی بۆ دەکرێت. بۆ تەواوکردنی قۆناغی چارەسەربوون پزیشکەکەی کاتی نەشتەرگەرییەکی دیکەی بۆ دادەنێت، بەڵام بڕوا بە ئازادیی بۆ محەممەد بەهێزترین مەڵهەمی سارێژکردنەوەی برینەکانی دەبێت، بۆیە بە بیستنی بانگەوازی درێژەی خۆپیشاندان لە بۆکان دەگەڕێتەوە شارەکەی و دیسان خۆی بۆ بەشداری ئامادە دەکات.

ئێوارەی ٢٤ی خەزەڵوەر بۆ جارێکی دیکە هەزاران کەس لە خەڵکی بۆکان دەڕژێنەوە شەقامان، شار بە تەواوی دەچێتە دۆخی شۆڕشگێڕییەوە و شەقام نرکەی دێت.
محەممەد خۆی دەگەیەنێتە ڕیزی خۆپیشاندەران و بەرەنگاری هێزەکانی جاش و بەکرێگیراوان دەبێتەوە. ڕۆژی دواتریش لە کاتی خۆ ئامادەکردن بۆ درێژەی خۆپیشاندانەکان لە کۆڕی هاوڕێ شۆڕشگێڕەکانیدا دەڵێت: «**داواتان لێ دەکەم ئەگەر چاوەکەی دیکەشم پێکرا، مەهێڵن لە بەشداریی خۆپیشاندان بێبەش بم و دەستم ڕاکێشن**».
هەر ئەو ڕۆژە محەممەد ستۆرییەک لە لاپەڕەکەی خۆی لە ئینستاگرام بڵاو دەکاتەوە و پاشان دەنگدانەوەیەکی گەورەی لە میدیاکاندا لێ دەکەوێتەوە. ئەو دەنووسێت: «**قەڵای دێموکرات مووشەکباران دەکەی؟ دنیات لێدەکەینە ئاگر و تۆڵە**». بۆ محەممەد تاسە و خۆشیی خۆپیشاندان و بەگژ دوژمندا چوونەوە، زاڵە بەسەر ڕاسپاردە و وریاکردنەوەی هاوڕێکانیدا، کاتێک پێی دەڵێن؛ تکایە محەممەد خۆت بپارێزە، لە وڵامدا دەڵێت: «**هەستێک ڕامدەکێشێت، وەک ئەوەی ئەمڕۆ خۆشترین ڕۆژی ژیانم بێت**».

**خوێنی ئاڵی من نەبێ کوا گەش دەبێ باخی وڵات**
**لێرە چەک ئاوازی ژینە، گوڵشەنە مەیدانی شار**
**فیشەکە بارانەی دێ و بەژنی شارم سوور دەکا**
**بسکی کیژانی وڵاتم تەڕ دەکا بارانی شار**
**لێرە وانەی ژین دەڵێن باسی سەریش بێ وانەیان!!!**
**کیژی کوردە وانەوێژی شۆڕشی پیاوانی شار**
(کەژیار)

درەنگانی شەوی ٢٥ی خەزەڵوەر دوای بڵاوەکردنی خۆپیشاندەران هەر چەندە هاوڕێکانی داوای لێدەکەن بگەڕێتەوە ماڵ، بەڵام محەممەد

دەڵێت: دڵنیام ئێستا لەو بێدەنگییەدا جاشەکان هەلیان بۆ دەڕەخسێت بۆ ئەوەی خەڵک ئازار بدەن، پێمباشە بەرەو چوارڕێیانی شارەوانی بچین. هەستەکەی ڕاست دەردەچێت، کاتێک دەگەنە چوارڕێیانی شارەوانی دەبینێت بەکرێگیراوێک خەریکە بەزۆر کچێک ڕاپێچی نێو ماشێنەکەی دەکات. محەممەد زۆر ئازایانە کچەکە دەرباز دەکات و جاشی قینلەدڵ بێویژدانانە لە مەودای زۆر نزیکەوە دەستڕێژی لێ دەکات و بە گوللەی جەنگی محەممەد دەپێکرێت و شەهید دەبێت. محەممەدی دڵ پڕ لە ئارەزوو کە بڕیار بوو بیست ڕۆژیتر لەگەڵ ژاڵەی دەسگیرانی کە بە خۆشەویستیی نامزەدیان کرد بوو زەماوەند بکەن و بچنە ماڵی خۆیان، ڕێبازی خەبات بە هاوڕێیانی دەسپێرێ.

**«هەر گەڵایەک کە لە دارێ دەوەرێ، نووسراوێکە بە ناخۆش خەوەرێ»**

بەڵام تەرمی شەهیدەکانیشمان پیرۆزن و خاوەندارییان لێدەکرێت. ئەوان دەیانزانی چەکدارانی حکوومەت تەنانەت لە تەرمی ڕۆڵەکانیشمان سڵ دەکەنەوە و دەترسن، بۆیە بێسەروشوێنیان دەکەن. پاش ئەوەی محەممەد شەهید دەبێت هاوڕێکانی و بەتایبەتی هاوڕێ گیانیبەگیانییەکەی واتە «شەهریار محەممەدی» تەرمەکەی لە ساردخانەی نەخۆشخانەی بۆکان دەدزێ و ڕایدەگوێزێت و هەتا بەری بەیان، واتە لە یەکێک لە درێژترین شەوەکانی مێژووی خۆڕاگریدا محەممەد دەپارێزێت و هەتا بەرەبەیانی ئەو شەوە درێژە بە زمانی بێزمانی ڕازی ئازادی و نیشتمان بۆ یەکتری دەگێڕنەوە. ڕۆژی دواتر بە بەشداریی هەزاران کەس لە خەڵکی بۆکان و بە دروشمی شۆڕشگێڕانە تەرمی پیرۆزی شەهیدی ئەم شەهیدەی ڕێگای ڕزگاریی کوردستانیش بە خاکی نیشتمان دەسپێردرێت.



## شەهید شەهریار محەممەدی

لەیلا قادری

بەیانی ئەو شەوە نەبوو
بەیانی، شەوێکیتر بوو
سەمایان لە سەحرا دەکرد
لەچکە سوورەکان!
گریان بە جگەرەوە دەنا و
بەهەشتیان بە شاردا ڕادەکێشا
ئەو بەیانییە باڵندەکان تەنافیان لێپچڕا بوو
هەریەک
تارای بووکێکیان لە بۆکانەوە ڕادەگواست
ئەو بەیانییە کەس نوێژی بەیانی نەکرد و
خوایان خستە لوورەی گورگەوە
چارشێوی دایکم لە پێشەوە هەڵدەهات
قاوەی سەر کورسییەکە هێشتا گەرم بوو
دڵدارێک بەدەم هەڵوەرینی پرچییەوە دەیگۆت:
ڕاوەستە بەهەشت! ڕاوەستە! من لێرە جێماوم!

(نیان فاتمی)

زۆر لــەو بەســەرهاتی وەفــاداری و جوامێرییانەمــان خوێندۆتــەوە و بیســتوومانن شــان لەشــانی پاڵەوانــی نێــو چیرۆکــی گوێــی ئاگــردان و ئەفســانان دەدەن. یــان ئەگــەر زۆر دوور نەڕۆییــن زایەڵــەی چیــرۆک و بەســەرهاتی گیانفیدایــی پێشــمەرگە ئێســتاش لــە شــەقامی شــار و گونــد و شــاخ و دۆڵ و ئەشــکەوتی کوردســتاندا دێتــە گــوێ. ئــەو پێشــمەرگانەی بــۆ پاراســتنی هاونیشــتمانی و هاوســەنگەرانیان بوێرانــە بەرەنگاریــی داگیرکەران بوونەتــەوە و ســینگیان کردووەتــە قەڵغــان. یــان کاتێــک پێشــمەرگەیەک ژیانــی پێشکەشــی کوردســتان کــردووە، هاوســەنگەرەکەی چــۆن تەرمــی هــاوڕێ شــەهیدەکەی نەداوەتــە دەســتی دوژمــن و بــە کــۆڵ، دۆڵ و دەر و شــاخ و پێدەشــتی پێکــردووە بــۆ ئــەوەی لــە شــوێنێکی ئەرخەیــان و دوور لــە چــاوی جــاش و پاســتاڕ بــە خاکــی نیشــتمانی بســپێرێت.

ئــەوان ســێیان بــوون. لــە ڕەگــەزی هەتــاو، لــە ئەوینــی نیشــتمان و بۆنوبەرامــەی ئــازادی.

ئــەوان ســێ کــەس بــوون، شــەهریار، محەممــەد و هێمــن. هــی وڵاتێــک و شــارێک و شــەقامێک لــە شۆڕشــێکی مەزنــی دژ بــە داگیرکەر و خۆفرۆشــاندا. لــە مێــژووی زینــدووی کوردســتاندا ئــەم گێڕانەوانــە نــەک لــە خــەون و خەیاڵــی بیســەراندا بەڵکــوو وانــەی جوامێرییــە بــۆ جارێکــی دیکــە لــە شۆڕشــێکی سەرانســەری و لــە ســەر دەســتی یــەک لــەو ســێ مەزنــە واتــە شــەهید شــەهریار محەممــەدیدا تۆمــار دەکرێتــەوە.

شــەهریار لەمێــژ بــوو خەونــی ئاوەدانیــی نیشــتمان و بۆکانــی لــە گەشــە و خوێندنــی زانکــۆ و بەشــی ئەندازیــاری و تەلارســازیدا داڕشــتبوو ...

شــەهریار ڕۆژی ٥ی بانەمــەڕی ١٣٧٣ی هەتــاوی، لــە شــاری بــۆکان هاتــە دنیــا، بــەڵام چیرۆکــی ژیانــی ئەویــش وەک زۆربــەی ڕۆڵەکانــی نیشــتمان

ئاوێتـەی ئـەو کوێـرەوەری و خـەم و غەدرە داسـەپاوە کۆمەڵایەتی و سیاسـی و ئابوورییەیـە کـە ڕێژیمـی دژەمرۆیـی کۆمـاری ئیسـلامی دایسـەپاندووە. شـەهریار محەممـەدی سـەرەڕای خەمـی نـان و پێگەیاندنـی خوشـک و براکـەی و هەسـتی بەرپرسـیارێتی بەرانبـەر دایکـی کـە بـۆ ئـەو وەک نیشـتمان هـەم پیـرۆز بـوو هـەم پێویسـت، دوای وەرگرتنـی بڕوانامـەی دیپڵـۆم لـە زانکـۆی بـۆکان، دەسـتی بـە خوێنـدن کـرد و تێرمـی یەکەمـی تـەواو کـرد، بـەڵام وەک شـاعیر گوتەنـی: «**ژیانـی ئەمـڕۆم دەفرۆشـم لـە پێنـاوی نانـی سـبەی**».

بـۆ شـەهریاریش ژیـان هەرزانـتر بـوو لـە نـان، بۆیـە بـە ناچـار و لـە بـەر هێندێـک هـۆکار واز لـە زانکـۆ دێنێـت و ڕوو دەکاتـە بـازاڕی ئـازادی کار. کارەکـەی بـە بڕینـی ڕێـگای دوورودرێـژی نێـوان بـۆکان و تـاران دەسـت پێکـرد. بیـری تیـژی شـەهریار لـەم هاتوچۆیـەدا بـاش هەسـتی بـەو جیاوازییـە ئابـووری و پیشەسـازییە دەکـرد کـە دەسـەڵاتی داگیرکـەر لە نێوان کوردسـتان و ناوەنـددا پێکیهێنـاوە. ئەمـەش تـا دەهـات زیاتـر ئازاریـان دەدا و سـنووری نیشـتمان و شـارەکەی خـۆی و خێـوی داگیرکەرانـی ناوەندگـەرای بـۆ ڕوونـتر دەکـرد و هەسـتی زیاتـر دەڕووشـاند.

بیـری سـەربەخۆیی هەتـا دەهـات پـتر لـە زەینیـدا بـاڵای کـرد و دایـم سەوداسـەری ئـازادی بـوو، شـەهریار لەگـەڵ محەممـەدی حەسـەنزادەی هاوڕێـی ڕێـگای چیاشـیان ئەزمـوون کردبـوو و ماوەیـەک شـانازیی پێشـمەرگەبوونیان پێبڕابـوو و لـە سـاڵی ٩٤ی هەتـاوی، گەڕابوونـەوە شـار و هەگبـەی خەونەکانـی هـەر بـە کۆڵییـەوە بـوو. شـەهریار بـاش دەیزانـی نەبوونـی سـیتمێکی دادپـەروەر هـۆکاری کێشـە ئابـووری و کۆمەڵایەتییەکان و گرفتـە خێزانیەکانـە.

قورسایی باری گرانی ژیان و دابینکردنی داهاتوویەکی شیاو بۆ دایک و خوشک و براکەی لە گرەوی وازهێنانی لە خەونەکانی خۆیدا دەدیت. زۆر جار لە خەونی سازکردنی ئاهەنگ و شادی زەماوەندی برا چووکەکەیدا لە گەڕی شاییدا سەرچۆپی دەگێڕا و گوڵی دەکردە شاباشی مینا خانمی دایکی، چونکە هەر ئەو بوو تاکە سوارچاکی بوون و مانەوەیان و بۆیە هەتا سنووری کڕنۆش سەری بۆ ڕابردووی پڕ لە سەروەری و مەینەتییەکانی نەوی دەکرد و بە سیلەی بزەوە لە گراوەکەی دەڕوانی و بە ئاماژە محەممەدی ڕادەسپارد بۆ ئەوەی هێمنە ڕەش بە سۆزەی گۆرانی «**هۆ خاڵ خاس خاڵ دانەدانە...** «کۆڕی شایی وەڕازێنێت، سروودی ئازادی بڵێت، خوشکەکەی بە دەسرەی ئاڵوواڵەوە وێنەی خۆی لە ئاوێنەی ئاواتەکانیدا بنوێنێ و سەمای ئازادی لەگەڵ لاوان گەرم بکات. بەڵام کوردگوتەنی؛ کوڕان و کچانی کورد کاتێک لە دوورەدیمەنی خەونەکانیش دەڕوانن تراویلکەیە و ملۆزمێک و بەکرە شۆڤارێک دێت و پردی پەڕینەوەی دنیای ئاوات و حەزەکانیان دەڕووخێنێت و نیشتمان و هەرێمی پیرۆزیان بە ڕیش و بیری فاشیستی دادەڕمێنێت.

لە شۆڕشی ژینادا شەهریار هاوهەنگاو و ڕێبوار و هاندەرێکی دیاری شەقامی ڕاپەڕیوی نیشتمان و بۆکان بوو و لە هەموو خۆپیشاندانەکاندا ڕێبەریی شەقامی دەکرد و ڕۆڵی سەرەکیی دەگێڕا.

**هەژارگوتەنی؛**

**شاری بۆکان باغە گوڵستانە چەمە**

**کوڕی لاولاوە، کچی خونچەدەمە**

**کەوی سەرداری لە بیرت ماوە کە بۆچی سەری**

**هەڵقرتاوە؟...** لە بەر خەیانەت، خەیانەتی ئەوانەی بە ئەوینی نیشتمان فرچکیان نەگرتووە و سەقەتن، سەقەت لە ئیرادە و غیرەت.
ئەوانەی دەردەکوردن، ئەوانەی محەممەدی حەسەنزادەیان لە شەهریار ئەستاند و شەوی شەهیدبوونی محەممەد، بە درێژایی ئەو شەوە نەبڕاوەیە شەهریار بە دیار تەرمی نازداری محەممەدەوە چرکەکانی دەژمارد و بیری لە ڕقی پیرۆز و تۆڵەی هاوڕێکەی دەکردەوە. شەهریار ئەو شەوە هەتا گزینگی بەربەیان بە زمانی بێدەنگی لە گەڵ محەممەد دەدوا، لە بارەی ڕابردوو و چارەنووسی خۆیان و داهاتووی نیشتمان گفتوگۆیان کرد. شەهریار دوای ئەسپاردەکردنی تەرمی محەممەدی شەهید هەر زوو ڕێی بەجێگەیاندنی بەڵێنیی گرتەبەر و بۆ گڕ و تیندان بە شۆڕش گەڕایەوە شەقام.
ئەو شەوەی شەهید محەممەد حەسەنزادە شەهید دەکرێ، دەستوپێوەندەکانی ڕێژیم دەیانەوێ هەر ئەو شەوە بینێژن؛ شەهریار بەڵێن دەدات بە هەر شێوەیەک بووە بچێتە ساردخانە و تەرمی ئازیزترین هاوڕێی بێنێتە دەرێ بۆ ئەوەی ڕۆژی دواتر لەناو ئاپۆڕای خەڵکی تێکۆشەری بۆکان، ئەسپەردەی خاکی نیشتمان بکرێ. شەهریار بەڵێنەکەی دەباتە سەرێ و لە دەرفەتێکدا دەرگای ساردخانە دەشکێنێ و تەرمی شەهید محەممەد هەڵدەگرێ و دەیباتە شوێنێکی پارێزراو. بەکرێگیراوانی ڕێژیم کە دەزانن شەهریار تەرمی شەهید محەممەدی ڕاگواستووە، دەکەونە پێوشوێنی و بۆ شەوی دواتر لە نێوان فەلەکەی عەلیاباد تا بێهزیستی بۆسەی بۆ دادەنێن و بە دیتنی ماشێنەکەی بە چەکی قورس و سووک دەیدەنە بەر دەسڕێژ و ماشێنەکەی دابێژدابێژ دەکەن و خۆشی بەسەختی بریندار دەکەن.

کوردکوژانــی ڕێژیــم وادەزانــن شــەهریار شــەهید بــووە، هــەر بۆیــە بــە پەلەپــڕووزێ شــوێنەکە جــێ دەهێڵــن. دوای نزیــک ســەعاتێک شــەهریار کــە شــەڵاڵی خوێــن ببــوو دەگەیەنرێتــە ژووری نەشــتەرگەریی نەخۆشــخانەی بــۆکان. هێــزە دژەکوردەکانی ئیتلاعات هەڵدەکوتنە ســەر کادری نەخۆشخانە و پێیــان دەڵێــن بــە ئیزنــی کــێ بردووتانــە بــۆ ژووری نەشــتەرگەری! ئەگــەر زیندووشــی بکەنــەوە ئێمــە هــەر تیــری خەلاســی لێدەدەینــەوە. دوایــەش کە شــەهریار بەهــۆی قورســیی برینەکانیــەوە گیانــی لەدەســت دەدا، جەللادانــی قین‌لەدڵــی ڕێژیــم تەرمــی بێ‌گیانــی دەدەنــە بــەر پێلاقــە و دەموچــاوی ئــەو شــێرە کــوڕە دەشــکێنن و ســووکایەتی و بێڕێزییەکــی زۆر بــە میــلادی بــرای و دایکــی دەکــەن و تەنانــەت چــەک لەســەر ســەری میــلاد ڕادەگــرن و گازی فرمێســکڕێژ بــە ســەروچاوی دایــە مینــادا دەکــەن و پێــی دەڵێــن دەبــێ هــەر ئەمشــەو تەرمــی شــەهریار بنێــژن، دەنــا چاوتــان پێــی ناکەوێتــەوە و چەنــد دەرزی ســڕکەریش لــە میــلادی بــرای دەدەن و بێهۆشــی دەکــەن و پاشــان بەهەڵــەداوان تەرمــی شــەهید شــەهریار لەنێــوان ئابڵۆقــەی چەنــد ماشــێنی تایبــەت بــە هێــزە ســەرکوتکەرەکانی ڕێژیــم دەگەیەننــە گۆڕســتانی بــۆکان و هــەر بــەو شــەوە بنەماڵەکــەی ناچــار دەکــەن ئەســپەردەی خاکــی نیشــتمان بکــرێ.

**بەمجــۆرە شــێرەکوڕێکی دیکــەی بــۆکان لــە هەمــان پاییــزی نزیــک ئــازادی و خەزەڵــوەر چــووە ڕیــزی هاوڕێیانــی شــەهید و بــاڵای بــە بــاڵای نیشــتمان گرت.**



# شەهید فەرجاد دەروێشی

ناسر سادقی

له ئوراتووورەوە دەنگێ دێ
دەنگی ڕەسەنایەتی و مێژوو
دەنگی ئازادی و سەربەستی
دەنگی زڕەی پچڕانی زنجیر و
کڵپەی ئاگری ئاگردانی زەردشت دێت
دەنگی سرووتی ئازادی گیوماتا،
لەگەڵ شەپۆلی زەریاچەی ورمێ،
لەگەڵ حیلەی ئەسپی سمایل ئاغا و
سوارچاکانی قەڵای دمدم،
ڕاپسکانی کیژ و کوڕان کە مەشخەڵ بەدەست، سەمای ئازادی دەگێڕن،
لە گێڕانەوەی نەسرەوتن تا سەرکەوتن،
بۆ پێشەوە بۆ پێشەوە ئەی کوردی ئازا ...

(باهۆز ئەحمەد)

ئـەوە زرمـەی پێـی فەرجادەکانـە، لەسـەر لاشـەی بێهیـوای سـتەم، شـەقامەکانی هێناوەتـە لـەرزە.

فەرجـاد دەروێشـی، کـوڕی یونـس دەروێشـی لـە گەڕەکـی ئەحمەدئـاوای

شـارەدێی باڵـو سـەر بـە شـاری ورمـێ لەدایـک بـووە.

ڕێژیمـی دژەکـوردی ئاخونـدی هەمـووکات لـە نێـوی کـوردی دەترسـێ و هەمیشـە بـە تونـدی دژی داوای ئـەو دایـک و باوکانـە بووەتـەوە کـە دەیانهـەوێ نێـوی کـوردی لـە منداڵەکانیـان بنێـن، کەواتـە سـتەمی داسـەپاوی ئاخونـدی هـەر لەسـەرەتای لەدایکبوونـی فەرجـادەوە بەرامبـەر بـە بنەماڵەکـەی دەردەکـەوێ، ئـەوە نییـە دوای لەدایکبوونـی فەرجـاد ڕێژیـم ڕێگـری لـە نووسـینی نـاوە کوردییەکـەی لـە ناسـنامەکەیدا دەکـەن و ئەوانیـش بـە ناچـاری نێـوی ئەمیـری وەک نێـوی دووهـەم بـۆ دیـاری دەکـەن.

فەرجـادی تەمـەن ٢٢سـاڵ، کەسـێکی ڕوحسـووک و دڵاوا و خەمخـۆری گەلەکـەی بـوو و لـە دونیـای خـەون و ئاواتەکانیـدا داهاتوویەکـی گەشـی بـەدی دەکـرد و لـە دوورەدیمەنـی داهاتـووی ژیانـی خـۆی و گراوەکەیـدا پـڕ بـەدڵ دەیڕوانـی و خـەوی شـیرینی پێـوە دەبینـی.

فەرجـاد وەرزشـوانێکی بەتوانـای تۆپیـێ بـوو، بـەڵام بەهـۆی کوردبوونـی لـەو بـوارەش ڕێگـری لێکـرا و نەیانهێشـت ببێتە ئەندامـی تیمـی تازەلاوانەوە و جارێکـی دیکـەش خەونەکانـی وەک نێوەکـەی بەتـاڵان بـران.

فەرجـادی لاو گەورەتریـن هیـوای ئـەوە بـوو هیـچ تاکێکـی کـورد، تووشـی پەتـای خەیانـەت و خۆفرۆشـی و خۆبەکەمزانیـن نەبـێ و نەبێتـە جـاش و داردەسـتی ڕێژێمـی داگیرکـەر و کرمـی ناوخـۆ. فەرجـاد بـەردەوام هەوڵـی دەدا، لاوانـی گوندەکەیـان کـە لـە هـەر دوو نەتـەوەی کـورد و ئـازەری پێکهاتـوون، لـە ئاشـتیدا بژیـن و ئاشـنای مافـە ئینسـانییەکانیان بـن و ئـەو زوڵـم و سـتەمە سیسـتماتیکەیان بـۆ ڕوون بکاتـەوە کـە ڕێژیـم بـە سـەریدا سـەپاندوون و بـەردەوام لـە هەوڵدایـە کـە تـۆوی ڕق و دووبەرەکـی لـە

نێوانیانـدا بچێنێـت. هـەر ئـەو تایبەتمەنـدی و تێگەیشـتنە فەرجـادی لـە هاوتەمەنەکانـی جیـا دەکردەوە و ئاسـتی هوشـیاری نەتەوەیی و نیشـتیمانی لـە ناخیـدا بـەردەوام وەک ئاگردانـی زەردشـت دایسـا و ئاوێتـەی سـەمای ئـازادی لـە شـەقامەکانی ورمـێ دەبـوو و هـاواری بـۆ سەربەسـتیی خەڵکـی ڕاپەڕیـو کـرد.

فەرجـاد لەگـەڵ هاتنـە سـەر سـەکۆی ئـازادی و شـانۆی ڕزگاریـی ڕاپەڕینـی ژینـادا، ڕۆژی ٢٩ی خەرمانانـی ١٤٠١ی هەتـاوی، لـە شـەهرەکی وەلیعـەسری ورمـێ، لـە بـەردەم «فرۆشـگای ئـاوا»دا، لـە ڕووبەڕووبوونـەوە لەگـەڵ هێـزی زرێپۆشـی ڕێژێمـدا دەکەوێتـە بـەر دەسـترێژی گولـلە و سـاچمەی بێئامانـی تاریکپەرسـتان و بەسـەختی برینـدار دەبێـت، دوژمنـان بـەو حاڵـەش وازی لـێ ناهێنـن و دیسـان دەکەوێتـەوە بـەر هێرش و پەلامـار و بە باتـۆم لەسـەری دەدەن. دوای ئـەوەی فەرجـاد بـە زەحمـەت ڕزگاری دەبـێ و خـۆی دەگەیەنێتـە ماڵێکـی نزیـک لـە شـوێنی خۆپیشـاندانەکە و لەوێـوە دەیگەیەننـە نەخۆشـخانەی ئومیـد، بەهـۆی سـەختی برینەکانیـەوە شـەهید دەبـێ و گیانـی پێشـکەش بـارەگای نیشـتمان دەکات. دوای شـەهیدبوونی بەکرێگیراوانـی ڕێژیـم تەرمەکـەی دەبەنـە نەخۆشـخانەی خومەینـی بـۆ ئـەوەی بـە بێدەنگـی بـە خاکـی بسـپێرن. دواتـر خوشـکی شـەهید فرجـاد بـە هەواڵەکـە دەزانـێ کـە تەرمـی بـرای شـەهیدیان بردووەتـە پزیشـکی یاسـایی و حکوومەتـی دژەگەلـی بۆ چەواشـە و پەردەپۆشـکردنی ڕای گشـتی لـە ڕاپۆرتـە پزیشـکیەکەیدا دەنووسـن، بەهـۆی بەرکەوتنی گولـلەی سـاچمە لـە دڵ و ڕیخۆڵـەی گیانـی لەدەسـت داوە، نـەک ئـەو زەبـرەی وەسـەری کەوتـووە.

دوای گوشـارێکی زۆری ڕێژیـم سـەرەنجام ڕۆژی ٣٠ی خەرمانـان بـە

بەشـــداریی جەمـــاوەری نیشتماندۆســـت و بـــە دروشـــمی «**مـــەرگ بـــەر دیکتاتـــۆر و مـــەرگ بـــەر خامنەیـــی و شـــەهید نامـــرێ**» لـــە زێـــدی خـــۆی لـــە گۆڕســـتانی باڵـــو بـــە خاکـــی پیـــرۆزی نیشـــتمانی دەســـپێرن.


نـاوی فەرجـاد و دانـش ڕەهنـما دوو شـەهیدی شـاری ورمـێ کـە هاوڕێـی سـەردەمی منداڵیـی بـوون، وەک محەممـەد حەسـەنزادە و شـەهریار محەممـەدی خەڵکـی بـۆکان، بوونـە هەوێنـی دروشـمەکانی ڕاپەڕینـی «**ژن، ژیـان، ئـازادی**» و ڕێـگا و ڕێبازیـان بـۆ هاوڕێیانیـان بەجـێ هێشـت و بوونـە چیرۆکـی مێـژووی ڕاپەڕیـن.

بەکرێگیراوانـی ڕێژیـم هـەر بـەوەش ناوەسـتن و گوشـارێکی زۆر دەخەنـە سـەر بنەماڵەکـەی شـەهید فەرجـاد و بـۆ ئـەوەی تاوانـە دژی گەلییەکـەی خۆیـان بـە لاڕێـدا ببـەن، داوا دەکـەن سـکاڵا لە دژی کەسـێک یان کەسـانێک تۆمـار بکـەن و خـۆ لـە ڕاستییەکان بـەدوور بگـرن و باسـی واقعـی چۆنیەتی شـەهیدبوونەکەی نەکـەن، بـەڵام خاتـوو سـەیرانی دایکـی شـەهید فەرجـاد بەوپـەڕی بوێـری و لـە خۆبردوویيـەوە بەرگـری لـە خوێنـی کـوڕی شـەهیدی دەکات و سـەر بـۆ داگیرکـەران ناچەمێنـێ و لـە ئاسـت خوێنـی بـە ناحـەق ڕژاوی کوڕەکـەی وەجـواب دێـت و پێیـان دەڵـێ: «**ئـەوە ئێـوەن کـە کوڕەکـەی منتـان شـەهید کـردووە، ئیـتر بـەس نییـە؟ چیتـان لـە گیانمـان دەوێ؟**»

بـە وتـەی شـایەتحاڵان و کەسـانی نزیکی شـەهید فەرجاد، نیشتمانفرۆشـانی خائیـن تەنانـەت چاویـان بـە گڵکـۆی شـەهیدانیش هەڵنایـات و ترسـیان کەوتووەتـە دڵـەوە، بۆیـە چەنـد جـار گڵکۆکـەی شـەهید فەرجاد دەشـێوێنن و ئـەو ئـاڵا سـوورەی کـە بنەماڵەکـەی وەک هێـمای خوێنـی شـەهیدان بـە سـەر مەزارەکەیانـدا کێشـا بـوو، لێدەکەنـەوە. ئـەوان نازانـن نـاوی شـەهید

لەنـاو بزووتنـەوەی کـورد وەک ئاگـر و ئەسـتێرە و ئەفسـانەی چیـای ئاگرییـە و هەرگیـز ناکووژێتـەوە و سـینگ بـە سـینگ دەیپارێـزن بـۆ ئـەوەی مێـژوو شـاهید بـێ ئـەوە بنەماڵـەی شـەهیدانن ڕێبـەر و پێشـەنگی ڕاپەڕینەکانـن و لـە هەمـوو هـەوراز و نشـێوەکانی بزووتنەوەکانـی کوردسـتان و بەتایبـەت ناوچــەی ورمــێ، زۆرجــار کەوتوونەتــە نێــوان بەرداشــی دەســەڵاتەکانی عوســمانی و ئێــران و تێــزاری ڕووســی و پاشــماوەکانی شــەڕانخێوەی ئــەو داگیرکەرانــە و لەحاڵێکــدا هەمیشــە کــورد قوربانیــی ســەرەکی و ســەنگەری یەکەمــی ئــەو ململانــێ و ساتوســەودایانە بــووە کــە بێجگــە لــە بەرژەوندیــی داگیرکــەران و زیانــی گیانــی و ئابــووری و جوغڕافــی هیــچ بەهــرە و قازانجــی بــو نەتــەوەی کــورد بــەدواوە نەبــووە و شــوێنەواری هەتــا ئێســتاش لەبەرچــاوە.

بۆیــە کــورد لــە تــەواوی ڕووداو و ڕاپەڕینەکانــدا بــۆ پاراســتنی ســنوور و شــوناس و زمانەکەیــان ناچــار بــە بەرگریکــردن لــە مــان و مەوجوودییەتــی نەتەوەکــەی بــووە و کۆڵــی نەداوە و ســەدان ڕۆڵــەی وەک شــەهید فەرجادی لــە پێنــاودا فیــدا کــردووە و هــەزاران دایکــی وەک دایکــی شــەهید فەرجــاد، وەک چیــای ئاگــری و ئــاڕارات بوونەتــە ســەنگەری پــەروەردە و پێگەیاندنــی ئازاتریــن و جوامێرتریــن کچــان و کوڕانــی خۆبەخشــی زێد و وڵات و ســەریان دانــاوە، بــەڵام هەرگیــز ســەریان بــۆ دوژمنــان نەوی نەکــردووە و، مەشــخەڵی ئاگــری ڕاپەڕێــن و بەرخۆدانیــان هەتــا ئێســتا پاراســتووە.



## شەهید دانش ڕەهنەما

سۆما ناسری

ئێوە قەوارەتان
قەداری دوژمن‌شکێنە
لە قەدەری چارەنووستان ئازادی دەتکێ
لە شاڕەگی دەمارەکانتان غیرەت و
لە چاوەکانتان داهاتووی گەش و
لە هەناسەتان بۆنی ئاو و بۆنی خاک و
لە هەناوتان کڵپەی ئاگری پیرۆز گەشایەوە
ئێوە چرای داگیرساوی شەقام و
ڕووناکیی نێو کۆڵانە تاریکەکانی دوژمن‌تۆقێن بوون
لە بوونی ئێوە بوو مەشعەلی خورۆشان
شاڕەگی ستەمی ئەسووتاند
شەقی لە هەرچی ستەم و ناڕەوا هەڵ ئەدا و
وەک پێشەنگێ ئاڵا بەدەست
خۆتان کردە قوربانی لەبەردەم خودای ئازادی‌دا
ئێمەش لە بیرەوەریەکانماندا نووسیمان
دانش ڕەهنەما، شەهیدێک لە باڵو بوو بە هێما ...

(باهۆز ئەحمەد)

نەتــەوەی کــورد لــە زۆربــەی ڕووداو و ڕاپەڕینەکانــدا ناچــار بــووە بــۆ پاراســتنی کەرامــەت، ســنوور، شــوناس و زمانەکــەی و بەگشــتی مــان و مەوجودییەتــی خــۆی تێچــووی قــورس بــدا و لــەم نێوانەشــدا بنەماڵــەی ســەربەرزی شــەهیدان هــەردەم ڕێبــەر و پێشــەنگی ڕاپەڕینــەکان بــوون و لــە هەمــوو قۆناغەکانــی بزووتنەوەکانــی کوردســتان بــە بەخشــینی گیانــی ئازیزتریــن ڕۆڵەکانیــان بــاری قورســی بزووتنەوەکەیــان لەســەر شــان بــووە و بــە دەیــان هــەزار ڕۆڵــەی گیانلەسەردەســتی وەک شــەهید دانشــیان لەپێنــاو گــەل و نیشــتمان بەخــت کــردووە و بە هــەزاران دایکــی وەک دایکی شــەهید دانــش، وەک چیــای ئاگــری و ئــاڕارات بوونەتە ســەنگەری پــەروەردە و پێگەیاندنــی ئازاتریــن و جوامێرتریــن کچــان و کوڕانــی خۆبەخشــی زێــد و هەرگیــز ســەریان بــۆ دوژمنــان نــەوی نەکــردووە و، مەشــغەڵی ئاگــری ڕاپەڕیــن و بەرخۆدانیــان هەتــا ئێســتا پاراســتووە.

دانــش ڕەهنەمــا کــوڕی خاڵــە ساڵح و دایــە خاتووزیــن، لــە ٢١ی بانەمــەڕی ١٣٧٩ی هەتــاوی، لــە شــارەدێی باڵــو ســەر بــە شــاری ورمــێ لــە بنەماڵەیەکی دڵســۆز و نیشتماندۆســت چــاوی بــە دنیــا هەڵێنــا و وەک هەمــوو منداڵانــی هاوتەمەنــی ڕێــگای قوتابخانــەی گرتەبــەر و تــا پۆلــی ١١ی دواناوەنــدی دەرســی خوێنــد. دانشــی ژیریــش وەک زۆربــەی منداڵانــی کورد بەهۆی ســتەم و چەوســانەوەی ڕێژێمــی کۆنەپەرســتی ئاخونــدی و بــاری ناهەمــواری ژیــان بەناچــار واز لــە خوێنــدن دێنێــت و بــۆ دابنیکردنــی بژێــوی ژیــان ڕوو دەکاتە بــازاڕی کارەوە و لــە ڕێــگای کرێــکاری ســەربەرزانە ژیــان دەباتــە ســەرێ.

شــەهید دانــش بــە هــەزاران خۆزگــە و هیــواوە ژیانــی هاوبەشــیی لەگــەڵ خاتــوو ڕەعنــا حوســێنزادە پێکهێنــا بــوو و بەرهەمــی ژیانیــان جوانــای

تەمەن ٢ساڵان بوو و دنیایەک خەون و خولیایان بۆ داهاتوویی خۆیان و جوانای کچیان لەسەردا بوو.

دانش وەکوو ئاماژەیەک بۆ تۆرە و زانست، ڕێنما وەک ڕێنیشاندەر و پێشڕەو لە شایی ئازادیدا و لە سەنگەری کەرامەتی مرۆڤایەتی و مرۆڤدۆستی، چۆپی ئاهەنگی سەرهەڵدان دەگرێ بەدەستەوەو، جێگەی شەهیدی هاوڕێی مناڵی و ڕێبواری ڕێگای ئازادی، فەرجاد دەروێشی پڕ دەکاتەوە. ڕێڕەوی ئازادی وەک ڕێنمایەک لە شارەدێی باڵو بۆ هاوتەمەنە ستەملێکراو و ماف زەوتکراوەکانی دێتە شەقام، شاڕەگی گەردنی ستەم بە پەنجەی پۆڵاین و غیرەتەوە دەگرێ، تاکوو چۆک بە دوژمنی تاریکپەرست و دژەکورد دابدات.

دانش لەگەڵ هاوڕێکانی بەردەوام چاوڕێی تەقینەوەی گڕکانی گەورەی ڕق و تووڕەیی جەماوەریی بوو، تا تاج و تەختی زۆرداران لە بن بێت و گەلی کوردیش بە مافە ڕەواکانی خۆی بگات، هەر ئەو هزر و بیرەی دانش بوو کە وای کرد ببێتە گیانبازی ڕێگای ئازادی و یەکێک لە ئاڵاهەڵگرانی شۆڕشی ژینا و، ژیانی لە پێناودا بەخت بکات.

دانشی پێشەنگ و ڕێنمای باوەڕبەخۆبوون لە شەوی هەینی ٣٠ی مانگی خەزڵوەری ١٤٠١ی هەتاویدا، پاش بریندار بوونی هاوڕێ و هاوڕێبازەکەی واتە عەبدوڵڵا محەممەدپوور لەکاتی هەوڵدانی بۆ دەربازکردنی عەبدوڵلای هاوڕێی دەکەوێتە بەر دەستڕێژی دەستەو تاقمی بەکرێگیراوانی ڕێژیم و بە چەندین گوللە دەپێکرێ و بەسەختی بریندار دەبێت، پاش ڕاگواستنی دانش بۆ نەخۆشخانەی خومەینی ورمێ و کەمتەرخەمیی کادری دەرمانی و دوکتوری نەخۆشخانە و قورسیی برینەکانی و بەهۆی ئەوەی خوێنێکی زۆری لە بەر ڕۆیشتبوو

لـە ئاکامـدا گیانـی پیـرۆزی پێشـکەش بـە بـارەگای ئـازادی و نیشـتمانەکەی دەکات و ئـەو بەڵێنییـەی بـردە سـەر کـە بـە دایکـی شـەهید فەرجـاد دەروێشـی هاوڕێـی دابـوو کـە ڕۆڵەکـەی ئەویـش ڕۆژێـک پێشـتر بە دەسـتی جەنایەتکارانـی ڕێژیـم لـە شـاری ورمـێ کرایـە ئامانـج و شـەهید بـوو کـە تۆڵـەی دەکاتـەوە و ڕێبـازی خەبـات بـە هـاوڕێ و هاوبیرانـی دەسـپێرێ و ئەویـش وەک فەرجـادی هاوڕێـی و شـەهیدانی کوردسـتان نـاوی دەچێتـە لاپـەڕە زێڕینەکانـی مێـژووەوە.

تەرمـی دانشـی دڵ پـڕ لـە ئـاوات و تامـەزرۆی سەربەسـتی، ڕۆژی ٣١ی خەرمانــان، لــە نێــو ئاپــۆڕای خەڵــک و چاودێریــی چــڕی هێــزە دژی گەلییەکانـی ڕێژیـم، لـە تەنیشـت هاوڕێـی سـەردەمی مناڵیـی و هاوخەباتـی شـەهید فەرجـاد دەروێشـی بـە ئامێـزی دایکـی نیشـتمان دەسـپێردرێ.

جـاش و بەکرێگیراوانـی باڵـو چەنـد جـار گڵکـۆی شـەهیدانی شۆڕشـی ژینـا لـەو شـاردەدێیە دەشـێوێنن و بێئـاگا لـەوەن نـاوی شـەهید لەنـاو بزووتنـەوەی کـورد وەک ئاگـر و ئەسـتێرە و ئەفسـانەی چیـای ئاگرییـە و هەرگیـز ناکووژێتـەوە و سـینگ بـە سـینگ دەیپارێـزن بـۆ ئـەوەی نـاو و یـادی بـە سـەربەرزی و هەرمـان بمێنێتـەوە.

شـەهید دانـش ڕەهنەمـا مرۆڤێکـی ئاشـتیخواز و بەرابەریخـواز بـوو و بـاوەڕی قووڵـی بـە یەکسـانیی ڕەگـەزی و ڕێزگرتـن لـە کەرامەتـی مـرۆڤ هەبـوو.

ئـەو هەمیشـە ئاواتـی ڕزگاری لـە دەسـت زوڵـم و سـتەمی داگیرکەرانـی کوردسـتان دەخواسـت و گەیشـتنی نەتەوەکـەی بـە ئـازادی و سەربەسـتی بـۆ ئـەو لـە سـەرووی هەمـوو شـتێکەوە بـوو.

**شەهید گیانبازەکەی هەردەم زیندوو**

چرای گەشی داگیرساوی
ڕێبازی ئێستا و ڕابردوو
خەونی تۆیە دەڕوێتەوە
چرۆی داربەڕووی نەورۆزە و
لە قەدپاڵی نیشتیمانم سەوز دەبێتەوە،
دەنگی تۆیە کۆرپەی بیرمان ڕادەژێنێ
ئاواتی تۆ سەربەخۆیی بەدی دێنێ



## شەهید ئارام حەبیبی (چاوڕەش)

ناسر سادقی

لەگەڵ تۆ ئەدوێم ئەی نیشتیمان
چاوەکانم جگە لە تۆ هیچ نابینێ
جگە لە ڕۆشنایی تۆ
بە هیچ ڕووناکییەک هەڵنایە و
وەک کوێرێک لە تاریکیدا ئەژیم،
شەو دەخەمە سەریەک و ڕۆژم داوە بە سنوورەکان
چاوەڕوانم ئەرێ چاوەڕوان،
شەقام لیپاولیپ بێت لە زایەڵەی ئازادی
چاوانم بە گزنگی  نەورۆز بشۆم،
ئەرێ نیشتیمان، وەک موغێکی
بەر ئاگردانی  زەردەشت،
ناخم پڕە لە سروودی ئازادی و ورینەیان دەکەم
مانیئاسا وێنەکانت لە دیواری دڵم
هەڵئەکۆڵم، تا ماندوویەتی
گومان لە بێ هیوایم نەکات،
ئەرێ نیشتیمان لەگەڵ تۆمە لەگەڵ تۆ،

**ئەزانی؟ شەهیدانی ئەمساڵ،**

**زیندووترینی مرۆڤەکان بوون ...!؟**

**زیندوو**

**زیندوو**

**هەرمان بۆ هەتاهەتایە...**

(باهۆز ئەحمەد)

مێـژووی بزووتنـەوەی کـورد لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان بەپێچەوانـەی حـەز و ویسـتی دەسـەڵاتدارانی ناوەندگـەرا لـە تـاران، محاڵەتووشـی خەونـی فەرامۆشـی بـێ. ژیلەمـۆی ناخـی لاوانـی شـاری سـنە لـە شۆڕشـی ژینـا و ڕەوتـی ڕاپەڕینـی سەراسـەری لـە کوردسـتان سـەرلەنوێ بڵێسـەی ئەسـتاند و ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ لـە سـەرجەم شـەقام و کۆڵانەکانـی ئـەو شـارەدا گشـتگیرتر دەبـوو. هەتـا دەهـات زیاتـر بـە دروشـمی نەتەوەیـی و حەماسـی گوێـی داگیرکەرانـی ئـازار دەدا. سـنە لـە نـەورۆزی خوێنـاوی بەهـاری ١٣٥٨ی هەتـاوی و، زۆر ڕووداوی مێژوویـیـدا مەکـۆ و مەیدانـداری ڕاپەڕیـن و یەکلاکـەرەوەی شـەڕ لـە دژی نەیـاران بـووە، هـەر بۆیـە ئەمجـارەش لاوانـی ڕووناکبیـر لـە هەمـوو چیـن و توێـژەکان وێـڕای ژنـان و پیـاوان، پاڵپشـت و شـۆرەی بەهێـزی ئـەو شۆڕشـە بـوون. ئـارام حەبیبـی کـوڕی خاڵـۆ محەمـەد و خاتـوو کلسـووم شاوەیسـی لـە خاکەلێـوەی ١٣٧٤ی هەتـاوی، لـە شـاری سـنە چـاوی بـە دنیـا هەڵێنـا. نازنـاوی چاوڕەش لـەو کاتـەوە بـە بـاڵای ئـارام بـڕا.

ئـارام وەک زۆربـەی منداڵانـی کوردسـتان لەژێـر حوکـم و چەکمـەی حکومەتـی پاوانخـواز و میراتگـری دەسـەڵاتەکانی ڕابـردووی خـۆی کـە هەمـان سیاسـەتی هـەڵاواردن و جیاوازیخوازیـان بەرامبـەر بـە چیـن و

توێژەکانی کوردستانی ڕەچاو کردبوو، بێبەش نەبوو لە سیاسەتی شۆڤینی حاکمانی فارس. ئارام قۆناغەکانی منداڵی و پلەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوندی و هەتا زانکۆی لە شاری سنە و شەهرەکی بێعسەت تەواو کرد. ئارام هەر لە تەمەنی شازدە ساڵییەوە وێڕای براکانی قەبووڵی ئەرک و بەرپرسیاریەتی کرد و خەمی نان و ژیانی وەئەستۆ گرت و هیچکات شانی لە بەر قورسایی و گرانی هیچ ئەرکێکی پێسێپردراو لانەدا. ئارام ماوەی چەند ساڵێک لە باکووری ئێران کاری ئیسکلێتبەندی دەکرد. ئارام خوێندنی زانستی و «کاربوردی» لە زانکۆی سنە لە بەشی بیناسازی تەواو کرد. ئارامی ژیر بەڕوونی هەستی بە هەموو لێکدژییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دەکرد و هۆکار و ڕیشەی سەرەکی ئەو کێشە و جیاوازییانەی لە سیستمی نادادپەروەری بەڕێوەبەری و دەستەبەندی چینایەتی و ئایینی ئەو حکومەتە دەزانی. ئارام چاوڕەش وەک زۆربەی خەڵکی نیشتمانەکەی بێبەش بوو لە مافی ئازادیی ڕادەربڕین و بیر و ئەندێشەی نەتەوایەتی و جیابیری، بۆیە بەردەوام بەشداری لە خۆپێشاندانەکان دەکرد و ئەو کارەشی بە ئەرکی نەتەوەیی خۆی دەزانی، ئارام لە ڕۆژی ٢٦ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی، وێڕای سەدان کەس بوێرانە بەشداری لە چلەی شەهید یەحیا ڕەحیمی و پەیمان مینبەری لە گۆڕستانی بەهەشتی محەممەدی شاری سنە کرد. ئارام حەبیبی ئەو ڕۆژە واتە لە چلەی ماتەمینی شەهید یەحیا ڕەحیمی و شەهید پەیمان مینبەری لە لایەن بەکرێگیراوانی ڕێژیم و جەنایەتکارانی شۆڤینی بە شێوەیەکی دوور لە هەموو بەها و پرەنسیپەکانی ئەخلاقی لە نزیک پردی قشڵاق دەکەوێتە بەر پەلامار و دەستڕێژی ڕاستەوخۆی چەکی ناجوامێرانیان و سەری پڕ لە سەودای

ئازادی دەپێکرێت و دڵە پڕ لە ئاوات و خۆزیاکەی لە لێدان دەخەن. دوای ئەو ڕووداوە دڵهەژێنە هاوڕێکانی دەیبەنە ماڵی براگەورەکەی و پاشان دیگوازنەوە بۆ نەخۆشخانەی کەوسەری سنە. هەوڵ و تەقەلای پزیشکەکانیش بێ ئاکام بوو لە چارەسەرکردنی و هەمووانی خەمبار و حەسرەتبار کرد. سەرەڕای ئەوە، دوژمنانی دژی گەل و نیشتمانفرۆشانی بەکرێگیراو، ڕێگری لە بنەماڵەکەی دەکەن و تەرمی شەهید ئارامیان ڕادەست ناکەنەوە، ئەوان وەک ئاکار و پیشەی هەمیشەیان بۆ چەواشە و پەردەپۆشکردنی جەنایەتەکانیان هەر ئەو شەوە لە جەوێکی تەواو سەربازی و ئەمنییەتیدا بە بەشداریی نزیکەی دە کەس لە خزمان و ئەندامانی بنەماڵەکەیان لە گۆڕستانی بەهەشتی محەممەدی، ئارامی جوامێر ئەسپەردەی خاکی نیشتمان دەکەن و سەنگەری شەقام و شار بۆ ڕێبوارنی ڕێبازی ئازادی و دێموکراسی بەجێ دەهێڵن. دایکی شەهید ئارام لە ڕۆژی چلەی شەهیدبوونی جگەرگۆشەکەی سەرتاپا جلوبەرگی سپی دەپۆشێ و لە ناو ئاپۆڕای جەماوەرێکی زۆر بە گوتنەوەی دروشمی «**ئازادی ئازادی و شەهید نامرێ و بژی ئازادی و بمرێ بێدادی**»، دوو کۆتر بە نیشانەی ئاشتی و ئازادی و بۆ بەرزڕاگرتنی یادی شەهید ئارام چاوڕەش و هاوڕێ شەهیدەکانی کە لە خەودا بینیبووی و داوای لە دایکی کرد بوو، ئازاد کرد هەتا ڕوحی شەهید ئارام و هەموو شەهیدانی ڕێگاری ڕزگاری بۆ هەمیشە لە بەرزترین شوێنی ئاسمانی نیشتمان هەر بەرەو بەرزی بفڕن و خەزەڵوەری هەموو ساڵێک لەگەڵ ئەو بیست و حەوت دار بەڕووەی کە لە بەرزاییەکانی سنە بە یادی شەهید ئارام ناشتیانن، بەدەم شنەی شەماڵەوە لەو سەرانە پەلک و گەڵایان ڕاژەنن و چیرۆکی شۆڕشی ژن ژیان ئازادی بۆ

باڵنـده کۆچەرییـەکان بگێڕنـەوە.



# شەهید تاهیر عەزیزی

ناسر سادقی

لە سەرەتای شۆڕشی بەربەرینی ژینا بۆ ئازادی، ڕێژیمی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی بۆ سەرکوت و دامرکاندنی ئاگری ئەو ڕاپەڕینە، چی هێزی نیزامی و ئیداری و قەزایی و چەکوچۆڵی بوو بەکاری هێنا و لە زۆر شێواز و میکانیزمی سەرکوت و ئازار و ئەشکەنجەی ناڕەوا بەرانبەر خۆپێشاندەران کەڵکی وەرگرت و درێغی نەکرد. مێژوو شاهیدە بە دەیان کەسیان شەهید و بریندار کرد و بە سەدان ژن و پیاوی گەنجیان ڕاپێچی زیندانەکان کرد و حوکمی ناڕەوایان بە سەردا سەپاندن. بەڵام نموونەی کەسایەتی وەک وەستا تاهیر عەزیزی و سەدان هاووڵاتیی شاری پیرانشار لە یەکەم ڕۆژەکانی ئەو شۆڕشەوە نەک هەر بۆ دەسەڵات و دەستوپەیوەندییەکانیان، بگرە بە سەرانسەری ئێران و جیهانیشان سەلماند کە ئەوە یەکگرتوویی و ئیرادەی خەڵکە بڕیار لە ڕەوایی ماف و داخوازییەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی داگیرکراو دەدا، نەک هێزی پاستاری سیستمی دواکەوتووانەی کۆماری ئیسلامی.

تاهیر عەزیزی تەمەن ٣٠ساڵ، کوری کاک سولەیمان و خاتوو خەجیج یەکێک بوو لەو هەزاران کەسەی کە بە هەستێکی پێشمەرگانەوە بەردەوام لە ڕاسانی شار و شەقامدا بەشداری دەکرد. تاهیر هەموو

هەوڵـی ئـەوە بـوو شـوێن و جێـگای پێشـمەرگە لـە ناوخـۆ پـڕ بکاتـەوە و وره وەبـەر خەڵـک بنـێ.

تاهیـر عەزیـزی لـە ژیانـی ئاسایی ڕۆژانـەی خوێـدا مرۆڤێکـی خۆشڕەفتـار و ڕووخـۆش بـوو. خـاوەن پێگەیەکـی دیـاری کۆمەڵایەتـی و زۆریـش گەشـبین بـوو بـە دواڕۆژی خەبـات و بزووتنـەوەی گەلەکـەی. وەسـتا تاهیـر وەک لیدێرێکـی چـالاک لـە ڕیـزی پێشـەوەی خۆپیشـاندانەکان ڕۆڵـی کارای دەگێـڕا و ئامانجـی وەلاتانـی سـتەمی پـڕ لـە جیـاکاری و ناوەندگـەرای شـۆڤینی فارسـیزم بـوو.

شـەوی ٢٩ی خەزڵـوەری ١٤٠١ی هەتـاوی، شـاری پیرانشـار بـە تـەواوی خورۆشـا بـوو، گـڕی ڕابـوون بـە دژی نادادپـەروەری لـە زۆربـەی شـەقام و کۆڵانەکانـی کۆنەخانـێ لـە پەرەسـەندا بـوو. ئـەو شـەوە شـەوی پەیـمان و بەڵێـن بـوو، سـەردانان لـە سەرشـۆڕی باشـترە، خـەو لـە چـاوی شـار زڕاوە. کاتـی هاتنـە مەیـدان و وادەی هەڵوێسـت و کـردارە، کـرداری شۆڕشـگێڕی و جوامێـری مێـری کـورد.

بـەڵام خەبـات بـێ قوربانـی نابـێ و ئازادیـی نرخـی دەوێ، نرخێـک بەقـەد بـاڵای شـەهید تاهیـر عەزیـزی. جەماوەرێکـی زۆر لەبـەر دەرگاوبانـی شـەهید تاهیـر لـە دەوری تەرمەکـەی هـاڵاون. هەمـووان پـڕ بـە گـەروو ئـەو شـێعرەی مامۆسـتا هێـدی و سروودەکـەی ڕەزازی دەڵێنـەوە و هـاوار دەکـەن:

**کوڕی کوردی ئازاد و دلێر**

**هەستە ڕاپەڕە وێنەی شێر**

**لە کوردستان ڕامێنە تێر**

**شەڕی مە شەڕی ژیانە**

## شەڕی باوەڕ و ئیمانە
## یان کوردستان یان نەمانە

سـەدان کـەس بـە شـۆقی ڕووناکایـی مۆبایلەکانیـان دڕیـان بـە تاریکـی شـەو داوە و لـێ ناگەڕێـن، بنەماڵـەی شـەهید تاهیـر کـە بـە دەسـتی جەنایەتکارانـی مەلاکانـی دەسـەڵاتخواز شـەهید کـرا و دڵـی پـڕ لـە ئاواتـی لـە لێـدان کـەوت، هەسـت بـە تەنیایـی بکـەن. هاوسـەری شـەهید تاهیـر لەسـەر بەرزایـی ماشـێنێکەوە وەسـتاوە، دەسـتەکانی پـڕ بـە بـاڵای ئاسـمان هەڵبڕیـوە و بۆتـە پێشـەنگ و میراتگـری شۆڕشـی ڕەوای ژن، ژیـان، ئـازادی. هاوسـەری سـەربەرزی شـەهید تاهیـر هەنیسـک و فرمێسـکی وەلانـاوە و هەسـت و گـڕی تۆڵـە لـە گەروویـدا شـەپۆل دەدات و وێـڕای ئاژوانـی کـوڕی بـە دروشـمی «**شـەهید نامـرێ**»، بیـر و هەسـتی ناسیۆنالیسـتی لـە ناخـی ئاپـۆڕای خەڵکـی کۆنەخانـێ وەجـۆش هێنـاوە و بـە دەنگـی کوردانەیـان دڕ بـە شـەوەزەنگی بێـدادی ڕێژیمـی ئیسـلامی دەدەن و گوێچکـەی تاریکپەرسـتان و خائینانـی شـوێنکەوتوویان کـەڕ دەکـەن و لـە هەمـوو کووچـە و کۆڵانەکانـی ئـەو نـاوە ڕایاندەماڵـن. هـەر ئـەو شـەوەی دوژمنانـی نگریـس و دڵـڕەش سـینگی وەسـتا تاهیریـان بـە گولـلە سـمی و دڵـی پـڕ لـە ئـاوات و تاسـەی ئازادییـان لـە لێـدان خسـت، دایـە خەجیـج بـە شـینگێری و چەمـەرا لـە سـەر گڵکـۆی شـەهید تاهیـر دەیلاوێنێتـەوە و شـەوی نوقمـی خـەم کـردووە و دەڵـێ:

**هەی لایەلایە ڕۆڵەم لای‌لایە**
**کوڕی شیرینم چیم لەدەست نایە**
**هەی لایەلایە ڕۆڵەم لای‌لایە**

**کۆتری باڵ بە خوێن چیم لەدەست نایە**
**هەی لایەلایە ڕۆڵەم لای‌لایە**
**خوێنی تۆ بۆ کورد ناچێ بەزایە**

ئـەو هەواڵـە لـە زۆربـەی ماڵپـەڕ و تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، سـەرنجی خەڵکی ڕاکێشـا. ڕۆژی دواتـر خەڵکـی پیرانشـار بـۆ پەیـمان نوێکردنـەوە و بەڵێـن بـە ئامانـج و ئایدیـای شـەهید تاهیـر و هەمـوو شـەهیدانی پیرانشـار، سـەردانی مـەزاری شـەهید تاهیریـان لـە ئاوایـی لگـبن، شـوێنی لەدایکبوونـی کـرد و سـەرلەنوێ دەنگـی ناڕەزایەتیـی خۆیـان هەڵبـڕی و لـە دووی بانـگ و هـاواری دڵهەژێنـی ئـاژوان کـە جامانەیەکـی وەک هێـما و یـادگاری بابـی لـە شـانە بچووکەکانـی هەڵاندبـوو، هـاواری دەکـرد، «**بابـی مـن قارەمانـە شـەهیدی کوردسـتانە**»، خەڵکیـش وێـڕای ئـاژوان وێکـڕا هاواریـان دەکـرد، کاک تاهیـر قارەمانـە، شـەهیدی کوردسـتانە و بەردەوامیـی ئـەو شۆڕشـەیان بـە ڕێبوارانـی ڕێبـازی شۆڕشـی ژینـا و جیلەکانـی هاوتەمەنـی ئاژوانـی تەمـەن هەشـت سـاڵان سـپارد.



# شەهید میلان حەقیقی

سەلیم حەقیقی

بـزەی شـەهیدێک، دیسـان سروەیـەک، سـۆزێک، کۆترێـک، ئاسـکێک بەپڕتاو خورپـەی لـە دڵـم هێنـا. دیسـان زریانێـک شـەماڵی شـەوتاند، تاسـەیەک جەرگمـی هەژانـد، هەواڵێـک سـیس و شـەکەت، زەمەنێـک بـە مـەودای تەمەنـی مێـژوو... دیسـان هـەرای غەمێکـی قـورس بەسـەر غەریبـی و غوربەتـم دابـاری، ئەوەنـدە شـەوم، ئەوەنـدە شـەمم، ئەوەنـدە تەمـم، ئەوەنـدە غەمـم، پرێچکـەی هەموو ژنێکی شـاربەدەرم، ڕیشـی سـپی هەموو پیاوێکـی دەربـەدەرم، کـەزی و قـژی هەمـوو ژینایەکـی خوێناویـم، حـەز و خولیـای هەمـوو میلانێکـی بێتاوانـم. ئەوەنـدە مێشـکم، دڵـم، هەنـاوم، جەرگـم بـڕاوە؛ خەنجـەری دوژمـن کـول و هـەودای هـەواری هیـوام زووره! ئەوەنـدە چەمـاوم، کـوڕووزاوم، قیـژاوم، مـرکاوم، بێـژراوم، گریـاوم، تاسـاوم، نێـژراوم، خـزاوم، گلاوم، کوتـراوم وەک چریکەیـەک هـاوارم ...

دێـڕی سـەر بـەرد و ڕەوەز و چیـا و بسـتۆکم بەسـەر هـەواری خاڵـی داکەوتـووە، شـنەی شـیلان و مێـرگ و چیمـەن و سوێسـن و هەڵاڵـەم لـێ بۆتـە شـلێرەیەکی سـوور بـە ڕێچکەیـەک خوێنـی مەیـو، تەیـری ئاسـمان و هەڵـۆ و تـەوار بـە سـەر گۆڕێکـی لاو بـە چەشـنی خـاک ڕەگێکـی داکوتـراو لەسـەر نیشـتمان شـین دەنوێنـێ، هـەر مـاوە لەسـەر فەرمانـی گـەل.

باوەشـم لـە بێکەسـی گووشـینی خەونێـک بووەتـە خـۆرە و مۆتەکـە، ماچـی پێکەنینـی خـۆر سـارد و سـڕ لـە پاییزێکـی بەهاراویـی! سـەفەرێک دەکـەم بـەرەو بـزە بـەرەو وێنـەی ئـاوات و هیـوام، بـەرەو پشـتی حەسرەتـەکان ئەوبەرتـر لـە بـاران و هەنیسـکی هەنـدەران ...

دڵـم لای وێنایەکـە لـە بـزەی شـەهیدێک، بـە خەرمانەیـەک خۆزگـە و حەزی تـاڵان، هەمـوو شـەوانە بەکاتـی ئـازادی بەرامبـەر خـۆم و مانـگ، لەدەمێکـی کـپ و پـڕ لـە هـەرای «ژن، ژیـان، ئـازادی» سـێرە لـە بەختـم دەگـرم، ئـەو بەهـارەی بـێ تـۆ ئـاڵام دەشـەکێتەوە لەسـەر ئاخـی نیشـتمان ... .

میـلان حەقیقـی کـوڕی سـەلیم حەقیقـی نووسـەر و وەرگێـڕی بەتوانـای کـورد ڕۆژی ٩ی جۆزەردانـی سـاڵی ١٣٨٠ی هەتـاوی، لـە شـاری گوتێنبۆرگـی وڵاتـی سـوئێد لەدایـک بـووە.

میـلان بـە هـۆکاری ڕەوشـی تایبەتـی ژیانـی هـەر لـە تەمەنـی منداڵییـەوە گەڕایــەوە زێــدی بــاب و باپیرانــی لــە شــاری شــنۆ لای باپیــر و نەنکــی مایـەوە. ٢١ سـاڵ ژیـان بـۆ لاوێکـی ڕوحسـووک و لەبـەردڵان، قسـەخۆش و خولیـای فێربـوون وەک برووسـکێک تێپـەڕی، ئـەو لای باپیـر و نەنکـی فێـری سـەداقەت و دلۆڤانـی بـوو، دۆخـی تایبەتـی ژیانـی وای بـار هێنابـوو هەمــوو کات هــەوڵ بــدات بــۆ وەدیهاتنــی ئاواتەکانــی و لــە پێناویشــدا باجـی بـۆ بـدات.

میـلان بـەردەوام لەگـەڵ باوکـی کـە لـەدەرەوەی وڵات دەژیـا لـە پێوەنـدی دابـوو و بـەردەوام هانـی دەدا فێـر بێـت و بخوێنیتـەوە، بەتایبـەت باسـی مێـژوو و بەسـەرهاتی گەلـی کـورد یـەک لـە باسوخواسـتەکانی بـاوک و کـوڕ بـوو. هەمـوو ئـەو تایبەتمەندییانـە وای لـە میـلان کـرد بـوو ببێتـە لاوێکـی جیـددی و بـە هەمـوو شـێوەیەک خـۆی مانـدوو بـکات.

میلان بەتەواوەتی هەستی بە چەوسانەی گەلی کورد کرد بوو و باش لە زوڵم و ستەمی نیزامی کۆماری ئیسلامی دەرهەق بە نەتەوەکەی گەیشتبوو، بەڵام وەک هەموو لاوێکی ئەم گەردوونە حەزی لە ژیانێکی خۆش و قۆناغی لاوەتی خۆی هەبوو، ئەمانەش وەدی نەدەهاتن مەگەر ئەوەیکە ئەو ڕێژیمە بڕووخێ.

لە سەروبەندی خۆپیشاندانەکانی خەڵک و ڕاپەڕینی ژینا هەموو ئەو زوڵمانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە گەلی کورد دەکرا و هەموو نەهامەتی و چەوساندنەوە و تاڵییەکانی ژیانی وەک دەرفەتێک قۆزتەوە بەو هیوایە بتوانێت ڕۆژی ئازادیی نەتەوەکەی و نیشتمانەکەی ببینێت کە چۆن هەڵدێ و دەتوانێت لە دواڕۆژدا و بە ئازادی و سەربەستی بەبێ ئازار بژیت.

دوای شەهیدکرانی ژینا ئەمینی، شاری شنۆ یەکپارچە ڕابوو، کاتێک شەوی چوارشەممە ٣٠ی خەرمانانی ١٤٠١ لەهەموو هەواڵدەرییەکان باسی ئازادی و ڕزگاریی شاری شنۆ دەکرا، میلان و هاوڕێیەکانی لە ڕیزی پێشەوەی خۆپیشاندانەکان بە مشتی دەستیان درووشمی «ژن، ژیان، ئازادی» و بە دەستەکەیتریان مەرگ و نەمان بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییان دەوتەوە، ئەو کچ و کوڕە لاوانەی سینگیان کردە قەڵغان و گیانی شیرینی خۆیان کردە قوربانیی نیشتمان و لەپێناو باوەڕەکانیاندا بە دەستی بەتاڵ و تەنیا بە وره و ئیمان، بە چاونەترسی و بوێری بۆ هیوا و حەز و ئاواتەکانییان بۆ ئازادی و سەربەستی، هەتا بەردەم فەرمانداری وەک هێمای حکوومەتی تاران لە ناوەندی شار چوون بەڵکوو بیگرن و کۆتایی یەکجارەکی بە دەسەڵاتی نگریسی ڕێژیم لەو شارە بێنن، بەڵام لەناکاو تاریکپەرستان بە چەکی مەیدانەکانی شەڕ

تەقەیـان لـە خۆپیشـاندەران کـرد و هـەر لـە جێـوە سـێ ڕۆڵـەی کـورد شـەڵاڵی خوێـن کـران تەنیا بـە تاوانـی ئـەوەی ئاواتیـان ژیانێکـی ئـازاد بـوو. شـەهید میلان حەقیقـی و دوو هاوڕێـی دیکـەی بـە ناوەکانـی سـەدرەدین لێتـان و ئەمیـن مەعرەفـەت لـە پەنـا یەکـتر خوێنیـان لـێ دەچـۆڕا و نەمامـی ئازادییـان پـاراو دەکـرد، هەمـوو شـار کەوتـە خـورۆش و ژن و پیـاو و منـاڵ پێکـەوە ئـەو شـەوە شـنۆیان کـردە گـڕ و گڕکانێـک بـۆ هێـزە سـەرکوتکەرەکان. دوای حیماسـەی شـنۆ و پێشکەشـکردنی سـێ شـەهید لـە یـەک کاتـدا، برووسـکێک هەمـوو ئاسـمانی کوردسـتان و ئێرانـی تەنـی و کۆترێـک لـە شـەقەی باڵـی دا هەتـا ڕزگاری یەکجارەکـی و مزگێنـی ئازادیـی بـۆ شـەهیدان هـەدا نـادا و بـاڵ دەگـرێ و بـاڵ دەگـرێ و پەیامـی شـەهیدان دەگێـڕێ ...

**هەناسەی داوە بە شەقام**
**بەژنی داوە بە هاوار**
**باڵای بە ڕابوون**
**ڕوحی داوە بە شار**
**هاواری بۆ ژن**
**خوێنی بۆ ژیان**
**جەستەی بۆ ئازادی**
**خوێنی لێ دەچۆڕێ**
**لەبەر قامەتی بەرزی**
**بۆ بەرخۆدان**
**بۆ ئاشتی**

## شەهیدێک
## خوێنی لێ دەچۆڕێ
## لە ناوەندی شار

(سەلیم حەقیقی)



# شەهید سمکۆ مەولوودی

ناسر سادقی

دەسپێکی شۆڕشی ژینا لە شاری سەقز و بەگشتی ڕاپەڕینی جەماوەری لە ڕۆژهەڵاتی نیشتمان و ئێران گەلێک خاڵی گرینگی وەرچەرخانی سیاسی و ڕووناکبیریی لێ کەوتەوە و هەر شار و ناوچەیەک بەپێی دەرفەت و پێشینەی خەباتگێڕانەی پەیوەستی سەرهەڵدان دژی ڕێژیمی ستەمکار بوونەوە. خەڵکی مەهابادیش بەپێی ئەو ئەزموون و پێشینە فکری و سیاسییەی لە سەردەمی کۆمەڵەی ژێکافەوە هەتا کۆماری کوردستان و بزووتنەوەکانی ١٣٤٦ ـ ١٣٤٧ی هەتاوی و دواتر شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵەکانی ١٣٥٧ ـ ١٣٥٨ هەیانبوو، هەلەکەیان قۆستەوە و بۆ گوڕوتین بەخشین بەم ڕاپەڕینە ڕژانە سەر شەقامەکان و بە ژن و پیاو و پیر و لاوەوە وێنەیەکی بێوێنەیان لە بەرهەڵستی و وەستانەوە دژی ڕێژیمی داگیرکەر لە مێژوودا تۆمار کرد.

لە ڕەوتی بەرخۆدان و خەباتی هەر گەلێکدا ئەستیرەگەلێکی پڕشنگدار لە گۆڕەپانی سەرهەڵداندا دەردەکەون و دەبنە مەشخەڵی ڕێی ڕزگاری؛ مێژووی ئێمەی کوردیش پڕە لەو ئەستێرە پڕشنگدارانە، کە هومێدی ژیانەوە و هەستانەوەی دووبارەیان خستۆتە لەشی نیوەگیانی کۆمەڵگە؛ شەهید سمکۆ مەولوودی، یەکێک لەو ئەستێرە درەوشاوانەی ڕاپەڕینی

ژن ژیـان ئـازادی بـوو.

ئیسـماعیل مەولـوودی نـاسراو بـە (سـمکۆ) ٧ی گەلاوێـژی سـاڵی ١٣٦٦ی هەتـاوی، لـە شـاری مەهابـاد، لـە بنەماڵەیەکـی کوردپـەروەر چـاوی بـە ژیـان هەڵێنـا. شـەهید سـمکۆ لـە داوێنـی دایـک و باوکێکـی دڵسـۆز و نیشتماندۆسـتدا پـەروەردە بـوو، وەسـتا قـادری بابـی و دایـە حومێـڕا بـە نـاو و کەسـایەتی، بنەماڵەیەکـی دیـار و نـاسراون. وەسـتا قـادری بابـی سـمکۆ پیاوێکـی ئیمانـدار، جێـی بـاوەڕ و متمانـەی خەڵکـە و سـالار و دیاکـۆش دوو بـرای دیکـەی شـەهید سـمکۆن.

بنەماڵـەی شـەهید سـمکۆ پـاش ماوەیـەک دوای لەدایکبوونـی سـمکۆ لـە مەهابـادەوە دەچنـە شـاری بـۆکان و سـمکۆ لـەوێ دەچێتـە قوتابخانـە و تـا قۆناغـی دواناوەنـدی درێـژە بـە خوێنـدن دەدا و دوای پـازدە سـاڵ دەگەڕێنـەوە بـۆ شـاری مەهابـاد و، لـە بـەر ئـەوەی سـمکۆ کـوڕی گـەورەی بنەماڵـە بـوو و سیسـتمی ناکارامـەی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران وایکـردوە هـەر لـە منداڵییـەوە هەسـت بـە قورسـایی بـاری ژیـان بکـەن و هـەر بـەم پێیـە سـمکۆش بـە هەسـتکردن بـەو بەرپرسـایەتییە وازی لـە خوێنـدن هێنـاو لەگـەڵ وەسـتا قـادری باوکـی دەسـتی دایـە کاری جۆشـکاری و تراشـکاری. سـمکۆ هـەر لـە منداڵییـەوە بـەو خسـڵەتانەی لـە بنەماڵەکـەی وەریگرتبـوو کوڕێکـی ڕوحسـووک، دەم بـە پێکەنیـن، قسـەخۆش و لەبـەردڵان بـوو و کەسـێکی زۆر تایبەتـی بـوو و هـەر ئەوانـەش وایکردبـوو لەنێـو خەڵکـی گـەڕەک و شـاردا دۆسـت و هاوڕێیەکـی زۆری پەیـدا کردبـوو و ببـووە خۆشەویسـتیی هەمـووان.

سـمکۆ هۆگرییەکـی زۆری بـە ڕاوەماسـی هەبـوو. کەسـێکی حەیابەخـۆ و هـاوڕێ و هاودەمـی هـەژاران بـوو و پیاوەتـی و دەسـتگیرۆیی هـەژاران و

نەدارانـی زۆر پێخـۆش بـوو؛ دەبـێ بڵێیـن سـمکۆ لـەو کەسـانە بـوو هێندەی ژیـان خـۆش دەویسـت حـازر بـوو گیانـی خۆشـی بـۆ بەخـت بـکا، ناوبـراو هـەردەم دەیگـوت: «**وا باشـە مـرۆڤ جۆرێـک بـژی کـە بـە هاتنـی شـتێک بـەم دونیایـە زیـاد بـکا و بـە ڕۆیشتنیشـی جێـی دیـار بـێ ... ! بوونـی مـرۆڤ لـەم دونیایـەدا دەبـێ قورساییەکی هەبـێ، دەبـێ شـوێن‌پێی لـەم دونیایـەدا بمێنێتـەوە. مـرۆڤ دەبـێ بـە مرۆڤـی بمێنێتـەوە و ئینسـان‌تر لـە دونیـا بـڕوا. نەهاتوویـن هـەر مـاڵ کـۆ کەینـەوە، هاتوویـن هەتـا ببەخشـینەوە. هاتوویـن هەتـا ئەویـن، خۆشەویسـتی، بـڕوا و دۆسـتایەتی لەگـەڵ یەکـدی بـەش کەیـن و دواتـر دارا و تەسـەل بڕۆیـن. هاتوویـن تـا جێیەکـی بەتـاڵ پـڕ کەینـەوە کـە هـەر بـە ئێمـە پـڕ دەبێتـەوە و بـەس! دەبـێ وا دەربکەویـن کـە بێ‌بوونـی ئێمـە شـانۆی ژیـان شـتێکی کـەم دەبـوو. هاتوویـن هەتـا ڕۆڵگێڕێکـی باشـی شـانۆی ژیانمـان بیـن**». بەکورتـی شـەهید سـمکۆ لەسـەر ئـەو بڕوایـە بـوو کـە «**چـۆن بـژی شـەرتە، نـەوەک چەنـدە بـژی**»، بەڵـێ ئـەوە بەشـێک لـە قسـەکانی شـەهید سـمکۆ بـوون کـە وەک ئامـۆژگاری و وەسـیەتێکە بـۆی بەجـێ هێشـتووین. هـەر ئـەو ڕوانیـن و خۆشەویسـتییەی بـۆ ژیـان وای لـە سـمکۆ کـرد بوێـر و ئازایانـە لـە یەکـەم ڕۆژەکانـی سـەرهەڵدانی شۆڕشـی ژینـا، ببێتـە یەکێـک لـە لیدێـرە چالاکەکانـی شـاری مەهابـاد و هانـدەری دۆسـتان و هاوڕێیـان و خەڵکـی ڕاپەڕیـو بێـت. ڕق و قینـی سـمکۆ لـە ڕێژیمـی کۆنەپەرەسـتی ئاخونـدی ئەوەنـدە زۆر بـوو، پێـش شەهیدبوونیشـی بـە گولـلەی ساچمەیی برینـدار دەبێـت، بـەڵام ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ بـە گوڕوتینێکـی شۆڕشـگێڕانەوە و لـە سـەفی پێشـەوەی خۆپیشـاندانەکاندا ئامـادە دەبـوو و ڕێبەریـی کیـژ و کوڕانـی شـەقامی دەکـرد. بگـرە زۆرجـار دایـە حومێـڕای دایکیشـی داوای

لێدەکرد، وێڕای لاوانی شۆڕشگێڕی شارەکە بەشداریی سەرهەڵدانەکان بێ. ئاخر ئەو، هەموو گەنج و لاوانی بە کوڕ و کچی خۆی و هاوشیری سمکۆ دەزانی. سمکۆی سەرمەستی ئازادی و ڕاپەڕین شاعیر گوتەنی: هەموو کات لەسەر ئەو باوەڕە بوو:

**«خوێنی من بڕژێ لەسەر ماف و بەشم**
**زۆر بە بەرزی هەڵفڕیوم ڕووگەشم**
**گەر بە نووکی نێزەوە گەو بێ لەشم**
**هەر دەڵێم مافم دەوێ، کوردی گەشم»**

ڕۆژی ٤ی خەزەڵوەر، کۆڵان و شەقامەکانی شاری مەهاباد جمەی دەهات لە خەڵکی ڕاپەڕیو و وەزاڵەهاتوو لە دەستی ڕێژیمی پەت و سێدارە، ڕۆژی چلەی «**ژینا ئەمینی**» بوو، ئەو ڕۆژەش سمکۆ وەک ڕۆژانی‌تر پێشەنگ بوو، دەیگوڕاند و هاندەری خەڵکی ڕاپەڕیوی مەهاباد، شاری خۆڕاگری و لانکی کوردایەتی بوو، دێوەزمەی شووم و نگریسی جەهالەت و بێدادی لە ترسی لافاوی گەل لە پەناوپەسیوی مۆڵگەکانیاندا خۆیان مەڵاس دابوو، چاوی خیانەتکارێکی خۆفرۆش دەنێو ئاپۆڕای خۆپیشاندەراندا لە دوای لاوێک دەگەڕا کە چوستوچالاک لە نێو جەماوەردا دەهات و دەچوو و ڕێکی دەخستن، دیسان دەستی چەپەڵی خۆفرۆشێک لاپەڕەی ژیانی تێکۆشەرێکی تینووی ئازادی دڕی، سمکۆی بوێر بە گوللەی قەنناسە لە فەلەکەی مەلا خەلیل دەپێکرێ و دەچێتە ڕیزی نەمرانی مێژووەوە.

ورەی بەرزی شەهید سمکۆ وایکردبوو سەرەڕای ئەوەی پێشتریش لە ڕەوتی خۆپیشاندانەکاندا بریندار ببوو، بەڵام نەوەستا و کۆڵی نەدا و

شـەقامی بەجـێ نەهێشـت و ئێسـتاش ئـەو قسـەیەی کـە هەمیشـە وێـردی زمانـی بـوو لـە گوێمانـدا دەزرینگێتـەوە کـە دەیگـوت: ‹›**کـەم بـژی و کـەڵ بـژی**».

بەڵـێ! بەمجـۆرە سـمکۆ کەوتـە بـەر گولـلەی کوردکـوژان و بـە تیـری خۆفرۆشـان ئەنگێـورا و بەسـەختی برینـدار بـوو، بنەماڵەیەکـی دڵسـۆز بـۆ ئـەوەی نەکەوێتـە دەسـت جـاش و پاسـتاڕ، دیبەنـە ماڵـی خۆیـان و دوای ماوەیـەک شـوێنەکەی دەگـۆڕن. لـە گەڕەکـی «کـوی هـەژار» دەیشـارنەوە و بـە هاوکاریـی کەسـێکی نزیکـی خۆیـان پزیشـکێکی دێتەسـەر بەڵکـوو چارەسـەرێکی بـکات، بـەڵام برینـی سـمکۆ زۆر کارییـە و لـە دوانیـگا و هەناسـەکانیدایە و کار لـە کار تـرازاوە و پزیشـکیش چـی لەدەسـت نایـات. هـەر ئـەو شـەوە شـەقامەکانی مەهابـاد و گەڕەکـی پشـتەپ، بەری شـیلانان و کەڵانتـەری ١٣ و گەڕەکـی باغـی شـایەگان، بـە بیسـتنی شـەهیدبوونی سـمکۆ هێنـدەی دیکـە گـڕ و بڵێسـەی تۆڵەیـان خورۆشـا و بەڵێنیـان دا بـۆ ئەسـپەردەکردنی تەرمـی شـەهید سـمکۆ لـە ڕۆژی داهاتـوودا واتـە لـە ٥ی خەزەڵـوەر ڕێپێوانێکـی گشـتی وەڕێ بخـەن.

شـەهید سـمکۆ یەکـەم شـەهیدی شـاری مەهابـاد بـوو، دوای ئـەوەی تەرمی شـەهید سـمکۆ ڕادەگوازنـە نەخۆشـخانەی مەهابـاد لەوێـش بەکرێگیراوانـی ڕێژیـم دەیانهـەوێ تەرمەکـەی بڕفێنـن! ئاخـر ئـەوان دەیانزانـی کێیـان شـەهید کـردووە و لـە ڕاپەڕینـی دووبـارەی خەڵـک دەترسـان، خـزم و دۆسـتانی نەیانهێشـت دەسـتی ئـەو خۆفرۆشـانە بـە تەرمـی پیـرۆزی شـەهید ڕابـگا و بردیانـەوە بـۆ گەڕەکـی گومـرگ شـوێنی لەدایکبوونـی و تـا بەیانـی لـە مزگـەوت چاویـان بـە سـەر تەرمەکەیـەوە بـوو و لـەو ماوەیـەدا هێزەکانـی ڕێژیـم گوشـاریان بـۆ بنەماڵەکـەی هێنابـوو کـە دەبـێ بـە شـەو

بینێـژن، بـەڵام جوابیـان نەدانـەوە و تـا بەیانیـی ڕۆژی ٥ی خەزەڵـوەری ١٤٠١ی هەتـاوی، بـە بەشـداریی هـەزاران کـەس لـە خەڵکـی قارەمانـی مەهابـاد لـە گۆڕسـتانی بوداقسـوڵتان، بـە دروشـمی «**ژن ژیـان ئـازادی**» **و دروشـمی مـەرگ و نەمـان بـۆ جـاش و خۆفرۆشـان**»، بـە خاکـی پیـرۆزی نیشـتمان سـپێردرا.

**ئـەو ڕۆژە دایکـی شـەهید سـمکۆ بـە دەسرەی سـوور چۆپـی ڕاسـان و بەرخـۆدان دەگێـڕێ.** شـەپۆلی ئاپـۆڕای خەڵـک بـە گـەورە و بچـووک و ژن و پیـاوەوە بـەرەو گۆڕسـتان کەوتوونەتـە ڕێ و بـە ئـاڵای کوردسـتان و سروودی «**ئـەی ڕەقیـب**» یـادی جەنگاوەرانـی ١٣٤٦ ـ ١٣٤٧ی هەتـاوی و شـەهید عەزیـز یوسـفیان وەبیـر مێـژوو هێنایـەوە.

لەسـەر قەبـران ئاپـۆڕای جەمـاوەر جمـەی دێ. دالیـای نەشـمیلی تەمـەن حـەوت سـاڵ، جامانەیەکـی سـووری لـە مـل هاڵانـدووە، چەپکێـک گوڵـی لەسـەر گڵکـۆی بابـی دانـا و وێنەکـەی ڕامووسـی و بـە دڵـی پـڕ لـە کـوڵ و چـاوی پـڕ لـە فرمێسـکەوە ماڵاوایـی یەکجاریـی لـە بابـی زێـدە ئازیـزی دەکـرد.

بـە سـەدان ژن و پیـاو و منـداڵ، بـە چـاوی دڵ دەڕواننـە دالیـا کـە مشـتە خەپەتۆڵەکانـی بـە نیشـانەی قیـن و تۆڵـە بـەرز کردۆتـەوە و ڕوو بـە داگیرکـەران و نیشتمانفرۆشـان دەنـگ هەڵدەبڕێـت و دەڵێـت: «**مـن هەرگیـز ئـەو کەسـە نابەخشـم بابـی شـەهید کـرد**». خەڵکیـش وێـڕای ئـەو هـاوار دەکـەن؛ «**شـەهید نامـرێ، شـەهید نامـرێ**» و زایەڵـەی دروشـمی «**ژن ژیـان ئـازادی**»، هەتـا تەشـقی ئاسـمان دەنـگ دەداتـەوە و باشـوویەک لـە حەوێقـی ئاسـمانی سـاماڵ لەسـەر ئاپـۆڕای خەڵـک دەسـووڕێتەوە.

دایکـی شـەهید سـمکۆ واتـە دایـە حومێـرا ژنێکـی نەتـرس و بوێـر و جێـی

ڕێـز و خۆشەویسـتیی خەڵکەکەیەتـی، ئـەو بـە شـەهیدبوونی کوڕەکـەی، بـە ورەیەکـی بـەرز و پۆڵایینـەوە بـە شـانازییەوە هـەر دەم هـاوار دەکا: «**سـمکۆ شـەهیدی هەمـوو کوردسـتانە، ئـەو جێـی شـانازیمە و سـەری هەمووماننــی بڵێنـد کـرد**».

پـاش بەخاکسـپاردنی شـەهید سـمکۆ خەڵـک بـە دروشـمدان گەڕانـەوە نێـو شـار و پەیمانــی وەفادارییـان لەگـەڵ شـەهید سـمکۆ یەکەمیـن شـەهیدی شـاری مەهابـاد نـوێ کـردەوە. شـەهید سـمکۆ بـەو جـۆرە بـوو بـە سـەرقافڵەی شـەهیدانی شـار و هێـمای یەکگرتوویـی و یەکڕیزیـی گەلەکەمـان.

**دە پێم بڵێ:**

**ئەوە چاوی هەڵوەریوی ئەوینە**

**کەوا بە حەسرەتەوە بڕیوتەتە ئاسۆیەکی نادیار**

**یان شمشاڵی باڵای کونکونکراوی پیاوانەتە**

**سروودی ڕاپەڕین، بە گوێی نووستۆکانی شاردا دەچرپێنێ**

**مەخابن! تەمەن مەودای نەدای، ئاواتەکانت بێنە دی**

**خۆزگە مەودای مان و تەمەن ئەوەندە دەبوو**

**ئەوینە شیرینەکەت لە باوەشی خەونەکانت بۆ ساتێک**

**وەنەوزی دابا، یان «دالیا» ژیکەڵانەکەت**

**لە تەنیشتی بەهاری سەوزی تەمەنت خەوێکی ئەرخەوانی بردبایەوە**

**بەرەو بەهەشتی منالی، بەڵام هەیهات.**



# شەهید نەسرین قادری

**لەیلا قادری**

یەکەمین ڕۆژی نەورۆزی ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی گوڵی ژیانی خاتوو سەڵتەنەت ئیل بەیگی و کاک ئەحمەد قادری پشکوت. کچێک لە چەشنی ئەستێرە بۆ ئاسمان و لە چەشنی باڵ بۆ کۆتر، گرەوی عیشقی لێ بردنەوە و ئەوانیش نێویان لێنا نەسرین.

نەسرین زادەی شاری مەریوانە، ئەو شارەی بەر لە هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیش وەك زۆربەی شوێنەکانی دیکەی کوردستان و ئێران لە دژی ستەم و نادادپەروەریی ڕێژیمی پاشایەتی، بە شێوەی جیاواز خەڵکەکەی بەرەنگاری بێدادی و ستەمی ڕێژیم دەبوونەوە.

نەسرین قادری خوێندکاری دوکتورای بەشی فەلسەفە بوو لە زانکۆی عەللامەی تاران، هەر وەک چۆن ساڵانی ١٣٤٦ی هەتاوی، قوتابیانی شاری مەریوان لە دژی ساواک ڕاپەڕین، ئەویش لەگەڵ دەستپێکی شۆڕشی ژینا وەک ئەوەی گیانێکی تازە گەڕابێتە جەستەی دەستی بە چالاکی کرد. تێکۆشان لە پێناو ئازایدا لە بیر و ئەندێشەی شەهید نەسریندا پاشخانێکی لەمێژینەی هەبوو کە دەگەڕاوە بۆ ئەو کاتانەی تەمەنی کەمتر لە دە ساڵ بوو ئەو کاتەی نەریتی باو لەژێر هەژموونی یاسا کۆنەپەرستانەکانی ڕێژیمی ئاخوندیدا کچانی تەمەن

نـۆ سـاڵ ناچـار بـە باڵاپۆشـی دەکات. ئـەو ڕۆژەی دایـە سـەڵتەنەت بـە لەچکـەی منداڵانـەوە دەگەڕێتـەوە مـاڵ و لەچـک دەکاتـە سـەر نەسریـن و قـژی جوانـی دادەپۆشـی، هەسـتی ناخۆشـی داسـەپانی ئـەو نەریتـە لـەرز دەخاتـە جەسـتەی ناسـکی.

سیسـتمی سیاسـی لـە ئێـران وێـڕای غـەدرە سیاسـی و ئابوورییـەکان، غـەدری کۆمەڵایەتیشـی بەتایبـەت بەسـەر ژنـان و کچانـدا چەنـد قـات کـردووە و خەونـی زۆربەیانـی کردووەتـە تراویلکـە. شـەهید نەسریـن هـەر لـە تەمەنـی منداڵییـەوە هۆگرییەکـی زۆری بـۆ لێخوڕینـی دووچەرخـە (پاسـکیل) هەبـووە، بـەڵام بەپێـی ئـەو نەریتـە بـاوەی ڕێژیـم سـەپاندوویە و دووچەرخەسـواری بـۆ کچـان بـە عەیبـە پێنـاس کـردووە، ئـەو نەیدەتوانـی ئازادانـە دووچەرخـە لێخـوڕێ، بـەڵام نەسرینـی سـەربزێو، ڕۆژێـک دوور لـە چـاوی هەمـووان دووچەرخـەی براکـەی دەسـت دەداتـێ و کەمێـک دوورتـر لـە ماڵـی خۆیـان دەسـت دەکات بـە لێخوڕینـی دووچەرخـە، بـەڵام لۆیەکـی کراسـە شـۆڕەکەی لـە زنجیـری دووچەرخەکـە دەئاڵقـێ و نەسریـن دەکەوێتە زەوی و خـراپ برینـدار دەبـێ. لـەو ڕۆژەوە ئیـتر تێکۆشـانی نەسریـن لەپێناو نەهێشـتنی جیاوازیـی ڕەگـەزی و هـەڵاواردن دەسـت پێـدەکات کـە دواتـر خەبـات لـەدژی ژێردەسـتی و زوڵـم و زۆری داگیرکاریشـی پـێ زیـاد بـێ.

**من گوڵێکم**

**بتانەوێ و نەتانەوێ**

**لەم شۆرەکاتە ڕوواوم**

**ئێوەی دڕکیش**

**ڕق و کینەی هەموو دنیا کۆ کەنەوە**

**دڵنیا بن دەستتان ناگا**

## بە ترۆپکی بەرزی ناوم

(جەلال مەلەکشا)

وردبوونـەوە لـە هۆکارەکانـی کێشـە کۆمەڵایەتییـەکان و جیـاوازی و هـەڵاواردن دەبنـە هانـدەری نەسریـن بـۆ ئـەوەی بتوانـێ لـە تاقیکردنـەوەی دوکتـۆرای بەشـی فەلسـەفە لـە زانکـۆی عەللامـەی تـاران دەرجـەی تـەواو بەدەسـت بێنێـت و لـەو بەشـە دەسـت بـە خوێنـدن بـکات و خەباتەکـەی ئەمجارەیـان شـێوازێکی تـەواو زانسـتیش وەربگـرێ. ئـەوەش بـە هەمـوو ئـەو دەستنووسـانەیەوە دیـارە کـە لەگـەڵ دەسـتپێکی شۆڕشـی ژینـا، لـە لاپـەڕەی ئینسـتاگرامەکەیدا بـڵاوی دەکـردەوە. نەسریـن هـەر لـە تەمەنـی منداڵییـەوە هۆگـری خوێندنـەوە و نیگارکێشـی بـوو، کتێبخانەکـەی نەسریـن لــە نێــو خــزم و کــەس و هاوڕێکانــی بــە دەوڵەمەنــدی و هەمەڕەنگــی بەناوبانــگ بــوو و گەلێــک کتێبــی ئەدەبــی و فەلســەفی و سیاســی تێــدا دەســت دەکــەوت و ژمــارەی زۆری دەستنووســەکانی کــە هێشــتا بــڵاو نەکراونەتـەوە، بەڵگـەن بـۆ ئـەو ڕاسـتییەی کـە هاوڕێکانـی لەبـارەی ئەوەوە لێـی دەدوێـن؛ «**زۆربـەی کاتـەکان نەسریـن لـە دوو بـاردا دەبیـنرا یـان لـە کاتـی خوێندنـەوە یـان نووسـین.**»

سـەرەڕای خوێنـدن، ویسـت و هۆگـری بـە هونـەر و جوانـکاری دەیکێشـێتە ئــەو دونیــا ڕازاوەیــە و بەشــداری چەنــد خولێکــی دیزایــن دەکات و بڕوانامـەی ئـەم بەشـەش بەدەسـت دێنێـت، هـاوکات چالاکانـە بەشـداری لــە چالاکییــە کۆمەڵایەتــی و سیاسییەکانیشــدا دەکات و هــاوکاری لەگــەڵ ئەنجومەنـی هونـەری قـەوارەی سـەوز، (انجمـن هـنری حجـم سـبز) دەکات. لــەو پرۆژەیــەدا لەگــەڵ ئــەو ئەنجومەنــە گەشــتێک دەکــەن بــۆ شــار و گونـدەکان و بـە دابینکردنـی پێداویسـتییەکانی نیگارکێشـان بـۆ منداڵانـی

ئـەو شـوێنانه داوایـان لێـدەکات، وێنـەی خوداوەنـد بکێشـن بـەو چەشـنەی کـە زەینـی منداڵانەیـان وێنـای دەکات.

نەسریـن قـادری سـاڵی ١٣٩٨ی هەتـاوی، بەهـۆی ڕەچاونەکردنـی حیجـاب بـە پێـوەری ڕێژیـم لەگـەڵ مشـەخۆرێکی ئاخونـدی تووشـی شـەڕ دەبێـت و بـە تۆمەتـی سـەرپێچیکردنی یاسـا و تێکدانـی نەزمـی گشـتی سـزای لێدرانـی ٤٠ قەمچـی و ٨ مانـگ زیندانـی بەسـەردا دەسـەپێ کـە دواتـر بـە کەفالـەت ئـازاد دەبـێ و بـۆ مـاوەی ٣ سـاڵ چوونـە دەرەوەی شـاری لـێ قەدەغـە دەکرێـت، لەکاتـی دەسـتپێکی شۆڕشـی ژینـادا کۆتایـی بـەو مـاوە دیاریکـراوە دێـت و هاتوچۆکردنـی ئاسـایی دەبێتـەوە.

نەسرینـی بوێـر لەگـەڵ دەسـتپێکی شۆڕشـی ژینـا چالاکانـە بەشـداری لـە خۆپێشـاندانەکاندا دەکـرد. لاپـەڕەی ئینسـتاگرامەکەی پـڕن لـە پەیامـی شۆڕشـگێڕانه و پـڕ مانـا کـە دوای شـەهیدبوونی گەلێـک میدیـای بیانـی ئـەو پەیامانەیـان کـردە سـەردێڕی هەواڵەکانیـان.

شـەهید نەسریـن لـە پۆسـتێکی ئینسـتاگرامیدا نووسـیوێتی: «**ئێمـە وەک ئەڵـماس لـە بەرامبـەر ئـەو ئازارانـەی روحمانیـان دەڕووشـاند و برینداریـان دەکردیـن، بەرگـەی تاوانێکـمان بـە گەورەیـی و تاڵـی ئـازار گرتـووە و چـون خواناسـان باڵامـان لـە پەرسـتگەی ئینسـانییەتدا وەک سـێبەرێکی پڕشـکۆ لـە بەرامبـەر تاریکـی و چەپەڵیـدا بـە بـەرزی ڕاگرتـووە**».

هەروەهـا نووسـیوێتی: «**ئـازادی لـە بەنـد ڕزگاری بـوو**»، ئەمانـە لـە دوایەمیـن پۆسـتەکانی شـەهید نەسریـن قادریـن.

ڕۆژی ١٣ی خەزەڵـوەر کەمـتر لـە دوو مانـگ دوای شـەهیدکردنی بێبەزەییانـەی ژینـا لـە تـاران، هێـزە دژی گەلییەکانـی ڕێژیمـی پـەت و سـێداره، سـێناریۆی شـەهیدکردنی کچـە کوردێکـی دیکەیـان دڵتەزێنـتر

لـە مەرگـی ژینـا دیسـان لـەو شـارە دووبـارە کـردەوە. نەسریـن قـادری لـە خۆپێشـاندانەکانی ١٣ی خەزەڵـوەر لـە تـاران دەکەوێتـە بـەر هێرشـی باتۆمـی هێـزە سـەرکوتکەرەکانی ڕێژیمـی ئاخونـدی و چەندیـن زەبـر بـە سـەری دەکەوێـت و بێهـۆش دەبێـت و هـەر ئـەو ڕۆژە لـە یەکێـک لـە نەخۆشـخانەکانی شـاری تـاران گیـان دەسـپێرێت.
بنەماڵەکـەی دوای ڕۆژێـک بێخەبـەری لە دۆخـی نەسریـن و وڵام نەدانەوەی تەلەفوونەکـەی بەدواداچـوون دەکـەن و بەسـەر تەرمـی بێگیانـی نەسرینـی شـەیدای ئازادیـدا دەکەون.
پزیشـکی داد تـا ئێسـتەش هـۆکاری کوشـتنەکەی ڕانەگەیانـد و ڕاگەیاندنـی فەرمـی و چەواشـەکاری ڕێژیـم وەک هەمیشـە بـە بڵاوکرنـەوەی ڕاپـۆرت و دانپێدانانـە زۆرەملییـەکان لـە کەسـوکاری کـوژراوان ئەمجارەیـان بـۆ مەرگـی نەسریـن هـۆکاری ژەهراویبوونـی دیاریکـرد و باوکـی نەسریـن ناچـار دەکەن لـە پێنـاو وەرگرتنـەوەی تەرمـی کچەکـەی لـە کاناڵـی فەرمـی ڕێژیـم بڵـێ کچەکـەم نەخۆشـی درێژخایەنـی بـووە.
لـە لایەکـی دیکـەوە هێزەکانـی ڕێژیـم دەسـتیان بەسـەر مۆبایـل و لاپتـۆپ و دەستنووسـەکانی نەسریـن‌دا گـرت.
شـەهیدبوونی نەسریـن کاردانـەوەی خەڵکـی مەریوانـی لێکەوتـەوە، هـەر بۆیـە چەنـد کـەس لـە هێـزە سـیخوڕەکانی سـپا و پێشـنوێژ و فەرمانـداری مەریـوان لەبـەر ئـەوەی خەڵـک لەبـەر دەرگای ماڵەکەیـان کـۆ نەبێتـەوە، بنەماڵـەی شـەهید نەسرینیـان ناچـار کـرد ماڵەکەیـان چـۆڵ بکـەن و گوشـارێکی زۆریـان خستنەسـەر بـۆ ئـەوەی بـە بێدەنگـی تەرمـی شـەهید نەسریـن ئەسـپاردە بکرێـت. بەرەبەیانـی ١٥ی خەزەڵـوەر لـە دۆخێکـی تـەواو ئەمنـی تەرمـی شـەهید نەسریـن لەژێـر چاودێـری چـڕی داگیرکەرانـدا

لـە گۆڕسـتانی مەریـوان بـە خاکـی پیـرۆزی کوردسـتان سـپێردرا.
ڕۆژی ١٧ی خەزەڵـوەر لـە سـێ‌ڕۆژانەی شـەهیدبوونی نەسریـن قادریـدا، خەڵکـی مەریـوان بـە گوڕوتینـەوە لەسـەر گڵکـۆی ئـەو شـەهیدە کـۆ بوونـەوە. ئاکـۆی بـرای شـەهید نەسریـن لـە پەیامێکـدا ڕاسـتییەکانی ئاشـکرای کـرد کـە سـپای دژەمرۆیـی لەژێـر گوشـار و هەڕەشـە باوکییـان ناچـار بەدانپیانـان کـردووە.
خەڵکیـش بـە دروشـمی ئاگرینـی «**ئـەی ڕەقیـب و مـەرگ بـەر خامنەیـی و شـەهید نامـرێ**»، تووڕەیـی و بێزاریـی خۆیـان دەربـڕی و هاواریـان گەیشـتە گوێـی فەلـەک و لـە هەمـوو جیهـان دەنگـی دایـەوە.



## شەهید مینوو مەجیدی

لەیلا قادری

لـە جەرگـەی هاوارێکـی ئینسـانیدا ئـەو کاتـەی هێشـتا سـێ ڕۆژ بـە سـەر شـەهید کرانـی ژینـای کیـژی کـوردان بـە دەسـتی جینایەتکارانـی دەسـەڵاتداری تارانـدا تێنەپەڕیبـوو، زایەڵـەی دەنـگ و نەعرەتـەی ئازادیخـوازان و مافخـوازان و داکۆکیکارانـی شـوناس و هەسـت و شـعووری کوردانـە کـە لـە شـەقامەکانی کرماشـانەوە گەیشـتبووە تەشـقی ئاسـمان و دەنگـی دەدایـەوە، دایکێـک بـوو بـە یـار و یـاوەری ڕۆڵەکانـی شـەقامی خورۆشـاو و بـوو بـە ورە و سـەرقافڵەی شۆڕشـی ژینـا لـە شـاری پێکەوەژیان، شـاری ئەڤیـن و خۆشەویسـتی، شـاری ڕەنگاڵـە بە بیـر و بـاوەڕە جیاوازەکانی کوردسـتان.

کاتژمێـر حـەوت و نیـوی ئێـوارەی ڕۆژی ٢٩ی پووشـپەڕ، مینـوو مەجیـدی بە مەبەسـتی بەشـداری لـە ڕاپەڕینـی ژینـا ماڵاوایـی لـە هاوژیـن و هاودەمـی ژیانـی دەکات، هێزێکـی بەهێـزی هەڵقـوڵاو لـە هەسـتێکی دایکانـە هانـی دەدا کـە دەبـێ تێکـەڵ بـە ڕیـزی مافخوازانـی خوێنـی بـە نـاڕەوا ڕژاوی ژینـای کـوردان بـێ، ئاخـر ئەویـش دایکـە و خاوەنـی دوو کـچ و کوڕێـک بـە ناوەکانـی کـەسرا، مەهسـا و ڕوئیـا بـوو. وێـڕای ئـەوە، خاتـوو مینـوو مەجیـدی بـە سـێ هـۆکاری دیکـەی هەرگیـز قەبووڵنەکـراو، بـۆ ڕێژیمـی

پەت و سێدارە، تا سەر ئێسقان غەدر و زوڵم و زۆرداری ئەو ڕێژیمەی چێشتبوو، **ئەو ژن بوو، کورد بوو، سەر بە ئایینی یارسانیش بوو.** ئەوانە پێکەوە پاڵنەری بەهێز بوون بۆ ئەوەی خاتوو مینوو بەگوڕتر تێکەڵ بە ئاپۆڕای جەماوەری ڕاپەڕیو بێ.

مینوو مەجیدی ٢٠ی پووشپەڕی ١٣٣٩ی هەتاوی، لە شاری قەسری شیرین لەدایک بووە. ناوی دایکی وەجیهە قەویدڵ و باوکی وەحید مەجیدییە.

دوای ئەوەی دیپلۆمی باڵای لە بەشی زانستی لە ناوەندی پەروەردەی مامۆستایان (دانیشسەرای) تەوریز وەردەگرێت، دەبێتە مامۆستا، بەڵام لەگەڵ هاتنەسەرکاری ڕێژیمی ئاخوندی دەکەوێتە بەر شاڵاوی بەدناوی پاکسازیی ڕێژیم و لە سەر کار لادەدرێ.

لە گەرمەی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراقدا بنەماڵەکەی بەناچاری قەسری شیرین بەجێ دەهێڵن و لە شاری کرماشان نیشتەجێ دەبن.

لە دەیەی حەفتای هەتاوی بۆ ماوەیەک خۆبەخشانە وەک مامۆستای ڕاهێنەری وەرزشی تێنیس، ڕاهێنانی بە ژمارەیەک فێرخوازی نابیست و کەمبیست کردووە.

مەهسا پیرایی لەبارەی جۆری شەهیدبوونی دایکییەوە دەڵێ: «**ئەو ئێوارەیەی دایکم لە چوارڕێیانی ٣٠ میتری نزیک بڵواری وەحدەت تێکەڵ بە خۆپیشاندانی دژی ڕێژیم دەبێ، بەپێی بەدواداچوونەکانی ئێمە دەردەکەوێ کە کەمێک دواتر ڕەشەکوژانی یەکەی تایبەتی ڕێژیم لەلایەک و بەکرێگیراوانی ماتۆڕسواری ڕێژیم لەلایەکی دیکەوە خۆپیشاندەران دەدەنە بەر دەسترێژی گوللە و چەندین کەس شەهید و بریندار دەکەن، کە دایکم یەک لەو شەهیدانەیە و لە نزیک**

**شیرینیفرۆشـیی تابـان دەپێکـرێ و دەکەوێتـە زەوی».**

ئـەو خەڵکـەی لـە دەوری کۆبوونەتـەوە چاویـان بـە شـوێنی ئـەو گوللەیـە دەکـەوێ کـە وەدەسـتی کەوتـووە، دواتـر خوێـن لـە زاری دەچـۆڕا، وەریدەگێـڕن و چاویـان بـە پشـتی دەکـەوێ کـە بـە گوللـە دابێـژراوە و دوای ئـەوەی دەیگەیەننـە نەخۆشـخانەی تاڵەقانـی تـا کاتژمێـر دە و نیـوی شـەوێ بنەماڵەکـەی هیـچ هەواڵێکیـان لێـی نییـە، موهەندیـس مەسـعوودی هاوسـەری دەکەوێتـە پـێ و سـۆراغی و هەمـوو بنکەکانـی پۆلیـس و نەخۆشـخانەکان دەگـەڕێ و لـە نەخۆشـخانەی تاڵەقانـی کرماشـان بەسـەر هەواڵـی شـەهیدبوونی مینـووی هاوسـەریدا دەکەوێـت.

سـەرەتا کادری نەخۆشـخانە لەژێـر گوشـاری هێـزە ئەمنییـەکان ڕێگـری لـە پێشـاندانی تەرمـی شـەهید مینـوو بـە بنەماڵەکـەی دەکـەن، بـەڵام دوای نارەزایەتـی و داد و فیغانـی خـزم و کـەس، ڕێگـە دەدەن چاویـان بـە تەرمەکـەی بکەوێـت، بـەڵام چـی ببینـن؟ هەمـوو پشتەسـەری و پشـتی تـا کەمـەری بـە گوللـەی سـاچمە دابێژدابێـژ بـووە. ئـەوەی خەمـی بنەماڵـەی شـەهید مینـوو چەنـد قـات دەکات، ڕێگریـی بەکرێگیراوانـی ڕێژیمـە لـە پێدانـەوەی تەرمـی ئـەو شـەهیدە سـەربەرزە بـە بنەماڵەکـەی. بۆیـە ئـەوان بـە ناچـار لەپێنـاو وەرگرتنـەوەی تەرمـی شـەهیدەکەیاندا بیانـوو دێننـەوە کـە خاتـوو مینـوو لـە ڕێـی سـەردانکردنی پزیشـکی ددانـدا بـووە، نـەک بەشـداری لـە خۆپیشـاندان. بەوحاڵـەش هاوسـەری شـەهید مینـوو دەکەوێتـە ژێـر لێکۆڵینـەوە و هەڕەشـەی هێـزە ئەمنییـەکان.

ئـەوەی جێـی سەرسـووڕمانە ڕۆژێـک دوای شـەهیدبوونی واتـە ٣٠ی پووشـپەڕی ١٤٠١ کۆپییـەک لـە ڕاپۆرتـی پزیشـکی قانوونـی، دەدرێتـە دەرێ کـە تێیـدا ئامـاژە بـە گیـان لەدەسـتدانی گومانـاوی خاتـوو مینـوو لـە

دەرەوەی نەخۆشخانە کراوە.

مەهسا پیرایی کچی شەهید مینوو دەڵێ: «**دایکم لە مەودای زۆر نزیک پێکراوە، ١٦٧ گوللە و ساچمە پشتە سەری تا کەمەری پێکا بوو، هێزەکانی دژەشۆڕش دایکمیان کردە ئامانج**».

بۆ هۆکاری شەهیدبوونی مینوو مەجیدی بە پێچەوانەی شەهیدەکانی دیکە کاربەدەستانی حکوومەتی پەت و سێدارە نکۆڵییان نەکرد و چیرۆکی خۆکوژیان ڕێکنەخست، بەڵام ئەو درۆ شاخدارەیان ڕاگەیاند کە بە چەکی هێزی دژە ڕێژیم پێکراوە.

وەک مەهسا پیرایی دەیگێڕێتەوە دایکی لە ڕێگای گەیاندنی بۆ نەخۆشخانە گیانی لەدەست داوە و دوای ئەوەی هاوسەر و بنەماڵەکەی دەگەنە نەخۆشخانە، هیچ ئاسەوارێکیان لە مۆبایل و زێڕەکانی شەهید مینوو دەست ناکەوێ.

دوای وەرگرتنەوەی تەرمی شەهید مینوو بەیانی ڕۆژی پێنجشەممەی ٣١ی پووشپەڕی ١٤٠١ سەرەڕای هەڕەشەی بەکرێگیراوانی ڕێژیم تەرمی ئەو شەهیدەی ڕێگەی ئازادی لەنێو ئاپۆڕای خەڵکی تووڕەی کرماشان بە دروشمی «**ژن ژیان ئازادی**» لە ئارامگەی مینابادی کرماشان بە خاکی پیرۆزی کوردستان دەسپێردرێت.

هاوسەری شەهید مینوو دەڵێ: «**ئایا دەکرێ بەدژی قاتڵ سکاڵا بەرییەوە لای خودی قاتڵ، نا بەڕاستی ئەوە کارێکی بێهودەیە و بێڕێزییە بە هەست و شعووری خۆمان**».

ڕێژیم بۆ ڕێگری لە بەپیرەوەچوونی بانگەوازی خەڵکی شۆڕشگێڕ و کۆبوونەوە لەسەر گڵکۆی شەهید مینوو لە ڕۆژی چلەیدا، هەڕەشە لە هاوسەر و برای شەهید مینوو دەکەن کە نابێ بەهیچ شێوەیەک

ڕێوڕەسمی چلەی ئەو شەهیدە بەڕێوە ببەن.
مەهسا پیرایی لەبارەی دایکیەوە دەڵێ: «**ئارام و لەسەرەخۆ بوو، باوەڕی بە هاتوهاوار و دروشمی بۆش نەبوو، بوێر و میهرەبان بوو، هەمیشە لە هەوڵی فێربوون و موتاڵادا بوو، دایکم کۆڵەکەی ماڵی خۆمان و ماڵی باوکی خۆی بوو، بە ڕۆیشتنی هەر دوو ماڵەکە وێران بوون.**»
ڕوئیا پیرایی ٢٢ ساڵان کچی شەهید مینوو بە نیشانەی دەربڕینی ناڕەزایەتی بەدژی ڕێژیمی پەت و سێدارە و تازەباری بۆ دایکی شەهیدی کەزییەکانی بڕی و لەسەر گڵکۆی دایکی لە حاڵێکدا کە کەزییە بڕاوەکانی لە مست دایە وێنەیەک دەگرێت و لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتێر بڵاوی دەکاتەوە و دەنگدانەوەیەکی زۆری میدیایی لێکەوتەوە و دەبێتە سەمبولی درێژەی بەرخۆدان و خۆڕاگری.
کچی شەهید لەبارەی دایکیەوە دەڵێ: «**دایکم ئارام و سەبوور بوو، بەڵام مردنی دەنگدانەوەیەکی ئەوەندە سەیری بوو کە گوێی دڵی هەموو کەسێکی پڕ کرد. هەر ڕۆژ کە تێدەپەڕێ من هێور نابمەوە هیچ، بەڵکوو ڕقم زیاتر دەبێ لەو زوڵمەی کە لێمان کرا. دایکم هەستی دایکایەتی زۆر بەرز بوو، بەڵام ڕویشت تا ببێتە دایکی هەموو ئێران ... ئەو ڕێگای خۆی هەڵبژارد و لە ڕێگەی گەیشتن بە ئامانجەکەی فڕی. ڕێگای سەوز و ناوی لە مێژووی کوردستان و ئێراندا زیندووە**».

**شێعر زووتر لە دایک بوو**
**لەم نیشتمانەدا**

**یا ژن؟**

**بێسۆزی ژن؛**

**نە کەس گۆرانی دەڵێت و**

**نە تەمبوورێک دەناڵێنێ و**

**نە تفەنگێک ورشەی دێت و**

**نە قەڵەمێک دێتە سەما!**

(ک.د.ئازاد)

شـەهید مینـوو ڕۆیشـت بـەڵام پەیـام و ئامانجـی بـۆ ئـازادی هەتاهەتایـە لـە ژێیەکانـی تەمبـووردا دەلەرێتـەوە.



## شەهید ڕەزا لوتفی

ناسر سادقی

لـە ڕەوتـی بزاڤـی ڕزگاریخوازیـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، داکۆکـی بـۆ ویست و ئازادیـی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی لـەدژی داگیرکـەران هەمـووکات لـە چیاکانـەوە نەبـووە، زۆرجـار لـە جەرگـەی شـار و شـەقام و کـۆڵان و قوتابخانـە و زانکۆکانیـش ڕوویـان داوە.

دێـولان ئـەو شارەی لـە سـەرەتای شۆڕشـی ١٤٠١ی هەتـاوی، بـە بەرچـاوی هەمـوو میدیا و ڕاگەیاندنـە ناوخۆیـی و بیانییەکانـەوە بـە دەیان حەماسـەی بێوێنەیـان لـە مێـژوودا تۆمـار کـرد. ئـەو گەنـج و ژن و مێرمنـداڵ و کیـژە نەترسـانە لـە قوتابخانـە سـەرەتایی و ناوەندییەکانـەوە وێـڕای ئـەو کـوڕە ئـازا و بوێرانـە تێکـەڵاو بـە خورۆشـانی شـەقام بـوون و لەگـەڵ چیـن و توێـژی سـەنعەتکار و کاسبکار بوونـە هێـز و پاڵنـەر و پشـتیوانی ڕاپەڕیـن و سـەرهەڵدانی ژینـا و بـە دروشـمی «**ژن ژیـان ئـازادی**» لووتکـەی دەسـەڵاتی ویلایەتـی نگریسـی ڕێژیمـی ئاخوندییـان کـردە ئامانـج و وەلەرزەیـان خسـت.

ڕەزا لوتفـی نموونـەی بەرچـاوە لـەو سـەدان لاوە جوامێـر و سـەربەرز و سـەربزێوانەی مەیـدان و حەماسـەی ڕاپەڕیـن کـە بەشـدار و سـەرقافڵەی بزووتنـەوەی ژینـا بـوو.

ڕەزا لوتفــی لەدایکبــووی ١٣ی بەفرانبــاری ســاڵی ١٣٨٢ی هەتاوییــە و لــە ئاوایــی «خــودلان» ســەر بــە شــاری بیجــاڕ لــە پارێــزگای ســنە چــاوی بەدنیــا هەڵێنــاوە.

دایکــی خاتــوو وەزیفــە کەشــاوەرز و بابــی کاک کەمــاڵ لوتفــی و خوشکەکەشــی نــاوی خاتــوو ئاتووســایە. ئــەو خێزانــە نیشــتمانپەروەرە پــاش لەدایکبوونــی ڕەزا بــەرەو دێــولان کــۆچ دەکــەن و لــەوێ دەمێننــەوە. ڕەزا پلەکانــی خوێندنــی ســەرەتایی و ناوەنــدی و ســەرەنجام دیپلــۆم لــە بەشــی میکانیــک وەردەگــرێ و وەک حــەز و هۆگــری لەمێژینــەی بــۆ پیشــەی میکانیکــی بــە پاڵپشــتی بابــی کارگەیەکــی بچووکــی میکانیکــی دەکاتــەوە. ڕەزای لاو ئەوەنــدەی لەبــواری پیشــەی مکانیکــی بەشــێوەی زانســتی شــارەزا بــوو، ئەوەنــدەش بــاوەڕی بــە ئەخلاقــی کاری لــە پێشــەکەیدا هەبــوو، بۆیــە ببــووە جێــی متمانــە و بــاوەڕی خەڵــک و هەمــووان خۆشــیان دەویســت و لێــی ڕازی بــوون.

ئــەو ڕۆژەی ماشــینی کوشــتاری ڕێژیمــی توتالیتــاری ئیســلامی، ژینــا کیــژە کــوردی بێتاوانــی کــردە ئامانــج، ڕێژیــم پێیوابــوو کوردســتانیان لەئاســت خوێــن و گیانــی ڕۆڵەکانیــان بێدەنــگ دەبــن و نەیزانــی مەرگــی کوڕوکاڵــی کــورد پێوەندیــی بــە ســەرفرازی هەمــوو ئازادیخوازانــی ڕۆژهەڵاتەوەیــە.

**نیشتمان ئەی جەننەتی سەر ڕووی زەمین**
**خۆی نەدیوە سەر لە تۆ خولدی بەرین**
**پڕ لە یادی تـۆیە مێـژوو بێـگومان**
**بۆیـە نێوت بۆتە وێردی سەر زمان**
**کێوی بـەرزی تۆ، قـەڵای خۆڕاگری**

**تیری چـاوی دوژمنی، سۆی ئاگـری**
**هیـچ خـەزانێ نـاوەڕێنـێ باخـی تۆ**
**وەرزی پیـرۆزی ئـەوینـە، ناخـی تۆ**
**سـوژدە بـۆ دار و گڵ و بەردت دەبەم**
**لا نەدەم شەرتە لەڕێگەت تاکوو هەم**

ڕەزا لوتفـی وێـڕای هاوڕێکانـی بـۆ دەربڕینـی ناڕەزایەتـی دژی ئـەو جەنایەتـە ڕژانـە شـەقامەکانی دێـولان و تووشـی تێکهەڵچـوون و بەرەنـگاری لەگـەڵ هێزەکانـی دژەگەلـی و جەنایەتکارانـی ڕێژیـم بوونـەوە. دایکـی ڕەزا دەڵـێ: «**ڕەزا ئـەو شـەوە هەتـا گزینگـی بەیانـی ئۆقـرەی نەبـوو، بەوپـەڕی پەرۆشـی و خەمبارییـەوە چاوەڕێـی دۆسـیەی دادگای ژینـا و چارەنووسـی خوێنـی بەناحـەق ڕژاوی دەکـرد بـۆ ئـەوەی بزانـێ ئاکامـی دۆسیەکە چـی بەسـەر دێ**»؟

دوانیـوەڕۆی ٢٨ی خەرمانـان ڕەزا بـۆ جارێکـی دیکـە تێکـەڵ بـە ئاپـۆڕای خۆپیشـاندەران لـە شـەقام و مەیدانەکانـی شـار بـوو کـە لەگـەڵ هێـزە لیبـاس شەخسـییەکان بـەرەوڕوو دەبنـەوە.

ئـەوان زۆر بوێرانـە لـە شـەقام و کۆڵانـەکان ڕاویـان دەنێـن و تەنانـەت پەیکـەرەی نگریسـی جـاش لـە ناوەنـدی شـاری دێـولان ئاگـر دەدەن و تەنگیـان پێهەڵدەچنـن.

ڕەزا لـەو ماوەیـەدا بـۆ جارێکـی دیکـە دەگەڕێتـەوە ماڵـەوە و جلوبەرگـی دەگـۆڕێ و سـەرلەنوێ ڕوو لـە شـەقام دەکاتـەوە و تێکـەڵ بـە ڕیـزی هاوڕێکانـی دەبێتـەوە، بـەڵام بەڵێـن بـە دایکـی و ئاتووسـای خوشـکی دەدا کـە زوو بگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی پێکـەوە شـێو بخـۆن. کاتژمێـر ٨ی شـەو لـە

گەرمـەی تێکهەڵچوونـی لاوان و هێزەکانـی ڕێژیـم، ڕەزا لەلایـەن یەکێـک لـە جاشـەکانی دێولانـەوە شناسـایی دەکـرێ و لـە پەیژەکانـی یەکێـک لـە کۆڵانـەکان دەکەوێتـە بـەر گوللـەی چەکـی نامەردانـەی ئـەو خۆفـرۆش و خائینـە و لـە پشـتەوە دەیئەنگێـوێ و چەنـد پەیـژە ئەولاتـر ڕەزا دەسـت لەسـەر دڵـی پـڕ لـە ئاواتـی دادەنـێ و شـەهید دەبـێ. هاوڕێکانـی ڕەزای تەمـەن ١٩ سـاڵ دەگەیننـە نەخۆشـانەی دێـولان و بنەماڵەکـەی ئـاگادار دەکەنـەوە، بەدڕەوشـتانی ڕێژیـم وەک ئـاکاری هەمیشـەیی و دزێویـان تەرمـی شـەهید بـەرەو شـاری قـوروە دەبـەن، بـەڵام بەهیممـەت و ئازایەتی بنەماڵـە و خزمـان و جەمـاوەری سـەربەرزی دێـولان ڕێیـان لێدەگـرن و دوای ئـەوەی تەرمـی شـەهید ڕەزا دەسـتێننەوە، لـە نیوەشـەودا لـە گۆڕسـتانی دێـولان بـە خاکـی پیـرۆزی کوردسـتانی دەسـپێرن.

نـاوی شـەهید ڕەزا لـە مێـژووی ڕاپەڕینـی ژینـا و بزاڤـی «ژن ژیان ئـازادی»دا تۆمـار دەکـرێ و بـاڵای بـە بـاڵای نیشـتمان دەگـرێ و دەبێتـە زمانـی گـڕ و ڕووناکیـی ڕابوونـی شـەقام و شـاری دێـولان.

بـەڵام ئـەوە کۆتایـی کێشـە و ئاریشـەکانی ئـەو بنەماڵـە سـەربەرزە نەبـوو، ئیـدارەی ئیتلاعـات بـەردەوام پێوشـوێنی کاک کەمـاڵ لوتفـی بابـی شـەهید ڕەزایـان دەگـرت و بـۆ شـێواندنی بیـروڕای گشـتی، هەواڵـی سـاختە و چەواشـەیان بـە نـاوی کاک کەمـاڵ و بنەماڵەکەیـەوە بـڵاو دەکـردەوە.

ئـەوە لەحاڵێکـدا بـوو بابـی بوێـری شـەهید ڕەزا زۆر بەڕاشـکاوی و ڕوونی لە پەیامێکـی ڤیدیۆییـدا هەمـوو ناحـەزان و چەواشـەکارانی ئیـدارەی ئیتلاعـات و کاربەدەسـتانی ڕیسـوا کـرد و سـپاس و پێزانینـی خـۆی و بنەماڵەکـەی بـۆ هاووڵاتیانـی شـاری دێـولان ڕاگەیانـد و لـە هەمـوو ڕێوڕەسـم و یـادی شـەهیدانی بزووتنـەوەی ژینـا و ڕێپیوانـەکان بەشـداریی چالاکانـە و

بەردەوامـی دەنوانـد.

هەتـا ئـەوەی سـەرەنجام لـە ڕۆژی ٢٧ی خاکەلێـوەی سـاڵی ١٤٠٢ی هەتـاوی، لەشـەقامی نزیـک ماڵەکەیـان دەسبەسـەر دەکـرێ و دوای ماوەیـەک ڕەوانـەی زیندانـی کامیارانـی دەکـەن و پـاش ٧٥ ڕۆژ ڕاگرتـن لـە بەندیخانـەی ئـەو شـارە ئـازاد دەبـێ.

بەڵام» قانع» گوتەنی:

**قوڕ بەسەر ئەو دوژمنەی هیوای بە بەندیخانەیە**
**گرتن و لێدان و کوشتن عامیلی ئازادییە**
**تۆپ و شەستیر و کەلەبچە لام وەکوو ئەفسانەیە**
**چاوەڕوانی شۆڕشێکم عالەمێ ڕزگار بکا**
**میللەتم بۆ ئەو مەبەستە کردەوەی شێرانەیە**
**چەکی شۆڕشگێڕی من نووسین و بیروباوەڕە**
**ڕاپەڕینە، هەڵمەتە پڕ نەعرەتەی کوردانەیە**
**گەر بە ئازادی نەژیم، مردن خەڵاتە بۆ لەشم**
**نۆکەری و سەردانەواندن کاری نامەردانەیە**
**قانعم ئەمڕۆ لە زیندانا بە ئازادیی ئەژیم**
**سەد هەزار نەحلەت لەوەی وا نۆکەری بێگانەیە**



## شەهید کۆمار دەرئوفتادە

لەیلا قادری

لەنێو شەهیدە بژاردەکانی شۆڕشی ژینادا، ناوێکی ئاشنا دەدرەوشێتەوە، ناوێک کە بۆ کورد ڕەمزی سەربەخۆیی و دەوڵەت و بناغەی شارستانییەت و دێموکراسییە، ئەویش ناوی «**کۆمار**»ە.

شەهیدە مێرمنداڵەکەی شاری پیرانشار، **کۆمار دەرئوفتادە** هەم ناو و هەم نازناوەکەی جێگەی تێڕامان و هەڵوێستە و لێوردبوونەوەیە. کاک حەسەن باوکی شەهید کۆمار هەر زوو دوای شەهیدبوونی و لە کاتی ئەسپاردەکردنی تەرمی جگەرگۆشەکەیدا مەبەست و خەون و خولیای خۆی لە هەڵبژاردنی ئەو ناوە بۆ کوڕەکەی بەڕوونی باس کرد و وتی: «**ئەو کوڕەی من لە ٢٥ی گەلاوێژ لەدایک بوو، بۆیە نێوم لێ نا کۆمار**». کۆمار بەنێو کۆماری کوردستانەوە کرا، ئەو کۆمارەی کە لەسەر دەستی پێشوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی دامەزرا و هەرچەندە خێڵی شەوە بە گەلەکۆمەگی نەیانهێشت زیاتر لە یازدە مانگ تەمەن بکات، بەڵام بوو بە وەرچەرخانێکی مێژوویی لە بزاڤی ڕزگاریخوازیی و شارستانییەت و یەکەم ئەزموونی دەوڵەتێکی کۆماری دیمۆکراتیک بۆ کوردستان.

پێدەچێ نازناوی دەرئوفتادەش کە بە مانای دەرگیری و تێکهەڵچوون

دێـت بـۆ بنەماڵـەی شـەهید کۆمـار ڕەنگدانـەوە و بەڵگـەی پـەروەردەی ڕەسـەنیان بـێ لـە بەگژداچوونـەوەی زوڵـم و زۆرداریـی دوژمنانـی داگیرکـەردا.

کۆمـار دەرئوفتـادە رۆژی ٢٥ی گەلاوێـژی سـاڵی ١٣٨٥ی هەتـاوی لـە ساڵڕۆژی دامەزرانـی حیزبـی دێموکـرات لـە شـاری پیرانشـار لەدایـک بـووە. هـەر لـەو شـارە چووەتـە قوتابخانـە و قوتابـی پۆلـی یـازدەی بەشـی ژمێریـاری بـوو.

لـە شۆڕشـە سـەردەمیانەکەی ژینـادا کـە لـە شـاری سـەقزەوە سـەری هەڵـدا و هەمـوو شـارەکانی رۆژهەڵاتـی کوردسـتان و دواتـر تێکـڕای ئێرانـی گرتـەوە، شـاری پیرانشـاریش پشـکی شـێری بەرکـەوت.

ئـەو شۆڕشـەی کـە درێـژەدەری خەباتـی بێپسانەوەی خەڵکـی رۆژهەڵاتـی کوردسـتانە بـەدژی ڕێژیمـی کۆنەپەرەسـتیی پـەت و سـێدارە، بزوێنەرەکـەی لاوانـی وڵاتـن و ئەمـەش دوژمنـی بەجۆرێـک هێناوەتـە لـەرزە کـە وەک بـەرازی غەزریـو شـاڵاو دێنـێ و دەسـت لەهیـچ تاوانێـک بـە تۆمەتـی بێبنەمـا بەرامبـەر خەڵـک ناپارێزێـت و تـا ئـەم سـاتەش سـەدان هاونیشـتمانی بـە کـوڕ و کـچ و ژن و پیـاو و تەنانەت منداڵ و مێرمنداڵیشـی خسـتووەتە بـەر غەزەبـی نگریسـی خـۆی و شـەهید و برینـداری کـردوون.

جیاوازیـی چیرۆکـی شـەهیدبوونی کۆمـار بـە دەسـتی جەللادانـی ڕێژیمـی ئاخونـدی ئەوەیـە، ئـەو شـەوە واتـە ٨ی خەزەڵـوەری ١٤٠١ی هەتـاوی، کـە کۆمـاری مێرمنـداڵ کەوتـە بـەر تیـری ژەهـراوی دڵڕەشـانی تاریکـی لە شـاری پیرانشـار و لـەو شـوێنەی کۆمـاری لـێ شـەهید کرا، خۆپیشـاندان نەبـوو، ئەو شـەوە کۆمـار لـە ماڵـەوە بە تەنیـا دەبـێ، هاوڕێکانـی پێوەندیـی پێوەدەکەن بچێتـە لایـان، ئەویـش لـە مـاڵ دەچێتـە دەر و زۆر دوور ناکەوێتـەوە

بەکرێگیراوانـی ڕێژیـم لـە فەلەکـەی «محەمـەد هـەوراز» تووشـی دەبـن و لـە مـەودای نزیکـی چەنـد میـتری دەیدەنـە بـەر دەسـترێژی گوللـە و بەسـەختی برینـداری دەکـەن. کۆمـار دەگەیەنرێتـە نەخۆشـخانەی پیرانشـار، بـەڵام بەداخـەوە هەناسـەکانی کۆتایـی دەسـپێرێتە بـای شـەماڵ بـۆ ئـەوەی دوایـیـن پەیامـی وەفـاداری بـۆ خـاک و نیشـتمان و ئازادیـی وڵاتەکـەی بچرپێنێتـە گوێـی دار و بـەرد و کـەژ و کێـو و پێدەشـتەکانی کوردسـتان و بەتایبـەت «زێوکـە»ی زێـدی بـاب و باپیرانـی، و بـە شـەهیدبوونی بەڵێنـی خەبـات و ئاواتـی بـۆ گەیشـتن بـە ئـازادی دەگەیەنێتـە سـەر، هـەر وەک چـۆن لـە دوا سـتۆریدا نووسـیبووی: «**لـە هەمـوو شـت زیاتـر ئازادیتـان خـۆش بـوێ**».

ڕێژیمـی سـەرکوتکەری کۆمـاری ئیسـلامی کـوا بەرگـەی بینینـی چـرۆی سـەوزی درەختـی سـەرزەمینێک دەگـرێ کـە ڕیشـەی لـە قووڵایـی و ناخـی تـاک بـە تاکـی بنەماڵەکانـی وەک کاک حەسـەن و سـەیزادە هاجـەری دایـک و باوکـی کۆماردایـە و لـە هەڵبژادنـی ناوگەلێکـی پـڕ مانـا و چەمکـی مێژوویـی بـۆ منداڵەکانیانـدا ڕەنـگ دەداتـەوە؛ (**ماردیـن، ژێـکاف، ئەفسـانە، میدیـا و کۆمـار**) کـە هـەر کامـە و ڕەمـز و سـێمبولێکن بـۆ سـەلماندنی بیـری ناسیۆنالیسـتی و شوناسـی کـورد.

ئـەو ڕێژیمـەی کـە هـەر لـە سـەرەتای هاتنـە سـەرکارییەوە، ئیمـزای ڕەشـی «نـا»ی، لـە کوردسـتانەوە بـە تەوێڵییـەوە نـرا، تەنیـا کاری سـەپاندنی تاڵیـی ژیـان و ژانـی هـەزاری بەسـەر خەڵکـی وڵاتـی خـۆردا نەبـوو و هەمیشـە پێیوابـووە دەتوانـێ ئەسـتێرەکانی ئاسـمانی نیشـتمانی کـوردان بکووژێنێتەوە و ئەمجـارە کۆمـار دەرئوفتـادەی لـێ ئەسـتاندین کـە تەنیـا ١٦ بەهـاری لـە تەمەنـی بڕیبـوو.

ئـەو کۆمـارەی کـە هـەروەک باوکـی دەڵـێ: «**هەرچەنـد بـە تەمـەن منـداڵ بـوو، بـەڵام بـە بیـر و هـزر پێگەیشـتوو بـوو**»، ئـەوەش دەیـان سـتۆری و ستاتووسـی سـەر لاپەڕەکانـی لـە تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـەوە دەریدەخـات کـە هـەر کامـەوە پەیامێکیـان بەقـەد تێگەیشـتوویی زۆری خـۆی لـە ئـازادی و خۆشەویسـتی و عێشـق بـۆ نیشـتمان تێدایـە: «**بیـرت دەکـەم گیانـە ... چەنـدەی نیشـتمان بیـری ئـاڵا دەکا، بیـرت دەکـەم هـەزار هێنـدە**».

کۆمـار کـوڕی ئـەو پیـاوە بـوو کـە بـە وتـە زێڕینەکانـی لـە سـەر گڵکـۆی پیـرۆزی کـوڕی شـەهیدی، بـوو بـە مانیفیسـتێک بـۆ بەرگـری لـە نیشـتمان و ئـاڵا و خەبـات بـۆ ڕزگاریـی گەلانـی ژێردەسـتە و سـتەملێکراو.

ئـەوەی لـە هەمـوو شـتێک سەرنجڕاکێشـترە کاتێـک کاک حەسـەن بابـی شـەهید کۆمـار لـە ڕێوڕەسـمی حەوتـووی کوڕەکـەی بوغـز ئەوکـی دەگـرێ، خوشـکی کۆمـار هـاوار دەکا «بابـە مەگـری بابـە مەگـری» ... . جـا ئەوجـار باوکـی شـەهیدە سـەربەرزەکەمان بەڕوونـی ڕووبـە هەمـوو نەتـەوە ژێردەسـتەکان و تەنانـەت دیکتاتۆرەکانیـش دەڵـێ: «**ئەگەرچـی کۆمـار بـە عومـر چووکـە بـوو، تەنیـا ١٦ سـاڵی بـوو، بـەڵام یـاد و نـاوی لـە نێـو گەلەکەیـدا بەگەورەیـی دەمێنێتـەوە**» و، داوا دەکا خوێنـی کۆمـارەکان ون نەکـەن و هەتـا سـەر ڕێبـواری ڕێـگای شـەهیدان بـن و دڵنیاییـش دەداتـە سەوداسـەرانی ڕێگـەی ئـازادی سـەرەنجامی ئـەو دیکتاتۆڕانـە ڕاماڵیـن و لەناوچوونیانـە بەدەسـتی ئـەو لاوانـەی درێـژەدەری ڕێـگای شـەهید کۆمـار و شـەهیدانی کوردسـتانن.

تەنیـا لـە مـاوەی یـەک هەفتـە دوای شـەهیدکردنی کۆمـار، هێـزە سـەرکوتکەرەکانی ڕێژیـم چەندجـار باوکـی بانگهێشـتی ئیتلاعـات دەکـەن و لێپێچینـەوەی لێدەکـەن، ئەویـش قـورس و قایـم و بـە ورەیەکـی

بـەرزەوە ڕووبەڕوویـان دەبێتـەوە. ئەڵقەلەگوێکانـی دوژمنـی بەدخـوو لـە لێپێچینەوەکانـدا سـەرەتا دەیانهـەوێ چەواشـەکاری بکـەن و دەڵێـن کـوڕی تـۆ بـە چەکـی ئێمـە نەکـوژراوە، بـەڵام کاک حەسـەن زوو بەرپەرچیـان دەداتـەوە و دەڵـێ؛ «**ئەگـەر بـە چەکـی ئێـوە شـەهید نەکـراوە بۆچـی هـەر خێـرا گەیشـتنە سـەری و تەرمەکەیتـان ڕفانـد!**» هەروەهـا دەڵـێ: «**چـۆن دەتوانـن بـە ناحـەق یەکێـک بدۆزنـەوە و تۆمەتبـاری بکـەن بـە کوشـتنی کوڕەکـەم لـە کاتێکـدا خۆتـان تاوانبـاری سـەرەکین**».

کاک حەسـەن ئـەو ڕاسـتییە دووپـات دەکاتـە و دەڵـێ؛ «**ئەگەرچـی کۆمـار بـە خواسـت و ئیـرادە و ویسـتی دڵـی خـۆی بەشـداری لـە خۆپیشـاندانەکان دەکـرد، بـەڵام ئـەو شـەوە و ئـەو شـوێنەی لێـی شـەهید کـرا، خۆپیشـاندان نەبوو**».

پێدەچـێ پێشـتر لەلایـەن هێـزە سـەرکوتکەرەکانەوە دەستنیشـان کرابێـت، بۆیـە لـە مەودایەکـی کەمـەوە دراوەتـە بـەر گوللـە و شـەهید کـرا.

**ئێوە چۆن دەبنە شەهید و ئەوەتان بەر دەکەوێ؟**
**بەرزە ئەو شوێنە دەزانم، کەمی لێ سەر دەکەوێ**
**ئێوە وەك تۆوی ئەوین دەچنەوە ئامێزی خاك**
**چەکەرەی ڕوانەوەتان ڕۆژێ بزەی دەردەکەوێ**
**ئێوە ئاوازی  تریفە و شەبەق و ڕاسانن**
**هەرکە دووربن لە وڵات، تۆزی خەم و دەردەکەوێ**
**تۆوی بووژانەوەیە یادی بزە و ڕێبازتان**
**وەکوو ئەو بەفرە لە سەر باغ و چیاو هەر دەکەوێ**

(سەربازی ون)

کۆماری مێرمنداڵ و مەشرەفخۆش و گورجوگۆڵ و دڵ پڕ لە خۆزگە بە شەهید بوونی، شۆڕش و ڕاپەڕینی ژینای قەرزداری خۆی و بنەماڵەکەی و بەتایبەت باوکی کرد، کە لە گەرمەی تاسەباریدا دەڵێ: «**کۆمارم لەدەست چوو، بەڵام بە فیدای ئەو خاکە بێ، سەربەرزم کە لەپێناو ئەو خاکەدا شەهید بووە**».

## شەهید موحسین قەیسەری

لەیلا قادری



خەبات لەپێناو پاراستنی شوناس، وەک پرەنسیپێکی جێگرتوو، ئەگەر بۆ نەتەوەی کورد بەتایبەت لەسەد ساڵی ڕابردوودا ئێجگار قورس و پڕ لە قوربانی بووە، بۆ کوردانی هێندێک ناوچە و جوغرافیای ئەو سەرزەمینە زۆر پڕ تێچووتر و گرانتر بووە. ئیلامی زێدی ئالامتوو، ئیلامی ژیار و ئاخێزگەی شارستانییەتی کوردان، ئەو ئیلامەی لە سەردەمانی کەونارا پێی دەوترا نیشتمانی خودا، لەو ناوچانەی کوردستانە کە خەبات لە پێناو پاراستنی شوناسدا بۆ خەڵکەکەی قورس و تێچووی زۆر زیاتری ویستووە، هەر بەم پێیە خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا ڕادەیەکی زۆر قەرزداری خۆڕاگری و تێکۆشانی خەڵکی ڕەسەن و کوردپەروەری ئیلام و کرماشانە، چونکە دوژمن زیاتر لە هەموو ناوچەکانی دیکەی کوردستان چاوی لەسەر ئەو دوو پارێزگایەیە و بۆ کاڵکردنەوەی هەستی کوردایەتی و شوناسخوازیی کوردانەی خەڵکی ڕەسەنی ئەو جوغرافیایە لە نیشتمانی ئازیزمان لە هیچ چەشنە پیلانگێڕی و فێڵ و داو و درۆیەک درێغی نەکردووە و نایکات، بەڵام بەختەوەرانە لەم دەڤەرەش دوژمن وەڵامی پێچەوانەی ویستەکانی وەرگرتۆتەوە و پیلانە نگریسەکانی پووچەڵ بۆتەوە.

لـە دواییـن نموونـەی شۆڕشـی خەڵکـی ڕۆژهەڵاتـدا، ئیلامـی سـۆمای چـاوی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان هـەر زوو بـە هـاوار و بانگـی سـەقزەوە هـات و بـۆ داکۆکیکـردن لـە خوێنـی بەناحـەق ڕژاوی ژینـا خورۆشـا.

یەکێـک لـەو شـەهیدانەی ئیـلام پێشـکەش بـە شۆڕشـی ژینـای کـرد شـەهید موحسین قەیســەرییە.

موحسـین قەیسـەری کـوڕە لەبەردڵانەکـەی ئیـلام، ١٥ی بەفرانبـاری ١٣٦٩ی هەتـاوی لـە گەڕەکـی ئینقلابـی ئـەو شـارە چـاوی بـە دنیـا هەڵێنـا.

خوێندنــی ســەرەتایی و قۆناغەکانــی دیکــەی تــەواو کــرد و بڕوانامــەی دەرچوونــی لــە بەشــی کۆمپیوتێــر لــە زانکــۆ بەدەســت هێنــا. موحســین کوڕێکـی هوشـیار و چاوکـراوە و ئـاگا بـە پرسـی شـوناس و نەتەوەکـەی بـوو، هەڵکەوتــەی جوغرافیــای زێدەکــەی وای لــە موحســین کردبــوو بەرامبــەر پرســە نیشــتمانییەکان ناسیۆنالیســتتر بــێ. موحســین بــاش دەیزانــی پێگــەی ئابووریــی ئیــلام لــەڕووی دەوڵەمەنــدی بــە نــەوت و گاز و کانــزا ژێرزەوییــەکان هــۆکاری زەقــن بــۆ ئــەوەی دوژمــن هەوڵــی نانــەوەی دووبەرەکـی و دروسـتکردنی کەلێـن و دابڕینـی ئـەو ناوچەیـە لـە نیشـتمانی ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان بــدات.

شـەهید موحسـین قەیسـەری ئەهلـی خوێندنەوە بـوو، هۆگری شـێعرەکانی ئیمپڕاتـۆری شـێعر شـێرکۆ بێکـەس بوو؛

من ناهێڵم

ئەم گریانە هەرگیز ڕەنگی بچێتەوە

**من ناهێڵم**

**ئەم مردنە ژیان بیری بچێتەوە**

**من ئەم زوڵمە**

**لەناو شووشەبەندی شێعرا**
**دائەنێم بۆ**
**ئەو زارۆکەی**
**دوای چەند قەڕنێ دێت و ئەزێ و**
**لە ڕەحمی ئەم وڵاتەوە سەر دەردێنێ و**
**ئەلف و بێی چرا فێر ئەبێ و**
**ئەم غەدرە ئەخوێنێتەوە!**

(شێرکۆ بێکەس)

موحسـین قەیسـەری وەرزشـوانێکی بەتوانـا بوو، وەرزشـی پاسکیلسـواری و لەشـجوانی دەکـرد. سـاڵی ١٣٩٦ی هەتـاوی وەک زۆر لـە لاوانـی وڵات غـەدر و زوڵـم و نادادپەروەریـی ڕێژیـم دەبێتـە هـۆی ئـەوەی ڕێـی هەنـدەران بگرێتەبـەر، بـەڵام دوای ماوەیەکـی کـورت، ناتوانـێ شـاهید و گوێبیسـتی خـەم و خەفەتـی دایـە خەدیجـەی دایکـی و کاک نـەزەری باوکـی لـە دووری خـۆی بێـت و لەپێنـاو حەسـانەوە و ئارامیـی دڵیـان واز لـە خەونەکانـی لـە ئوروپـا دێنێـت و دەگەڕێتـەوە زێدەکـەی.

موحسـین قەیسـەری بـەر لـە شـەهیدبوونی هەمـوو ئامادەکارییەکـی بـۆ پێکهێنانـی ژیانـی هاوبـەش کردبـوو، دوو ڕۆژ بـوو خانووەکـەی تـەواو ببـوو، ئاخـر بڕیـار بـوو بەهـاری داهاتـوو، دەسـتی گراوەکـەی بگرێـت و پێکـەوە کۆشـکی ئاواتەکانیـان بـۆ ژیانـی داهاتوویـان بنیـات بنێـن.

کاتێـک خەرمانانـی ١٤٠١ی هەتـاوی لەگـەڵ ڕاپەڕینـی هەمـوو شـارەکانی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان شـاری ئیلامیـش بـووە گۆڕەپانـی داکۆکـی لـە خوێنـی ژینـای کـوردان، موحسـین بـوو بـە یەکێـک لـە پێشـڕەو و سـەرقافڵەکانی خۆپێشـاندانەکانی ئیـلام. ڕۆژی ٣٠ی خەرمانانـی ١٤٠١ی هەتـاوی لـە

پارکی کوودەکی ئیلام کەوتە بەر هێرشی دڕندانەی جەللادانی ڕێژیمی ئاخوندی و سەرباری ئەوەی پتر لە پەنجا ساچمە سەر و سینگی موحسینیان دڕی، بە وتەی یەکێک لە خزمەکانی موحسین کە خۆی لەکاتی هێرشی بەکرێگیراوان بۆ سەر خۆپێشاندەران لەوێ بووە، قاتڵی سەرەکی موحسین بەکرێگیراوێکی یەکەی تایبەتیی هێزی سەرکوت بووە کە بە چەکی کلاشینکۆف دوو گوللەی جەنگی لە سەر و سینگی موحسین دەدا و شەهیدی دەکات. شایەتحاڵان دەڵێن لە کاتێکدا گوللەی جەلادان جەستەی موحسین دەپێکێ، کە لە هەوڵی یارمەتیدانی کچێکی منداڵ بووە کە لەو کاتەدا بەر گازی فرمێسکڕێژی هێزە سەرکوتکەرەکان کەوتبوو.

تەرمی موحسینی ڕەزاسووک و خەڵکخۆشەویست رۆژی ١ی ڕەزبەر دوای پێداگرییەکی زۆری بنەماڵەکەی وەرگیراوە و لە نێو ئاپۆڕای خەڵکی بەشەرەفی ئیلام لە گۆڕستانی بەهەشتی ڕەزا بە دروشمی ئاگرینی دژ بە کۆماری پەت و سێدارە بە خاکی پیرۆزی کوردستان سپێردرا.

موحسین قەیسەری شەهید بوو، رۆیشتنی بە جەستەی داخ و خەمێکی لەبن نەهاتووی نایە سەر دڵی دایە خەجیج و کاک نەزەری باوکی و محەممەدحوسێن و مستەفای برای و خەڵکی ئیلام و هەموو کوردستان، بەڵام چیرۆکی ئەویش وەک سەربوردەی زۆر قارەمانی ئیلام چووە ڕیزی سەرکردەی بوێری کورد داود کەلهوڕ کە بە حکوومەتی ناوچەی کرماشان ڕازی نەبوو و ویستی تارانیش کۆنترۆڵ بکات، هەروەها چیرۆکی شا محەممەد یاریی کورد، سەرکردەی ڕاپەڕینی ڕنوو لە ئیلام کە یەکێکی دیکە لە ڕێبەرانی ئازا و قارەمانی نەتەوەکەمان بوو و بەدژی دیکتاتۆری و سەرەڕۆییەکانی ڕەزا قەزاق ڕاپەڕی و شەڕی

کـرد و ناویـان بـۆ هەمیشـە بـە یـادگار لـە مێـژووی کوردسـتاندا مایـەوە و ئەمجارەیـان گڵکـۆی شـەهیدان لـە یـادی ڕۆژی لەدایکبوونیـان بووەتـە سـەکۆی دەربڕینـی بیـری ئـازادی و، کۆتـری ئاشـتی لـێ دەسـپێردرێتە ئاسـمانی شـینی کوردسـتان و بەمـەش چەقوچـۆی مـەرگ دەکەوێتـە گیانـی دوژمنانـی کوردسـتان.



## شەهید پەیمان مینبەری

سۆما ناسری

**لەو کاتەوەی نیشتیمان**
**چاوی بە جیهان هەڵێنا**
**خوێنی شەهید وەک ئاڵایەک**
**لەسەر بست بە بستی**
**ئەم خاکەدا پیرۆز کرا**
**هەر لەو ساوە**
**شەهید بوو بە ڕەمز و بوو بە چرا**

(باهۆز ئەحمەد)

دەسەڵاتێکی سەرەڕۆ و تووتالیتێر کە لە بنەڕەتڕا لە سەر بنەمای ستەم و هەڵاواردن دامەزراوە و هەر لە سەرەتای دامەزرانیشیەوە بە ئاگر و ئاسن وڵامی داخوازییە ڕەواکانی گەلی کوردی داوەتەوە و گەلێک جاران ڕۆژهەڵاتی نیشتمانی خەڵتانی خوێن کردووە و، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دەستی لە بینەقاقای گەلی ستەملێکراوی کورد توندتر کردووە و جیا لەوەی بەردەوام دەستی بۆ قووت و بژێوی ژیانی کورد بردووە، گەلێک جاریش بە ناوی ئایین و مەزهەبەوە ڕەوایی بە زوڵم و زەبروزەنگەکانی لە کوردستان داوە و خوێنی کوڕوکاڵی کوردی حەڵاڵ کردووە.

ئەمجارەیـان و لـە دواییـن ڕۆژەکانـی هاوینـی سـاڵی ١٤٠١ی هەتـاوی، بـە بیانـووی شـێوازی پۆشـینی جلوبـەرگ!، بێبەزەییانـە و دوور لـە هـەر نـۆرم و بەهایەکـی مرۆییانـە هەڵیانکوتایـە سـەر کیژێکـی ڕووسـووری کـورد و بـە پاسـاوی ڕەچاونەکردنـی حیجابـی زۆرەملێـی ئیسـلامی، دەسـتی تاوانیـان بـە خوێنـی ژینـا ئەمینـی سـوور کـردەوە و بەمجـۆرە بەڵێنـی سـەرلەنوێ ڕشـتنەوەی ڕق و قینیـان دژ بـە خەڵـک و لاوانـی کـورد نـوێ کـردەوە.

پـاش شـەهیدکردنی ناجوامێرانـەی ژینـا، ڕق و تووڕەیـی و نەفرەتـی پەنگخـواردووی خەڵکـی کـورد لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، بـەڕووی دوژمنـی سـوێندخواردووی گەلـی کـورددا تەقیـەوە و پیـر و لاو و ژن و پیـاو بـە دەربڕینـی هەسـت و گوڕوتینێکـی شۆڕشـگێڕانەوە شـەقامەکانی کوردسـتان و ئێرانیـان هێنایـە لـەرزە و دوژمنیـان خسـتە پەلەقـاژەی گیانەڵـڵاوە.

هـەر ئـەو بەرخـۆدان و بەگژاچوونەوەیـەی خەڵکـی وەزاڵەهاتـوو بـە دژی دەسـەڵاتدارانی خۆسـەپێن، بـوو بـە هـۆی ئـەوەی دوژمنـی قەستەسـەری کـورد لـە هیـچ کردەیەکـی هۆڤیانە دژ بە خۆپیشـاندەران و بەرهەڵسـتکاران نەپرینگێتـەوە و بـۆ مانـەوەی دەسـەڵاتی نگریسـی خـۆی بـە هەمـوو هێـز و توانایـەوە ڕووبـەڕووی خەڵکـی وەزاڵەهاتـووی سەرشـەقام بـۆوە.

شـاری سـنەی خوێنـاوی، شـاری کۆڵنـەدان و وەسـتانەوە دژی داگیرکـەر، مەکـۆ و کانـگای بەرخـۆدان و بەرهەڵسـتی لـە ڕۆژهەڵاتـی نیشـتمان، هـەر لـە کۆنـەوە تـا ئێسـتا ئاخێزگـەی ڕاپەڕیـن و پشـکۆی بیـری نەتەوایەتـی بـووە.

خەڵکـی ئـەم شـارە بـە بیسـتنی شـەهیدکردنی ژینـا ئەمینـی، لێـی بـە خـاوەن دەرکەوتـن و وێکـڕا و بـە حەماسـەتێکی شۆڕشـگێڕانەوە ڕژانـە سـەر شـەقامەکانی سـنەی سـەربەرز  و ڕق و بیزاریـی خۆیـان دژ بـە سـتەمی

دەیـان سـاڵەی ملهـوڕان و داگیرکـەران دەربـڕی و دەنگـی ناڕەزایەتـی و بەرخۆدانیـان لـە جیهانـدا دەنگـی دایـەوە.
یەکێـک لـەو گەنجـە خوێنگەرمانـەی ئیـمان و بـاوەڕی کوردانـەی پۆڵاییـن و هــەردەم بیـری لای نیشـتیمانەکەی بـوو، شـەهید «**پەیـمان مینبـەری**» بـوو. شـەهید پەیـمان کـە سـاڵانێک بـوو هەسـتی بـە سـتەم و جیاکاریـی سیسـتماتیکی ئـەم ڕێژیمـە دژ بـە لاوان و ژنـان و کۆمەڵگاکـەی دەکـرد، بـە هەواڵـی شـەهید بوونـی ژینـا، وێـڕای هـاوڕێ و هاوتەمەنەکانی خـۆی، دێتە سـەر شـەقام و بـە ئازایەتیـی بێوێنـە و نواندنـی هەسـتی شۆڕشـگێڕانەی بـوو بـە پێشـڕەو و ڕێبـەری خەڵکـی ڕاپەڕیـو بـە دژی بێـدادی و سـتەمکاری.
 پەیـمان کـوڕی خاڵـە ئەیوب و دایە سـاحێبە، ڕۆژی ١٠ی پووشـپەڕی ١٣٧٦ی هەتـاوی، لـە گەڕەکـی حاجیـاوای سـنە لەدایـک بـوو. وێـڕای تێپەڕینـی تەمەنـی و هەوڵێکـی زۆر بـۆ ژیـان و داهاتوویەکـی گـەش و ڕوون، لـە زانسـتە ئەزموونییـەکان دا (علـوم تجربـی)، بڕوانامـەی دیپلـۆم وەردەگرێـت؛ بـەڵام کێشـە و ململانێـی ژیـان دەرفەتـی پـێ نـادات لـەوە زیاتـر درێـژە بـە خوێنـدن بـدات. ناچـار بـۆ بژێویـی ژیـان لـە پیشـەی کاریـی وەک نـەردەی ئیسـتیلکاریدا دەسـت بـە کار دەکات.
خەڵکــی کوردســتان لــە ســەرەتای شۆڕشــی گەلانــی ئێــران و خەباتــی چەکـداری گەلێـک سـەرفرازی دەگمـەن و زێڕینیـان بـۆ گەلـی کـورد تۆمـار کـردووە. بـەڵام گونـدی نییـەر و بنەماڵـەی مینبەریـەکان، مینبـەر و پەیـژەی هــەرە دیـاری بزووتنــەوەی ڕۆژهــەڵات و مێــژووی شۆڕشــیان لــە ڕاســانی شـار و شـاخ پێکهێنـاوە. لـەو گونـدەدا هـەر لـە سـەرەتاوە کـە منداڵێـک لەدایـک دەبـێ، یەکەمجـار بانگـی دێموکڕاتبـوون بـە گوێیـدا دەدەن. دایکان بـە ئەوینـی نیشـتمان فرچـک بـە ڕۆڵەکانیـان دەگـرن، ئـەوان ئـەو میراتـە

پیرۆزەیـان سـینگ بـە سـینگ پاراسـتووە و نـاو و دەنگیـان لـە گوێچکـەی مێـژوودا هەتاهەتایـە ئاوێتـەی نـەوە لـە دوای نەوەکانـی کوردسـتانە.

هـاوکات لەگـەڵ دەسـتپێکردنی سـەرهەڵدانی ژینـا، پەیمانیـش وەک لاوێکی خوێنگەرم و وڵاتپارێز هەسـت بە دەروەسـتی و بەرپرسـیارەتی دەکا و تیکەڵ بــە ئاپــۆڕای خەڵکــی ڕاپەڕیــو دەبــێ و وەســتانەوە و بەرەنگارەبوونــەوە دژی دڕندەتریــن ڕێژیمــی سـەردەم بـە مافـی خـۆی دەزانـێ و لـە ڕەوتـی سـەرهەڵدانەکاندا دەبێتـە پێشـەنگ و ڕێنوێنـی خۆپیشـاندەران و شـەقام چـۆڵ نـاکات.

بـەڵام ڕێژیمـی وەتەنگهاتـووی سـتەمکار بـۆ مانـەوەی خـۆی پەنـا بـۆ هـەر جینایەتێــک دژبــە خەڵکــی وەزاڵەهاتــووی کــورد دەبــا. لــە ڕۆژی ١٦ی سـەرماوەزدا دڵـی پـڕ لـە هیـوای شـەهید پەیـمان لـە شـەقامی وەکیلـی لەلایـەن کوردکوژانـی قیـن لـە دڵـەوە دەکرێتـە ئامانـج و بـە گولـلەی هێـزە تاریکپەرسـتەکانی ڕێژێـم دڵـی پـڕ لـە ئـاوات و خۆزیـای لـە لێـدان دەخـەن. هـەر بـەو جینایەتەشـەوە ناوەسـتنەوە و دەسـت بەسـەر تەرمـی پیرۆزیـدا دەگــرن و لــە نێوەشــەوێکی درەنــگان و لەژێــر چاودێریــی چــڕی هێــزە ئەمنیەتییەکانـی ڕێژێـم بەبـێ ئیزنـی بنەماڵەکـەی لـە گۆڕسـتانی بەهەشـتی محەممەدیـی ئـەو شـارە دەیخەنـە ئامێـزی پیـرۆزی نیشـتیمانەوە.

**ڕەنگە بتوانن کوردستان بسووتێنن**

**یان خۆ شار و گوندەکانمان**

**لە ناو خوێنا بخنکێنن**

**بەڵام خۆ هەرگیز ناتوانن،**

**نا،**

**ناتوانن کۆرپەی شۆڕش**

**لە ناو بێشکەی ئاورینی خەباتمانا**

**بڕفێنن!**

(جەلال مەلەکشا)

شـــەهید پەیمانـــی لاو ئاواتـــی زۆر بـــوو، ئـــەو دەیهەویســـت گەشـــە بـــە کارەکـەی بـدات تاکـوو بتوانێـت لەگـەڵ خۆشەویسـتەکەی کـە ماوەیەکـی زۆر بـوو بەڵێنیـان بـە یەکتری دابـوو و دەیـان خەونیـان بـۆ ژیانـی خۆیـان لــە چینەکانــی مێشــکیاندا چنیبــوو، لــە داهاتوویەکــی نزیکــدا ژیانــی هاوبــەش پێــک بێنێــت و هەمیشــە حــەزی دەکــرد نــاو و ناوبانگێــک بــۆ خــۆی دەســتەبەر بــکات و لــە دواڕۆژدا بــە باشــی یــادی لــێ بکرێتــەوە. بــەڵام بــە شــەهیدبوونی ژینـا پـڕ دەبێـت لـە ڕق و تووڕەیـی، تـا ئاسـتێک چەندیـن جـار دایکـی داوای لێـدەکات و پێـی دەڵێـت پەیـمان گیـان تـکات لـێ دەکـەم وریـای خـۆت بـە شـار شـلووقە و ئەوانـە ڕەحمیـان بـە کـەس دانایـە، لـە وڵام دا بـە دایکـی دەڵێـت: «**دایکـە گیـان ئەگـەر مـن نەچـم و ئـەو نەچێـت ئـەی کـێ بچێـت؟ ئەترسـی بکوژرێـم؟ دەچمـە دەرەوە بـۆ شـۆڕش بـۆ پاڵپشـتیی گەلەکـەم، پشـتی خەڵکەکـەم دەگـرم و تـا دوایـین دڵۆپـی خوێنـم پارێـزگاری لـە خەڵکەکـەم لـە وڵاتەکـەم و لـە شـارەکەم دەکـەم**».

پەیـمان تـا ڕادەیـەک دڵـی پـڕ لـە هیـوا و بـە داهاتـوو گەشـبین بـوو کـە ئـەو ڕۆژەی تێیـدا شـەهید بـوو بـە جوانتریـن «**شـەممەی مێـژوو**»ی نـاو بردبـوو». لـە سـەر لاپـەڕەی ئینسـتاگرامەکەی خۆیـدا نووسـیبووی: «**ئەمـڕۆ دەبێتـە باشـترین شـەممەی مێـژوو**».

**«هەڵوێست دەگرین**

**دووکان و بازاڕ دادەخەین**

**ئەسڵەن بە وتەی ئەوان، ئیغتشاش دەکەین**

**دەیڕووخێنین،**

**کەسێک بیهەوێ سەر ڕێگەمان لێ بگرێت ڕووبەڕووی دەوەستینەوە.**

**قەینا با بریندار بین شەهید بکرێین.**

**ئێمەش شەقامەکانی شاریان لێ دەکەین بە جەهەنەم، هەتا ئازادیی تەواوی خەڵکەکەم و بنەماڵەکەم و شارەکەم درێژەی ئەدەم».**

شەهید پەیمانیش بە خەونەکانی نەگەیشت، بەڵام ناوی شەهید پەیمان ناوبانگی دەرکرد و بۆ هەمیشە لە نێو دڵی خەڵک و شار و نیشتیمانەکەیدا دەمێنێتەوە و بە خۆشەویستی و ڕێزەوە یادی لێ دەکرێتەوە و ئەویش میداڵی قارەمانییەتیی مێژووی پێ بڕا.



## شەهید کوبڕا شێخە (دایکی نیشتمان)

لەیلا قادری

مێــژووی ئێــران ئاوڕدانەوەیەکــی کورتــی بەســە بــۆ ئــەوەی زۆر بــە زەقــی جیاوازیــی ژنــی کــورد لەگــەڵ ژنــی نەتەوەکانــی دیکــەی ئــەم وڵاتــەی تێــدا ببینــی. بەشــداریکردنی ژنــی کــورد لــە شــۆڕش و بەرخــۆدان، پێشــمەرگایەتی، پاراســتنی خــاک و نیشــتمان، بەڕێوەبردنــی مــاڵ و خێــزان و گرینگــتر لەمانــە ڕۆڵــی لــە پاراســتنی زمانــی کوردیــدا بەرچــاو و شــوێندانەر بــووە.

ژنــی کــورد وەک نیــوەی کۆمەڵــگا، لــە گشــت هەروەزێکــی جووتیــاری و ئیــداری و ژیانــی خێزانــی و شۆڕشــەکانی مێــژووی کــۆن و نــوێ، لاپــەڕەی مێژوویــان نەخشــاندووە و بــە دەیــان و ســەدان هەڵکەوتــە و بژاردەیــان لــە هەمــوو بوارەکانــی ئەدەبــی، هونــەری و تەنانــەت بزووتنــەوەی خەباتــی چەکداریــش بەرچــاو دەکەوێــت.

یەکێــک لــەم ژنــە ئــازا و بوێــر و چاونەترســانەی قارەمانانــە لــە شۆڕشــی ژینــادا هاتــە مەیــدان، شــەهید کوبــڕا شــێخەیە.

ڕۆمانــی ژیانــی ئــەم شــێرەژنە کــوردە مانایەکــی تایبەتــی بــە شۆڕشــی **«ژن ژیــان ئــازادی»** و شــکۆی گــەل بەخشــی.

خاتــوو کوبــڕا شــێخە پێیوابــوو بــۆ ســەرکەوتنی شــۆڕش دوو ڕێگامــان لەپێشــە، یــا دەبێــت بچیتــە ڕیــزی جەمــاوەری ڕاپەڕیــو و یــان بــوار و

بەستێنی شـۆڕش بـۆ ڕاپەڕیـوان ئاسـان بکەیـن و یارمەتیدەریـان بیـن. ئەمـە بـاوەڕی دایـە کوبـڕا بـوو، ئاخـر بـۆ خـۆی دایکـی دوو کـوڕ و دوو کچـی لاو، بـە ناوەکانـی سـیامەند، تەنیـا، سـیاوەش و سـەبری بـوو.

دایـە کوبـڕا لـەو دایکـە نموونانـە بـوو هەمـوو تەمەنی لـە پێنـاو بەختەوەری و سـەرفرازی منداڵەکانـی دانـا و هەمـوو چرکەسـاتی ژیانـی چاوەڕوانـی وەدیهاتنـی ئاواتەکانیـان بـوو. دایـە کوبـڕا ڕوانینـی بـۆ دونیـا زۆر بەریـن بـوو، لـەو دایکانـە بـوو چ ئـاوات و خۆزیایەکـی بـۆ منداڵانـی خـۆی هەبوو، هەمانیشـی بـۆ لاوانـی نیشـتمان دەخواسـت. بۆیـە بەکـردەوە چـووە ڕیـزی جەمـاوەری ڕاپەڕیـو و لـە ڕاپەڕینـی جەماوەریـی مهابـاددا بەشـداری کـرد.

دایــە کوبــڕای دایکــی نیشــتمان نەیدەتوانــی وەک هێندێــک کــەس کەمتەرخـەم بێـت و لـە دوورەوە سـەیری ڕووداوەکان بـکات. ئەو هەمیشـە لـە پرسـە نەتەوایەتییەکانـدا هەسـتی بـە بەرپرسـیارێتی دەکـرد و هەرگیـز نەیویســت دەســتەوئەژنۆ دانیشــێت و زۆر بــاش دەرکــی بــەو ڕاســتییە مێژوویــە کردبــوو کــە تەنیــا ئەرکــی لاوەکان نییــە گــڕی شــۆڕش خــۆش بکـەن و پێویسـتە دایـکان و باوکانیـش بـەدڵ و گیـان وێـڕای لاوان چالاکانـە لــەم شۆڕشــەدا بەشــدار بــن. ئــەو ئــەم یەکگرتوویــەی بــە ســەرەکیترین فاکتــەری ڕابــوون و شــۆڕشــی ژینــا دەزانــی.

**ئەی کاروانی سەوزی سینگ‌ئاڵ**

**ژنێک بەڕێوەیە، خوێنی بۆنی گڵ و خۆڵەکەی نیشتمانەکەتان دەدات**

**بەهارێــک لەملــی دایــە، بەهارێــک بەچەشــنی خۆیەتــی، بەهارێــک لەخوێنــی ژن**

**ئەوە کوبڕایە شەنگەژنێک لەتیرەی کوردان**

**ئاوەدانی ماڵی مێهرەبانییە، ئەی کاروانی نەوەستاو**
**پێشــڕەوێک بەڕێوەیــە، چــاوی چــاوی تۆڵەیــە و هەنــگاوی هەنــگاوی تۆڵەیــە و بــاڵای بــاڵای تۆڵەیــە**
**شەفەقە و زوخمی سەر بەژنی ئاسۆ دەتاوێنێ**
**هەوری ئاسمانی ئەڤینە و گوڵ و ئازادی دەبارێنێ**
**ئــەو مانگــە، مانــگ، هێورهێــور زەریــای بێئۆقــرەی دڵــی ماڵێــک، دڵــی شــارێک، دڵــی وڵاتێــک بــە بەنــدەری چاوانــی خــۆی دەلاوێنــێ،**
**ئاورینگــی دەمــەو بەیانــی ئازادییــە و چــڵ و بەرگــی درەختێکــە بــە نــاوی کوردســتان**
**ئەو کوبڕایە و کڕنۆش ناناسێت،**
**وەکوو سەنگەر ڕاوەستاوە و بەپێوە گیان دەسپێرێت**
**مەرگــی ئــەو ســەرەتای نەمــری خۆیەتــی و کۆتایــی ئــەو کۆتایــی کوردســتانە !**
**ئەو کوبڕایە کڕنۆش ناناسێت، ئەو کوردستانە و چەمین نازانێت!**

(پارتیزان)

دایــە کوبــڕا لەناخــی دڵــەوە وەک نیشــتمان بــێ جیــاوازی خــۆی بــە دایکــی هەمــووان دەزانــی. باســی شــێرەژنێک دەکەیــن لــە ٣ی پووشــپەڕی ١٣٤٨ی هەتــاوی لــە گونــدی دێیمــەلای ســەر بــە شــاری میانــدواو لەدایــک بــووە. لــە تەمەنــی منداڵییــەوە بــە لەدەســتدان و کۆچیدوایــی نــاوادەی دایــک و بابــی، لــە ســێبەر و نازیــان بێبــەش دەبێــت و ئاســۆی خەونەکانــی لــێ لێــڵ دەبێــت و بەناچــاری بــەردەوام هەوڵ دەدات لــە ئاوێنــەی بیرەوەرییەکانیاندا لــە دوورەدیمــەن و تراویلکــەی ئاواتەکانــی خــۆی بڕوانێــت. پێکهێنانــی

ژیانــی خێزانــی شــەهید کوبــڕا لــە تەمەنــی ســێزدە ســاڵیدا لەگــەڵ کاک واحیـد سـوڵتانی ئـەرک و بەرپرسـیارەتی زۆر زیاتـری دەخاتـە سـەر شـانی. ڕۆژی ٥ی خەزەڵــوەری ســاڵی ١٤٠١ی هەتــاوی، لــە گۆڕســتانی مەهابــاد کیژۆڵەیەکـی ژیـر لـە نێـو ئاپـۆڕای جەمـاوەری تاسـەباردا جامانەیەکـی لـە ملــی هاڵانــدووە، چەپکێــک گوڵــی ســووری بەدەســتەوەیە و بــە شــایەتی حەشـیمەتێکی دڵ پـڕ لـە ژان و ڕقـی پیـرۆز دەنـگ هەڵدەبڕێـت و دەڵێـت؛ **«هەرگیــز ئــەو کەســە نابەخشــم ســمکۆی بابمــی شــەهید کــرد»**. ئاپـۆڕای جەمــاوەری تۆڵەئەســتێن لــە کاتــی گەڕانەوەیــان بــەرەو شــار بــەردەوام ڕووی لـە زیادبوونـە، شـار و شـەقام ئوقرەیـان نەمـاوە، ڕاسـان و ڕابـوون لـە هەمــوو کووچــە و کۆڵانەکانــی مەلاجامــی وەک ڕۆژانــی جێژنــی کۆمــاری کورســتان و چوارچــرا تــا دێــت بــە گۆڕتــر دەبێــت.

**«لە گیاندانا دەگوڕێنم بژی هەر کورد و کوردستان**
**بە گوللەی دوژمنانی گەل دڵیشم بێتە ڕاوەستان»**.

ئـەم شـێعرەی هێمـن موکریانـی لـەو کاتـە هەسـتیار و چاوەڕواننەکـراوەدا وەک ئیلهامێـک لـە نـاخ و زەینـی خاتـوو کوبـڕا دەپشـکوێت و وەک بڵێـی لـەدوا چرکەکانـی ژیانیـدا دەبنـە وێـردی سـەر زمانـی ڕێـک لـەو کاتـەی کـە لــە پێــش دەرگای ماڵەکەیــان و بــە بەرچــاوی جگەرگۆشــەکەیەوە لەنــاکاو تیــری گوللــەی دوژمــن دەیئەنگێوێــت و لەیــەک چرکــەدا لــە دوانیــگا و ماڵاوایـی ڕازی بەردەوامیـی شـۆڕشـی ژینـای بـە چـاوە پـڕ لـە حەسرەتەکانـی کوڕەکـەی دەسـپێرێت، بـۆ ئـەوەی ئـەو ڕاپەڕینـە تـا سـەر بـەردەوام بێـت و دواتــر ئــەم دێڕانــە لەســەر کێلــی گڵکۆکــەی بنووســن:

**«دایە گیان مژدە بێ لێت، دایکی بەرزی نیشتمان**
**من شەهیدم، من شەهیدی شۆڕشی ژینام**

**شایی ئازادی دەگێڕین خۆ لە گۆڕیشا**
**ڕۆڵەکانت دەس لە دەست و شان لە شانم»**

بەکرێگیراوانـی ڕێژیـم دوای شـەهیدبوونی خاتـوو کوبـڕا واز لـە بنەماڵەکەیـان ناهێنـن. بەوتـەی سـەرچاوەیەکی ئـاگادار هـەر ئـەو شـەوە داوی شـەهیدبوونی خاتـوو کوبـڕا، لەلایـەن هێزەکانـی ئیتلاعاتـی ڕێژیمـەوە پێوەنـدی بـە کاک واحیـد هاوسـەری شـەهید دەکـەن و دەڵێـن دەبـێ لـە گرتـە ڤیدیۆیەکـدا بـۆ خەڵکـی ڕوون کەیـەوە و بڵێـی ماشـێنێکی بێپـلاک و ناشـناس بـە بـەر درگای ئێمـەدا هاتووە و بە گولـلە لـە هاوژینەکەمـی داوە، لـە وەڵامـدا پێیـان دەڵـێ مـن بـە چـاوی خـۆم لـە سـەر باڵکۆنەکـەوە دیتـم کـە هێزەکانـی ئێـوە کـۆڵان و ماڵـی ئێمەیـان وەبـەر ڕەگبـاری گولـلەدا و بـاش دەزانـم بکوژانـی هاوژینەکـەم کێـن!

ئـەم سـەرچاوەیە لـە درێـژەدا دەڵـێ؛ سـەرەڕای چەنـد مانـگ لـە تێپەڕبوونـی شـەهیدبوونی خاتـوو کوبـڕا، بنەماڵەکـەی هێشـتاش لەژێـر گوشـاری ناوەندەکانـی ڕێژیـم دان و تـا ئێسـتا لەلایـەن فەرمانـداری شـاری مەهابـاد و هێزەکانـی ئیتلاعاتـەوە چەندیـن جـار پێوەندییـان بـە کاک واحیـدی هاوسـەرییەوە گرتـووە و پێشـنیاریان پێـداون کـە دەبـێ بەڵگـە بێنـن و نـاوی وەک شـەهیدی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران تۆمـار بکـەن و بڵێـن بـە دەسـتی کەسـانی نەنـاسراو کـوژراوە، بـەڵام ناوبـراو ئـەو داوایـەی تـەواو ڕەتکردۆتـەوە و بـەوەش دەسـبەردار نەبـوون و دەنگوڕەنگـی کۆمـاری ئیسـلامی لـە ورمـێ بەبـێ ئاگادرکردنـەوە لەگـەڵ دادسـتانی مەهابـاد و چەنـد کەسـی دیکـە سـەردانی ماڵـی کاک واحیـد سـوڵتانی دەکـەن و لـە ماڵەکەیـان فیلـم هەڵدەگرنـەوە و لەگـەڵ کاک واحیـد وتووێـژ دەکـەن و دیسـان داوای لێدەکـەن کـە شـەهیدەکەیان وەک شـەهیدی

حکومـەت نێونووسـی بکـەن و پێشـنیاری پـارەی پـێ دەدەن بـەڵام ناچێتـە ژێربـاری ئـەو داوا قێزەونەیـان و ئازایانـە دەڵـێ خوێنـی هاوژینەکـەم و دایکـی مناڵەکانـم بـە پـارە نافرۆشـم و ئـەو شـەهیدی کوردسـتانە و پێیـان دەڵـێ وەڵامـی خۆپێشـاندەران گولـلە نییـە و نابـێ بـە گولـلە و قەنـاس جوابیـان بدرێتـەوە، بـەڵام لەکاتـی بڵاوکردنـەوەدا ئـەو قسـانەی ناوبـراو لـە دەنگوڕەنگـی ورمـێ، کـە باسـی چۆنییەتـی شـەهیدبوونی هاوژینەکـەی دەکا کـە دەڵـێ بـە چـاوی خـۆم دیتـم هێزەکانـی ئێـوە بـە گولـلە لێیانـدا، سانسـۆڕ دەکـەن.



## شەهید فواد قەدیمی

ناسر سادقی

ئەگەر بە پێوەر و لێکدانەوەی قسەی نەیار و خەنیمان بوایە، ئاگری بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات، زۆر لەمێژ بوو دامرکابۆوە، ڕۆژی ٢٦ ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی، ڕۆژێکی دیار و خاڵێکی وەرچەرخانە لە بزاڤ و ڕاپەڕینی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئاستی پێگەیشتوویی سیاسیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵام لەهەمان کاتیشدا پەڵەیەکی ڕەشە بە تەوێڵی دەسەڵاتی فاشیستی تارانەوە. بزووتنەوەی ژینا یان هەمان شۆڕشی «ژن ژیان ئازادی» سەرەتایەکی بێوێنە بوو لە دەربڕینی نارەزایەتیی مەدەنی و کۆمەڵایەتیی سەردەمیانە. دەسپێکی ئەو بزووتنەوەیە لە ڕۆژی ٢٦ی خەرمانان، بە بەشداریی هەزاران کەس لە گۆڕستانی ئایچیی شاری سەقز و دژی شەهید کرانی ژینا چەخماخەی لێدرا؛ هەوێنی ئەم ڕاپەڕینە بوو بە هێمای بەرگری لە شوناسی نەتەوەیی و سەلمێنەری هێزی بەهێزی گەل دژی تاوانبارانی ڕێژیم و داکۆکی لە خوێنی بەنارەوا ڕژاوی ئەو کیژەی نیشتمان.

بەمجۆرە بڵێسەی ئاگری ئەو شۆڕشە هەموو ڕۆژهەڵاتی نیشتمانی تەنییەوە و بوو بە بزوێنەر و داینەمۆی سەرهەڵدانی سەراسەری لە کوردستان و بەخێرایی لە جیهانیش دەنگی دایەوە و کاردانەوەی گشت

ناوەندەکانـی مافـی مـرۆڤ و ناوەنـدە نێودەوڵەتییەکانـی لێکەوتـەوە.

بیـری نەتەوایەتـی و هەوێنـی ڕوحـی نیشـتمانخوازی زۆر کەسـی لـە شـارەکانی دوور و نزیـک بـۆ بەشـداری لـە پرسـە و بەخاکسـپاردنی ژینـا ئەمینـی کێشـایە گۆڕسـتانی ئایچیـی سـەقز، کـە بەناحـەق و بـێ هیـچ تاوانێـک بـە دەسـتی پۆلیسـە دڵڕەشـەکانی تـاران شـەهید کـرا.

فـواد قەدیمـی یـەک لـەو مرۆڤـە جوامێـر و خـاوەن هەڵوێسـتانەی شـاری دیوانـدەرە بـوو کـە لـەو ڕۆژە مێژووییـەدا تێکـەڵ بـە شـەپۆلی ئـەو خورۆشـانە بـوو. هـەر ئـەم بەشـداریکردنەش بـوو کـە بـووە هـۆی ئەوەیکـە نەمـر فـواد قەدیمـی پەیامـی ڕابـوون و مەشـغەڵی هەڵگیرسـانی شـۆڕش بگەیەنێتـە شـەقامەکانی دیوانـدەرە و لەڕاسـتیدا بـوو بـە سەرچۆپیکێشـی گـەڕی دیلانـی ئـازادی.

فـواد لـە ڕێکەوتـی ١ی ڕەشـەمەی سـاڵی ١٣٦١ی هەتاوی لەگەڵ پشـکووتنی یەکـەم گەزیـزەی زۆزانـی ڕازاوەی چیاکانـی دیوانـدەرە چـاوی بـە سروشـت کرایـەوە. نـاوی بابـی کاک عەبدوڵـڵا و دایکـی هەدیقـە خاتـوون و خوشـک و براکانـی فاتمـە و لوقـمان و دڵشـاد و ئومێـدە.

فـواد قەدیمـی دوای تەواوکردنـی خوێندنـی سـەرەتایی بەهـۆی بارگرانیـی خراپـی ئابووریـی ژیـان، ناچـار واز لـە قوتابخانـە دێنـێ و ڕوو لـە پیشـەی خەیاتـی دەکات، بـەڵام دواتـر لـە سـاڵی ١٣٨١ی هەتـاوی بـە یارمەتـی بابـی دووکانـی ئووتووبوخـار (خشکشـویی) دەکاتـەوە و زۆر لـە کارەکەیـدا شـارەزا دەردەکـەوێ.

تابلـۆی «**جەوانـان**» لـە سـەر دەرانـەی دەرگای دووکانەکـەی ناوێکـی دیـار و هێـمای نوێخـوازی بـوو بـۆ شـار و شـەقامی دیوانـدەرە. فـواد لـە تەمەنـی ٢١ سـاڵیدا وەک کەسێکی کۆمەڵایەتـی و ئاکارجـوان و ڕووخـۆش

لەگـەڵ خاتـوو ژیـلا کۆشـکی ژیانیـان لەسـەر بنەمـای ئەویـن و تەبایـی بـۆ پـەروەردەی کـوڕە ژیـر و شـیرینەکانیان واتـە کیانـی تەمـەن ١٧ سـاڵان و کاوانـی ٩ سـاڵ ڕۆنـا بـوو.

فـواد قەدیمـی زۆر کات بـۆ سـەیران و حەسـانەوە وێـڕای بنەماڵـە خنجیلانەکـەی ڕووی لـە کوێسـتانە دڵڕفێن و شـاخە دڵگیرەکانی کوردسـتانی دەکـرد و هۆگرییەکـی زۆری بـە شـاخەوانی و یـاری تۆپیپـێ هەبـوو. شـەهید فـواد زۆر تامـەزرۆی ئـەوە بـوو کـە کیانـی کـوڕی ببێتـە یاریزانێکـی نـاوداری یانـەی میللـی ئیسـتقلال و ببێتـە مایـەی شـانازی بـۆ گەلەکـەی و شـاری دیوانـدەرە؛ هـەر بۆیـە هەمـوو کات هانـی دەدا و پاڵپشـتی کیانـی دەکـرد هەتـا لـە ڕشـتەی تۆپیپـێ لـە تـاران درێـژە بـە چالاکـی بـدات.

فـواد ڕۆژی ٢٨ی خەرمانانـی سـاڵی ١٤٠١ی هەتـاوی، وێـڕای هـەزاران کـەس لـە خەڵکـی وەزاڵەهاتـووی دیوانـدەرە بـۆ داکۆکـی و خاوەندارێتـی لـە خوێـن و خەباتـی ڕۆڵەکانیـان ڕژانـە شـەقامەکانی شـار و لـە ڕەوتـی ڕابوونـی بزووتنـەوەی ژن ژیـان ئـازادی، مەشـخەڵی گڕیـان بەتینـتر کـرد. فـواد قەدیمـی وەک لیدێـر و ڕێبـەری ڕیـزی پێشـەوەی ئـەو ڕێپێـوان و سـەرهەڵدانە کەسـێکی دیـار و لەبەرچـاو بـوو. جەنایەتکارانـی ڕێژیمـی ئاخونـدی و بەکرێگیراوانـی کۆنەپەرسـت کـە هیچـکات چاویـان بـە ڕێپێوانی مەدەنـی و ئاشـتەوایی لـە شـەقام و شـار ڕانەهاتـووە، بـۆ بەلاڕێدابردنـی ئـەو بزووتنـەوە جەماوەرییـە گازی فرمێسـکڕێژ و سـاچمە و گوللەیـان بەسـەر ئاپـۆڕای خەڵکـدا ڕژانـد و بوونـە هـۆکاری شـەهیدبوونی موحسـێن محەممـەدی و بـاڵای فـواد قەدیمیـان ئەنـگاوت و ئـەو مرۆڤـە شۆڕشـگێڕ و دڵ بەئاواتـە کەوتـە بـەر تیـری ناحـەزان و پێکـرا و شـەلاڵی خوێـن بـوو. بەداخـەوە برینەکـەی شـەهید فـواد قـووڵ و کاری بـوو و بەهـۆی سـەختی

برینەکـەی دەیگوازنـەوە بـۆ نەخۆشـخانەی دیوانـدەرە، مخابـن بەکرێگیراوان و خێڵـی جەنایەتکارانـی ڕێژیـم ڕێگـری لـە پێڕاگەیشـتن و بەهاناوەچوونـی دەکـەن. بـە پێداگریـی بنەماڵەکـەی دیگوازنـەوە بـۆ نەخۆشـخانەی کەوسـەر لە شـاری سـنە، بـەڵام بەداخەوە لەوێـش زەبروزەنگـی زاڵمان بەسـەر دوکتور و پێرسـونێلی نەخۆشـخانەدا زاڵ دەبـێ و ناهێڵـن پێڕاگەیشـتنی تـەواوی بـۆ بکـرێ. دوای دوو ڕۆژ مانــەوەی فــواد قەدیمــی لــە بەشــی چاوەدێریــی چـڕی نەخۆشـخانەی سـنە، کاتژمێـر ٤ی بەرەبەیانـی ڕۆژی ٣٠ی خەرمانانـی ١٤٠١ی هەتـاوی لەگـەڵ دەرکەوتنـی گزینگـی بەرەبەیـان دوا چـرۆی ئـاوات و خەونەکانــی ئاوێتــەی ڕاســانی شــەقام و ڕابوونــی ڕۆژهــەڵات دەبــێ.

**کانیی خوێنم تازە کوێر نابێتەوە**
**بەردەوام دەژییێتەوە و دەژییێتەوە**
**زاری سەرچاوەی سروودی جوانییە**
**باسی ژینە کوتنەکەی، دەیڵێتەوە**
**تا دەخنکێ هەر لەکوڵدا و هەڵدەچێ**
**بێوچان دەکوڵێت و هەر دەکوڵێتەوە**
**زۆر مەنازە تۆ بەبیری شەختەییت**
**گەرمە خوێنی من هەمووی دەتوێتەوە**
**خوێنەکەم بۆ ژین لە جۆشەو ناسرەوێ**
**هەر کفارەی دێ چلۆن دەبڕێتەوە!**
**ساڵەهایە بین لە خوێنی دڵ دەدەی**
**ئەو هەمووە خوێنە چلۆن دەخورێتەوە؟**
**خوێنەکەم ڕۆژێ دەبێنە چۆمی ڕق**

## ئاسەواری تۆ لە ژین دەسڕێتەوە

(سەربازی ون)

ناوی شەهید فواد بوو بە وێردی سەر زار و زمانی خزم و خێش و، ئاواتەکانی بە گوڕوتینی خۆری «ژن ژیان ئازادی» سپارد و وێڕای موحسین محەممەدی بوونە یەکەمین شەهیدانی شاری دیواندەرە و جەنگاوەرانی ڕۆژهەلات. بەڵام لەو پاییزەوە تەمی خەمێکی قووڵ ئاوێتەی بیرەوەرییەکانی کاوانی کوڕی شەهید فواد قەدیمی بوون و کاوان گەڵای دارستانی وەرزی پاییزی بە ڕەنگی خوێنی شەهیدان شوبهاند و لەناو پۆلی قوتابخانە دەقی ئینشاکەی بوو بە یادێکی تاڵ کە هەرگیز لەیاد ناچێتەوە کە دەڵێ: «**من چیتر وەرزی پاییزم خۆش ناوێ، چونکە لەسەرەتای ئەم پاییزە بابم لەدەست دا و گەڵای دارەکان وەک خوێنی بابم و شەهیدان سوور داگەڕان و ئاواتەخوازم هیچ پاییزێک بە جێگای گەڵای دارەکان ئینسانەکان هەڵنەوەرن**».



# شەهید تەحسین میری

ناسر سادقی

**مێـژوو دەڵـێ: سـەدان کـەڕەت گۆڕەپانـی منیـان کـردە جەهەننـەم و وڵاتێکیـان تیـا هەڵقرچـان بـەڵام هەرگیـز نەیانتوانـی دوو دیـاردە لـە سـەر سـینگم بسـڕنەوە یەکیـان کـورد و ئـەوی تریـان وشـەی پیـرۆزی کوردسـتان.**

کۆڵنـەدان و بەرەنگاریـی کـورد لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، دژی پاوانخـوازان و داگیرکـەران لـە هیـچ سـەردەم و قۆناغێـک نەوەسـتاوە، دێکۆمێنـت و دەسـتنووس و بەڵگـە زۆرن بـۆ سـەلماندنی ڕاسـتییەکان و بەرهـەق بوونـی بزاڤـی ڕزگاریخـوازی ئـەو مەڵبەنـدە لـە نیشـتمانی کـوردان. لـەم نێوانـەدا مێـژووی حـەوت قـەڵا و قـەڵای ناوەندیـی شـاری جوانـڕۆ بـە دەیـان حەماسـە و دلێـری و ڕابـوون و ڕاوەدوونانـی دوژمنانـی لـە سـینگ و ئاسـەوارە مێژووییەکانیـدا حەشـار داوە.

بیـر و ئەندێشـەی نـاوداران و باوەڕمەندانـی ئایینـی و عارفـان لـە زەینـی زەمـەن ناسـڕێتەوە؛ شـاری جوانـڕۆ و دەوروبـەری لەمبارەیـەوە خاوەنـی ناوێکـی دیـار و لـە هەمـان کاتـدا ناوچەیەکـی خـاوەن شارستانەتیشـە.

شـاری جوانـڕۆ لـە مێـژوودا مەکـۆ و مەڵبەنـدی زۆر مامۆسـتای هەڵکەوتە و زانـای ئایینـی و نیشـتمانخواز بـووە. ڕۆڵـی بەرچـاوی مامۆسـتایان لـە ڕاپەڕیـن و بزووتنـەوەی ١٤٠١ی هەتـاوی، دژی دەسـەڵاتی فاشیسـتی

مەزهەبـی و ناوەندیـی ئیـران، سـەلمێنەری ئـەو ڕاسـتییەیە کـە ئـەوان لـە هەمـوو کاتێـک  ئاوێتـەی بەیەکـەوە ژیانـی نەتـەوەی خۆیانـن.

تەحسـین میـری کـوڕی خاڵـۆ ئەمیـن و دایـە سـەروناز لـە ڕۆژی ٨ی بەفرانبـاری سـاڵی ١٣٥٦ی هەتـاوی، لـە ئاوایـی بیـون (بیونـد) سـەر بـە شـاری جوانـڕۆ لـە پارێـزگای کرماشـان لەدایـک بـووە.

تەحسـین و بنەماڵەکـەی دواتـر بـەرەو جوانـڕۆ کـۆچ دەکـەن. مخابـن تەحسـینیش هاوشـێوەی زۆربـەی منداڵانـی ئـەو ناوچەیـە بـە هـۆی ناکارامەیـی دەسـەڵاتەکانی پەهلـەوی و سیسـتمی هەڵاواردنـی ڕێژیمـی جیاوازیخـوازی مەزهەبیـی ئێـران، هەتـا قۆناغی سـەرەتایی هـەل و دەرفەتی خوێندنـی بـۆ ڕەخسـا. تەحسین ناچـار بـوو بـۆ دابینکردنـی بژێـوی ژیـان و یارمەتـی ئابـووری بنەماڵـە زۆر زوو واز لـە خوێنـدن و قوتابخانـە بێنێـت و لـە تەمەنـی مێرمنداڵییـەوە  ئـەرک و بەرپرسـیارەتی  وەئەسـتۆ بگـرێ.

تەحسـین میـری لـە ژیانـی هاوبەشـیدا مرۆڤێکـی ژیاندۆسـت و ئاشـقی بنەماڵەکـەی بـوو، تەحسـین لـە هەمـوو وەرزەکانـی سـاڵ و ڕۆژە تـووش و سـەخڵەتەکان لەکاتـی بـا و بـۆران و کڕێـوە و تـەزووی زریان و بەندوبەستی بـاران و تاووتینـی  هاویـن، لـە توولـە ڕێ و هـەورازەکان بـە کۆڵـێ بـاری گرانـەوە وەسـەر دەکـەوت و دەیـان هـەوراز و نشـێوی ئەسـتەمی لەگـەڵ هەواڵەکانـی دەبـڕی و لـە سـنووره تەلبەنـد و مینڕێژکراوەکانـدا دەربـاز دەبـوو.

تەحسـین میـری، زۆر جـاران لـە بۆسـەی مـەرگ و ژیـان لـە پێنـاو نانێکـی سـەربەرزانە و ژیانـی ئابڕوومەندانـە، گـرەوی لـە تاریکـی و ڕنـوە بەفـر و گابـەردە خزیـوەکان دەبـردەوە هەتـا لـە کـۆڕی بنەماڵەکـەی سـاتێک بـە ئاسـوودەیی لـە گـەڵ خاتـوو پڕشـنگ بەهرامـی، هاوژینـی وەفـاداری  و

کچە نازدارەکانی ئێلینا، ئێلیسا و شەکیلا و کوڕە شیرینەکانی ئێحسان و ئەشکان بحەسێنەوە.

سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا، یان ژن ژیان ئازادی بەزوویی جوانڕۆشی گرتەوە و بووە ڕێگا و ڕێچکەیەکی نوێ بۆ دەربڕین و داوا ڕەواکانی خەڵکی جوانڕۆ و کۆی جەماوەری ڕۆژهەڵات. بەڵام بە داخەوە ڕێژیمی داسەپاو بۆ بەلاڕێدابردنی ئەو بزووتنەوە مەدەنی و جەماوەرییە وەک ئاکاری ٤٤ ساڵەی دەسەڵاتی خۆی بە زەبری هێزی نیزامی و نواندنی توندوتیژی وڵامی داخوازییەکانی خەڵکی دایەوە و شەقامی کردە گۆڕەپانی تاقیکردنەوەی هەموو جۆرە چەکێکی قورسی نیزامی و ماشێنی کوشتاری دژی خەڵکی دلێری جوانڕۆ وەگەڕ خست. بەڵام تەحسین میری و هەزارانی وەک ئەو کە بەهۆی دارمانی سیستمی ئابووری و قەیرانی کار و ژێرخانی وێرانی ئەو نیشتمانە ساڵهای ساڵ ڕێگای پڕ لە مەترسی و دژواری سنووریان بۆ کۆڵبەری دەگرتەبەر، لەئاست ئەو هەمووە نایەکسانی و جیاوازییە بێدەنگ نەبوون.

**هەر من ناڵێم خۆریش دەڵێ: ئەم شەوگارە دەبڕێتەوە، سپێدە دێ و تاریکایی دەسڕێتەوە.**

ڕۆژێ دووشەممە ٣٠ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی، شەقامەکانی جوانڕۆ سەر لەنوێ خورۆشان و وێڕای پشتیوانی و هاوخەمیی جەماوەری گوندەکانی دەوروبەر کاتێک تەرمی بەهادین وەیسی و عیرفان کاکەییان بەخاک دەسپارد کە ڕۆژی ٢٩ی خەزەڵوەر بە تەقەی گوللەی چەکدارانی خۆفرۆش و پاسدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە شەهید کرابوون. سەرلەنوێ بە هەموو هێز و کەرەستەی نیزامییەوە بە شەقام و کۆڵانەکاندا وەربوون و بۆ سەرکوتی خەڵکی شاری جوانڕۆ بەوپەڕی

دڕندەییەوە، چەکی قورس و نیوەقورسیان بەکارهێنا و چەندین کەسیان شەهید و سەدان کەسیان بریندار و دەسبەسەر کرد. کە لەو پەلامارە دڕندانەیەدا تەحسین میری و چوار لاوی دیکەی نیشتمان بە ناوەکانی ئیسماعیل گوڵعەنبەر، مەسعوود تەیمووری، جەوهەر فەتاحی، جەماڵ ئەعزەمی شەهید بوون و بە دەیان کەسی دیکەیان بریندار کرد. بەمجۆرە کوردکوژان سەلماندیان ئەوان هەمووکات دژی زمانی دیالۆگ و مەنتق و ئاشتین.

**سنوورەکان بشێوێنن**
**من تامەزرۆی بۆن و تامی نیشتمانم**
**چۆن هەنگ شەیدای گوڵەباخە**
**من دڵداری کوردستانم!**
**من ئەزانم، بەفر بۆ خوێن**
**چۆن باوەشی ئەکاتەوە**
**دار بەڕووەکان بە کام تاوان ئەسووتێنن**
**من ئەزانم**
**مرۆڤ لەگەڵ بیری مەرگا چلۆن ئەژی**
**پڵەنگ ئاوی ڕق و کینە**
**لە کام کانی ئەخواتەوە!**
**من ئەزانم**
**تینووەکان چۆن**
**مەمکەی چیا ئەچەکێنن**
**کوێستان چۆن خوێن لە ڕوخساری ئەسڕێتەوە**

**دڵدارەکان بە کام وشە دێنە بەیان**
**تفەنگ بە کام دەنگ و زمان**
**سیاچەمانەی کوردەواری ئەچڕێتەوە!**
**من دڵداری کوردستانم!**

(جەلال مەلەکشا)

لـەو ڕۆژەوە وا بنەماڵـەی ماتەمبـاری شـەهید تەحسـین و جەمـاوەری دڵسـۆزی جوانـڕۆ ئـەو شـەهیدە سـەربەرزەیان لـە گۆڕسـتانی حاجـی ئیبراهیـم، بـە خاکـی پیـرۆزی نیشـتمان سـپارد. وێنـە و ڤیدیۆکانـی ئـەو شـەهیدە لـە گـەڕی دیـلان و شـایی لەگـەڵ هـاوڕێ کۆڵبەرەکانـی لـە بەرزاییەکانـی چیـای شـاهۆ لـە میدیـا و دونیـای مەجازیـدا سـەرنجی هـەزاران کەسـی ڕاکێشـا، ژیانـی هەڵۆئاسـای بـوو بـە هێـما لـە بزووتنـەوەی ژینـا و بـزەی تێکـەڵ ئـەو ئاگـرە بـوو کـە لـە چیـا و دۆڵـە دوورەدەسـتەکان کۆڵبەرەکانـی گـەرم دەکـردەوە، ئـەو ئاگـرەش هەتـا ڕۆژی سەربەسـتی، لـەو شـاخانە هـەر دایسـێ و ناکووژێتـەوە ...



## شەهید فەرەیدوون مەحموودی

ئیسماعیل ئیسماعیل‌زادە

**لەگەڵ تۆ ئەدوێم ئەی نیشتیمان**
**چاوەکانم جگە لە تۆ هیچ نابینێ**
**جگە لە ڕۆشنایی تۆ**
**بە هیچ ڕووناکییەک هەڵنایە**
**و**
**وەک کوێرێک لە تاریکی‌دا ئەژیم،**
**شەو دەخەمە سەر یەک و ڕۆژم داوە بە خودا**
**چاوەڕوانم ئەرێ چاوەڕوان**
**لە شەقامەوە بانگی ئازادی بدرێ**
**چاوانم بە گزنگی نەورۆز بشۆم**

(باهۆز ئەحمەد)

شۆڕشێک سەری هەڵدا کە خێرایی و بەرفراوانییەکەی لە شۆڕشەکانی دیکە نەدەچوو. ئەم شۆڕشە لە ماوەیەکی زەمەنی کورتدا هەموو شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی تەنیەوە و دواتر زۆرێک لە شارەکانی ئێرانیشی گرتەوە.

ئەم شۆڕشە بەهۆی کارەساتی کوژرانی کیژێکی ڕووسووری کورد ڕووی

دا، کارەساتێک کە لەلایەن ڕێژیمی مرۆڤکوژی کۆماری ئیسلامییەوە خوڵقا. ئەم خاتوونە بێئاگا لەوەیکە شەهیدبوونی دەبێتە هەوێنی ڕاپەڕین، بێ ئەوەی بزانێ بوو بە هێمای ڕزگاری لە مێژووی کوردستان و ئێراندا. ئەم خاتوونە، ژینا کچە کوردی سەقزی بوو کە زایەڵەی شەهیدبوونەکەی سەرهەڵدانێکی مەزنی لێکەوتەوە و بوو بە «**شۆڕشی ژینا**».

ژینا لە پێتەختی ئێراندا ژیانی لێ ئەستێندرا بەڵام لە کوردستان خاوەندارەتی لێ کرا.

ڕۆژە مێژووییەکی سەقز واتە ٢٦ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی، ڕۆژی ئەسپەردەکردنی ژینا، بە هەزاران کەس لە خەڵکی شاری سەقز و شارەکانی دیکەی کوردستان چوونە گۆڕستانی ئایچی و هەر لەوێ پەیمانی هەڵگیرساندنی راپەڕینیان بە یەکتری دا و بە پەیمانەکەیان وەفادار مانەوە.

یەکێک لەو ڕۆڵە ئازایانەی لە نێوان ئازادی و بندەستیدا، ئازادیی هەڵبژارد و لە ڕۆژی ناشتنی ژینادا بڕیاری دا هەتا ڕامالینی داگیرکەر پشوو نەدات، شەهید فەرەیدوون مەحموودی بوو.

فەرەیدوون مەحموودی، کوڕی دایە مەلیحا و خاڵۆ ئەحمەد، لە ڕێکەوتی ٢١ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٦٩ی هەتاوی، لە شاری سەقز لە بنەماڵەیەکی نیشتماندۆست و کوردپەروەر لەدایک بوو. خاوەنی خوشکێک و دوو برا بە ناوەکانی فەرزانە، فەرهاد و فەرزاد بوو.

شەهید فەرەیدوون وەکوو هەموو منداڵانی هاوتەمەنی خۆی نێردرایە قوتابخانە بەڵام توانی هەتا پۆلی سێی ناوەندیی درێژە بە خوێندن بدات و پێیوابوو دەتوانێ یارمەتیدەری باوکی بەساڵاچووی بێ و چووە

دووکانــی فەنەرســازییەکەی باوکــی، دواتــر بــۆ دابینکردنــی بژێــوی ژیــان و بــۆ ئــەوەی لــە ســەر پێــی خــۆی ڕاوەســتێ، بــوو بــە فرۆشــیار لــە دووکانێــک.
فەرەیــدوون کوڕێکــی رۆحســووک و دلۆڤــان بــوو، هــەر ئــەم خەسڵەتەشــی کردبووبــە خۆشەویســتی نــاو بنەماڵــە و ناســیاوەکانی و هەمــووان خۆشــیان دەویست.

پــاش ماوەیــەک فەرەیــدوون دڵــی بــە کیژێــک بەخشــی بــە نــاوی شــەرمین و لــە ســاڵی ١٣٩٣ی هەتــاوی، ژیانــی هاوبەشــیان پێکهێنــا و بەرهەمــی ئەوینیــان بــوو بــە کۆرپەیــەک بــە نــاوی مێهرســامی تەمــەن ٧ ســاڵ، مێهرســام دەبــوو گــەورە بێــت، پــێ بــگات و ببێــت بــە داری بــەری خــۆی و هاوژینەکــەی و نیشــتمانەکەی. بــەڵام بــۆ بەدیهێنانــی خەونەکانــی دەبــوو هەوڵــی زیاتــر بــدات.

سیســتمی نادادپەروەریــی کۆمــاری ئیســلامی تــا دەهــات زیاتــر تەنگــی پــێ هەڵدەچنــی و ئاســتەم بوونــی دابینکردنــی پێداویســتییەکانی ژیانــی خــۆی و بنەماڵەکــەی، فەرەیدوونــی ناچــار کــرد واز لــە دووکانداریــی بهێنێــت و ڕوو لــە کرێــکاری بــکات.

شــەهید فەرەیــدوون هەســتی بــە هەمــوو ئــەو ناعەداڵەتییانــە کردبــوو کــە کۆمــاری ئیســلامی بــە ســەر خەڵکــی داســەپاندبوو. تاڵانکردنــی ســەروەت و ســامانی خەڵکــی لــە لایــەن ســپای پاســتاڕان و دەســتوپێوەندیەکانییەوە دیتبــوو. چەوســانەوەی گەلەکــەی و داگیرکەرانــی کوردســتانی بــە خوێــن و گۆشــتەوە هەســت پێکردبــوو.

ئــەو بــەو بڕوایــە گەیشــتبوو کــە تەنیــا بــە لەناوبردنــی حکومەتــی کۆمــاری ئیســلامی نەهامەتییەکانــی ســەر گەلەکــەی کۆتاییــان پــێ دێ و بــۆ ئــەوەش دەبــێ هەمــووان یەکگرتــوو بــن و لــە هــەر هــەل و دەرفەتێــک کەڵــک

وەرگـرن بـۆ ڕامالّینـی ئـەم ڕێژیمـە دیکتاتـۆرە.
لەگـەڵ داگیرسـانی شۆڕشـی ژینـا لـە شـاری سـەقز، شـەهید فەرەیدوونیـش وێـڕای هەمـوو ئازادیخوازانـی گەلەکـەی تێکـەڵاوی شـۆڕش بـوو و لـە هـەر دەرفەتێـک بـۆ خۆپیشـاندان کەڵکـی وەردەگـرت و لـە نارەزاییەکانـدا بەشـداری دەکـرد.

**لەناخمدا وەرزێ سەری هەڵداوە**
**لەگەڵ خوێن و هەناسەم تێکەڵاوە !**
**هەڵدەوەریم، چرۆ دەکەم دەم بە دەم !**
**پرچی ڕۆژم لە دەستی شەو ئاڵاوە !**
**پاییز نییە بەڵام گەڵاڕێزانە !**
**بەهار نییە کەچی خوڕەی شەتاوە !**
**هەڵفڕینە لە لووتکەی بەرزی خەیاڵ**
**نە ئازادی نە قەفەسە نە داوە !**
**ئەو وەرزە زۆر لای ئێوە ئاشنایە !**
**کەوا سەرتان لەڕێی ئەوین داناوە**

ڕۆژی ٢٨ ی خەرمانانـی ١٤٠١ی هەتـاوی، ڕۆژێکـی دیکـەی ڕاپەڕیـن بـوو لـە شـاری سـەقز، لای مزگەوتـی جامیعـە و مەیدانـی هەڵـۆ جارێکـی دیکـە بـوو بـە شـوێنی بەرەنگاریـی دژ بـە جـاش و خۆفرۆشـان. چەکدارەکانـی کۆمـاری ئیسـلامی کـە نەیانتوانـی بـڵاوە بـە خەڵکـی ڕاپەڕیـو بکـەن و بـۆ ئـەوەی خۆیـان لـە ڕق و بێزاریـی ڕزگار بکـەن دەسـتڕێژیان لـە خەڵکـی وەزاڵەهاتـوو کـرد و چەنـد کەسـیان برینـدار کـرد.

یەکێـک لـەو کەسـانەی کـە کەوتـە بـەر پەلامـاری خۆفرۆشـان، شـەهید فەرەیـدوون بـوو. لـە یەکـەم دەسـتڕێژی داگیرکەرانـدا فەرەیـدوون گیانـی بـە زیاتـر لـە ١٠٠ گولـلەی سـاچمە دابێژدابێـژ کـرا و بـە قورسـی بریـندار بـوو، سـەرەڕای ئـەوەش توانـی خـۆی بـە دەسـتەوە نـەدا؛ بـەڵام بـە جەسـتەی شـەلاڵی خوێنـەوە نەیتوانـی لـە شـوێنی تێکهەڵچوونەکـە دوور بکەوێتـەوە. جارێکـی دیکـە لەگـەڵ چەکدارەکان دەسـتەویەخە بـۆوە بـەڵام کاتێـک چەکدارەکان نەیانتوانـی دەسبەسـەری بکـەن هـەر لـەوێ چەکیـان لـێ کێشـا و فیشـەکیان لـە سـینگی فەرەیدوونـی بریـندار دا بەتـاڵ کـردەوە و شـەهیدیان کـرد.

بنەماڵەکـەی تـا درەنگانـێ ئـاگاداری ئـەوە نابـن کـە فەرەیـدوون، شـەهید کـراوە. کاتـێ کاتژمێـر ١٠ی شـەو بەدوویـا دەگەڕێـن، لـە ئیـدارەی ئاگاهـی سـەقز پێیـان دەگوتـرێ کـە ناوبـراو، زینـدووە و دەسبەسـەر کـراوە! بچـن سـەنەدێک بێنـن تـا ئـازادی بکەیـن. بنەماڵەکـەی خەریکـی جۆرکردنـی سـەنەد دەبـن کـە هەواڵـی شـەهیدبوونی فەرەیدوونیـان پـێ دەگات.

پـاش ئـەوەی دەچنـە نەخۆشـخانەی سـەقز، کوردکـوژان و گۆپاڵبەدەسـتانی ڕێژیـم وەک پیشـەی هەمیشـەیی خۆیـان واز لـە درۆ و چەواشـەکاری ناهێنـن و بـۆ بەلاڕێدابردنـی جینایەتەکانیـان، فەرمانـدار و دادوەری سـەقز، بـە بنەماڵـەی شـەهید فەرەیـدوون دەڵێـن: «**کوڕەکـەی ئێـوە دوژمنـی تاکەکەسـی بـووە و ئـەو کەسـە بەدوویـەوە بـووە و لـەم هەلـە کەڵکـی وەرگرتـووە و کوڕەکەتـان بـە دەسـتی هێزەکانـی ئێمـە نەکـوژراوە و هیـچ گوللەیەکـی بـەر نەکەوتـووە**»!!!

پـاش هەڕەشـە و گوڕەشـەیەکی زۆر، لـە بنەماڵـە و خـزم و کەسـی لـە نەخۆشـخانە پێیـان دەڵێـن کـە تەرمەکـەی لـەوێ نییـە و بردوویانـە بـۆ

گۆڕستانی ئایچی، کاتێ دەچنە ئەوێ، دەبینن گۆڕستانەکە قۆرخ کراوە و پڕە لە هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم و لەژێر چاودێریی هێزەکانی سپای پاسداران لە گۆڕستانی ئایچیی سەقز، هەر ئەو شوێنەی چەخماخەی شۆڕشی ژینای لێدرا، بە خاکی پیرۆزی نیشتمان سپێردرا و چووە ڕیزی نەمرانی مێژووەوە.



# شەهید هێمن ئامان

لەیلا قادری

زۆر جار پیرە پیاوێکی ڕدێن‌سپی ڕەزاسووک بە سیمایەکی کوردانەوە دەمەو ئێواران بە سۆزی بلاوێنی شمشاڵە سێحراویەکەی لە قەراغ شۆستە و شەقامەکانی بۆکان تاسە و تامەزرۆیی ڕێبوارانی دەشکاند و خەڵکی لە هەرا و هەنگامەی شار و ژاوەژاو دوور دەخستنەوە و بۆ چەند ساتێک بە هەوای هەواری خاڵی و سەوزە و بەیتی لاس و خەزاڵ و سروودە نیشتمانی و حەماسییەکان ئاوێتەی بیرەوەرییەکانی ڕابردوویان دەبوون.

هێمن ئامان کوڕی خاڵە عەبدولناسر و دایە مریەم ڕۆژی ١٦ی ڕەشەممەی ١٣٧٥ی هەتاوی، لە شاری بۆکان لەدایک بووە و دانیشتووی گەڕەکی مەجبووراوای ئەو شارە بوو، هەر لەو گەڕەکەش گەورە بوو، تا وەرگرتنی دیپلۆم دەرسی خوێندووە و دواتر لەبەر بارودۆخی نالەباری ژیان، وازی لە خوێندن هێناوە و لەگەڵ باوکی دەستی بە کار کردووە، هێمن دوامنداڵی خێزانەکەیان بووە و سێ خوشک و برایەکی لە خۆی گەورەتری بەجێ هێشتووە.

گەلی کورد لە ڕۆژهەلات زیاتر لە چل ساڵە سەرەڕای هەژموونی بیر و زمانی دەسەلاتی ناوەندگەرادا لە هەموو بوارەکانی هونەری بەرگریی،

شۆڕشـگێڕی و دەروەسـت، پاراسـتنی زمـان و ئـەدەب و خەباتـی مەدەنـی و ژینگەپارێـزی تـا دەگاتـە خەباتـی ڕەوای چەکـداری، هوشـیارانە لـە مەیـدان بـووە و بـۆ وەدەسـتهێنانی مافـە ڕەواکانـی بێوچـان تاکتیـک و شـێوازی جۆراوجـۆری تاقـی کردووەتـەوە. بـەڵام کوردگوتەنـی «**مـن بوومەتـە بێگانـە و بێگانـەش خـاوەن ماڵـە**»!.

شۆڕشـی «ژن ژیـان ئـازادی» لـە هەنـاوی ئـەم مێـژووە چەندیـن سـاڵەیە هەڵگیرسـاوە. هێمـن ئامـان یـەک لـەو کـوڕە باوەڕمەنـد و چالاکانـە بـوو لەو ڕاپەڕیـن و شۆڕشـەدا وەک هـاوڕێ شـەهیدەکانی محەممـەد حەسـەنزادە و شـەهریار محەممـەدی، بەرەنگاریـی پـێ باشـتر بـوو لـە بەرگـری و بـە ئەوینـی نیشـتمان فرچکـی گرتبـوو.

ئـەوان شـەقامیان کـردە سـەنگەری بەرگـری لـە نیشـتمان و تۆڵـەی خوێنـی بەنـاڕەوا ڕژاوی ژینـا ئەمینـی و کچـان و کوڕانـی جوامێـری ڕۆژهـەڵات.

هێمـن لەناخـەوە دەنگێکـی دەبیسـت و بـەردەوام هانـی دەدا. ئـەو دەنگە دەنگـی بەرەنگاربوونـە، دەنگـی ڕاسـان، دەنگـی هەسـتی نیشتماندۆسـتی و هەسـتی بەرپرسـیارەتی بەرانبـەر بـە بنەماڵـە و دایـک و باب و خوشـکەکانی و بەتایبـەت محەممـەدی بـرای کـە لـە تەمەنـی چـوار سـاڵیدا بەهـۆی ڕووداوی هاتوچـۆوە کەمەندامـە، دەنگـی وێـژدان و ئەویـن و ئـازادی بـوو. هێمنـی بەئـاکار جوامێـر و مـەزن، لـە ڕەوشـت دا هێمـن و مرۆڤدۆسـت و دڵاوا، پێـی وابـوو هـەر کـەس نانبـڕاوت بـکات ئازادیشـت لـێ زەوت دەکات و ئەگـەر ئازادیـت زەوت بکرێـت، ئـەوە ژیانیشـت پێشـێل دەبێـت.

**تەمە ڕوخساری ژیان، خەم لە دڵی من بارە**
**تۆ بڵێی کەی پێکەنین بێتەوە ڕووی ئەم شارە**

**بووکی کانیاوی غەزەل نازی دڵی شێواوە**
**تەرمی زاوایە لە سەر پەیکەری شار جێ ماوە**
**چۆڵ و خامۆشە ژیان، وەرزی وەرینی ژینە**
**هەر دەڵێی شاعیرە شار چاوی پڕی ئەسرینە**
**چۆڵە گۆڤەندی دڵان دەستی کوڕان بێ دۆیە**
**پێکەنین قات‌وقڕە، شار لە خەمان بۆسۆیە**
(کەژیار)

هێمنـی شـەهیدی شۆڕشـی ژینـا لـە خۆپیشـاندانەکانی شـاری بۆکانـدا دەکەوێتـە بـەر دەسـتڕێژی گولـلە و بەسـەختی برینـدار دەبێـت و بە وتەی شـایەتحاڵەکان زیاتـر لـە ١٨٠ گولـلەی سـاچمەی لـە پشـت و شـان‌وپیلی دەکـەوێ و بـەو حاڵەشـەوە هێمنـی قارەمـان و بوێـر لـە خۆپیشـاندان و بەشـداریکردن لەگـەڵ خەڵکـی ڕاپەڕیـو بـۆ ڕماڵینـی زوڵـم و بێـدادی ناگەڕێتـەوە، ڕۆژی ٢٨ی خەزەڵـوەر، دوای ئـەوەی دەگەڕێتـەوە ماڵـێ، سـەعات ٣ و نیـوی بەرەبەیانـی ١٠٠ کـەس لـە هێـزە سـەرکوتکەرەکانی ئیتلاعـات و جـاش و خۆفرۆشـەکانی ڕێژیـم، بـە دەم و چـاوی بەسـتراوەوە هەڵدەکوتنـە سـەر ماڵەکەیـان و دوای شـکاندنی شیشـەی ماشـێن و درگا و پەنجـەرە، لەبـەر چـاوی دایـک و بـاب و خوشـک و بـرا کەمەندامەکـەی بـە برینـداری و بەوپـەڕی دڕندەییـەوە دەسبەسـەری دەکـەن و بێ‌بەزییانـە ئەشـکەنجەی دەدەن و بـەرەو شـوێنێکی نادیـار دەیڕفێنـن.

دوای بەدواداچوونـی بنەماڵەکەیـان دەردەکـەوێ بـە مەبەسـتی وەرگرتنـی دانپیانانـی زۆرەملـێ و درکاندنـی نـاوی هاوڕێکانـی لـە ئیتلاعاتـی بـۆکان زۆری ئەشـکەنجە دەدەن کـە دەزانـن هیچیـان دەسـت ناکـەوێ دوای

ئەشـــکەنجەکردنێکی زۆر دەیگوازنـــەوە بـــۆ بەندیخانـــەی ورمـــێ و لـــەوێ برینەکانـی دەکولێننـەوە. بـەڵام ئـەو جگـە لـە بیـری ئـازادی و سەربەسـتیی بـۆ نیشـتمانەکەی هیـچ شـتێکی دیکـەی نەشـاردبۆوە کـە دانـی پێـدا بنێـت، بۆیــە وەهــا ئەشــکەنجەی دەدەن ئیــتر بەرگــە ناگرێــت و ژیانــی بەختــی ئازادیــی کــورد و کوردســتان دەکات و قارەمانانــە و بــە ســەربەرزییەوە دەچێتـە ڕیـزی نەمرانـی مێـژووی پـڕ لـە سـەروەریی کوردسـتانەوە.

ڕۆژی چوارشـەممە ٢ی سـەرماوەزی ١٤٠١ی هەتـاوی، لـە ئیتلاعاتـی بـۆکانڕا بــۆ وەرگرتنــەوەی تەرمــی شــەهید هێمــن پەیوەنــدی بــە بنەماڵەکەیــەوە دەگـرن و پێیـان دەڵێـن بـۆ وەرگرتنـەوەی تەرمـی کوڕەکەتـان دەبـێ بچنـە ورمـێ.

دواتـر لـە ژێـر گوشـار و هەڕەشـەی هێـزە دڕندەکانـی ئیتلاعاتـی ڕێژیـم، تەرمـی هێمنـی شـەهید و دڵ پـڕ لـە ئـاوات و سەوداسـەری ئازادی، بە شـەو و لەژێـر چاوەدێـری هێـزە بەکرێگیراوەکانـی ڕێژیـم لـە مردووشـۆرخانەی گۆڕسـتانی بـۆکان دەشـۆرێ و بەبـێ ئاگاداربوونـی خەڵکـی بـۆکان، تەنیـا بـە ئامادەبوونـی بنەماڵەکـەی ئەسـپاردەی خاکـی کوردسـتان دەکرێـت و بەمـەش زامێکـی دیکـە بـە زامەکانـی بنەماڵەکـەی و نیشـتمان زیـاد دەبێت، بـەڵام ڕاسـپاردە و ئاواتەکانـی دەگەنـە دەسـتی میراتگرانـی شـۆڕشـی ژینـا و لاوانـی تۆڵەسـتێنی نیشـتمان و ئـەو شـێعرەی وا شـەهید هێمـن بـۆ دایکـی دەخوێنـدەوە، دەبێتـە وێـردی زمانـی هـەواڵان و لاوانـی ڕاپەڕیـوی بـۆکان.

**دایە گیان کە من مردم بۆم نەکەی شیوەن و ڕۆیە**
**چاولێکە کیژ و کوڕی ئەو کوردستانە هەموو ڕۆڵەی تۆیە**
**دایە گیان کە من مردم ئێوە و وڵاتم خۆش**

## نەهێڵی نەیاران بتبینن چاو بەگریان و دڵ بەپەرۆش



## شەهید زانیار ئەبووبەکری

ناسر سادقی

مـرۆڤ کاتێـک پـێ دەنێتـە دنیـا بـە چەندیـن قۆناغـدا ڕادەبرێـت و لـە مـەودای پیرەڕێـی ژیانـدا تووشـی بارودۆخـی جۆراوجـۆر و هـەوراز و نشـێوان دەبێـت. مـرۆڤ بوونەوەرێکـی کۆمەڵایەتییـە. تاکـی کوردیـش هاوشـێوەی هـەر مرۆڤێکـی سـەر ئـەم گـۆی زەوییەیـە، بـەڵام بـە هێندێـک جیاوازیـی ژینگەیـی و کەلتـووری و زمانـی و ئایدیـای تایبـەت بـە خۆیـدا تیدەپەڕێـت. ئێمـەی کـورد بەهـۆی ئـەو ژینگـە و بەسـتێنەی تێیـدا دەژیـن، ئاوێتـەی بیـر و زمـان و کەلتـوور و ئەوینـی نیشـتمان و سروشـتی کوێسـتان و بیـری نەتەوەییـی خۆمانیـن.

**«ئازیزەکـەم ئەوینـی جوانـم یـارە ژیکەڵانەکـەم دیمەنـی ژیانـم، بەڵێنـم داوە بـە نیشـتمان ئەوینـی یەکتـان هەڵبژێـرم، ببـوورە ئەوینـی شـیرینم لـە پێنـاو نیشـتمان دەبـێ واز لـە ئەوینـی تـۆ بێنـم».**

شـەهید زانیـار ئەبووبەکـری یـەک لـەو مرۆڤـە کوردانـە بـوو لـە قۆناغەکانی ژیانیـدا زۆر جـار بیسـەر و بینـەری ئـەو ناحەقـی و دژوازییـە کۆمەڵایەتـی، ئابـووری و نەتەوەییانـە بـووە و لـە ژینگـە و بەسـتێنی ژیانیـدا لـە نزیکـەوە هەسـتی بـە نایەکسـانی و خۆسـەپاندن و داگیـرکاری لەلایـەن دەسـەڵاتی توتالیتـەری ئاخوندییـەوە دەکـرد. ڕێبەنـدان و کۆمـار و نـەورۆز و بۆنـە

نەتەوایەتییەکان بۆ زانیار و هاوتەمەنانی هەر لە سەرەتای چوونە قوتابخانە و قۆناغەکانی دواتری ژیانیان زۆر ئاشنا بوون و کەوتبوونە نێو دڵیانەوە. زانیاری ژیر کوڕی کاک عەبدوڵڵا و خاتوو نیشتمان لە ٢٥ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٧٩ی هەتاوی، لە شاری مەهاباد شاری پێشەوا و مەکۆی بیری ناسونالیستی و بەرخۆدان لەدایک بوو. وشەی نیشتمان و دایک بۆ زانیار یەک واتا و مانایان دەبەخشی. چونکە دایکیشی ناوی نیشتمان بوو و نیشتمانیش بۆ ئەو دایک بوو.

زانیار جیا لەوەی لە کۆڕی بنەماڵە و خزمانی کوڕێکی ڕوح سووک و لەبەردڵان و خۆشەویست بوو، هاوڕێ و هاوتەمەنەکانیشی ئەو هەست و سۆزەیان بۆی هەبوو.

زانیار هاوکات لەگەڵ خوێندنی دەرسەکانی هەتا وەرگرتنی دیپلۆم کاری میکانیکی دەکرد. بەڵام پاش ئەوەی دەورەی زۆرەملێی سەربازی تەواو کرد و گەڕایەوە، لە بواری نماکاری و جوانکاریی خانووبەرە و باڵەخانانەدا دەستی بە کار کرد. هۆگری و تامەزرۆیی زانیار بۆ بەرنامەی کاروانی شەهیدان و چیرۆک و خەباتی ڕەوای بزووتنەوی کوردستان لای کەس شاراوە نەبوو. زانیار هۆگرییەکی زۆری بە ئاڵای کوردستان بوو. هەر لەبەر ئەوەش کەمتر هەست بە بۆشایی ئەم ئاڵایە لە ماڵ و شوێنە گشتییەکان و تەلار و باڵەخانە و بەرزایەکان دەکات، دەزبێحەکەی بە ڕەنگی ئاڵا و واڵای سوور و سپی و سەوز وەک هێما و نیشانەی خوێنی شەهیدان و ئاشتی و ئاوەدانی ڕازاندبۆوە. زانیار زۆرجار مەلی خەیاڵی لە ئاسمان و بەرزاییەکانی تەرەغە باڵیان دەگرت و لەو سەرانە گوێی دڵی بۆ سرووده شۆڕشگێڕی و حەماسییەکانی «**لە تەرەغەی سەربەرزەوە ...**» بە دەنگە بەسۆزەکەی هونەرمەند تاهیر

خەلیلـی ڕادەگـرت و ئاوێتـەی بیـرەوەری و هەنگاوەکانـی پێشـمەرگە و ئـەو تووڵەڕێیانـە دەبـوو کـە بـەرەو لووتکـە سـەر دەکەوتـن.

**لە سەردەمی خوێن و خەم و قەیرانی دڵخۆشی و شادی**

**کە بێیە نیشتمانەکەم**

**فەرشی خوێنت بۆ ڕادەخەم ئەی ئازادی!**

(ک.د.ئازاد)

شـاییە چۆپییـە، چەپکـێ گـوڵ بـە دەم بـای شـەماڵەوە لەسـەر کاپوتـی ماشـێنەکەیەتی و بەرامەیـان بـڵاو دەبێتـەوە، دەنگـی مۆسـیقایەکی شـاد ڕێبوارانـی شوسـتە و شـەقامەکە دەبزوێنێـت. ئاخر کورد تامەزرۆی مۆسـیقای شـاد و هەڵپەرکێـی ئازادییـە. ئـەوە ڕەمـزی ژیـان و مێـژووە، زانیـار و دیمـەن بـەرەو پیـری خەنەبەنـدان و زەماوەنـدن، لـە نـاو ماشـێنەکە دەسـت لەنـاو دەسـتی یـەک، نوقمـی گـڕی عەشـق و ئەوینێکـی ئەبەدیـن. بەرەبـەری سـەرهەڵدانەکانی ڕاپەڕینـە. جووڵـە و بزووتنـەوەی جەمـاوەری و ڕابوونـی خەڵکـی مەهابـاد گـڕ و بڵێسـەی بەتینـتر کـردووە. خەڵکـی خورۆشـاو بـە ژن و منـداڵ و پیـر و لاوەوە، ئۆقـرە و زراوی ڕێژیمیـان بـردووە و خەویـان لـە چـاوی زڕانـدووە و زراویـان بـردووە. دوژمـن بـە دڕندانەتریـن شـێوە و کوێرکوێرانـە دەسـت دەوەشـێنێت.

**پاییزە خەزەڵوەرە «دارودەوەن بێبەرگە**

**دڵ پەشۆکاوی خەیاڵی مەرگە**

**هەر گەڵایەک کە لە دارێک دەوەرێ**

**نووسراوەیەکە بە ناخۆش خەوەرێ ...**

خەڵکـی تینـووی ئازادیـی و وەزاڵـە هاتـوو، لـە ئەسـپاردەکردنی تەرمـی پیـرۆزی شـەهید «سـمکۆ مەولـوودی» بـە دڵـی پـڕ لـە قیـن و ڕقـی

پیـرۆزەوە لـە گۆڕسـتان بـەرەو شـار دەگەڕێنـەوە، بـەڵام سـەرلەنوێ خەنیمان و خائینانـی دژی گەلـی و کەواسـووران، پێـش لەشـکری دوژمنـان کەوتـوون. شـار میلیتاریزەیـە و کووچـە و شـەقامەکان شـڵەژاون. خەڵـک لـە هەمـوو لایەکـەوە بەرەنـگاری دوژمـن دەبنـەوە. پەهـپاد چاودێریـی خەڵـک دەکـەن و ئاپـۆڕای خەڵکـی ڕاسـاو هەتـا دێ پـتر دەبێـت. لاوان وەک شـەپۆلی زێـی خوڕێـن، سـاتێ هەدادانیـان نییـە.

زانیـار و لاوانـی شـار بـە بـەرد و دار بەرەنـگاری جـاش و پاسـتاڕان دبنـەوە و گـڕی تۆڵەیـان لـێ دەبارێـت. لـەم بەرەنـگاری و سـەرهەڵدانە بێوێنەیـەدا زانیـار بـەر دەسـترێژی گولــلەی ناحـەزان و نەیـاران دەکەوێـت و برینـدار دەبێـت. بـەڵام هاوڕێکانـی دەربـازی دەکـەن و دیبەنـەوە ماڵـێ. دیمەنی دڵ پـڕ لـە ئەویـن لـەو هەراوهەنگامەیەدا لەگـەڵ زانیـار لێکدابـڕاون، هەرچەند هـەوڵ دەدات بـە سـۆراخی نازانێـت. بێخەبـەر لەوەیکـە زانیـار پێکـراوە و چـۆڕاوەی خوێنـی هەتـادێ زیاتـر دەبێـت، پێیوایـە لـە شـوێنێکدا خـۆی حەشـار داوە. هەرچۆنێـک بـوو، دیمـەن بـە هەوڵـی بابـی خـۆ دەگەیەننـە ماڵــی زانیــار، بــەڵام مخابــن دیســان دێــوی شــەڕ ســیامەندێکی دیکــەی پێـکاوە. زانیـار شـەلالی خوێـن و برینـە و دیمـەن وەک خـەج، سـەری زانیـار لەســەر ڕانــی دادەنێـت و شـینی دەزگیرانەکـەی دەگێڕێـت و هــەر بـەو هەوریيـەی لـە ئەسـتۆیدا بـوو، برینەکـەی بـۆ دەپێچێـت و بـە چـاوی پـڕ لــە ئەسریــن و دڵــی زامــدارەوە تــووک و نــزا لــەو جاشــە نیشتمانفرۆشـانە دەکات کـە کـۆڵان و بەردەرگایـان بـە بنەماڵـەی زانیـار گرتبـوو. دیمەنـی نوێبـووک و زانیـاری زاوا تـا دەگەنـە نەخۆشـخانە لەڕێـگادا چاویـان لـە قووڵایـی نیـگای یەکدیـدا نوقـم دەبێـت، لـە دوورەدیمەنـی تەمگرتـووی زەماوەندیـان دەڕوانـن، بـەڵام خـۆری ڕۆژی زماوەنـد وردەوردە ئـاوا دەبێت.

زانیاریــش وەک محەممــەدی خەلیلــی هاوڕێــی کــە لــە مووشــەکبارانی قــەڵای دێموکڕاتــدا شــەهید بــوو، لــە ڕۆژی ٥ی خەزڵــوەری ١٤٠١ لەگــەڵ دوو ڕێبــواری دیکــەی ڕێگــەی ئازادیــی کوردســتان ‹‹شــاهۆ خــزری›› و خاتــوو ‹‹کوبــڕا شــێخە›› پێشــمەرگانە تێکــەڵ بــە دەریــای ڕابوونــی شۆڕشــی ژینــا و مێــژووی پــڕ لــە ســەروەریی ئــەم ڕێبــازە پیــرۆزە دەبێــت.

## شەهید ئەمین مەعرەفەت

**سەلیم حەقیقی**



ئۆغری ئەمجارەم ئەوەندە دوورە بە حیلەی ئەسپ و خورەی گۆمەشین، شەقەی پەرکوور و هەڵۆ بڕ ناکا؛ ئەوەندە تاڵە ئەو سەفەرە هیچ ڕووبارێک نایگاتێ، گەشتێکە ئەوەندە دوور تاراندوویە حەز و ئاوات ئەو ڕۆژە ڕوونەی سەرکردەیەک، ڕێبەرێک لێم بۆتە تاپۆ، سەفەرێک پڕ لە نەگەڕانەوەی دەگۆڕنانی هەموو ئاواتەکان و ئەو یازدە بیرەوەرییەی دەمکردنە ڕەنگ و نیگاری حەسرەتی بێ تۆیی و کیانێکی سەربەستم پێ دەهۆنییەوە، دەمکردە وشە و شەوی ئەنگوستەچاوم دەدرەوشاندەوە. نە شەماڵ و نە ئەستێرە و مانگ هیچکامیان هەڵنایەن بەرچاوم تاریک و لێم بۆتە تراویلکە، ئیتر هەرمان تاوی دایە بۆشایی و سپیدارەکان هێلانەی مەلیان شێواند، هەناسەم نایێ، دڵم گوشراوە، خەفەتێک بارتەقای ئاویلکەی ئاسکێکی هەڵدڕیو. دڵم گیراوە، ئەوەندە پڕم لە باران هەورێک دەمباتەوە، ئەوەندە پڕم لە بێتۆیی چیا دەمخواتەوە، ئەوەندە تەنیام ئاوزینگ دامدەگرێ و شەوەی بەختی چەمووشم دەمباتەوە، مۆتەکەی هەراسان وازم لێ ناهێنێ خۆزگە هەر خەونێک با ئەو بەربەیانەی سێ کۆچکەیەک بەڕیز گریان گرت و بوونە هەڵم گەیشتنە تەشقی ئاسمان چوونەوە لای نادیار ...

ئەمیـن مەعرەفـەت کـوڕی خاتـوو مەلیحـا و کاک ئەبووبەکـر لەدایـک بـووی ٦ی ڕێبەندانــی ســاڵی ١٣٨٤ی هەتــاوی، لــە گەڕەکــی ڕەحیــماوای شــاری شـنۆیە.

ئەمیـن وەک هەمـوو منداڵێکـی سـەردەم لـە قوتابخانەکانـی شـاری شـنۆ دەسـتی بـە خوێنـدن کـرد و لـە قۆناغـی دواناوەنـدی پۆلـی ١١ لـە ڕشـتەی بـرق لـە قوتابخانـەی دواناوەنـدی «شەرەف»ــی ئـەو شـارە دەیخوێنـد، هـاوکات لەگـەڵ خوێنـدن لەبـەر ئۆگـری زۆری بـە مۆسـیقا وەک هەمـوو کوردێکـی خـاوەن هەسـتی نیشـتمانی، سـەرقاڵی فێربـوون و ژەنینـی ئامێـری باغلەمـە بـوو.

ئەمیـن زۆرجـار وێـڕای هاوڕێیەکانـی لـە سروشـتی دڵڕفێنـی شـاری شـنۆ و دەڤەرەکـەی یـان لـە دانیشـتنەکانی خۆیانـدا ئـەو سـازەی لەناخـی دڵـەوە دەژەنــی و زۆرجاریــش لەبــەر دەنگــی خۆشــی وێــڕای ژەنیــن، گۆرانییــە نیشــتمانییەکان یــان سروودەکانــی تایبــەت بــە کوردســتانی دەچــڕی. هــەر ئـەو لێزانیـن و هەسـتە پـاک و پاقـژە وێـڕای هەسـتی نیشـتمانی و نەتەوەیـی وایکردبـوو لەنـاو بنەماڵـە و خزمـان و هاوڕێیەکانـیدا کەسێکی خۆشەویســت و جێــگای ڕێــز بــێ.

ئەمیـن مەعرەفـەت وەک زۆربـەی مێرمنـاڵ و لاوانـی نیشـتمان لـە شـاری کوردپــەروەری شــنۆ ئاواتــی ڕزگاری و سەربەســتی گــەل و نیشــتمانەکەی بــوو، ئـەو وەک نیشــتمانپەروەرێکی ڕاســتەقینە و خۆنەویســت هەمیشــە بەدواداچوونــی بــۆ هەواڵەکانــی ڕۆژ لەپێوەندیــی لەگــەڵ ڕووداوەکانــی کوردســتان دەکـرد و بـەردەوام وەک کەسـێکی هەسـتیار خـەم و خولیـای ئازادیــی کوردســتان بــوو.

دوای کوشــتنی بەئانقەســتی ژینــا ئەمینــی کچــە کــوردی خەڵکــی شــاری

سـەقز لەلایـەن حکومەتـی کوردکـوژی تـاران، شـاری شـنۆی هەمیشـە پێشـەنگ کـە لەلایـەن لاوانـی بوێـر و بەئەمەگـی ئـەو شـارە وەک دەروازەی ڕاپەڕیـن ناودێـر کـراوە، سـەری خـۆی لەبـەر ئـەو هەمـووە زوڵمـەی ڕێژیـم نـەوی نەکـرد و ڕابـوو.

سـەرهەڵدانی شـاری شـنۆ بێوێنـە بـوو، لەپڕ هەمـوو شـار بـە ژن و پیـاو و منـاڵ و مێرمنـاڵ و لاو دەسـت لـە دەسـتی یەکتر بـە دروشمـی «ژن ژیـان ئـازادی» ڕژانـە سـەر شـەقام و بـۆ مـاوەی شـەوێک تامـی ئازادییـان چێشـت و شـاریان لـە بەکرێگیـراو و پاسـتاڕ و جاشـەکان خاوێـن کـردەوە، ئـەو شـەوە میدیاکانـی نـەک هـەر کوردسـتان و ئێـران بەڵکـوو هەمـوو جیهـان شـاهیدی قارەمانیەتـی کچـان و کوڕانـی ئـەو شـارە بـوون کـە چـۆن بـە دەسـتی بەتـاڵ و تەنیـا بـە مشـتی بەهێـزی خۆیـان و لافـاوی بەشـداربووان تـرس و دڵەڕاوکەیـان خسـتبووە نـاو هەنـاوی دوژمنـی خوێنخـۆر و چەپـەڵ و شـار ئـازاد کـرا.

لـەو شـەوانەی پـڕ حیماسـەتدا، ئەمیـن و هاوڕێکانیشـی بەشـدار بـوون، ئەمیـن بـە دەنگـی وەک نەعرەتـەی شـێرانە مـەرگ و نەمانـی بـۆ ڕێژیمـی داگیرکـەر دەگوتـەوە و چاونەترسـانە سـینگی خـۆی وەک مەتـاڵ و قەڵغـان لەبەرامبـەر چەکـی ترسـەنۆکانەی دوژمنـی ڕاگرتبـوو.

شـەوی چوارشـەممە ٣٠ی خەرمانانـی ١٤٠١ی هەتـاوی، بارانـی چەکـی کڵاشـینکۆف و قەناسـە وەک بەرەکانـی شـەڕ شـەوی ئازادیـی شـنۆیان شـڵەژاند، لاوانـی لەسـەر هەسـت و ئازادیخـوازی شـنۆ شـاری ژنـان و پیاوانـی ڕاپەڕیـو بەبـێ گوێـدان بـەو هەمـووە تەقـە و پڕژانـی فیشـەکە لـە بەرخـۆدان بـەردەوام بـوون، ئـەوان بـە شـەقامی شـێخ عەبدولعەزیـزدا بـەرەو فەلەکـەی سـەیداوێ دەچـوون و لـە بینـای فەرمانـداری نزیـک

دەبوونــەوە. بــەڵام تاریکپەرەســتانی مرۆڤکــوژ بــە ڕەشــەکوژی تەقەیــان لــە ئاپۆڕای خەڵکــی نــاڕازی کــرد و هــەر لەجێــدا دەیــان کەســیان خەڵتانــی خوێنــی ســوور و گــەش کــرد؛ ئەمیــن مەعرەفــەت، ســەدرەدین لێتانــی و میــلان حەقیقــی، لەجێــدا تێکــەڵ بــە کاروانــی شــەهیدانی کوردســتان بــوون و دەیــان کەســی دیکــەش برینــدار بــوون.

دوای هەڕەشــەیەکی زۆر لەلایــەن ناوەنــدە ئەمنییەتییەکانــی ڕێژیــم، تەرمــی ئەمینــی لاوچاکــی هونەرمەنــد، ئەمینــی خولیــای عەشــق و ئــازادی، ئەمینــی ئۆگــری دەنگــی مۆســیقا بــە بەشــداریی دەیــان کــەس لــە هاونیشــتمانییان و خەڵکــی بەشــەرەفی شــنۆ و ئاواییەکانــی لــە شــارۆچکەی نەڵــۆس لــە گۆڕســتانی «شــێخاڵ» نێــژرا، بــەڵام هیــوا و ئاواتــە بەرزەکانــی هەتــا گەیشــتن بــە ئــاکام لەســەر ئاســمانی کوردســتان خــول دەخــوا و وێــڕای هــاوڕێ شــەهیدەکانی لــە سەرتاســەری کوردســتان چاوەڕێــی ڕۆژی بــەزم و شــایی و هەڵپەڕکێــی ڕۆژی ئــازادی دەکــەن.

ئــەو ڕۆژە نگریســە تارماییــەک بــوو لــە دیرۆکــی گڕئاســای ئــەو زەمەنــدەی لــە هەنــاوی خــۆی پاناوێکــی بــێ بنــی لــێ هەڵقوڵــی و بــۆ هەتاهەتایــە بــوو بــە ڕێژگەیــەک، ڕێچکەیــەک، ڕەهەندێکــی دوورودرێــژ بــۆ ئەویندارانــی ڕێبــازی ڕێــی هەتــاو؛ ئــەو بلیمەتــەی خــاک کڕنۆشــی بــۆ دەبــرد و گــوڵ لەســۆیان بۆنــی پێوەدەکــرد و شــۆفارە شــەرمی لێدەکــرد. ئــەو لــە مێــژووی بەرخــۆدان و خەباتــی گەلێکــی بێبەخــت و هیــوادارەوە هــات، هەمــوو گابەردەکانــی پــاڵ پێوەنــا، ســەری گڕکانــی ئاگــری هەڵگــرت و قەندیلــی کــردە کڕێــوە و گێژەڵووکەیەکــی چەتوونــی بەفــراوی کێلەشــین و شــاهۆی وەک ڕەشــەبا بەگــژ دوژمــن دادەدا.

لێــرەوە لــە شــەقامە چــۆڵ و بێکەســییەکانمدا لــە ماڵێکــی ئامــاڵ وێرانــی

بێکـەس و شـەیدا، ئەوینـی چـەک و نـاوی «**کوردسـتان، پێشـمەرگە و ڕاسـان**» ئۆقـرەم لـێ هەڵدەگـرێ و دەپەڕمـەوە ئەوبـەری نێـو ڕووبـار و دادەگژێمـەوە سـەر پـەڕەکان و خواوەندەکانـی تاریکایـی و دێوەزمـەی شـەوی پـێ دەتۆقێنـم، نـاوت دەکـەم بـە چـرا و شـەوەزەنگ دەشـکێنم و خەباتـت دەکـەم بـە ڕێنوێـن و ئازادیـی پـێ دەسـتێنم ئـەی پێشـەوا ...



## شەهید سامان قادربەیگ

لەیلا قادری

**ئاواتەکانت، بەرز بوون، وەک باڵای قەندیل و شکۆی داڵاهۆ و شەوکەتی شاهۆ و ورەی پێشمەرگە و سەری شەهید؛ پڕ بوون لە شێعری حەماسی و دروشمی، نەسرەوتن تا سەرکەوتن.**
**ورەت سروودێک لە نەوەستان بوو، وەک ئاوهەڵدێری شەڵماش و تاڤگەی سوولە دووکەڵ و خوشینی چۆمان و ڕەوتی جەغەتوو.**

ئەو ڕۆژە هێشتا گزینگی بەیان شەوی شەق نەکرد بوو، کاتژمێر ١ی بەرەبەیانی ٢٥ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی، زرەی زەنگی تەلەفۆن ڕایچڵەکاندن، تەلەفۆنەکە لە نەخۆشخانەی شاری مەهابادەوە بوو کە هەواڵی دۆخی ناجێگیری کاکە سامانیان بە بنەماڵەکەی ڕاگەیاند. سێناریۆکە وەک پیشەی هەمیشەیی ڕێژیم بە فیتی هێزە سەرکوتکەرەکانی ئیتلاعاتەوە بوو کە گوایە سامان تووشی ڕووداوی هاتوچۆ بووە. ئەوەش لە کاتێکدا بوو کە لە ڕۆژی پێشترەوە بنەماڵەکەی هیچ هەواڵێکیان لە سامان نەدەزانی و وڵامی تەلەفۆنی کەسی نەدابووەوە و ئەوانیش لە نیگەرانی و چاوەڕوانیدا مابوونەوە، بێخەبەر لەوەی ڕۆژی پێشتر بەکرێگیراونی ڕێژیمی پەت و سێدارە سامانیان لە بۆکان ڕفاندووە و بردبوویانە بۆ مۆڵگەی ئیتلاعاتی مەهاباد و لەوێ بەقەستی کوشتن

ئەشکەنجەیان دابوو، دواتر ڕەوانەی نەخۆشخانەی مەهابادیان کرد بوو. بەدوای زەنگەکەدا بنەماڵەی سامان خێرا خۆیان گەیاندە مەهاباد. دوژمن وەک خووی هەمیشەیی بۆ پەردەپۆشکردنی تاوانە بێپاساو و قێزەوەنەکانیان، هەر ئەو شەوە کاتێک بەهۆی دۆخی خراپی تەندروستیەوە دەیانهەوێ سامان ڕەوانەی نەخۆشخانەی ورمێ بکەن، ڕێگە بە هیچ کام لە ئەندامانی خێزانەکەی نادەن لە ئامبۆلانسەکەدا لەگەڵی بێت. کاتژمێر سێ و نیوی ئەو شەوە جەستەی زامداری سامان دەگەیەندرێتە نەخۆشخانەی ورمێ، بەڵام بەهۆی کاریبوونی برینەکانییەوە دوو سەعات دواتر دوایین هەناسەی لە سنگی پڕ لە ئاوات و خۆزگەیدا تێکەڵ بە شنەبای بەربەیان دەبێت و چاوە پڕ لە تاسەکانی لێک دەنێ.

ڕێژیمی ئاخوندی وەک نەریتی ٤٤ ساڵەی خۆی، سەرباقی شەهید کردنی سامان قادربەیگ، ئامادە نییە تەرمەکەی ڕادەستی بنەماڵەکەی بکاتەوە و بەو مەبەستەش بنەماڵەکەی دەخاتە ژێر گوشار و ئەزیەتەوە بۆ ئەوەی بە زەبری چەواشەکاری و تێکەوپێچانی ڕاستییەکان، ئەمجارەیان تۆمەتی خۆکوژی بداتە پاڵ شەهید سامانی قارەمان و شۆڕەسوار.

دوژمنی ساویلکە پێیوایە بەو شێوە سیاسەتە بەربەرییانەیەی خۆی دەتوانێ بیری ئازادیخوازی لە ناخی کورددا کاڵ بکاتەوە، بۆیە دوای ڕاگرتنی تەرمی شەهید بە درێژایی ئەو ڕۆژە، لە کۆتاییدا دایک و هاوسەری شەهید ناچار بە واژۆکردنی چەند دێڕە نووسراوی هەڵبەسراو دەکەن و بەو مەرجەش تەرمی شەهید سامان ڕادەستی بنەماڵەکەی دەکرێتەوە.

سامان قادربەیگ ١٠ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی لە ئاوایی

کەرێـزەی گڵـی (ئەیوبـی) سـەر بـە شـاری سـەقز لـە بنەماڵەیەکـی نیشـتمانپەروەردا لەدایـک بـوو.
شـەهید سـامان کـوڕی خاڵـە عەبدولکەریـم و دایـە گەوهـەرە و خاوەنـی دوو بـرا بـە ناوەکانـی سـالار و سـەیوان و خوشـکێک بـە نـاوی شـلێرە.
سـامان لـە کەرێـزە قۆناغـی سـەرەتایی خوێندنـی بڕیـوە و تـا پۆلـی سـێی ناوەنـدی خوێنـدووە، دواتـر وازی لـە خوێنـدن هێنـاوە و ڕووی کردۆتـە بـازاڕی ئـازادی کارەوە و سـوپێرمارکێتی دانـاوە.
شـەهید سـامان عاشـقی ژیـان بـوو، ئامـادە بـوو لـە پێنـاو ژیانـدا بمـرێ و هەرگیـز نەچـووە ژێـر بـاری ژیانێـک کـە تەنیـا بەڕێکردنێکـی بێئامانـج بـێ.
شـەهید سـامان ژیانـی هاوبەشـی لەگەڵ شـادی خاتـوون دەسـت پێکردبوو، بەرهەمـی ژیانیـان کـوڕ و کچێکـی جوانن بـە ناوەکانی سـەردار و سـارینا.
سـامانی بوێـر و بەبیروبـاوەڕ، سەربەسـتی و ئـازادی و شـکانەوەی ئـاڵای سـێ ڕەنگـی نەتەوەکـەی خولیـای هەمیشـەیی بـوو. ورزشـوانێکی ئـازا و بـەوره بـوو و کوڕەکەشـی وەک خـۆی ڕاهێنـا بـوو و زۆرجـاران بەیەکـەوە وەرزشـیان دەکـرد.
ڕزگاریـی کوردسـتان و گەورەکردنـی سـەربەرزانەی منداڵەکانـی پێکـەوە گرێـدا بـوو. بـاوەڕی بـە سـەرکەوتنی گەلەکـەی و ڕووخانـی ڕێژیمـی پەت و سـێدارە هەبـوو و لەپێناویـدا چالاکانـە تێدەکۆشـا.

**من چیای بەرزە هەواری ژیانم**
**بۆ خەم و زامی گەلم هەتوانم**
**لووتکەمە ڕەمزی ئەوینی خاکە**

**باوەشم بیری کوڕانی پاکە**
**تا بووە ڕەمزی فڕینە شاخم**
**بۆ تەواری سووری خوێن سەد داخم**
**زەمەنم هێندە بڵیند و لێڕە**
**ڕێوی دژ زاتی نییە بۆ ئێرە**
**گەلێ بەوران دەغوڕان ڕوو بە دژان**
**سەر لە سەر سینەم گەلێ بەوران کوژان**
**پیریچۆپانە لە پشتم داییم**
**ڕوو بە ڕووگەی تەرەغەی شەیداییم**
**پیریچۆپانە لە پشتم داییم**
**ڕوو بە ڕووگەی تەرەغەی شەیداییم**
(کەژیار)

ئەو هەر لەگەڵ دەستپێکی شۆڕشی سەردەمیانەی ژیناوە وەک بەشێکی بەرچاو لە شەهیدەکانی ئەو شۆڕشە ناودارە، وەک لیدێرێکی چالاک بەشداریی خۆپیشاندانەکانی دەکرد، تەنانەت نزیک مانگێک بەر لە شەهیدبوونی جارێک لەبەر دەرگای دووکانەکەی کە نزیک بە ماڵی خۆیان بوو بەکرێگیراوانی ماتۆڕسوار و گۆپاڵبەدەستی ڕێژیم کە ژمارەیان نزیکەی پازدە کەس بووە، هێرش دەکەنە سەری و بە باتۆم زۆری لێدەدەن و بەسەختی بریندراری دەکەن، لەو کاتەدا سالاری برای دەگاتێ و خۆی بە نێو مەئموورانی ڕەشەکوژدا دەکات و لەپێناو ڕزگارکردنی سامانی برایدا خۆشی زۆری زەبری باتۆم وێدەکەوێت، بەڵام هەرچۆنێک بووە دەتوانن خۆیان بە دەرگەی حەوشەی ماڵەوەیاندا

بکـــەن، هێـــزە ســـەرکوتکەرەکانیش دوای شـــکاندنی دەرگـــە و پەنجـــەرەی ماڵەکـــە شـــوێنەکە جـــێ دەهێڵـــن.

لـەو هێرشـە ناجوامێرانەیـەدا سـامان بەهـۆی بریـن و کوترانـی جەسـتەیەوە بـۆ مـاوەی هەفتەیـەک ناتوانـێ لـە مـاڵ بچێتـە دەر و دوای ئـەو ڕووداوە چەندیـن جـار لەلایـەن ئیتلاعاتـەوە بانـگ دەکرێـت و هەڕەشـەی کوشـتنی لـێ دەکرێـت.

دوژمـن ئـەو داخـە لە دڵـی ڕەشـیدا هەڵدەگرێ و بـەو شـێوە بێبەزەییانەیە ڕفانـدن و ئەشـکەنجەدان و سـەرەنجام بـە شـەهیدکردنی سـامانی شـۆڕەلاو دەری دەبـڕێ. دوای ئـەوەی ڕۆژێکـی تـەواو بنەماڵـەی شـەهید سـامان لـە چاوەڕوانـی وەرگرتنـەوەی تەرمـی شـەهیدەکەیاندا دەمێننـەوە و بـەو ڕێوشـوێنە قورسـە وەریدەگرنـەوە، شـوێنەواری ئەشـکەنجە بـە چەندیـن شـوێنی جەسـتەیەوە دەبینـن، سـینگ و پشـتی بەتـەواوی شـین بووەتـەوە و دەم و گوێچکـەی خوێنـی لـێ دێـت، دواتـر ڕوون دەبێتـەوە کـە بەهـۆی ئەشـکەنجەی بێبەزەییانـەوە تووشـی زەربـەی مێشـکی بـووە و هـەر ئـەوەش هـۆکاری شـەهیدبوونەکەی بـووە.

بنەماڵـەی شـەهید سـامان هـەر ئـەو شـەوە دوای وەرگرتنـەوەی تەرمـی شـەهیدکەیان، دەگەڕێنـەوە بـەرەو کەرێـزە بـۆ ئـەوەی بـە خاکـی زێـدی لەدایکبوونـی بسـپێرن، بـەڵام دوژمنـی قینلـەدڵ بـۆ ڕێگریکـردن لـە بەشـداریی خەڵـک لـە ناشـتنی تەرمـی شـەهید ساماندا هێزەکانیـان لـە هەمـوو ڕێـگا سـەرەکییەکان هـەر لـە خاڵـی پشـکنینەوە تـا ڕێگاکانـی قـارەوا و بۆگەبەسـی و کەرێـزە بـڵاوە پێکردبـوو، سـەرەڕای ئـەوەش خەڵـک بەجۆشوخرۆشـەوە، تەنانـەت دانیشـتوانی ئاواییەکانـی دەوروبەریـش کـە هەواڵەکەیـان بیسـتبوو بـە کوێرەڕێگەکانـدا خۆیـان گەیانـدە گوڕسـتانی

کەرێـزە و درەنگانـی ئـەو شـەوە تەرمـی شـەهید سـامان قادربەیـگ بـە خاکـی پیـرۆزی کوردسـتان دەسـپێردرێ و نێـوی لـە مێـژووی شۆڕشـی ژینـا بـۆ ڕزگاریـی کوردسـتان تۆمـار دەکـرێ.



## شەهید ئەمیر فەراسەتی‌شاد

لەیلا قادری

سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بە دانپیانانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی شۆڕشێکی ژنانەی بێوێنە و سەردەمیانەیە، لە جەوهەریدا نەک هەر دژی پیاو نییە، بەڵکوو پیاوانی وڵات ئازایانە شانیان داوەتە بەری و گیانلەسەردەست سەریان بە سێدارە و پەت و گوللە شۆڕ کردووە.

گەلێک لاو و پیاوی جوامێر، وێنەی بێ‌وێنەی قارەمانییەتی و بوێرییان لە سەر تابلۆی هەرمانی مێژووی شۆڕشی ژینادا نەخشاند و بە کۆمەڵگەی جیهانیان نیشاندا کورد دەتوانێ لە شێوەی خەباتی مەدەنی بۆ وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی جوانترین داهێنانی هەبێ.

ئەمیر فەراسەتی‌شاد یەکێکی دیکە لە ڕۆڵە بەجەرگ و جەربەزەکانی ڕۆژهەڵاتە کە گیانی بەختی گوڕوتینی زیاتری شۆڕشی هەقخوازانەی ژینا کرد.

ڕۆژی ٢٠ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٧٨ی هەتاوی، لە سەرما و سۆڵەی زستاندا بە لەدایکبوونی ئەمیر هەستی بەتینی شادی لە گیانی خاتوو نازێ و کاک حەسەنی باوکی گەڕا و ئەو مزگێنییە دڵی خزم و دۆست و ناسیاوانی لە گوندی ئاڵواتانی سەر بە شاری سەردەشت زێدی

لەدایکبوونــی ئەمیــر خــۆش کــرد. زۆری پــێ ناچــێ دوای لەدایکبوونــی ئەمیــر بنەماڵەکــەی بــەرەو شــاری پیرانشــار کــۆچ دەکــەن. ئەمیــر خاوەنــی ســێ خوشــک بــە ناوەکانــی ئەویــن و ئانــا و ئــەسرا بــوو.

ئەمیــر لــە پیرانشــار گــەورە دەبــێ، دەنێردرێتــە بــەر خوێنــدن و دیپڵۆمــی ڕشــتەی تەجروبــی بەدەســت دێنــێ و دواتــر شــان دەداتــە بــەر کاری گەچبــڕی و لــەو پیشــەیەدا لێهاتوویــی و شــارەزایی خــۆی دەســەلمێنێ.

ئەمیــر لــە هەڕەتــی لاوی و تەمەنــی ١٧ ســاڵیدا باڵــی ئاواتەکانــی بــەڕووی ژیانــی هاوبەشــدا لەگــەڵ خاتــوو کوێســتان کــردەوە، هــەر بۆیــە زووش تامی شــیرینی باببەتــی چێشــت و عەبدولڕەحمانــی کــوڕی کــە بــە خۆشەویســتیی ڕێبــەری گــەورەی کــورد دوکتــور عەبدولڕەحمانــی قاســملوو، نێــوی عەبدولڕەحمانیــان لێنابــوو، لەئامێــز گــرت.

شــایی و دیــلان و هەڵپەڕکــێ وەک ڕەمــزی ژیــان زۆرجــار میوانــی دڵــی بــە ژیــان خۆشــی ئەمیــر بــوو. ئاشــقی هەڵپەڕکــێ و گۆرانیــی کــوردی بــوو، لــە مێــژووەوە دەیزانیبــە فەلســەفەی هەڵپەڕکــێ و گۆرانیــی کــوردی، وەک چــۆن نەتەوەکــەی لــە مێــژوودا ئەگەرچــی شــاهیدی هــەزاران کارەســاتی تاڵ بــووە، بــەڵام لــە دۆزینــەوەی دەرفــەت بــۆ دەربڕینــی شــادی غافــڵ نەبــووە. دەیزانــی جۆرەکانــی هەڵپەڕکــێ دەیــان ئامــاژە و چیــرۆک و بەســەرهات و گەلێــک قســەی نەوتــراوی بــۆ نــەوەی داهاتــوو بەزیندوویــی ڕاگرتــووە.

ئەمیــر فەراســەتی کوڕێکــی بوێــر و چاونەتــرس و عاشــقی ژیــان بــوو، ڕۆنانی کونجێکــی دڵنیایــی لەگــەڵ کوێســتانی هاوســەر و کــوڕە شــیرینەکەی لــە نیشــتمانێکی ئــازاد و دوور لــە داگیــرکاری و خۆفرۆشــی ئاواتــی شــیرینی ناوبــراو بــوو.

**دایە ڕیشەی ئۆف و خەمان**
**لە منی ڕۆڵەت نەبێ گومان**
**دەبمە قەڵا بۆ نیشتمان**
**یا سەربەستی یاکوو نەمان**

بیری تیژی ئەمیر کە زووتر لە تەمەنی باڵای دەکرد، هەستی بەو هەمووە چەوسانەوە و زۆردارییە دەکرد کە دوژمنی داگیرکەر بە چەکی ئایدۆلۆژی بەسەر گەلەکەیدا دەسەپاند.

شەهید ئەمیر فەراسەتی بووە سەنگی مەحەک بۆ شۆڕشی ژینا، بوێرانە هاتە مەیدان و لە هەموو خۆپیشاندانەکاندا بەشداری دەکرد. ڕۆژی هەینی ٢٧ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی، ئەو کاتەی جەماوەری پیرانشار شەقامەکانی شاریان تەنی و بانگی ئازادی و هاواری سەربەستیان هەڵدا، ئەمیری دڵ پڕ لە جۆش و خرۆش چووە ڕیزی خۆپیشاندەران و بە دروشمی دژ بە داگیرکەران تین‌وتاوی دایە ئەو ڕاپەڕینە مەزنە. بەڵام ڕێژیمی جەنایەتپیشە و کۆنەپەرەستی ئاخوندی بە ئاگر و ئاسن بەرەوڕووی خۆپیشاندانی مەدەنیانەی خەڵک بۆوە و بە چەک وڵامی داوا ڕەواکانی خۆپێشاندەرانی دایەوە.

قاتڵە ڕیسواکانی مێژوو لەپشتەوەڕا ناجوامێرانە باڵای ئەمیریان کردە نیشانە و دوو گوللە گورچیلەی چەپی و دووانیش نزیک دڵیان پێکا. هەر لەوێ بەهۆی کاریبوونی برینەکەیەوە دڵە گەورەکەی ئەمیر فەراسەتی کە شەیدای ئازادی بوو لە لێدان کەوت.

بەکرێگیراونی ڕێژیم هەوڵیان دا تەرمی شەهید ئەمیر بڕفێنن، بەڵام جەماوەری تووڕە وەک شوورەی پۆڵایین لە پشت بنەماڵەی شەهید

ئەمیـر ڕاوەسـتان.

شـەوی هەینـی ٢٧ی خەزەڵـوەرە، تاریکـی باڵـی بەسـەر دنیـادا کێشـاوە، تیشـکی خـۆری ئـاڵای کوردسـتان بەسـەر سـینگی شـەهید ئەمیـرەوە دەدرەوشـێتەوە. ئاپـۆڕای خۆپیشـاندەر تەرمـی پیـرۆزی شـەهید ئەمیـر فەراسـەتیان ناوەتـە سـەر شـانیان و لـە مزگەوتـی حەزرەتـی ئیسـماعیلەوە بـۆ ماڵەکـەی و لەوێـوە بـۆ گۆڕسـتانی کۆنەخانـێ کـە زیاتـر لـە سـێ کیلۆمیـترە بـە وتنـەوەی دروشـمی «**شـەهید نامرێ، یـان سـەردەکەوین یـان دەمریـن**» و «**مـەرگ بـەر خامنەیـی و دایـە مەگـری بـۆ ڕۆڵـە شـەرت بـێ بسـتێنین تۆڵـە**»، بەڵێـن نـوێ دەکەنـەوە کـە خوێنـی ئـەو شـەهیدە نوێیـەی کوردسـتان هەرگیـز ون نابـێ و هـەزاران ڕێبـوار بـەدڵ و گیـان درێـژە بـەو ڕێبـازە دەدەن و ئـاڵای کوردسـتان هەمیشـە بـە شـەکاوەیی دەمێنێتـەوە و ئەژنـۆ بـە دوژمنـی غـەددار دادەدەن.

تەرمـی شـەهید ئەمیـر بـە خاکـی پیـرۆزی کوردسـتان سـپێردرا و کاک حەسـەنی باوکـی شـەهید ئەمیـر لـە پەیامەکەیـدا ڕوو بـە جەمـاوەر وتـی: «**ئەمیـر تەنیـا کـوڕی مـن نەبـوو، کـوڕی ئێـوە و هەمـوو خەڵکی کوردسـتان بـوو**».

خاتـوو نازێـی دایکـی شـەهید ئەمیـر خـۆی بەسـەر گڵکـۆی کـوڕی شـیرینی کێشـاوە و لـە ئامێزیـدا دەیلاوێنێتـەوە، ئـەو دیمەنـە دڵـی هـەر مرۆڤێـک بەسـۆ دێنێـت. جەمـاوەری ئامـادە بـە دیتنـی ئـەو تابلۆیـە لـە ژانـی ناسـۆری جیایـی دایکـە شـەهیدێکی دیکـە لەسـەر گڵکـۆی ڕۆڵـەی شـەهیدی بـە دەسـتی دوژمـن، بـە دروشـمی «**دایـە مەگـری بـۆ ڕۆڵـە شـەرت بـێ بسـتێنین تۆڵـە**» وەفـای خۆیـان بـۆ درێـژەی خەبـات تـا سـەرکەوتن دووپـات دەکەنـەوە.

**مەرگی شەهید**
**وەکوو مەرگی خۆرەتاوە**
**دەمەو ئێوارێیەکی درەنگ**
**پەنجەی چڵکنی هەور**
**خوێنی هەتاوی لێ دەتکێ**
**تەرمی لە خوێن گەوزاوی خۆر**
**بۆ باوەشی گڵکۆ دەخوشێ**
**بەربەیانی**
**لەسەر کێلی ڕۆژهەڵاتی ئەم گڵکۆیە**
**هەر دڵۆپێک**
**دەبێتە پەیکی گزینگ و تاریکایی دەشواتەوە**
**مەرگی شەهید**
**وەکوو مەرگی خۆرەتاوە**

(مارف ئاغایی)

## شەهید مێهران ڕەحمانی

سۆما ناسری



بنەمای دەسەڵاتی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، لە سەر زوڵم و بێدادی دامەزراوە، ئەو دەسەڵاتەی وەک زۆربەی حکوومەتە فاشیست و دژەگەلییەکان هەر لە سەرەتاوە دەستی لە هیچ تاوانێکی کۆمەڵکوژیی و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی بیر و ئایدیا جیاوازەکان نەپاراست و نایپارێزێت.

بەڵام بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات جیاواز لە هەموو نەتەوەکانی دیکەی ئێران، لە سەرەتاوە دژی کۆیلایەتی بووە و ئەو تاپۆ و زنجیرە دەستکردەکانی پساند کە ڕێژیم بە ناوی ئایدۆلۆژی و ئایینەوە بەسەر خەڵکیدا فەرز دەکرد.

شەهید مێهران ڕەحمانی کوڕی کاک محەممەد و خاتوو فاتمە بەیگمحەممەدی ڕۆژی ٣ی بەفرانباری ساڵی ١٣٧٨ی هەتاوی لە ئاوایی قالوێزەندانی سەر بە شاری سەربەرزی مەهاباد لەدایک بووە و خوشک و برایەکی هەبوو بە ناوەکانی ساریا و هەرمان.

مێهران خوێندنی سەرەتایی لە ئاوایی قالوێ تەواو کرد و بۆ درێژەدان بە خوێندن ڕووی کردە شارەدێی خەلیفان سەر بە مەهاباد و لەوێ دیپلۆم وەردەگرێ و پاشان لە زانکۆی سەراسەریی تاران وەرگیرا، بەڵام

بەهـۆی ئەوەیکـە حـەزی لـە ڕشـتەکەی واتـە «گیـا دەرمانییـەکان» نەبـوو، لـە زانکـۆی زانسـتی پڕاکتیکـی (علمـی کاربـوردی) مەهابـاد دەچێتـە زانکـۆ و دیپلۆمـی بـاڵا لـە ڕشـتەی حوقـوق تـەواو دەکا و سـەرەڕای ئەوەیکـە زۆر هــەوڵ دەدا لــە ڕشــتەکەی خۆیــدا دابمــەزرێ، بــەڵام هەوڵەکانــی سـەر ناگـرێ و دواتـر ڕوو دەکاتـە بـازاڕی کار و لـە پاسـاژی مەهابادمـۆڵ دووکانێکـی شـاڵ و ڕووسەریفرۆشـی دەکاتـەوە و لـە کاری وەرزێریشـدا هاوکاریـی باوکـی دەکـرد. مێهـران دەیەویسـت لـە پەنـا کارکردنـدا درێـژە بـە خوێندنەکـەی بـدات و هـەر بۆیـەش بنەماڵەکـەی لەبـەر مێهـران لـە ئاوایـی قالویزەندانـەوە ڕوو دەکەنـە شـاری مەهابـاد و لـەوێ نیشـتەجێ دەبـن.

مێهـران کوڕێکـی دڵسـۆز و خوێنگـەرم بـوو و خەمـی خەڵکـی بـە خەمـی خـۆی دەزانـی و بـەردەوام هەوڵـی دەدا ژیانێکـی ئاسـوودە و ئـارام بـۆ خـۆی و بنەماڵەکـەی دابیـن بـکا.

لەگـەڵ سـەرهەڵدانی ڕاپەڕینـەکان کـە بـە «**شۆڕشـی ژینـا**» نـاوی دەرکـرد و دواتـر زۆربـەی شـارەکانی ئێرانیشـی گرتـەوە، لاوان و خەڵکـی ڕاپەڕیـوی شــاری مەهابادیــش کــە وەک هەمیشــە پێشــەنگ بــوون شــەقامەکانیان چـۆڵ نەکـرد و دوژمنیـان وەزاڵـە هێنـا بـوو و شۆڕشـگێڕان لـە بەرامبـەر دڕندەتریــن هێزەکانــی ڕێژیمــی دیکتاتــۆری ئاخونــدی چەکــی دەســتیان تەنیـا ورە و بیروباوەڕیـان بـوو.

«**کـە خوێـن ئـاو و کـە خوێـن خـاک و کـە خوێـن خەوتـانـی تەنیـوە، کـەی لـە خوێـن تێـر دەبـێ و دێتەبـەر داری نـازداری ئـازادی؟**»

ڕۆژی ٢٥ی خەزەڵـوەر، هەمـوو شـار شـڵەژا بـوو، لـە گەڕەکـی بـەری شــیلانانی ئــەو شــارە لاوان ســەنگەریان دابەســتبوو، مێهــران لەلایــەن

بەکرێگیراوانــی ڕێژیمــەوە دەستنیشــان کرابــوو و بــە تەکتیرهاوێــژ دەپێکــرێ و بەســەختی برینــدار دەبــێ و دوای ئــەوەی دەیگوازنــەوە بــۆ نەخۆشــخانەی مەهابــاد هــەر لــەوێ هێزەکانــی ڕێژیــم هەڕەشــە لــە بنەماڵەکەیــان دەکــەن و نامەیــان پــێ واژۆ دەکــەن بــۆ ئــەوەی نەڵێــن لەلایـەن هێزەکانـی ڕێژیمـەوە کـوژراوە و دەبـێ بڵێـن لەلایەن جاشـەکانەوە لێیــدراوە.

دوای ئـەوەی نەشـتەرگەریی بـۆ مێهـران دەکـەن، دۆخـی بـەرەو باشـتربوون دەچـێ کـە هەڵدەسـتێتەوە و بـە پێـی خـۆی لـە نەخۆشـخانە دێ و دەچـێ، بــە وتــەی یەکێــک لــە شــاتەیحالان بــەردەوام زەنگیــان بــۆ نەخۆشــخانە لێـدەدا و حاڵیـان دەپرسـی و دەڵـێ ئـەو شـەوە کـە زانیـان حاڵـی باشـترە، لەلایـەن ئیتلاعاتـەوە یەکێـک لـە پەرسـتارەکان ڕادەسـپێردرێ دەرزی لێبدەن و دوای ئـەوەی دەرزییەکـەی لێـدەدرێ، بـۆ بەیانـی مێهـران پێوەندیـی بـە باوکییــەوە دەکا و دەڵــێ وەرە ژووریّ حاڵــم زۆر خراپــە، کاتێــک باوکــی دەچــێ دەبینــێ ڕۆڵەکــەی حاڵــی تێکچــووە، بــە دوکتورەکــەی دەڵــێ بــۆ وای لێهاتــووە! دوکتــور دەڵــێ پلاکێتــی خوێنــی هاتۆتــە خــوارێ و دەبــێ بگوازرێتــەوە بــۆ ورمــێ.

ڕۆژی ٢٧ی خەزەڵــوەر دەیگوازنــەوە بــۆ نەخۆشــخانەی ورمــێ، بــەو دەرزییـەی لێـی درابـوو حاڵـی تێکدەچـێ و چەنـد دەقـە دوای گەیشـتنی بــە ورمــێ گیانــی لــە دەســت دەدا و دەچێتــە ڕیــزی کاروانــی شــەهیدان و لاپــەڕە زێڕینەکانــی مێــژووەوە.

بـە وتـەی سـەرچاوەیەکی باوەڕپێکـراو ئـەو پەرسـتارەی ئـەو دەرزییـەی لـە مێهـران دابـوو دوای ماوەیـەک لـە مەهابـاد نامێنـێ، هەمـوو دەیانگـوت مێهـران دوای نەشـتەرگەری بـەرەو باشـتربوون دەچـوو و مەترسـیی لەسـەر

نەما بوو و هەر بەم پێیە گیانلەدەستدانی ئێستاشی لەگەڵ بێ، جێی گومانە.


شەهید مێهران ئەوینی نیشتمانی لە سەرووی هەموو شتێک دەبینی و بەشداریکردن لە خۆپیشاندانەکان و هاندانی هاوڕێیانی بە ئەرکی خۆی دەزانی و لە ماوەی ڕاپەڕینەکاندا زۆربەی کاتەکان لە ڕیزی پێشەوەی خۆپیشاندەراندا بوو و خەریکی ڕێکخستنی کیژ و لاوانی ڕاپەڕیوی شاری پێشەوای نەمر بوو کە ئەمجارەش مێژوویەکی درەوشاوە و بێوێنەیان لە شۆڕشی ژینادا لەو شارە خوڵقاند. مێهران هەمیشە دەیگوت: «**ئاواتمە لە ڕێی ئازادیی کوردستاندا بمرم و مردن لەو ڕێگایەدا شانازییەکی گەورەیە کە بە نسیب هەموو کەس نابێت**» و هەر لەم پێناوەشدا گیانی بەختی ئازادی و سەروەریی گەلەکەی کرد. دوای ئەوەی مێهران شەهید دەبێ هێزەکانی ئیتلاعاتی ڕێژیم لە ورمێڕا لەگەڵ تەرمەکەی دێنەوە بۆ ئەوەی دڵنیا بن لە مەهاباد نایەنێژن.

سەرەنجام ڕۆژی ٢٧ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی، لە زێدەکەی خۆی لە ئاوایی قالوێزەندان لەنێو ئاپۆڕای خەڵکی کوردستاندا بە ئامێزی نیشتمانی دەسپێرن، کاک محەممەدی باوکی شەهید مێهران لە سەر گۆڕەکەی دەڵێ: «**سەربڵیندم، شانازیی دەکەم بە شەهیدبوونی کوڕەکەم لە ڕێگای ڕزگاریی کوردستان و بۆیە بەجێی سەرەخۆشیی هەمووتان پیرۆزباییم لێ بکەن، پیرۆزبایی لە شەهیدە نازدارەکەم بکەن، ئێمە بۆ ئازادی دەبێ نرخیش بدەین منیش جگەرگۆشەکەم پێشکەش بەو کوردستانە، سەربەرزم بە کوڕەکەم کە شەهیدی ڕێی کوردستانە، مێهران شەهیدی من نییە شەهیدی ئێوەیە و پێشکەشم کرد بە خاکی پیرۆزی کوردستان**».

پـاش گەڕانـەوەی خەڵـک لـە ڕێوڕەسـمی بەخاکسـپاردنی شـەهید مێهـران، زایەڵـەی سرووودی ئـەی ڕەقیـب لـە مزگەوتـی ئاوایـی قالوێزەنـدان مزگێنـی بەردەوامیــی ڕاپەڕیــن و لەشــکاننەهاتوویی ئیــرادەی گەلــی کــوردی بــۆ گەیشـتن بـە ئـازادی و سـەروەریی بـە گوێـی هەمووانـدا چرپانـد.

**کاتێک تیغیان لە دڵی کوردستان دا**
**کاتێک تیریان لە پەیکەری هەواڵان دا**
**بیرۆکەی ئازادیی لە کوردستان سەری هەڵدا**
**ئەو کاتە ڕۆڵەی من بۆ کورستان شەهید کرا**

(م،ر)



## شەهید فەرەیدوون فەرەجی

ناسر سادقی

هەر خوێنێک بۆ ئازادی دەڕژێ
دەبێتە مەشعەلێک کۆشکی ستەمی پێ دەسووتێ
هەر پەنجەیەک بۆ ئازادی ڕادەژێ
بناخەی ستەمی پێ دەهەژێ
ئەی خەونەکانتان کابووسی ستەمکار و
هیواکانتان چرای شەقام
هەنگاوەکانتان شەقاوشەق بوو
بە کەلـلەی سەری نەیار و
بڕیارەکانتان خەونی گەشی داهاتوو
خوێنتان خەنەی بووکی ئازادی
کە نووستن چاوەکانتان لێک مەنێن
دوارۆژی ڕوونی ڕزگاری
پێ ببینن وا نەرمنەرم
لە سەر شکۆی سەربەرزیتان دێتە دی
(باهۆز ئەحمەد)

شـاری سـەقز و ناوچـەی فەیزوڵابەگـی ناوێکـی دیـار و مێژوویەکـی تایبەتـە

لـە سـەردەمی ئێسـتا و ڕابـردوودا.

ئـەو شـار و ناوچەیـە زۆر یـاد و بیـرەوەری و ڕووداوی تراژیـدی و چیرۆکـی حەماسـی و حەیـران و ئەدەبـی زارەکـی بـە ئەمانەتـەوە هەتـا ئێسـتا لـە نـاخ و چاخـی زەمەنـدا پاراسـتووە.

هــەر لــە ڕۆژانــی ســەرەتای دوای تەمەنــی کۆمــاری کوردســتان لــە ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان و لــە ســاڵی ١٣٢٤ی هەتــاوی وەک دەوڵەتێکــی کـەم تەمەنـی کـوردی لـە سـەدەی بیسـتەمدا، ئـەو کاتـەی دایـە زێڕەوشـان خاتـوون لـە گزینگـی بەیانیـدا، لەسـەر بەرمـاڵ و شـەونوێژ و نـزا بـوو، کـە ئەحمەدخانـی کـوڕە گـەورەی و دوو کـوڕی جوامێـری دیکـەی سـەریان لـە سـەروو دارەوە بـوو، بـەڵام دڵیـان بـۆ سـاتێکیش لـە هەسـت و ئەوینـی نیشـتمان خۆفـی نەکـرد. کاتێـک دایـە زێڕەوشـان بـە هەواڵەکـەی زانـی و لـە ژێـر پەتـی سـێدارەوە سـەیری کوڕەکانـی دەکـرد، نـەک هـەر ئـەو خەڵکـەی لـەو دیمەنـە کارەسـاتبار و تراژێدیـە نووتقیـان لێبڕابـوو، بەڵکـوو ئەفسـەر و کاربەدەسـتە تاوانبارەکانـی شـای گۆڕبەگۆڕیـش لـە ئاسـت ئـەو ڕووداوە حەزیــن و دڵتەزێنــە نامرۆییــەدا لاڵ و دەستەوەســتان بــوون.

بـەڵام زێڕەوشـان خاتوونـی دایکیـان کـە لەیـەک کاتـدا سـێ کـوڕی لەپێنـاو کوردسـتان گیانیـان فیـدا کـرد، سـەیرێکی ئـەو سـەربەرز و سـوارچاکانەی سـەرداری کـرد و گوتـی؛ دەک ڕۆڵـە ڕووتـان سـپی بـێ، وەک ڕووی دایکـی خۆتــان ســپی کــرد. مــن بۆتــان ناگریــم، قوڕتــان بــۆ ناپێــوم و شــینتان بــۆ ناگێــڕم، ئێــوە لەســەر ڕێــگای ئــازادی و کوردایەتــی و لەپێنــاو ئابــڕوو و شــەرەفی ئــەو گەلــە زۆرلێکــراوەدا شــەهید کــران و مــن هەرگیــز بــە مردووتــان نازانــم.

ئـەوە لـە حاڵێکدایـە کـە دوای ٧٥ سـاڵ ئاگـری ئـەو بزووتنەوەیـە و پەیامـی

پێشـەوا و کۆمـاری کوردسـتان هـەر بەردەوامـە و ئـەو ڕاپەڕیـن و شۆڕشـە وەک میـرات و ئەمانەتێکـی پیـرۆز هەتـا ئێسـتا و ڕۆژی سەربەسـتی و سـەرفرازی لـەو ناوچەیـە و لـە ناخـی لاوان و خەڵکـی شۆڕشـگێڕی ئـەو مەڵبەنـد و شارسـتانییەتە بەردەوامـە و بـە بوونـی لاوانـی وەک فەرەیـدوون فەرەجـی و ڕوحـی نیشتماندۆسـتی و تینـووی ئازادیـی باوکـی و ئەندامانـی بنەماڵەکـەی کۆتایـی نایـا.

فەرەیـدوون فەرەجـی لەدایکبـووی شـاری سـەقز، یـەک لـەو هـەزاران لاوانــە بــوو کــە بــە هەســت و ڕوحیاتــی نیشتماندۆســتی و پاراســتنی بەهــا کۆمەڵایەتــی و نەتەوایەتییــەکان گــۆش کــرا بــوو. بــەڵام ڕێژیمــی کۆمـاری ئیسـلامی و سیسـتمی دواکەوتـووی ئێـران، لـە مـاوەی ٤٤ سـاڵەی دەســەڵاتداری و حاکمیەتــی نابەرپرســانە و نایەکســانی نگریســیدا نــەک هـەر فەرەیـدوون و بنەماڵەکـەی بێبـەش کـرد لـە حەسـانەوە و ئارامـی و ئابـووری و داهاتـی زۆر و زەونـدی ئـەو زێـد و نیشـتمانە، بەڵکـوو هۆکاریـی سـەرەکی و بنەڕەتیـش بـوو بـۆ بـاری نالەبـاری ژیـان و چەوسـانەوەی هاوتەمــەن و هاووڵاتییەکانــی.

فەرەیــدوون پلەکانــی خوێندنــی هــەر لــە ســەرەتایی و ناوەنــدی و دواناوەندییــەوە بــڕی و ســەرەنجام دیپلۆمــی لــە شــاری ســەقز لــە بــواری پیشــەی زانسـتی دارتاشـی (صنایـع چوبـی) لـەو شـارە تـەواو کـرد، بـەڵام بەناچــار بــۆ دابینکردنــی بژێــوی ژیــان، بــە هەســتی بەرپرســیارەتی بــۆ ژیانێکـی شـەرافەتمەندانە، ڕووی لـە شـاری بانـە کـرد و بـە ئەرکـی قـورس و کرێــکاری و شــاگردی، دەســتی بــە کار کــرد.

فەرەیـدوون کوڕێکـی وەرزشـوان و خۆشسـەلیقە و دەسـتڕەنگین بـوو، لـە هونـەری ئاشـپەزی و کاری ڕسـتورانیدا شـارەزا و لێهاتـوو بـوو و هۆگرییەکـی

زۆری بـە مۆسـیقا و ئامێـری گیتـار هەبـوو.

لـەو کات و سـاتانەی فەرەیـدوون لـە شـاری بانـە لـە پیتزافرۆشـییەک کاری دەکـرد، ئاگـری شۆڕشـی ژینـا و جووڵانـەوەی «ژن ژیـان ئـازادی»، لـە شـاری بانـە و ئاڕبابـاش هەتـا دەهـات گـڕ و بڵێسـەی دەسـەند و لاوان بەجـۆش و خرۆشـەوە ڕوویـان لـە گۆڕەپـان و شـەقامەکانی شـار دەکـرد. بـەڵام دوژمنانـی ئـازادی لـە هیـچ کام لـە سـەرهەڵدان و بزووتنەوەکانـی خەبـات بەتەنیـا نەبـوون و بـەردەوام تاقمێـک جـاش، خائیـن و خۆفـرۆش یارمەتیـدەر و چاوسـاغی دوژمـن بـوون و زۆرتریـن کەنـد و کۆسـپیان بـۆ بزووتنـەوە و شۆڕشـەکانی پێکهێنـاوە و لـە ڕاپەڕینـی ئەمجارەشـدا گەلێـک جـار لـە پشـتەوەڕا خەنجـەری غـەدرو خیانەتیـان لـە بزووتنەوەکـە دا.

فەرەیدوونـی لاو کـوڕی کاک مستەفا و دایـە پـەری، ڕۆژی ٣ی ڕێبەندانـی سـاڵی ١٣٧٣ی هەتـاوی چـاوی بـە دنیـا هەڵێنـا بـوو و تەنیـا ٢٨ بەهـاری لـە تەمەنـی بـڕی بـوو و دڵـی پـڕ لـە ئـاوات و ئـارەزوو بـوو و بـەردەوام باسـی حـەز و خولیاکانـی بـۆ موحسـینی بـرا گـەورەی دەکـرد و ئاواتـی ژیانێکـی ئـارام و ئاسـوودە لـە نیشـتمانێکی ئـازاد دا بـوو.

فەرەیـدوون بـە شـەهیدبوونی ژینـای کـوردان، کـە بـۆ ئـەو وەک فـرووزان و سـارینای خوشـکی بـوو زۆر بەپـەرۆش بـوو و خاوەندارەتـی لـە خوێنـی بەناحـەق ڕژاوی ژینـای بـە مافـی خـۆی دەزانـی و بەوپـەڕی ئـەرک وەخۆگرییـەوە بەشـداری لـە ڕێپێـوان و ڕاسـانی شـەقام دەکـرد، تەنیـا بـە تاوانـی کـورد بـوون وەک ئەحمەدخانـی فەیزۆڵابەگـی و براکانـی کـە لـە سـەردەمی کۆمـاری کوردسـتان کەوتنە بـەر ڕق و کینەی داگیرکـەران، ئەویش کەوتـە بـەر گوللـەی داگیرکەرانـی کوردسـتان و لـە ڕۆژی ٥ی خەزەڵـوەری ١٤٠١ی هەتـاوی، لـە ڕاپەڕینـی شـاری بانـەدا لەلایـەن داگیرکەرانـەوە

پێکـرا و بەسـەختی برینـدار بـوو و بەهـۆی سـەختی برینەکانییـەوە گیانـی لەدەسـت دا و نـاوی فەرەیدوونیـش چـووە نێـو لاپـەڕە زێڕینەکانـی مێـژووی کوردسـتانەوە.

ناوەنـدە ئەمنیەتییەکانـی شـاری بانـە پـاش ماوەیـەک بنەماڵـەی شـەهید فەرەیـدوون ئـاگادار دەکەنـەوە کـە بچنـە بانـە و لـە نەخۆشـخانەی سـەلاحەدین، تەرمـی کوڕەکەیـان وەرگرنـەوە، بـەڵام مخابـن سـەرەڕای ئـەو تاوانـەش دیسـان دەسـت لـە ئـازار و ئەزییەتـی بنەماڵەکـەی هەڵناگـرن و لـە ژێـر گوشـار و ئازاردانێکـی یەکجـار زۆر، بەناچـاری و بەبـێ بەشـداریی جەمـاوەر و دۆسـتان، بـە بێدەنگـی لەژێـر چاودێریـی ئەمنییەتـی لـە گۆڕسـتانی ئایچـی سـەقز ئەسـپەردەی خاکـی پیـرۆزی نیشـتمانی دەکـەن و بەمجـۆرە شـەهید فەرەیـدوون مەشـخەڵی سـەرهەڵدان و شـۆڕش بـە ڕێبوارانـی ڕێـگای ئـازادی دەسـپێرێ و لـە سـەر گڵکۆکـەی دەنـووسرێ:

**ئەمن ئاشق بە تۆم ئەی نیشتمانم**
**ئەتۆی ئاوات و تاسەی گشت جیهانم**
**لەسەر گۆڕم بنووسن من شەهیدم**
**فیدا بوو بۆ وەتەن عومر و ژیانم**

خاڵـە مسـتەفای باوکـی شـەهید فەرەیـدوون بۆ سـەلماندنی پاراسـتنی خوێن و ڕێبـازی شـەهیدان لـە چلـەی شـەهید فەرەیدوونـدا بـە ئامادەبوونـی دەیـان کەسـی شۆڕشـگێر لـە سـەر گڵکـۆی جگەرگۆشـەکەی بـە هەمـان بیـر و هـزری نەتەوەیـی و ئەندێشـەی ناسیۆنالیسـتی، سـوێندنامە و وەفـای خـۆی دەردەبـڕێ و دەڵـێ:

«**فەرەیدوون ئەوڕۆ چلەی مەرگتە، بە خوێنی سووری ڕژاوت قەسەم**

بڕاوە جەرگم، سووتاوە جەستەم
فەرەیدوون هەرگیز نابی فەرامۆش
بە گیانت قەسەم بۆت بوومە ڕەشپۆش
فەرەیدوون بۆ تۆ هەر تێدەکۆشم
خوێنت بە تەواو دنیا نافرۆشم
جوان بڕوانن لەم کوردستانە
بێشەی پڕ شۆڕش نەڕەشێرانە
ئیجازە نایەین لەم کوردستانە
شەمشەمەکوێرە بکا هێلانە»



## شەهید هیوا جان‌جان

لەیلا قادری

**دەک پەڕپەڕ بێ**
**ئەو ساڵنامەی پڕە لە خوێن**
**ڕۆژەکانی**
**لە مەرگی ئارەزوو دەدوێن!**

هەر چەندە لە شۆڕشەکانی مێژوو ورد دەبینەوە، جوانتر بۆمان دەردەکەوێت شۆڕشەکەی ژینا لە فۆڕم و شێوەی کلاسێک و دووبارە، تەواو جیاوازە و دوورە.

شۆڕشێکە پرچی کچی ڕۆژهەڵاتی کردووەتە بەیداخ و لە یەکەم ڕۆژەوە بە حورمەتی ژن کە ژیان و ئازادی لە گرەوی سەربەستی ئەو دایە، دەشەکێتەوە.

لاوانی ڕۆژهەڵات بە کوڕ و کچەوە لە مەیدانن، گیانیان لەسەر دەستە و نیشانیان دا حکومەتی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی ناتوانێت لە خەون و داهێنانیان داماڵێت. «هیوا جان جان» شۆڕەلاوی بەوەجی زادەی شاری بۆکانی جوان، زێدی حەسەن زیرەکی ناودار، یەک لەو لاوانەیە لەم شورشەدا گیانی لە پێناو سەربەستی دانا.

هیوا هەر لە دەستپێکی ڕاپەڕینەکەوە گوتی؛ «**ئەمجارە ئیدی جیاوازە**

**و ئـازادی مسـۆگەرە»**.

هیـوا جانجـان لـە ڕێکەوتـی ٢٥ی خەرمانانـی سـاڵی ١٣٦٩ی هەتـاوی، لەدایـک بـووە و هـەر لـەو شـارەش گـەورە بـوو، هیـوا دوو بـرای هەبـوو بـە ناوەکانـی هێمـن و محەممـەد.

دایـە گوڵنـاز پوورمسـتەفەوی و خاڵـە خـدر دایـک و باوکـی هیـوا وانـەی ژیانیـان بـە جۆرێـک بـۆ وتۆتـەوە کـە هەسـتی بەرپرسـیارێتی بەرانبـەر نەتەوەکـەی لـە لووتکـە دابـوو و نیشتماندۆسـتی بـۆ ئـەو لـە سـەرووی هەمـوو شـتێکەوە بـوو و شـانازیی بـە کوردبوونـی خـۆی دەکـرد.

ئـەو ڕاسـتییەش لـەو کورتـە ڕسـتانەوە دەردەکەوێـت، کـە هیـوا لـە دوای شـەهیدبوونی هـەرکام لـەو لاوانـەی پێـش خـۆی لـە شۆڕشـی ژینـادا شـەهید بـوون، لـە پێگـەی ئینسـتاگرامی خۆیـدا دەینووسـی: «**ئەمشـەو شـاری جوانـم، کوردەکانـم ڕەشپۆشـە**»، «**ئەمشـەو شـاری بۆکانـم بـۆم تاڵـە**». دەربڕینـی هەسـتی بـەم شـێوەیە دەریدەخسـت بۆسـۆی ئـەم ئاگـرە بەتینـەی ناخـی هـەر نیشـتمانپەروەرێکی داگرتـووە، لـە هەنـاوی ئەویشـدا بڵێسـە دەدات.

ڕۆژی ٢٦ی خەزڵـوەری ١٤٠١ی هەتـاوی، بـۆکان بـۆ دوژمنـی داگیرکـەر ببـوو بـە قیامـەت.

دەتگـوت هەمـوو خەڵکـی بـۆکان بەپانـەوە ڕژاونەتـە سـەر شـەقام. دەنگـی نارەزایەتیـی خۆپیشـاندەران دەگەیشـتە تەشـقی ئاسـمان و بەمـەش هێـزە بەکرێگیراوەکانـی ڕێژیـم کەوتبوونـە پەلەقـاژێ.

هیـوای هیواخـواز بـۆ ئـازادی کـە پیشـەکەی جۆشـکاری بـوو، ئـەو یـۆژە لـە سـەر کار پڕیشـکی ئاگـری جۆشـکاری چاوەکانـی ئـازار دابـوو، بۆیـە دوای هاتنـەوەی لـە سـەر کار بـە مەبەسـتی وەرگرتنـی دەرمـان بـۆ چاوەکانـی

لـە مـاڵ دەچێتـەدەر و تێکـەڵ بـە ڕیـزی خۆپیشـاندەران دەبێـت و لەگـەڵ خەڵکەکـە بانگـی ئـازادی دەڵێتـەوە.

**لە دوندی شاخەوە شار باخەبەر کەن**
**بڵێن کیژ و کوڕان چۆپیچەمەر کەن**
**برینی کۆنە ئاواتان گوڵی کرد**
**بڵێن دایکان کە بەرگی سوور لەبەر کەن**
**بە هەوریشمی هەتاوی زەردی سەرکەل**
**دەبا باوکان کڵاوی زێڕ لە سەر کەن**
**ژوانی کۆنە سەنگەر چەن بە چێژە**
**لە سەنگەردا خەفەت  لە سەر بەسەر کەن**

(کەژیار)

هێـزی سـەرکوتکەر کـە هەسـت دەکا کەوتووەتـە گیانەڵـڵاوە، جەنایەتێکـی دیکـە بـۆ مێـژووی ڕەشـی خـۆی تۆمـار دەکات و بـە گولـلـەی جەنگـی ڕاسـتەوخۆ دەسـتڕێژی لـە خۆپیشـاندەران کـرد، ئـەو ڕۆژە بـۆ بـۆکان ڕۆژێکـی خوێنـاوی بـوو، چەندیـن کـەس شـەهید و برینـدار بـوون و پێنـج فیشـەکی جەنگیـش بـاڵای هیـوا جانجـان، کـوڕە مێهرەبـان و دەنگخـۆش و خوێنگەرمەکـەی بۆکانیـان پێـکا.

بـە وتـەی شـایەتحاڵان یەکێـک لـە بەکرێگیراوانـی ڕێژیمـی پـەت و سـێدارە بەوپـەڕی وەحشـیگەرییەوە گولـلـەی خەڵاسـی لـە نـاو دەمـی هیـوادا بەتاڵ کرد.

هیـوا جانجـان، گیانـی پاکـی خـۆی بـە هەمـان شـێوەیە بەخشـی بـە نیشـتمان کـە خـۆی ئـارەزووی دەکـرد. ئاخـر هاوڕێکانـی دەڵێـن؛ دواى

شـەهیدبوونی ژینـا ئەمینـی، هیـوا بـەردەوام دووپاتـی دەکـردەوە: «**چەنـد خۆشـە مردنێکـی سـەربەرزانەی وەک ژینـا ئەمینـی**».
هیوا جانجان چۆن ژیا؟
ئـەو نـەداری و کێشـەی داراییـەی کـە لـە ئەنجامـی سیاسـەتی سـەقەت و گەنیـوی ڕێژیـم جگـە لـە دەسـتوپێوەندییەکانی خـۆی کـۆی گشـتیی خەڵکی کوردسـتان و ئێرانـی گرتووەتـەوە؛ هیـوا جانجانیشـی گیـرۆدە کـرد بـوو، بۆیـە نەیتوانـی درێـژە بـە خوێنـدن بـدات و هـەر لـە پۆلـی دەیەمـەوە خوێندنـی بەجـێ هێشـتبوو، هیـوا لـە پێنـاو وەدەسـتهێنانی بژیوێکـی سـەربەرزانە زۆری گەرمێـن و کوێسـتان کـرد. هەشـت سـاڵ لـە باشـووری کوردسـتان لـە شـارەکانی هەولێـر و سـلێمانی کاری جۆشـکاری کـرد، هەوڵـی دەدا سـەربەرزانە بـژی.
کەمـتر لـە سـاڵێک بـوو گەڕابـووەوە ڕۆژهەڵات و لـە کۆمەڵگەی پیشەسـازیی بـۆکان خەریکـی کاری جۆشـکاری بوو.
هیـوا سـەرەڕای ئـەوەی وەک هەمـوو لاوێکـی کـورد ئاواتـی ژیانێکـی ئاسـوودە و ئـارام و شـکۆمەندانە بـوو، هـاوکات ئاواتێکـی دیکەشـی هەبـوو کـە لـە پێنـاو وەدیهاتنـی بەڵێنێکـی بەخـۆی دابـوو؛ ئەویـش ئـەوەی لەگـەڵ ئازادیـی کوردسـتان، بووکـی خـۆی دابەزێنێـت و ژیانـی هاوبەشـی پێـک بێنێـت و هەمـوو جـارێ لـە جوابـی ئـەو پرسـیارەی کـە پێیاندەیانکـوت دەبـێ ژیانـی هاوبـەش پیـک بهێنـی بـە دایـک و بـاوک و هاوڕێیانـی دەکـوت: «**لەگـەڵ شـایی ئازادیـی کوردسـتان شـایی منیـش دەبینـن**» کـە بـە داخـەوە بـە ئاواتـی نەگەیشـت و لەپێنـاو ئـازادی و سەربەسـتیی خـاک و نیشـتمانەکەی گیانـی پیـرۆزی فیـدا کـرد.

**من بۆیە بە خۆم دەنازم**
**بە ناوی خۆم سەرفرازم**
**کە ناوم دێ سەر هەڵدێنم**
**لە بەر چاوان خۆ دەنوێنم**
**شاگەشکەم بەم نێوە خۆشەم**
**بۆ کاروانی خەبات تۆشەم**
**شەمم بۆ شەوگاری گەلم**
**یاری وەفاداری گەلم**
**ئەو ڕێگایەی گرتوومە بەر**
**بەرم نەداوە تاکوو سەر**
**گیانم دانا لەسەر دەستم**
**سەربەرزیی گەل بوو مەبەستم**

(سەربازی ون)

هیوا کوڕێکی دەنگخۆش، لەسەرخۆ و نەرمونیان بوو. زۆر جار بە دەنگە خۆشەکەی کۆڕی یارانی گەرم دەکرد و گۆرانیی بۆ ژیان دەچڕی.

هیوا وەک شەهیدەکانی دیکەی ڕێی ڕزگاری لەپێناو گەشانەوە و زیندوومانەوەی گڕی ژیاندا شەهید بوو و لە گۆڕستانی بۆکان لە ڕیزی سوورخەڵاتانی ئەم شارەدا بە خاکی پیرۆزی نیشتمان سپێردرا و بەو ئاواتەی کە خواستبووی و بەردەوام دەیگوتەوە چەند خۆشە مردنێکی سەربەرزانەی وەک «ژینا ئەمینی» گەیشت، ئەویش وەک خاڵە خدری باوکی وتەنی گیانی فیدای وەتەن کرد.



# شەهید سارینا ساعێدی

لەیلا قادری

**خوێنت**
**سروودی سەرکەشی زەمان،**
**نەمانی بێدادی**
**دەنگت**
**پەیامی شۆڕشی شەقام،**
**ژن و ژیان و ئازادی**

(فەرەیدوون ئەرشەدی)

**«سڵاو سارینا گیان، هەرچی کەسم هەستە باوانەکەم، هاتووم پێکەوە جەژنی بەفر بگێڕین، هەرچی کەسم دە هەستە، وەک جاری جاران کە بەفر دەکەوت و خۆشیت دەردەبڕی، هەستەوە سارینا گیان، منم باوکت هەرچی کەسم بۆ جوابم نادەیتەوە».**

ئەمە گفتوگۆی هاشم ساعێدی باوکی سارینا، شەهیدی تەمەن ١٦ساڵەی لە دایکبووی شاری سنەی قارەمانە کە لە ڕاپەڕینی ژینادا بە دەستی جەللادانی بەخوێن تینووی کۆماری ئیسلامی لە ژێر ئەشکەنجەدا دڵی لە لێدان کەوت .

باوکـی سـارینا لەسـەر گڵکـۆی کچەکـەی لـە گۆڕسـتانی بەهەشـتی محەممەدیـی شـاری سـنە لەگـەڵ بارینـی یەکـەم بەفـری یەکـەم زسـتانی دوای شـەهیدبوونی، چووەتـە سـەر گڵکۆکـەی و ڕاز و نیـازی دڵـی خـۆی بـۆ بـاس دەکات. ئاخـر جێ‌پەنجـەی ڕەشـی تاوانەکانـی کۆمـاری جەلـلادان لەسـەر بەفـری سـپی زسـتانیدا ڕەشـتر دەردەکەوێـت.

سـارینا کیـژی نـازداری هاشـم سـاعێدی لـە کاتێکـدا تەنیـا نـۆزدە ڕۆژ بەسـەر کووژاندنـەوەی مۆمـی سـەر کەیکـی یـادی شـازدەیەمین بەهـاری ژیانیـدا تێپـەڕی بـوو، لـە ڕۆژی ٤ی خەزڵـوەری ١٤٠١ی هەتاویـدا و لـە گەرمـەی ڕاپەڕینـی ژینـادا، کەوتـە بـەر شـاڵاوی سـەرکوتی داڵاشـەکانی کۆمـاری ئیسـلامی و سـەرەڕای بەرکەوتنـی چەندیـن گولـلەی سـاچمە، بـەوەش ناوەسـتێن و بـە باتـۆم و قۆنداغـی تفەنـگ دەکەونـە گیانـی و بەسـەختی برینـداری دەکـەن. هـەر بۆیـە ڕۆژی دواتـر گیانـی شـیرینی لـە ئەنجامـی زەبـری ئەشـکەنجەی دێوەزمەئاسـای هێزەکانـی ڕێژیـم بەخشـییە شۆڕشـی ژینـا.

**کچانی ڕووبار، کوڕانی گڕکان**
**فەرماندەکانی سەر شەقام،**
**کچانی ڕێکخراوی بەفر !**
**پارێزەرانی بەرزایی**
**کوڕانی شارەزای ئاگر !**
**بەلەزتر شەپۆل دەن،**
**نوێنەری شەتاوان !**
**بەرزتر هەڵبچن**

**تەوژمی گڕکانان !**
**پێبکەنن**
**کچانی شەقامی یەکسانی**
**بەرانبەر تفەنگی ساچمەیی،**
**وەک گێلاس !**
**هەستنەوە**
**کوڕانی سەنگەری سەربەستی**
**بەرانبەر باتۆمی فاشیستان**
**وەک ڕێواس**
**ئەوینتان ڕەنگینتر**
**بەساتی  ئاشقان،**
**هێرشتان بوێرتر**
**بەکاتی ڕاپەڕین،**
**دیدەتان برینتر**
**بەکاتی بەرخۆدان**
**گەشترە ئایەندە،**
**بە ڕەنگی هاوارتان**
**سوورترە بە خەون و بە خوێنی جەوانتان**
**ڕوومەتی نیشتمان**
(فەرەیدوون ئەرشەدی)

خۆ حاشاهەڵنەگرە شەهیدبوون لە ڕێی ئازادی و سەربەستیی نەتەوەدا بۆ نیشتمانپەروەران ئاواتە و ئامانج؛ بەڵام بۆ سارینای سوورخەڵات وەک

زۆربـەی ئـەو کەسـانەی لـە شۆڕشـی ژینـادا گیانیـان بەخشـی، باجەکـەی سـەختر و قورسـتر بـوو، چونکـە لـە سـایەی سیاسـەتی چەواشـەکارانەی کۆمـاری سـێدارە، هێـزە بەکرێگیراوەکانـی ئـەو ڕێژیمـە بـە زەبـری زۆر و هەڕەشـە ڕێگەیـان لـە زۆر بنەماڵـە گـرت کـە لـە سـپێدەدەمدا و لـە نێـو ئاپـۆڕای گەلـی سەوداسـەری ئازادیـدا تەرمـی ڕۆڵەکانیـان بـە خاکـی وڵات بسـپێرن. هـەروەک چـۆن بنەماڵـەی سـارینا، دوای شـەهیدبوونی، جەسـتەی بێگیانـی ئەویـان لـە ژێـر هەڕەشـەی تونـدی هێـزە سـەرکوتکەرەکانی ڕێژیـم بـە شـەو و بـە بـێ بەشـداری خەڵکـی سـنەی قارەمـان ئەسـپاردەی خاکـی نیشـتمانە بەشـمەینەتەکەمان کـرد.

**کچی باران، کچی بەفر و شەتاوان،**
**کچی هاواری خوێنینی خیاوان !**
**بە مەرگیش نامرێ ئامانجی بەرزت**
**کچی خەندەی گوڵ و شادیی سەراوان!**

باوکـی سـارینا سـاعێدی لـە پۆسـتێکی ئینسـتاگرامیدا ئامـاژە بـە ڤیدیۆییەکی خـۆی دەکات کـە لـە کاناڵـی فەرمـی ڕێژیمـەوە بـڵاو کـراوە و دەڵـێ: «**لـە ژێـر گوشـار و هەڕەشـە دەیانهـەوێ لـە شـکۆی کچـی شـەهیدم کـەم بکەنـەوە و نـاوی بزڕێنـن، ئـەوان دەیانهـەوێ خوێنـی سـارینا بفرۆشـم**». هاشـم سـاعێدی باوکـی سـارینا ڕۆژی پێنجشـەممە ٨ی سـەرماوەزی ١٤٠١ی هەتـاوی، ڤیدیۆیەکـی بڵاوکـردەوە و وتـی؛ پارێـزگاری سـنە لـە چاوپێکەوتنێکیـدا دەڵـێ، سـارینا بەهـۆی بەکارهێنانـی ماددەی هۆشـبەر گیانـی لەدەسـت داوە، بـەڵام ڕاپۆرتـی پزیشـکی ئـەوە ڕەت دەکاتـەوە.

باوکـی سـارینا هەروەهـا دەنووسـێ: «**ئێـوە دەتانهـەوێ نێـوی کچەکـەم ناشـیرین بکـەن و یـاری بـە ئابـڕووی خەڵـک دەکـەن**».

باوکـی سـارینا لـە پۆسـتەکەیدا هەروەهـا ئامـاژە بـە دانپێانانـی زۆرملـێ دەکات کـە لـە ژێـر هەڕەشـە و گوشـاردا ڕێژیـم ناچـاری کـرد و بـڵاوی کـردەوە.

هاشـم سـاعێدی دەڵـێ: ئـەو ڤیدیۆیـە نەیتوانـی هاووڵاتیـان بـە هەڵـەدا ببـات. داوتـر بینیـمان چـۆن گەلـی هۆشـیار لـە چلـەی شـەهید سـاریـنادا بـە دروشـمی ئاگریـن دڵـی دوژمنیـان خسـتە لەرزیـن.

ئاشـکراکردنی ڕاسـتییەکان لـە لایـەن باوکـی سـاریناوە بـووە هـۆی ئـەوەی جارێکـی دیکـە پـەردە لەسـەر هەمەچەشـنی تاوانەکانـی ڕێژیـم لابدرێـت و دەڵـێ: «**حەراسـەتی قوتابخانەکـەی سـارینا پێشـنیاری پارەیـان پێـدام و لـە وڵامـدا وتـم: خوێنـی کچەکـەم نافرۆشـم**».

سـارینا وەک زۆربـەی خەڵکـی رۆژهەڵاتـی کوردسـتان قوربانـی سیسـتمی چـەوت و چەپەڵـی کۆمـاری سـێدارەیە کـە لـە هەمـوو ڕوویەکـەوە خەڵکـی گیـرۆدە کـردووە، هـەر ئـەو سیسـتمە نادادپـەروەرە کۆمەڵایەتییـەی کـە زۆر بنەماڵـەی لێکترازانـدووە.

هـاواری دایکـی سـارینا لەسـەر گڵکـۆی کچـی شـەهیدی دڵـی بـەرد دەکاتـە ئـاو. بـەڵام بڕیـارە و گـەل داوێتـی کـە دەبـێ کۆمـاری ئیسـلامی سزای ئـەو تاوانانـە ببینێتـەوە و سـەربەرزی و نەمریـش بـۆ شـەهید سـارینا و هەمـوو شـەهیدانی ژینـای کوردسـتانە کـە بوونـە پێشـەنگی شۆڕشـێکی جیـاواز و سـەردەمیانە ئـەو شۆڕشـەی کـە شـان لـە شـانی شۆڕشـە بەناوبانگەکـەی فەرانسـە دەدات و جیهانـی سەرسـامی خـۆی کـردووە.



## شەهید شاهۆ خزری

سۆما ناسری

**لە ئازاری غەمی «ژینا» وەتەن خوێنی لە چاو زاوە**
**بڵێسەی ئاگری شۆڕش بە خوێنی ئێمە ڕازاوە**

نە کۆتوبەند، نە زیندان و نە سێدارە و نە ئەشکەنجە نەیتوانیوە ئامانجی داگیرکەر بگەیەنێتە مەبەست. هەرکات ماشێنی سەرکوتی ستەمی لەبڕاننەهاتووی داگیرکەران بەر بە جووڵە و خەباتی ڕزگاریخوازی بگرێت، لە گۆڕەپانی ئازادیدا سەری کڕنۆشی تا پێڵاوی شەهید چەمێندارەوەتەوە.

نیشتمانی کوردان هەردەم جەولانگەی ئازادی و مافخوازانی بەبیر و هەست و هوشیاری وەک شاهۆ خزرییەکان بووە، ئەوان بۆ ئەوەی داهاتوو بنەخشێنن هەمیشە بە گیان و بە خوێنی ئاڵی خۆیان لاپەڕەکانی مێژوویان ڕەنگین کردووە.

ورە و باوەڕی شاهۆ یەکێک لەو نموونە بەرچاوانەیە هەردەم بە دەم بانگی ئازادییەوە ڕۆیشتوون، ستەم و بێدادییان وەک ئەسپی سەرکێش لەغاو کردووە و بوونەتە مەیدانداری خەبات. هەر بۆیەش دوژمن بەشێوەی دڕندانە هەوڵی داوە مرۆڤە بەبیر و باوەڕەکان بکاتە ئامانج.

شـاهۆ کـوڕی کاک ڕەحـمان و خاتـوو ئامینـە، ١٢ی سـەرماوەزی سـاڵی ١٣٨٠ی هەتـاوی، لـە شـاری مەهابـاد لـە دایک بـوو و دوای ئـەوەی تەمەنی بـوو بـە ٧ سـاڵ وەک هەمـوو منداڵێـک نێردرایـە بـەر خوێنـدن و شـاهۆش بەهـۆی سـتەمی داسـەپاو و سیسـتماتیکی ئـەو ڕێژیمـە لـە کوردسـتان و بارودۆخـی خراپـی ئابـووری نەیتوانـی درێـژە بـە خوێنـدن بـدات، دوای ئـەوەی پۆلـی دەیەمـی تـەواو کـرد دەسـتی لـە خوێنـدن هەڵگـرت و ناچـار بـوو لـە تەمەنـی هەرزەکاریـدا بچێتـە نـاو ڕیـزی لاوانـی کارەوە. دوای تەواوبوونـی خزمەتـی زۆرەملێـی سـەربازی، دووکانێکـی بچووکـی مۆبایـل فرۆشـتنی لـە پاسـاژی «سـەردار»ی مەهابـاد کـردەوە.

شـاهۆ گەنجێکـی زینـدوو، ڕووخـۆش و دەم بـە پێکەنیـن بـوو. حـەزی نەدەکـرد خەڵکـی دەوروبـەری لـەو شـوێنەی کـە لێـی بـوو دڵتەنـگ بـن، هەمیشـە هەوڵـی دەدا ئـەوان دڵخـۆش بـکات.

شـاهۆ بـەدەم یەکـەم نیـگای ئازادییـەوە پێکەنـی و بـە سـڵاوێکی شۆڕشـگێڕانەوە هاتـە مەیـدان، لەگـەڵ دەسـپێکی ڕاپەڕینـی سەرتاسـەریی شـاری مەهابـاد، شـاهۆی لاو بـەردەوام لـە نارەزایەتییەکانـدا بەشـداریی دەکـرد. پێشـتر هـۆکاری بەشـداریکردنی لـە نارەزایەتییـەکان بـە هاوڕێیـان و خەڵکـی دەوروبـەری دەگـوت: «**ئەگـەر مـن نـەڕۆم، تـۆ نەڕۆیـت، کـێ بچێـت**»؟

شـاهۆ دەیگـوت: «**ئەمـە مافـی خەڵکـی کـوردە مرۆڤـەکان پێویسـتە بـە ئـازادی و ئاسـوودەیی بژیـن. یـان دەمریـن یـان مافـی خۆمـان وەردەگرینـەوە**».

ڕۆژی ٥ی خەزەڵـوەری ١٤٠١ی هەتـاوی، لـە ڕێوڕەسـمی بەخاکسـپاردنی شـەهید سـمکۆ مەولـوودی، وەک هەمـوو لاوانـی مەهابـاد، پـڕ بـوو لـە ڕق

و تووڕەیـی لـە شـەهیدبوونی یەکـەم لاوی شـارەکەیان و لـە کاتـی گەڕانـەوە بـۆ نێـو شـار پرسـەیان کـردە خۆپیشـاندانێکی گـەورە دژی ڕێژیـم و شـار خورۆشـا و شـەقامەکانیان داگیـر کـرد و بـۆ جارێکـی دیکـەش سـەلماندیان کـە شـاری پێشـەوای کـوردان تۆڵـەی خوێنـی بەناحـەق ڕژاوی ڕۆڵەکانـی دەکاتـەوە.

هـەر ئـەو هەڵوێسـتە لێبڕاوانەیـەش دوژمـن هارتـر دەکات و بـە شـێوەیەکی دڕندانەتـر خەڵکـی دەکەنـە ئامانجـی گولـلە و گازی فرمێسـکڕێژ و هەوڵـی دەستنیشـانکردنی چالاکانـی بـەورەی ڕاپەڕینـەکان و لیدێرەکانـی شـەقام دەدا.

خائیـن و خۆفرۆشـەکان ئەوانـەی دەردەکـوردن و داردەسـتی ڕێژیمـن، ترسـنۆکانە بـە ئامانجـی کوشـتن تەقەیـان لـە خەڵـک دەکـرد.

شـاهۆ خـزری یەکێـک لـەو لاوە خوێنگەرمانـە بـوو کـە دەکرێتـە ئامانجـی ڕاسـتەوخۆی گولـلەی دوژمـن و بـە نیشانەشـکێن نێوچاوانـی دەکەنـە نیشـانەی ڕق و قینیـان و لـە سـەعات دوازدە و نیـوی نیـوەڕۆدا بـە گولـلەی کڵاشـینکۆف دەپێکرێـت و بـە سـەختی برینـدار دەبێـت، دوای گواسـتنەوەی بـۆ دەرمانگایـەک لـە شـەقامی حافـز کـە لـەوێ چارەسـەری بـۆ ناکـرێ و چەنـد کەسـێک لـە خۆپیشـاندەران دەیبەنـە نەخۆشـخانەی مەهابـاد، مخابـن لەوێـش بەهـۆی سـەختیی برینەکانیـەوە گیانـی پیـرۆزی پێشکەشـی بـارەگای ئازادیـی نیشـتیمان دەکات.

کاتێـک بنەماڵەکـەی ئـاگادار دەکرێنـەوە و دەگەنـە نەخۆشـخانە، پێیـان دەڵێـن تەرمـی کوڕەکەیـان لـە ساردخانەیە و چەند کـەس لە کاربەدەسـتانی نەخۆشـخانە پێیـان دەڵێـن ئەگـەر زوو ڕاینەگـوازن ئـەوە هێزەکانـی ڕێژیـم دێـن و دەسـت بـە سـەر تەرمەکەیـدا دەگـرن، ئەوانیـش دەرگای ساردخانە

دەشـکێنن و تەرمـی شـاهۆ لەگـەڵ خۆیـان دەبـەن، چەنـد کاتژمێـر دواتـر بەکرێگیراوانـی ڕێژیـم لـە مەجبـووراوا و زەوییەکانـی شـارەداریی مەهابـاد، ئـەو گەڕەکـەی شـاهۆ لێـی دەژیـا مـاڵ بـە مـاڵ بـەدوای تەرمەکەیـدا دەگـەڕان بـۆ ئـەوەی بیدۆزنـەوە، ئـەوە ڕاسـتییەکی حاشـاهەڵنەگرە دوژمنانـی گەلـی کـورد لـە تەرمـی مردووەکانیشـمان دەترسـن و تەنانـەت جەسـتەی بێگیانـی شـەهیدانیش تـرس و خـۆف دەخاتـە دڵیـان.
بەمجـۆرە شـاهۆی دڵ پـڕ لـە ئـاوات بـوو بـە دووهـەم شـەهیدی ڕاپەڕینـی نەتەوەیـی لـە شـاری مەهابـاد.

**لەوەتا پاییز بۆتە گۆڕستانی دار بەڕووەکان**
**لەوەتا داڵاشەکان دایکی بەچکە کۆترەکانیان ڕفاندووە**
**لەوەتا مامزەکان قوربانی هەوەسی خێوی شەون**
**لەوەتا زامدار کون بە کون خۆ لە مەرهەم دەشارێتەوە**
**لەوەتا لە شەقام جمەی هەژاران دێ و دەوڵەمەند تێرخەون**
**لەوەتا گۆڕ بۆتە بووکی لاوەکان و تارای سووری پۆشیوە**
**تۆ وەکوو جاران نی**
**تۆ موژدەی ڕۆژی هاتی**
**تۆ کاروانی سووری خەباتی**
**تۆ ڕۆڵەی ڕۆژهەڵاتی**
(ش.خ)

شـاهۆ مرۆڤێکـی دڵ پـڕ لـە هیـوا و گەشـبین بـەم شۆڕشـە بـوو و هـەر ئـەوەش وای لێکـرد بـوو تـا کاتـی شـەهیدبوونی مەیـدان چـۆڵ نـەکات و

بـۆ بەدیهاتنـی خەونەکانـی بەدەسـتی بەتـاڵ بـەڵام بەدڵـی پـڕ لـە ئیـمان و ورەی پۆلایینـەوە وەسـتا بـوو و بـەردەوام دەیکـوت: «**ئەگـەر ئـەم هەلـە لەکیـس بچێـت هەلـی وا بـە ئەسـتەم هەڵدەکەوێتـەوە و هـەر بۆیـەش زۆر گرینگـە نابێـت مەیـدان بـۆ دوژمـن چـۆڵ بکەیـن و دڵنیـا بیـن بـە یەکگرتوویـی دوژمـن بەچۆکـدا دێنیـن**».

شـەهید شـاهۆ لـە یەکێـک لـە پۆستەکانی ئینسـتاگرامەکەیدا نووسـیویەتی: «**گـەر بـە ئـازادی نەژیـم، مـردن خەڵاتـە بـۆ لەشـم، نۆکـەری و سـەر دانەوانـدن کاری نامەردانەیـە**».

شـاهۆ بـاوەڕی بـە سـەرکەوتنی ئـەم شۆڕشـە هەبـوو. سـەبارەت بـە چارەنووسـی ئـەم شۆڕشـە دەیگـوت: «**ئەمـە شۆڕشـە، بـۆ گەیشـتن بـە ئـازادی دەبێـت خوێـن بدرێـت**».

شـاهۆ بـۆ گەیشـتن بـە ئـازادی و سەربەسـتی گیانـی خـۆی بەخـت کـرد. بێگومـان خوێنـی ئـەو و هەمـوو شـەهیدانی ڕاپەڕینـی سەرتاسـەری گەرەنتـی سـەرکەوتنی حەتمـی ئـەم شۆڕشـە دەکـەن.

**دایە مەگری من شەهیدی ڕێی خەباتی پێشەوام**
**سوورخەڵاتم گیان خەڵاتە بۆ حەق و مافی ڕەوام**
**بابە با بەند بێ لە حەپسی چاوەکەت فرمێسکی ڕوون**
**بابە زۆر ڕۆڵەی وەکوو من گیانفیدای ئەو خاکە بوون**
**با بزانن دوژمنی گەل، نابەزێ کوردی دلێر**
**بێشەڵانی کێو و شاخم لانەیە بۆ بەچکە شێر**
**پشتی یەک بگرن گەلی کورد گڕ لە پشکۆ ببنەوە**
**ڕۆژی ئازادی لە دەورەی گۆڕەکەم کۆ ببنەوە**

**جێژنی سەربەستی بگێڕن دوژمن و لێ بێتەوە**
**جێگە زامی من گوڵی ئازادی لێ دەڕوێتەوە**

تەرمـی شـاهۆی لاو، ئـازا و بوێـر ڕۆژی ٥ی خەزەڵـوەری ١٤٠١ی هەتـاوی، لـە ژێـر گوشـاری زۆری هێزەکانـی ڕێژێمـی دژە مرۆڤایەتـی لـە زێـدی باب و باپیرانـی لـە گۆڕسـتانی شـیلاناوێی مەهابـاد، لـە ڕیـزی حەوت شـەهیدەکەی هێـزی پێشـەوا بـە خاکـی پیـرۆزی کوردسـتان سـپێردرا و ئەویـش بـاڵای بـە بـاڵای نیشـتمان گرت. سـومەییەی خوشـکی بـە لەبەرکردنـی جلەکانـی تاقانە بـرای شـەهیدی و گـوڵ دانـان لـە شـوێنی شـەهیدبوونەکەی لـە سـێڕای سـەید نزامـی مەهابـاد، بـۆ جارێکـی دیکـەش وەبیـر دوژمنـان و بکوژانـی گەلـی کوردیـان هێنایـەوە کـە ڕێـگا و ڕێبـازی شـەهیدانمان تـا گەیشـتن بـە ئامانجـی پیرۆزیـان بەردەوامـە.

**سوێند دەخۆین لە هەر شتێک زیاتر ئازادیمان خۆشتر بوێ**

**بـۆ ژن بـۆ ژیـان بـۆ ئـازادی، جلەکانـت لەبـەر دەکـەم و دەچمـەوە ئـەو شـوینەی سـوور بـوو بـە خوێنـی تـۆ...**

**سوێند دەخۆم بەو چرکەی وا دایکت هاواری کرد شاهۆکەمیان کوشت**

**سوێند دەخۆم بە سووری خوێنی ڕژاوی خۆت و هاوڕێکانت**

**سـوێند دەخـۆم تـا ماویـن دەس لـە خەبـات، دەس لـە تێکۆشـان هەڵناگرین و تـا دوا هەناسـە درێـژەدەری ڕێگاکـەت دەبین».**

شـاهۆی سـەربەرز، یـادت هەرمانـە، ڕێـگات درێـژەی هەیـە، خوشـکەکەت جلەکانــت لەبــەر دانانێــت تــا ئاواتــی ڕزگاریــت بــەدی نەهێنــێ، ئــەوە بەڵێنـی هەموومانـە بـە تـۆ بـە زانیـار، بـە فریشـتە بـە سـمکۆ، بـە کۆمـار، بـە مۆئمێـن، بـە نەسریـن بـە مینـوو، بـە فەرەیـدوون، بـە عرفـان بـە فـواد

بـە سـارینا و دانـش و موحسـین و نگیـن و فـواد و شـەهریار و محەممـەد، بـە دایـە کوبـڕا دایکـی نیشـتمان و بـە گشـت کوردسـتان.



# شەهید زەکەریا خەیاڵ

ناسر سادقی

لە مێژووی ئێمەی کورد زۆرن ئەو مرۆڤە نیشتماندۆست و لاوە جەربەزانەی ڕاوێژیان لەگەڵ ویژدان و فکرە و، ناتوانن واز لە بیر و ئایدیا نەتەوەیی و مافەکانیان بێنن و چاوپۆشی لە ویست و ئازادییەکانیان بکەن، ئەوان ژیان و سەربەستییان نەک هەر بۆ خۆیان بەڵکوو بۆ هەموو نەتەوە ژێردەست و چەوساوەکانیش پێ ڕەوایە و نکۆڵی لێ ناکەن، مرۆڤی شۆڕشگێڕ هزرە باوەکانی ئازادی بە هەڵە نازانێ، هەمووکات هەوڵی پەرەسەندن و پاراستنی دەدا.

ئەو هەستەی نوێ لاوانی وەک زەکەریا خەیاڵ و هاوتەمەنەکانی لە ڕاپەڕینی ١٤٠١ی هەتاوی، هێنایە سەرشەقام و باوەڕیان پێ هێنا، تێگەیشتن لە بیر و هزری کۆماری کوردستان و بزووتنەوە مێژووییەکان و، کۆتایی‌هێنان بە ژێردەستەیی و چەوسانەوە بوو، ژیری و پێگەیشتوویی و گەشەی فکری تاکی وەک زەکەریا لە ڕاپەڕین و شۆڕشی بەربەرینی «ژن ژیان ئازادی» لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئێستا ئیدی بانگەوازی سەراسەریە لەهەموو شار و شەقام و ناوەندی خوێندن و لەناو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات، فۆڕمێکی نوێیە لە ڕابوون و ڕاسانی شەقام و دەنگ‌وڕەنگی جیاوازی بزووتنەوەیە، ئەو دەنگەی

ئێستا لە قووڵایی دەسەڵاتی هێژموونیخوازیی ئێران دەبیسترێ.
لە شاری پیرانشار لاوان و خەڵکی ئەو شارە بە متمانەبەخۆبوون و مێژوویەک لە خەباتی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی بەشداری ئەو ڕاپەڕین و بزووتنەوەیە بوون، ئەوان ئەمجارەش بەوپەڕی بوێری هاتنە مەیدان و سیما و هەیبەتێکی بێوێنەیان بە ڕاپەڕین بەخشی، خەڵکی ئازا بە ژن و پیاو، گەورە و چووکەوە شەو و ڕۆژیان خستە سەریەک، بۆ وەدەرنانی بەکرێگیراوان لە بنکە و بارەگا و دەزگا دژەگەلییەکان. ئەو جموجۆڵەی خەڵک هیوا و ئومێدی زیاتری بە کوردستان بەخشی.
زەکەریا خەیاڵ لە رۆژی ١٣ی سەرماوەزی ١٣٨٤ی هەتاوی، لە پیرانشار لە دایکبوو؛ بە مزگێنی لە دایکبوونی زەکەریا، خەرمانی خەونەکانی کاک سولەیمانی بابی و ئامینە خاتوونی دایکی چرۆ و گوڵی هیوایان پشکووتن. ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر لە گۆڵجاڕی ئاوات و گەورەبوون و سەرکەوتنی زەکەریا و داهاتوویان دەڕوانی.
ئامینەخاتوونی دایکی زۆر شەوان بە ئەشقی دایکانەوە سەری بە سەر بێشکەی کۆرپە ساواکەی دادەگرت لە ڕوخساری شیرین و گوڵبزەی زەکەریای دەڕوانی، هەتا پەپوولەی خەو لە چاوەگەش و نەرمەبزە لە لێوەکانی دەنیشتن، لایەلایەی بۆ دەگوت و لەسەرەخۆ دەسرازەکانی توند دەکرد و بێشکەی دێنایە جۆلانە و نەرمە سەما و مەلی خەیاڵی لە تروکەتروکی ئەستێرەی ئاسمانی خەونەکانی زەکەریا باڵیان دەگرت و دەفڕین.
زەکەریا خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە مەکتەبی موتەهەری تەواو کرد، بەڵام مخابن لەوە زیاتر درێژەی بە خوێندن نەدا، زەکەریا بە پێچەوانەی هێندێک منداڵان بیر و بەهرەی پێش تەمەنی کەوتبوون و

گەشـەیان کـرد، هـەر بۆیـە بەهەسـتکردن بـە بەرپرسـیارەتی و هاوخەمـی بـۆ بژێـوی ژیـان، داوای لـە بابـی کـرد ئیزنـی پێ بـدا بـە کار لـە نانەواخانە و دەستفرۆشـی ڕۆژانـە لـە سەرشـەقام یارمەتیـدەری ئابووریـی بنەماڵەکەیـان و بابـی بـێ.

زەکەریـای تـازەلاو بـە هەڵسـوکەوتی ژیرانـەی و تایبەتمەنـدی جوانـی هێنـدەی دیکـە کەوتبـووە بەردڵـی خەڵـک و خـزم و هەواڵەکانـی.

ئەویـش وەک زۆربـەی لاوانـی تازەپێگەیشـتوو زۆر جـار بیـری لەچـوون بـۆ نـاو ڕیـزی شۆڕشـگێڕانی شـاخ دەکـردەوە، داوای لـە خزمێکـی نزیکـی خۆیـان دەکـرد یارمەتـی بـدا بـەڵام بەهـۆی کەمتەمەنـی ئـەو بـوارەی بـۆ نەڕەخسـا و ئـەو خەونـەی هـەر لـە دڵـدا مابـوو. لەکاتـی شـەهیدبوونی ژینا و سـەرەتای شۆڕشـی بزووتنـەوەی ژن ژیـان ئـازادی، زەکەریـا خەیـاڵ وەک زۆربـەی لاوانـی خوێنگـەرم و دڵگـەرم تێکـەڵاوی ڕاپەڕیـن و ڕابوونی خەڵکی پیرانشـار بـوو و، چەنـد ڕۆژ دوای شـەهیدبوونی ژینـا، ڕۆژی ٢٩ی خەرمانـان لـە مەیدانـی «محەممـەد ئـەوراز» شـاخەوانی نـاوداری لووتکەبەزێنـی کورد لـە شـاری پیرانشـار، کەوتەبـەر دەسـڕێژی گولـلەی پاسـتاڕانی داگیرکـەر و خۆفرۆشـانەوە و، گوڵـی ژیانـی دوای شـازدەهەمین سـاڵ و جوانتریـن سـاڵ و ڕۆژەکانـی تەمەنـی هەڵوەریـن؛ زەکەریـا تەنیـا شـازدە بەهـار و خەرمانـان و خەزەڵـوەر و شـازدە زسـتانی بـەڕێ کـرد، بـەڵام نـاو و یـادی هەتـا ڕۆژی سـەرفرازی و سەربەسـتیی نیشـتمان لەنـاو بزووتنـەوەی ڕابوونـی ڕۆژهـەڵات وەکـوو هێمایەکـی زینـدوو هـەر دەمێنـێ.

هێزەکانـی ڕێژیمـی دژەکـوردی کۆمـاری ئیسـلامی، دوای ئـەو جەنایەتـە سـامناکە وازیـان لـە بنەماڵـە و ئازیزانـی زەکەریـا نەهێنـا و بـە ڕێگـری لـە بەخاکسـپاردنی لەنـاو ئاپـۆڕای خەڵـک و ڕێوڕەسـمی پرسـەی ماتەمینـی

بـەزۆری زاڵمانەیـان و لەژێـر گوشـاری هێـزی نیزامـی زەکەریـای نـوێ لاویان لـە گۆڕسـتانی کۆنەخانـێ بـە خـاک سـپارد.

**شەکەت، ماندوو ...**
**بریندار و لە خوێن گەوزاو**
**بەڵام سەربەرز و سەرکەوتوو**
**گەیشتینە ئەم هەوارە**
**ڕێگایەکی دوورودرێژمان بڕیوە**
**هەنگاو بە هەنگاوی ڕێگا**
**شەتڵی گیانی شەهیدێکە**
**بە ئەشک و خوێن ئاو دراوە**
**مێژوویەکی پڕ کارەسات**
**هەر وەرەقی تەژی لە ئەسرین و زووخاو**
**بە قەڵەمی ئەویندارێکی نووسراوە**
**گەلۆ سووکی لێ مەڕوانن**
**بەها و قەدری ئەم کیانە**
**هەرزان نییە...**
**زۆر گرانە**
**دەریا، دەریا، خوێنە، گیانە!**

(جەلال مەلەکشا)

ژیلەمـۆی ناڕەزایەتـی و هەڵوێسـتی بوێرانـەی خەڵکـی وەزاڵەهاتـووی شـاری پیرانشـار پـاش ٤٣ ڕۆژ بـۆ پشـتیوانی لـە شۆڕشـی ژینـا و بنەماڵـەی شـەهید زەکەریـا دیسـان خورۆشـان و ڕوویـان لـە شـەقام کـردەوە، بـەڵام

بەداخــەوە دیســان تــازە لاوێکــی دیکــەی ئــەو شــارە بــە نــاوی کۆمــار دەرئوفتــادە شــەهید دەبــێ و بابــی زەکەریــاش برینــدار دەکــەن و ڕەوانــەی نەخۆشــخانە دەکــرێ، کــە زیاتــر لــە ســێ مانــگ لــە ماڵــەوە بــە دەســت ئــازاری لەدەســتدانی جگەرگۆشــەکەی و گوشــاری بێئەمانــی ڕوحــی و جەســتەییدا ژیــان بەســەردەبا، ئــەوە لــە حاڵێکدایــە کــە هەتــا ئێســتاش ئــەو ئــازارە جەســتەیی و ڕوحییــە هــەر بەردەوامــە.

خاتــوو ئامینــە دایکــی شــەهید زەکەریــا بــە شــەهیدکرانی جگەرگۆشــەکەی، چەمــرا و شــینگێری زەکەریــای لەســەروو جغــار و شــینی پیــری داســنیان و خــەج بــۆ ســیامەند و شــیرین بــۆ فەرهــاد و زیــن بــۆ مەمــی هێنایــە کــوڵ و ناســۆری هەمووانــی کولانــدەوە و ئاگــری هەنــاوی مێــژووی هێنایــەوە یــادی ئاشــقان و دڵبەســۆیان، ئاخــە شــینی زەکەریــا هــەر شــینی ئاشــقێکی بەئــاکام نەگەیشــتوو نەبــوو، شــینی لاوێکــی نیشتماندۆســت و سەوداســەری ئــازادی و سەربەســتیی خــاک و ڕابــوون و ســەرفرازی بــوو. لایەلایــەی خاتــوو ئامینــە ئاوێتــەی گڕکانــی شۆڕشــێکی مــەزن و شــێعرە بەرزەکــەی هــەژارە بــۆ نــەوە دوای نــەوەی ڕێبــازی قەڵــەم و چــەک لــە پێنــاو کوردســتان.



# شەهید حەبیبوڵڵا فەتحی

ئیسماعیل ئیسماعیل‌زادە

هەر بە هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی و بە داسەپاندنی شەڕ بەسەر خەڵکی کورددا،کە لە ئاسمان و زەوییەوە بە دڕندانەترین شێوە پەلاماری گەلەکەمان درا و زۆر جینایەت خوڵقا، گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چووە سەنگەری بەرگرییەوە و داکۆکی لە خاک و نیشتمانی خۆی کرد.

شەڕی سێ مانگە، بۆردومان و سووتاندنی شار و گوندەکانی کوردستان، قەڵاچۆکردن و کوشتنی بەکۆمەڵی خەڵکی بێ‌تاوان، زیندانی کردن و لەسێدارەدانی سەدان مێرمنداڵ و گەورە و بەساڵاچوو، نموونەی زەقی جینایەتەکانی ڕێژیمی داگیرکەر و دژەکوردی کۆماری ئیسلامی بوون و هەن.

گەلی کورد لە بەرامبەر ئەم پەلامارەی هێزی داگیرکەر و تەیاری ڕێژیمدا نەک هەر سەری دانەنواند و چۆکی دانەدا، بەڵکوو سەربەرزانە چووە سەنگەری بەرگری لە مان و مەوجوودیەتی خۆیەوە.

لە کوردستان ماڵ نەبوو کە ڕۆڵەی چەکی پیرۆزی پێشمەرگەیاتی لە شان نەکردبێ و لە سەنگەری خۆڕاگریدا نەبووبێ.

یەکێک لەو بنەماڵانەی کە هەر لە سەرەتای پەلاماری سپای

داگیرکـەران بـۆ سـەر کوردسـتان ڕیـزی ئازادیخوازانیـان هەڵبـژارد، بنەماڵـەی شــەهید حەبیبوڵــڵا فەتحــی لــە شــاری هەمیشــە خەباتــکاری دیوانــدەرە بـوون، ئـەم بنەماڵەیـە سـاڵی ١٣٥٩ی هەتـاوی، یەکێـک لـە ڕۆڵەکانیـان بـە نـاوی عەبدوڵـڵا بـە کوردسـتان بەخشـی کـە لـە لایـەن کۆمـاری ئیسـلامییەوە لـە زیندانــی سـنە لەسـێدارە درا.

هـەر لـەو کاتـەوە کـە حەبیبووڵـڵا مێرمنداڵێـک بـوو، بـرا و لـە هەمانکاتـدا یەکێـک لـە نزیکتریـن هاوڕێکانـی لـێ ئەسـتێندرا و بـەو هۆیـەوە تووشـی ئــازاری گرانــی دەروونــی بــوو و گڵکــۆی براکــەی لــە گۆڕســتانی گونــدی «حاجـی مووسـا» ببـووە بـارەگای ڕاز و نیـازی حەبیبوڵـڵا و، برا شـەهیدەکەی ببـوو بـە شـوێنی پەیمانـی تۆڵـە و وەفـاداری.

حەبیبووڵـڵا فەتحـی کـوڕی کاک محەممەدسـەعید و دایـە گوڵخـاس، لـە بنەماڵەیەکـی مامناوەنـد و پڕخێـزان، سـاڵی ١٣٣٩ی هەتـاوی، لـە گونـدی حاجـی مووسـای سـەر بـە شـاری دیوانـدەرە لـە دایـک بـوو.

بەتایبەتــی لــەو کاتــەوەی کــە عەبدوڵــڵای بــرای لەلایــەن کۆمــاری ئیســلامییەوە لــە ســێدارەدرا، حەبیبوڵــلای لاو ڕاســتەوخۆ هەســتی بــە چەوســانەوەی گەلەکــەی کــرد و بــوو بــە ڕێبوارێکــی بەوەفــا بــۆ بــرای شــەهیدی و نیشــتمانەکەی.

سـەرەڕای لەدەسـتدانی دایـک و بـاوک و براکـەی، ئـەو شـانی وەبـەر بـاری قورسـی ژیـان نـا و ئەرکـی بەخێوکردنـی خوشـک و براکانیشـی وەئەسـتۆ گـرت.

بـەو هۆیـەوە توانـی تەنیـا خوێندنـی سـەرەتایی تـەواو بـکا و خۆڕسـکانە خــۆی پــەروەردە بــکا و زیاتــر بــە ناخــی ئــازاری نەتــەوە و نیشــتمانە داگیرکراوەکەیــدا ڕۆ بچــێ.


حەبیبوڵلا لە پەنای دابینکردنی بژیوی ژیان بۆ بنەماڵەکەی، کەسێکی کتێبخوێن، هۆگری مێژوو و ئەدەبیات بوو. هەر ئەمەش ئەوی کردبووە کەسێکی ژیر و تێگەیشتوو لە لای هاوڕێ و ناسیاوەکانی.
حەبیبوڵلا فەتحی پاش لەسێدارەدرانی عەبدوڵلای برای لە سالی ١٣٥٩ بۆ ماوەیەک چەکی پیرۆزی پێشمەرگەی لەشان کرد و لە زۆر عەمەلیات دژی هێزەکانی کۆماری ئیسلامیدا حەماسەی خوڵقاند. ئەو لە بەر ئەوەی کوڕی گەورەی بنەماڵە بوو بەناچار وازی لە پێشمەرگایەتی هێنا، بەڵام تا سەرئێسقان بە ڕێبازەکەی وەفادار مایەوە و تا دوایین ساتەکانی ژیانی شانازی بەو ڕێبازە پیرۆزە دەکرد.
حەبیبوڵلا ئەرکی ئاگالێبوون و گەورەکردنی خوشک و براکانیشی لەئەستۆ بوو، ناوبراو ژیانی هاوبەشی لەگەڵ خاتوو ئێران قوربانی پێکهێنا و بوونە خاوەنی دوو کوڕ و شەش کچ. ئەرکی قورسی بەڕێوەبردنی بنەماڵە بەری بە خەبات و هەستی نیشماندۆستیی حەبیبوڵلا دژبە حکومەتی داگیرکەر نەگرت و بە درێژایی تەمەنی کۆماری سێدارەی ئێران، حەبیبوڵلا بە کەسێکی نەیاری ئەو ڕێژیمە دەناسرا و هەر بەم هۆیە هەمیشە لە ژێر چاودێریی جاش و سیخوڕەکاندا بوو و هەر جارناجارێک بە بیانووی جۆراوجۆر بانگ دەکرایە ناوەندەکانی ئیتلاعات و لێپرسینەوە و هەڕەشەی لێ دەکرا. بەڵام ئەو هیچکات دڵی نەلەرزی و لە پاش هەڕەشەکانی ئیتلاعات و سپای پاسداران بە ورەیەکی بەرزتر و بڕوایەکی قایمترەوە درێژەی بە خەبات دژی ڕێژیم دەدا و لە ناڕەزایەتییەکاندا بەشداریی دەکرد.
شۆڕشی ژینا دەستی پێکرد و زۆر زوو شاری دیواندەرە تێکەڵاوی شۆڕشەکە بوو. شارێک کە بە شێوەی جەماوەریی کەوتە حاڵەتی

خۆڕاگـری و بـە یەکـەم شـەهیدەکانی شۆڕشـی ژینـا مێـژووی قارەمانەتیـی بـۆ خـۆی و کوردسـتان تۆمـار کـرد.
حەبیبوڵـڵا هــەر لــە یەکــەم چەخماخەکانــی شۆڕشــی دیوانــدەرە چــووە ڕیـزی خۆپیشـاندەرانەوە و زۆر چالاکانـە و وەکـوو ڕێکخەرێـک بەشـداریی کـرد. ڕۆژی ٢٨ی خەزەڵـوەری سـاڵی ١٤٠١ی هەتـاوی، ڕۆژێکـی مێژوویـی لـە خەبـات و لەخۆبردوویـی بـوو لـە مێژووی شـاری دیوانـدەرە. لـەو ڕۆژەدا زۆربـەی هـەرە زۆری خەڵکـی شـار ڕژابوونـە سـەر شـەقامەکان. خەڵـک بـە دار و بـەرد بـەرەوڕووی هێـزی زۆروزەوەنـدی جـاش و بەکرێگیـراو بوونەوە. حەبیبوڵـلا فەتحـی لـەو ڕۆژەشـدا وەکـوو کەسـێکی بەئەزمـوون و شـارەزای خەباتـی شـار ڕێکخسـتنی خۆپیشـاندەرانی بـە ئەرکـی خـۆی زانـی و بـۆ ئـەوەی ورە بـە جەمـاوەری ڕاپەڕیـوی دیوانـدەرە بـدا چووە ڕیزی پێشـەوەی بەرەوڕووبوونــەوە لەگــەڵ خۆفرۆشــانی گــەل و نیشــتمان. بــەڵام مخابــن حەبیبوڵـڵا لەلایـەن خۆفرۆشـانەوە دەستنیشـان کـرا و بـە گوللـەی قەنـاس و لەپشـتی سـەرەوە پێکـرا و دەسـبەجێ ژیانـی پێشـکەش بـە نیشـتمان و گەلـە سـەربەرزەکەی کـرد.
جەمـاوەری خۆپیشـاندەر لـە ژێـر قرمـەی گوللـە و ئاگـر بوێرانـە وەخـۆ هاتـن و نەیانهێشـت تەرمـی شـەهید حەبیبوڵـڵا بکەوێتـە دەسـتی جـاش و پاسـتارەکان و لەسـەر شـانی خەڵـک و خاتـوو ئێرانـی هاوسـەری و کـوڕە گەورەکـەی بـە نـاوی خـوسرەو گەیەندرایـە گۆڕسـتانی حاجـی مووسـا و لـە سـەر ڕاسـپاردەی خـۆی لـە پەنـا گڵکـۆی بـرا شـەهیدەکەی و باوکـی بـە خاکـی نیشـتمان سـپێردرا.

**هێزت تەکانێک بوو، لە تەکانەکانی هەرەس**

**قورساییەک بوو، لە قورساییەکانی ڕندوو**

پڕ بوو لە چەخماخەی ڕامالین و برووسکەی پاککردنەوە.
تۆ بە تەنیا، هەر بە تەنیا، شۆڕشێک بووی
پڕ بووی لە وزەی یەکسانی و چەکەرەی سەرهەڵدان و قەڵپەزەی ڕاسان و کفارەی تیشک و تریفە و ترووسکە.
تۆ هاوارێک بووی لە هاوارە زوڵاڵەکانی ڕۆژ، لە هاوارە پیرۆزەکانی سەردەم
پڕ بە شار و شاخ و وڵات دەنگی دەداوە هاوارت.
بێترس و
بێ شلوێبوون و
بێ لێوەلەرزە
دەفڕی و دەفڕی هەتا دەروازە و کۆشکی ئەهریمەنی وەلەرزە دەخست
دەروازەی قەڵای بێدادی
هۆ هەوێنەکەی سلۆڤانی
ژن، ژیان، ئازادی



## شەهید یەحیا ڕەحیمی

ناسر سادقی

نەورۆز( ....)

ئاشقێکم ساڵەهایە چاوەڕێی نەورۆزەکەم
بێترووسکەی خۆری ڕووت، تاریکە ڕێی نەورۆزەکەم
وەرزی ڕۆحم بێبەهارە و بەستەڵەک دەوری تەنیم
بێنە بۆم تاڵێ قژی خۆرت بەجێی نەورۆزەکەم
ساڵەهایە چاوەڕێی پرشنگی ڕوونی ڕووتە، دڵ
کەی دەبێ ڕۆژێ لەگەڵ ڕۆژێ هەڵێی نەورۆزەکەم؟!
ئەشق و هیوای، ژین و بریای، بۆ مرۆڤ و گیا و زەوی
بۆیە وەک ڕۆح و دڵم خۆشم دەوێی نەورۆزەکەم!
خاک و ئاو و زیندەوەر بەو هاتنەت دەژیێنەوە
ژین و هیوا دێنی ئەو کاتەی کە دێی نەورۆزەکەم!
وشکەساڵی، ئەم وڵاتەی کردە دڕکستانی خەم
سەد چزووی چاڵووک و پێکوڵ، چەقیە پێی نەورۆزەکەم!
پێتە مزگێنیی بەهار و یەکدڵی و هەستانەوە
تۆ گوڵی هیوای هەوار و شار و دێی نەورۆزەکەم!
ئەم وڵاتە ژوانی پاکی تۆ و گەزیزە و نێرگزە

**دەک نەژیم گەر ڕێ بدەم پێ‌پەست کرێی نەورۆزەکەم!**
**لەم هەواری ئەشقە بۆ هەر لایە دەفڕێ چاو و دڵ**
**بسکی زەردی تۆ شنەی دێت و لەوێی نەورۆزەکەم!**
**چاوەڕێم ڕۆژێ شەماڵی ئەشق و هیوا هەڵبکاو**
**تۆ بە شاباڵی شنەی ئاڵاوە بێی نەورۆزەکەم!**
**شادی وەک سروەی بەهاری دێت و جا ئەو کاتە تۆش**
**تاجی ئازادی لەسەر سەر دادەنێی نەورۆزەکەم**

شاری سنە مەڵبەندی ڕووداوە گرینگ و مێژووییەکانە. ڕووداوی نەورۆزی خوێناوی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی و خۆڕاگریی بێ‌وێنەی خەڵکی ئەو شارە لە بەرانبەر هێزی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی شەڕانخێوی تینوو بە خوێن.

سنە، شاری شاعیری نیشتمان جەلال مەلەکشا، شاری ڕۆمان و شانۆ و هونەر و مۆسیقا و ناوچەی شێوەزارە شیرینەکانی ئەردەڵان و کەڵهور و گۆران و یارسان و سۆرانی. شاری پەیکەرتاشی پەنجەڕەنگینی ناودار هادی زیائەدینی، خاوەنی پەیکەری خۆڕاگری کە لە بەرزاییەکانی ئاویەر وەک لاوانی بڵندباڵای بزووتنەوەی ژینا، سەرنجی لەسەر مەشخەڵبەدەستانی ڕابوون ڕاگرتووە و ڕوحی هاتۆتە جەستە و گوێی داوەتە دروشمی پڕ لە حەماسەی ئاپۆڕای شار.

سنە شاری «**یەحیا ڕەحیمی**» ئەو لاوە خاکی‌پۆشەی لە گەڕی گۆڤەند و شایی، زەنگوڵ‌زەنگوڵ ئارەق لە ڕوومەتی دەتکێ و لەگەڵ هاوڕێکانی تامەزرۆن خۆری ئازادی لە بەرزاییەکانی ئاویەر تیشکی باوێتە ئاسمانی هەرێمی شاری سنەی قارەمان.

شـەهید یەحیـا کـوڕی کاک ئەحمـەد ڕەحیمـی و دایـە قەدەمخێـر میرزایـی، لــە ڕۆژی ٩ی ســەرماوەزی ســاڵی ١٣٧٠ی هەتــاوی، لــە ســنە چــاوی بــە جوانییەکانــی ئــەو شــارە هەڵێنــا و گوێــی بــە دەنگــی زایەڵــەی پــڕ لــە حەماســەی سروودە نیشــتمانییەکانی ڕەزازی و نەجمەدیــن و کیــژی لادێــی عەبـاس کەمەنـدی و شـێعرە نەتەوەییەکانـی جـەلال مەلەکشـا گـۆش کـران. ئـەو کـە کەوتـە دارەدارە، لـە هـەوراز و نشـێوەکانی ئاویـەر وەسـەرکەوت و سـەیری دیمـەن و سروشـتی دڵڕفێنـی وەرزەکانـی شـاری دەکـرد.

یەحیـا ڕەحیمـی تـا سـێی دواناوەنـدی درێـژەی بـە خوێنـدن دا، هـاوکات لەگـەڵ گەورەبوونـی وەک زۆربـەی لاوانـی نیشـتمان بەهـۆی خەمساردیی ڕێژیمـی دیکتاتـۆر و هـەڵاواردن و جیاوازییـە پیشەسـازییەکان لـە ناوچـە کوردییــەکان زۆری چەرمەســەری و ئــازار چێشــت.

یەحیـا وەسـتای کاشـیکاری بـوو. ئـەو زۆر کەندولەنـدی ژیانـی ئەزمـوون کـرد و بەگـژ ئـازار و نەهامەتییەکانـی ژیانـدا چـۆوە و دەسـت و پەنجـەی لەگـەڵ نـەرم دەکـردن.

هێشـتا دوو سـاڵ بەسـەر زەماوەنـدی یەحیـای لاو و خاتـوو شـەیدا پەرویـزی بەسـەر نەچووبـوو. بیروەرییەکانـی زەماوەنـدی یەحیـا و شـەیدا، لـە دالانـی بیــر و زەینــی زۆر لــە خزمــان و ئازیزانــدا هــەر خــۆی دەنوانــد، کاتێــک کەژاوەیەکـی ڕازاوە بـە هەلەهەلـە و دەنگـی مۆسـیقا و هەڵپەڕکـێ و شـادی وەک ڕەمـزی ئەوینـی مـەم و زیـن بـەرەو کۆشـکی ئاواتەکانیـان دڵـی هـەر دوو بنەماڵـەی شـەیدای نوێبـووک و یەحیـای لاوی لێوڕێـژ کـرد لـە بـزە و پەپوولـەی شـادمانی.

**من تەڵەزمێکم لە تاشێکی مەزن**

**گەڵایەکم لە دارستانێکی پان‌وبەرین**
**گوڵێکم لە گوڵستانێکی بێسەروبن**
**دڵۆپێکم لە ئوقیانووسێکی بێکۆتایی**
**دڵێکم، لە شاری دڵداراندا**
**مەلێکم لە پۆلە باڵندەیەکی بێژوماردا**
**تاکێکم لە نەتەوەیەکی کەونار**
**بە نەمانیشم**
**تاش هەر تاشە و**
**دارستان هەر دارستانە و**
**گوڵستان هەر گوڵستانە و**
**ئوقیانووس هەر ئوقیانووسە و**
**دڵداریش هەر دڵدار و دڵ بە دنیایە**
**نەتەوەکەشم، هەر نەتەوەیەکی مەزنە و لەبن نایە**

ئەو گەنجە کوردە هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی گەردەلوولی بزووتنەوەی ژینا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە دەسەڵاتی پاوانخواز و نەریتگەرای ئیسلامی هێنایە لێواری داڕمان، تێکەڵاوی لاوان و خۆپێشاندەرانی شەقام بوو.

بەڵام لە ڕۆژی ١٦ی ڕەزبەری ساڵی ١٤٠١ ی هەتاوی، کاتێک جەماوەری وەزاڵەهاتوو لە شاری سنەی قارەمان، بۆ پشتگیری و هاندانی خۆپیشاندەرانی ژینا دژی ڕێژیمی دیکتاتۆر ڕژانە سەر شەقامەکان و بە وتنەوەی دروشم و دەربڕینی دەنگی هۆڕنی ئۆتۆمبیلەکانیان بێزارییان دەردەبڕی، لە شەقامی شەشی بەهمەن، لەلایەن قاتڵانی ڕێژیمەوە

بەتاوانی کوردبوون و دەربڕینی دەنگی ناڕەزایەتی، ڕاستەوخۆ کەوتنەبەر دەسڕێژی گوللە و سەری سەوداسەری ئازادیی یەحیایان پێکا.
ئەو لاوە ئازادیخوازە لە نێو ئۆتۆمبیلەکەیدا بەشێوەیەکی تراژیدی شەهید کرا. دیمەنی شەهیدبوونی یەحیای لاو بەو شێوە دڵتەزێنە بوو بە بەڵگەیەکی دیکە لە جەنایەتە بێبڕانەوەکانی ڕێژیمی تا سەر ئێسقان دژەمرۆیی کۆماری ئیسلامی و بێتاوانیی لاوانی ڕۆژهەڵات لە پێناو ئەشق و ئازادیدا.

**خوێنەکەت**
**تکایە سەر گمەی کۆتران،**
**بوو بە گڕ،**
**ڕژایە نێو بازووی**
**خەباتی خیابان**
**خوێنەکەت نامرێ،**
**دەبێتە مشتێکی گرمۆڵە،**
**دەبێتە هەوێنێک**
**بۆ قینی پیرۆز و**
**بۆ ئیرادەی تۆڵە**

(فەرەیدوون ئەرشەدی)

ڕۆژی ٢٦ی خەزەڵوەرە، چلەی شەهیدانی گەردەلوولی ژن ژیان ئازادییە، وێنەی شەهیدان یەحیا ڕەحیمی، پەیمان مینبەری، داریووش عەلیزادە، محەممەد ئەمینی لە پلاکاردێکی گەورە بە دەست جەماوەری شاری

سـنە دەشـەکێتەوە. وادەی نـوێ بوونـەوەی پەیـمان و بەڵێنـە، هـەوا هـەور و بارانـە، گرمـەی هـەور و برووسـک لەئاسـت دەنگـی خورۆشـاوی خەڵـک کـپ و بێدەنگـە، ڕێگاکانـی شـار بـەرەو گڵکـۆ و گۆڕسـتانی بەهەشـتی محەممـەدی هەتـا چـاو هەتـەر دەکا جمـەی دێ، شـەپۆلی حەشـیمەتە، زایەڵـەی دروشـمی شـەهید نامـرێ، شـەهید نامرێـی هـەزاران کـەس، لـە سـینگی بەرزاییەکانـی ئاویـەر و زنجیـرە چیاکانـی زاگـرۆس دەنـگ دەداتـەوە و وەک نەشـتەری گورچوبـڕ لـە جەسـتەی نگریـس و هەنـاوی داگیرکـەران ڕۆدەچـێ و بـەردەوام بـە ئـازارەوە دەیانتلێنێتـەوە.



## شەهید میلاد مەعرووفی

عەلی بداغی

هەڕەتـی پێگەیشـتن و بەهـاری دڵدارییەتـی، بـەڵام لـە پاییـزی نیشـتماندا وڵات غەرقـی ئاگـر و خوێنـە. نـازدار حەیـران و شـۆڕەڵاوەکانی خـاک و وڵات ڕاسـاون، دەسـت لەنێـو دەسـتی یەکـتری سروودی ئـازادی دەڵێنـەوە و بەگـژ جەللادەکانـدا دەچنـەوە. ئامانـج ڕوونـە، داگرتنـی خـۆری ئـازادی. ڕێگـە و ڕێبازیـش ڕوونـە، خەبـات لەپێنـاو نەتـەوە و یەکسـانی. ڕێبـوارەکان هەمـوو دیـارن، کـچ و کوڕانـی ئەوینـداری خـاک و وڵات.

لـە پاییـزی ئاگـر و خوێنـدا هەمـوو شـتێک حەماسـەیە. کوڕانـی ئەوینـدار لـە ژوانەکانـی سەرشـەقامدا بـە شـێعری ئاورینـەوە مسـتەکانیان دەبنـە پۆڵا:

**«خۆشەویستەکەم**
**ئێمە نوێنەری خەباتی ڕۆژهەڵات**
**ڕۆژهەڵاتی سووری ئاگرین**
**فێر نەبووین بەزین و دابەزین**
**ڕانەهاتووە**
**چاوی قارەمانی کورد**
**بە شەونمی گرین،**

**خۆشەویستەکەم**
**لە پەنجەرەی نیوەتاکی بوومەلێڵەوە**
**چاوی من لە دیمەنی کچی بەیانییە**
**لە حەنجەرەی زەمانەوە**
**گوێم لە زەمزەمەی زوڵاڵی خیزە وردەکانی کانییە»**
(سوارە ئیلخانیزادە)

کچانـــی خاکی‌پـــۆش، جامانەلەســـەر و هـــەوری لەبـــەر لـــەو لاوە بۆیـــان دەســـتێننەوە:

**«ئەمڕۆ**
**کە هەر ساتێ دڵی دایکێ**
**لە کوردستان هەڵئەقرچێ**
**بە هەر بۆمبای سووتێنەرێک، پێشمەرگەیەک**
**داری چاکێک دائەقرچێ**
**نەتکوتبایە لایەکی بیرم لای تۆیە**
**مەگری و مەڵێ دەزگیرانت ڕەنجەڕۆیە**
**بەو زارەی لە زەردەزیڕە**
**بە ئارامی کە شێوەی دڵمەندی تۆیە**
**مەڵێ، بەس ئەم گوفتوگۆیە**
**تۆ لات وایە**
**من نازانم**
**سکاڵای دڵداری خۆشە**

**بەڵام ئەمڕۆ من بەشێکی کوردستانم**
**کیژی سەد برا کوژراوی نیشتمانم**
**تازەماسیی تاسەباری دەستی تینووت**
**ڕێی نییە بۆ دەریای سینەم**
**هێندەی خوا خۆشەویستی**
**بەڵام من کیژێکی کوردم**
**جەهەننەمە گڕی سینەم»**

لـە پاییـزی ئاگـر و خوێنـدا سـوارچاکێک لـە ڕیزەکانـی پێشـەوەیە. حەجمیـن و هەدادانــی نییــە و شــەکەتی ناناســێت. ئــەو «**میــلاد**»ی لەدایکبــووی خۆشەویسـتییە و لەنێـو شەنگەسـوارەکانی دیکـەدا دێـت و دەچـێ. میـلاد لــە هەگبەکــەی، توێشــووی ئازایەتــی و مەزنایەتــی دەردێنێــت و بــە ســەر هەڤـاڵان و کوڕوکاڵانـی دیکـەدا دەیبەشـێتەوە.
پشـووی لەیـلا و جەعفـەر سـوارە، دڵ سـەری خـۆی هەڵگرتـووە و بـە بانـی شـەقامەوە چـاو لـە میـلاد هەڵناگـرێ. «مارتیـا» چـاوی لـە دەرگایـە و دەزانێ ئەگـەر کاکـی بێتـەوە، لـە دەسـتێکیدا خـۆری ئازادیی پێیـە و، لە دەسـتەکەی تـردا مانـگ و ئەسـتێرەکانی کـۆ کردوونەوە. دەزانێت کاکەسـواری، باوەشـێک گوڵـی سەربەسـتیی پێیـە و حەیرانێکـی پـڕ خۆشەویسـتی لـە گـەروودا، بـۆ شـار و شـەقام.
میــلاد مەعرووفــی، نۆبــەرەی لەیــلا و جەعفــەر لــە ڕەشــەممەی ١٣٧٨ی هەتاویـدا کاتێـک لەدایـک بـوو، دنیـا بـەرەو نـەورۆز و بەهـار بـوو. لەگـەڵ لەدایکبوونــی، باوکــی بانگــی کوردایەتیــی بەگــوێ دادا و دایکــی ژەکــی نیشـتمانپەروەریی لـە دەم نـا. لەگـەڵ پێگرتنیشـی ڕێگـە هەڵەموتەکانـی

ئازادژیانـی فێـر کـرا و لـە فێرگـەی سەربەسـتیدا خرایـە بـەر خوێندنـی سـوارچاکی لـە مەیدانـی خەباتـی ڕزگاریخوازیـی نەتەوەکەیـدا. میـلاد حـەزی لـە ئەسپسـواری بـوو، پێـی خـۆش بـوو بـە سـواری بـاڵ بگـرێ. کاکۆڵـی لەگـەڵ یاڵوبـژی ئەسـپەکەی بـە دەم بـای شـەماڵەوە بشـنێنەوە و بفـڕێ بـۆ لای حەزەکانـی و بـە دەسـتی خـۆی ئەسـتێرەی خوزگەکانـی لـە ئاسـمانی خەیـاڵ دابگـرێ.

«ئـەز کـوردم»، ئـەم دوو وشـەیە ڕووگـەی ڕووەو ئاسـۆی میـلاد بـوو. ئـەو کـوڕی خەبـات و خوێنـی خـاک و نەتەوەکـەی بـوو. لـە هاتـی و سـەرکەوتنەکانی گەلـدا سەرچۆپیکێشـی گـەڕی شـایی و، لـە نەهاتـی و تاڵیادەکانـدا، سترانبێژی نەکەوتـن، کۆڵنـەدان و هەسـتانەوە. هەگبـەی دڵـی پـڕ بـوو لـە خۆشەویسـتیی تەیرەکانـی گەرمێـن، تـەژی لـە خەمـی ژیـن و ژینگـەی نیشـتمان، پڕاوپـڕ لـە ئـازاری داربـەڕووە سـووتاوەکانی زاگـرۆس، هاوڕێـی هانکەهانکـی کۆڵبەرانـی دۆشـداماو، یاخـی لـە برینـی فیشـەک و پۆسـتاڵ و تێلـدڕووی داگیرکـەر، هەڵچـوو لـە گەرمەژانـی ڕۆڵەکانـی بەناحەق کـوژراو.

میـلاد کاتێـک گوڵـی تەمەنـی بـە دەسـتی غـەدر و تـاوان هەڵـوەری، لـە زانکـۆی ئـازادی بـۆکان خوێنـدکار بـوو، بـەڵام ئـەو لـە مەکتەبـی خەباتگێـڕی و شـۆڕشـدا مامۆسـتا، پێشـەنگ و ڕچەشـکێن بـوو.

لە کۆڕی یاراندا ڕووی دەکردنێ:

**«ئەمن ڕۆڵەی کوردستانم**

**بەڵێنم داوە بجەنگم**

**بە دڵ، بە ڕوح**

**بۆ ئازادیی نیشتمانم»**

کاتێکیش سەری دەنایە سەر سینگی دایکی، بە تاسەوە دەیدواند و دەیگوت:

**«کاتێک هەواڵیان بۆ هێنای**
**گوتیان کوڕت شەهید بووە**
**هەرگیز مەگری**
**مەڵێ هاوار، کوڕی جوانم**
**لە دوا منیش دڵشاد دەبی**
**بە دیداری هاوڕێکانم»**

لەخۆڕا نەبوو «لەیلا»ی کوردان لە کاتێکدا گڵکۆی تازەلاوی جوانەمەرگی لەئامێز گرتبوو و، «کۆستە» نا، «بۆکان» بەتەنێ نا، «مەهاباد و جوانڕۆ و سەقز و سنە»ی دەستەخوشکیش هەر نا؛ لە کاتێکدا هەموو کوردستانی گەرمەبرین هەستابوونە سەر پێ و، زایەڵەی «**شەهید نامرێ» و «دایە مەگرە بۆ ڕۆڵە، شەرت بستێنین تۆڵە**» ئاسمانی وڵاتی داگرتبوو؛ لەیلا پڕ بە گەرووی هاواری کرد: «**میلاد گیان! کچی نیشتمان نەبم، ئەگەر تۆڵەت نەستێنم**». ئەمە ڕقی پیرۆزی دایکی نیشتمانە، ئەوە هەوێنی خۆڕاگری و بەرخۆدانە، ئەمە ڕێگای هەرمانی ئازادژیانە ... .

شۆڕشی ژینا لە کوردستان لاپەڕە زێرینەکانی خەباتی نەوەی نوێی نیشتمان دەنووسێتەوە. ڕاسان لەدژی زوڵم و بێدادییە. ڕاپەڕین بۆ هێنانەدی خەونی ئازادییە. شەقامەکانی بۆکان و کوردستان پڕاوپڕ لە قوتابییانی پێشەوان. وانەکانی قاسملوو بە کۆرس و تێکڕا دەگوترێنەوە. شەهیدانی یەک سەدە خەبات و قوربانی کفنیان دڕیوە و بە ئاسمانی شاردا دەخولێنەوە. دوژمنی هار زەندەقی چووە و بە هەموو چەکێکی

سـووک و قـورس بەربووەتـە گیانـی خەڵـک. ئاخـر پیـرە کەمتیـاری جەمـاران خوێنـی دەوێ و حـەزی لـە منـارەی کاسەسـەرە.

خەزەڵـوەری بۆکانـە. لـە مـاوەی دوو ڕۆژدا چـوار شۆڕەسـوار بـە تیـری چڵکنانـی دژی ئـازادی گلاون. خەمـی لەدەسـتدانی محەممـەد حەسـەنزادە، سـامان قادربەیگـی، ئەسـعەد ڕەحیمـی و سـالار موجاویـر، وەک تازەتریـن شـەهیدانی سەربەسـتیی گـەل ئۆقرەیـان لـە میـلاد و شـۆڕەلاوانی دیکـەی بـۆکان بڕیـوە.

کازیـوەی بەیانیـی ٢٦ی خەزەڵـوەر ئەنگووتـووە، بـەڵام هێشـتا خـەو نەچووەتـە چـاوی «میـلاد»ەوە. کـۆڕی یـاران بڕیاریـان ئەوەیـە: سـەرەتا لـە گونـدی «ئەختەتـەر» تەرمـی شـەهید سـالار ئەسـپەردەی خاکـی نیشـتمان دەکەیـن، دوایـە دەبینـەوە بـە برووسـکە و بڵێسـە و گـڕ بـۆ گیانـی ناحـەزان و دوژمنانـی گـەل.

«سـالار»ی دڵ، «سـالار»ی گەل و سـالارەکەی قافڵەی شـەهیدانی خەزەڵوەر بـە سروودی دوژمـن بەزێنـی «ئـەی ڕەقیـب» بەخـاک سـپێردرا و پـاش بەڕێوەچوونـی پرسـە و سەرەخۆشـییەکەی لـە مزگەوتـی ئاوایـی ئەختەتـەر؛ شـەپۆلی تـووڕەی لاوانـی تۆڵەئەسـتێنی نیشـتمان و شـەهیدان لـە میـراوای بۆکانـەوە وەڕێ کـەوت. دیسـانەکە نوێکردنـەوەی پەیـمان و بەڵێـن، دیسـان چڕینـەوەی ئـاوازی سەربەسـتی، هـەروەک جـاران دەربڕینـی ڕق و نەفـرەت و بێـزاری لـە داگیرکـەران و کوردکـوژان.

لـەولاش «**لەیـلا**» حەجمینـی نییـە. خورپەیەکـە و کەوتۆتـە دڵـی و ئـارا و ئۆقـرەی لـێ هەڵگرتـووە. بـە جیکـەی موبایلەکـەی وەخـۆ دێتـەوە. «**میلاد**»ە و پەیامێکـی کورتـی بـە دەنـگ بـۆ دانـاوە: «**دایـە گیـان لـە بـەری میراویـن. نیگـەران مەبـە، سڵامەتم. بـەڵام جـاش و پاسـتاڕ ڕێگایـان لـێ گرتوویـن و**

**تەقەمـان لـێ دەکـەن**».
کات دەڕوا و لەگــەڵ خــۆی ڕوحــی لەیلاشــی بــردووە. نازانــێ ســەعاتێک دواتــرە یــان دوو یــا چەنــد. دیســان دەنگــی تەلەفــوون دێــت. ئەمجارەیـان «جەعفــەر»ی مێردێتــی کــە بــە هەنیســک و دڵپڕییــەوە پێــی دەڵــێ: «کۆســتمان کــەوت... میــلاد لــە نەخۆشــخانەیە، فیشــەکی بەرکەوتــووە ...». لــە گۆڕســتانەکەی کۆســتە هەرایــە. ئەســپە شــێیەکەی میــلاد لــە دوورەوە دەحیلینــێ و هەتــا نێوقــەد هەســتاوەتە ســەر پــێ و شۆڕەســوارەکەی گاز دەکا. ڕێبوارانــی شــۆڕش قەتارقەتــار دەگەنــێ. تەرمــی «میــلاد» لەئامیــز دەگیــرێ و دروشــم و سروود دەبنــە کۆتــر، دەبنــە پەڕەســێلکە و ئاســمانی وڵات دادەگــرن.
لەیـلا، لەیـلای دڵسـووتاو و هەڵقرچـاو، سـەر لـە وێنـەی لێوبەبـزەی میـلادی هەڵناگـرێ، کـە هێـدی و ئـارام پێـی دەڵـێ:

**«دایە گیان مەگری لە سەر خاکم شەقام پڕ ئاگرە**
**چاوەکانت ڕوون دایـە گیـــــان نیشتمان خۆڕاگرە**
**وا بڵێسەی ئاگــرم گەیشتۆتە کۆشکی ناحەزان**
**دایە گیان چەن شیرینە شۆڕشی وەرزی خەزان**

ئیـدی ئـەو سـاتە بـوو کـە مێـژوو ڕاوەسـتا و هەسـتی ڕاگـرت. بەڵـێ! دایکـی شــەهید ســەری لــە هــەش نەگرتــووە و قــوڕ ناپێــوێ. ئــەو کــە تەرمــی شۆڕەســوارەکەی بــە دەســتی خــۆی شــۆردووە، وەک چیــا قــورس و قایــم ڕاوەسـتاوە و بـە سـەری بـەرزەوە لـە ئاپـۆڕای خەڵـک دەڕوانـێ. ئـەو دەبێتە سروود، دەبێتــە حەماســە و وەک ســیمبولی شــۆڕش و خەبــات و خوێنــی خەڵکەکـەی پـڕ بـە گـەرووی هـاوار دەکا: «**کچـی نیشـتمان نەبـم، ئەگـەر**

تۆڵـەت نەسـتێنم».
میـلاد هەمـوو گیانـی بۆتـە کوڵمـەی گوڵـووک و پـێ دەکەنـێ ... تـەزووی خۆشـی هەمـوو لەشـی داگرتـووە ... ئـەو دەزانـێ شـەهید بـووە و شـەهید نامـرێ... دەزانـێ ئەویـش بۆتـە بەشـێک لـە خـەون و ئەفسـانەی گەلەگـەی ... بۆتـە بەشـێک لـە پیرۆزیـی نیشـتمانەکەی ... .
لـە خەزەڵـوەری شۆڕشـی ژینـاوە «میـلاد» تەقڵەکـوت لـە یـاد و بیرەوەریـی خەڵکـی کوردسـتاندا دێـت و دەچـێ و زرمکـوت خـەوی لـە چـاوی نەیـاری بـەدکار زڕانـدووە، لـەو ڕۆژەوە کـە لـە «کۆسـتە» ئۆقـرە و ئارامـی گرتـووە، لــە بانیــژەی بــەردەزەردەوە چــاوی موقبیلــی لەســەرە و لــە داوێنەکــەی ناڵەشــکێنەوە «مامەقالــە» ئێــواران لەســەر میلــی ڕادیۆکــەی دەنگــی کوردسـتان، شـەپۆلی کورتـی ٧٥ میـتر هـەوای «ئـەی ڕقیـب»ی بـە گوێـدا دەچرپینـێ و عەلـی کـەردار بـە دەنگـە بەسـۆزەکەی «سـوارۆ»ی بـۆ دەڵـێ.
**سوارێک گلا، بەڵام کاروانێک بەڕێوەیە**
**داری چاکێک کەوتە عەرزی،**
**بەڵام دارستانێک بەپێوەیە ...**
ئـەم کاروانـە نـە وەسـتان دەناسـێ و نـە ڕێگـەی لـێ هەتڵـە دەبـێ. ئـەم کاروانــە ڕووەو خــۆر هەنــگاو دەنــێ و بــە سەربەســتی دەگات، چونکــی «میلاد»ەکانــی نابڕێنــەوە، پــێ دەگــەن و جێگــەی یەکــتر دەگرنــەوە. چونکـی ئـەوان بەڵێنیـان داوە هەتـا گەیشـتن بـە لووتکـەی ئـاوات کـۆڵ نـەدەن. ئـازادی و سـەربەخۆیی و، ڕزگاری و بەختـەوەری شـایانی گەلێکـە «میلاد»ەکانــی بــۆ فیــدا کــردووە. ئــەو ڕۆژە نیزیکــە هەموومــان لــە زیارەتـی زامـدا، بچینـە سـەر گڵکـۆی شـەهیدانمان و مزگێنیـی سەربەسـتیی نیشــتمانیان پــێ بدەیــن ... ئــەو ڕۆژە گەلێــک نزیکــە ...



# شەهید دوکتور مەسعوود ئەحمەدزادە

لەیلا قادری

خەڵکی کوردستان بە ژن و پیاو و لاوەکانیەوە لە شۆڕشە سەردەمیانەکەی ژینادا پێناسەیەکی نوێیان بە شەقام بەخشی، ئەو شەقامەی کە ٤٤ ساڵە لە گەرووی ئەژدیهای زەمەندا بوێرانە باڵای بە باڵای شاخ گرتووە و سنگی کردووەتە فەڕشی بەرپێی ئازادیخوازان و ئەمجارە داهێنەرانی دروشمی «**ژن، ژیان، ئازادی**»، لە شەقامەکانی کوردستانەوە ڕێژیمی پەت و سێدارەیان خستە گیانەڵڵاوە.

لەو شۆڕشە بێوێنەیەدا گەلێک شۆڕەلاو و کیژی نازدار و ژن و پیاو بە خوێنی ئاڵیان داری هیوای ئازادییان پاراو کرد.

دوکتور مەسعوود ئەحمەدزادە یەکێکە لە شەهیدە هەڵکەوتەکانی شۆڕشی ژینا کە بە شەهیدبوونی بوو بە سەردێڕی وانەی سەربەستی.

مەسعوود ئەحمەدزادە لە ڕۆژی ٢٢ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٧٤ی هەتاوی، بە لەدایکبوونی بوو بە چرا بۆ جوغرافیای خەونی ئاواتەکانی خاتوو حەمیدەی دایکی و کاک عوسمانی باوکی.

مەسعوود منداڵی سێیەمی خێزانەکەیان بوو، دوو برای لە خۆی گەورەتر بە ناوەکانی ناسر و ڕەحیم و خوشکێکی لە خۆی بچووکتر بە ناوی شەکیلا هەیە.

مەسعوود لە مەهاباد لەدایک بوو، لە شاری یادگارەکانی کۆماری کوردستان کەوتە سەر پێ و گەورە بوو و چووە قوتابخانە و دیپلۆمی وەرگرت.
کوڕێکی سەربزێو، زیرەک و چاونەترس و بوێر هاوکات تا دڵ حەز دەکا دلۆڤان و خەڵکخۆشەویست بوو، دوای وەرگرتنی دیپلۆم بە شێوەی ئەزموونی لای پزیشکێکی ددانساز فێری پیشەی ددانسازی دەبێ. مەسعوود هۆگرییەکی یەکجار زۆری بۆ کارەکەی هەبوو، بۆیە زۆر زوو توانی پەرە بە کارەکەی بدات و شارەزایی باش بەدەست بێنێ، خۆشەویستی و شارەزابوونی لە کارەکەیدا وای کردبوو خەڵک لێی ڕازی بن و کارەکەی بەرەوپێشچوونی باشی هەبێ، مەسعوود تا درەنگانی شەو دەرگای مەتەبەکەی بەڕووی نەخۆشەکاندا کرابۆوە و خزمەتی بە خەڵکەکەی دەکرد، لە نیشتمانپەروەری و شۆڕشگێڕیدا میراتگری شەهیدی فەرماندە سمایل ئەحمەدزادەی مامی بوو، کە لە ڕێکەوتی ٥ی خەرمانانی ١٣٦١ی هەتاوی، لە شاری مەهاباد پەتی سێدارەی دوژمن بۆی بوو بە میداڵیای شەڕەف و سەری شۆڕی دوژمنانی خستە ژێر پێیەوە و گیانی بەرزی بەخشییە خاکی کوردستان.
لە درێژەی خۆپیشاندانەکانی شۆڕشی «ژن، ژیان، ئازادی»دا، ڕۆژی پێنجشەممە ٥ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی، ئەو ڕۆژەی کە تەرمی شەهید سمکۆ مەولوودی لەنێو ئاپۆڕای خەڵکی ڕاپەڕیوی شاری مەهاباد بە سەر شانی لاوانی تووڕە و خورۆشاوەوە بە دروشمی ئاگرینی دژ بە ڕێژیم بۆ ئەسپاردەکردنی بە خاکی پیرۆزی کوردستان بەڕێوەبوو، دوکتور مەسعوود لیدێر و گیانفیدا بەو پەڕی باوەڕ و ورەوە، سەرەڕای ئەوەی هێشتا شوێنی ئەو ساچمانە خۆش نەببۆوە کە لە

خۆپیشـاندانی پێشـتردا وەبـەر جەسـتەی کەوتبـوو، داوا لـە هاوڕێکانـی دەکا بـە گوڕوتینـی هەرچـی زیاتـرەوە بەشـداری لـە خۆپیشـاندانەکەدا بکـەن و دەڵـێ: «**چـۆن خەڵـک لـە پێنـاو ئازادیـی بـۆ کوردسـتان ڕۆڵـەی خـۆی دەبەخشـێ، پێویسـتە ئێمـەش بەشـدار بیـن و پشـکی خۆمـان لـە خوێنـمان بـۆ ئـازادی ببەخشـین**».

مەسـعوود لـە شـەقامی ئێرانپەیـمای مەهابـاد لەگـەڵ هاوڕێکانـی و جەمـاوەری تـووڕە دروشـمی دژ بـە ڕێژیـم دەڵێنـەوە، کیژانـی بوێـر لەچکەکانیـان ئاگـر تێبـەردەدەن بـۆ ئـەوەی بـە دوژمـن بڵێـن، ڕەمـزی داسـەپانی دەسـەڵاتی کۆنەپەرسـتانەتان ڕەت دەکەینـەوە.

**من دارێکی باڵابەرزم**

**گەرچی تووشی**

**مەرگەساتی وەرزی ڕەشم**

**بەڵام هەرگیز**

**سەرم بۆ چیی دارکونکەرەی دنیا هەیە**

**دانانوێنم ...!**

حاشـاهەڵنەگرە کـە دوژمنـی دڵـڕەش هەرگیز توانـای بینینی ئـەو دیمەنانەی نییـە و هـەر بۆیـە هێرشـی نامرۆڤانـە دەکاتـە سـەر خۆپیشـاندەران؛ لـەو کاتـەدا چەنـد گەنجێکـی دیکـە لـە شـەقامی مەلاجامـی ڕا بـەرەو شـەقامی ئیرانپەیـما دێـن کـە دۆخـی تەندروسـتیان بەهـۆی ئـەو گازە فرمێسـکڕێژەی دوژمـن بەسـەریدا پرژاندبـوون، ناجێگیـر بـوو، هـەر بۆیە چەنـد هاوڕێیەکی دوکتـور مەسـعوود هـەوڵ دەدەن ئـەو گەنجانـە بـەرەو شـوێنێکی ئەمـن ڕاگوێـزن و یارمەتییـان دەدەن بـۆ ئـەوەی پشـوویان بێتـەوە سـەرەخۆ و

دۆخـی هەناسـەدانیان باشـتر بێتـەوە، بـەڵام دوکتـور مەسـعوودی بوێـر خۆی دەگەیەنێتـە بـەرەی پێشـەوەی خۆپیشـاندانەکە و لـە نزیـک سـاندویجی دانیشـجوو لەگـەڵ چەنـد گەنجێکـی خوێنگـەرم بەرەنـگاری بەکرێگیراوانـی ڕێژیـم دەبنـەوە کـە لـەو کاتـەدا هێـزی «یەگانویـژە»ی دوژمنـی غـەدار بـە چاوسـاغی جاشـە خۆفرۆشـەکان خۆپیشـاندەران دەدەنـە بـەر سـاچمە و گوللـەی جەنگـی و دوکتـور مەسـعوود لـەو هێرشـە دڕندانەیـەدا دەپێکـرێ و برینـدار دەبـێ؛ هاوڕێکانـی هـەر خێـرا بـۆ ئـەوەی دوکتـور مەسـعوود نەکەوێتـە دەسـت دوژمـن ڕایدەگـوازن بـۆ مەتەبەکـەی خـۆی، ئـەو ڕووداوە دڵتەزێنـە هـەر ئـەو ئێوارەیـە بـوو کـە خاتـوو کوبـڕا شـێخە لـە هەمـان شـوێن کـە دوکتـور مەسـعوودی لـێ برینـدار بـوو شـەهید دەکـرێ و لـەو هەڵاوهەنگامەیـەدا دۆخێکـی تـەواو ئەمنـی بەسـەر نەخۆشـخانەی مەهابـاددا زاڵ دەبـێ و ئەمـەش دەبێتـە ڕێگـر لـەوەی هاوڕێکانـی نەتوانـن دوکتـور مەسـعوود بگەیەننـە نەخۆشـخانە. بۆیـە هـەوڵ دەدەن دوکتـوری بـۆ بانـگ بکەنـە مەتەبەکـەی خـۆی و هـەر لـەوێ برینەکـەی بـۆ دەرمـان بکـەن، دوکتـور و چەنـد کادرێکـی بەشـەرەف ئـەو گوللـە کڵاشـینکۆفەیان کـە جەسـتەی دوکتـور مەسـعوودی پێکابـوو، دەردێنـن و دەیدروونـەوە.

بـۆ سـبەی بەهـۆی ناجێگیریـی دۆخـی تەندروسـتییەوە مەسـعوود دەگەیەنرێتـە نەخۆشـخانەی مەهابـاد و هـەر زوو دەیبەنـە ژووری نەشـتەرگەری، بـەڵام بەداخـەوە برینەکـەی دوکتـور مەسـعوود ئەحمـەدزادە کاریـی بـوو و لـە ژێـر نەشـتەرگەری دەرنەچـوو، گیانـی پاکـی بەخشـییە شۆڕشـی «ژن، ژیـان، ئـازادی» و بـە شـەهیدبوونی شـانازییەکی دیکـەی بـۆ بنەماڵەکـەی تۆمـار کـرد و نـاوی چـووە ڕیـزی نەمرانـەی مێـژووی خەبـات لەپێنـاو ئازادیـی کوردسـتانەوە.

**کاتێ زانیان**
**بورکانە دامرکاوەکان ئەخرۆشێنی،**
**بوومەلەرزە خنکاوەکان**
**لەناو خوێنتا ئەجووڵێنەوە،**
**نەخشەی جیهان ئەشێوێنی،**
**سنوورەکان لەژێر پێتا ئەتوێنەوە،**
**وەک بڵێسەی کڵپەی ئاگر،**
**لەناو شەوەزەنگا ئەگڕی؛**
**هاتن سینگتیان هەڵدڕی**

دوکتور مەسعوودی بوێر و خۆشەویستی خەڵک بەڵێنی خۆی بردە سەر و لەپێناو ڕازاندنەوەی ژیان بە ئازادی گیانی بەخشی. شەهید مەسعوود زۆرجار سەرچۆپیکێشی گەڕی شایی و دیلان بوو، دەسرەکەی دەستی بەرەو ئاسمان بادەدا و ختوکەی شادی دڵی خۆی لەگەڵ خەڵک بەش دەکرد.

ڕۆژی هەینی ٦ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی، باڵای بەرزی شەهید مەسعوود لەسەر دەستی خۆپیشاندەران و ڕێبوارانی ڕێگەی ئازادی ڕاکشا و بە دروشمی شەهید نامرێ بەرەو گۆڕستانی مەهاباد کەوتنە ڕێ بۆ ئەوەی بە خاکی پیرۆزی کوردستانی بسپێرن.

شەهیدی ڕێگەی ئازادی دوکتوری ددانساز، خۆشەویستی خەڵک ئاواتەکانی ئاوێتەی خاکی پیرۆزی کوردستان کرد، سەرەڕای ئەوەی دایکی پێی وتبوو: «**ئەخە پێم کوتی گەورە مەبە، کوڕم ئەگەر گەورە بووی پێم بڵێ با خانووەکەت لە شووشە بۆ ساز کەم و لە گەزەندی**

**نەیـاران بتپارێـزم»**.

شـەهید دوکتـور مەسـعوود بـە جەسـتە ڕۆیـی، بـەڵام نێـو و یـادی بـۆ هەمیشـە لـە لاپـەڕە زێڕینەکانـی مێـژووی شۆڕشـی ژینـا بـۆ ئـازادی تۆمـار کـرا.

**شەهید گیانبازەکەی هەردەم زیندوو**
**چرای گەشی داگیرساوی**
**ڕێبازی ئێستا و ڕابردوو**
**خەونی تۆیە دەڕوێتەوە**
**چرۆی داربەڕوی نەورۆزەو**
**لەقەدپاڵی نیشتیمانم سەوز دەبێتەوە**
**دەنگی تۆیە کۆرپەی بیرمان ڕادەژێنێ**
**ئاواتی تۆ سەربەخۆیی بە دی دێنێ.**



# شەهید غەفوور مەولوودی

لەیلا قادری

دوای ڕاپەڕینـی گەلانـی ئێـران لەسـاڵی ١٣٥٨ی هەتـاوی، ڕەوتـی کۆنەپەرەستیی دەسـەڵاتی ئاخونـدی، خەونـی هەمـوو حیـزب و بزووتنـەوە سیاسـییەکانی بـۆ ئـازادی و مافـی یەکسـانی لـە سەرانسـەری ئـەم وڵاتـە بـە چـەپ و سـێکۆلار و خـاوەن بیـرە جیاوازییەکانـەوە کـردە تراویلکـە و بـە توندتریـن شـێوە دژایەتـی کـردن، بـەڵام لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان بـە پشتبەسـتن بـە هەسـتی نەتەوایەتـی و بیـری ناسیۆنالیسـتی و ڕاپەڕیـن و شۆڕشـە مێژووییـە یـەک لـەدوای یەکـە چەکـداری، جووتیاری و سیاسـییەکان و باگراوەنـدی ڕۆشـنبیری بەرپرچـی بیـری ڕەهـای ئیسـلامیی سیاسـیی شـیعیان دایـەوە.

غەفـوور مەولـوودی کـوڕی حاجـی ڕەحیـم و حاجـی ژنە حەلیمـە خزرئالانی لـەو کات و سـاتانەدا و لـە سـەردەمی داسـەپانی دەسـەڵاتی داگیرکـەری ئاخونـدی، تەمەنـی لـە ١٠ سـاڵ تێنەپەڕیبـوو. غەفـوور مەولـوودی لـە ١٢ی ڕەشـەمەی ١٣٤٩ی هەتـاوی، لـە ئاوایـی سـەهۆڵانی هەڵکەوتـوو لـە نێـوان شـارەکانی مەهابـاد و بـۆکان لەدایـک بـووە. ئـەو ئاڵوگۆڕانـە لـەو زەمـەن و سـەردەمدا لـە بیـر و زەینـی غەفـووری مێرمنـاڵا بەرەبـەرە ڕەمـز و هێـمای بەرخـۆدان و هەسـتی بەرەنگاریـان لـە ناخیـدا دەبزوانـد و تـا تەمەنـی

بـەرەو لاوی هەڵدەکشـا، زیاتـر هەسـتی بـە نایەکسـانی و نادادپـەروەری کۆمەڵایەتـی و ئابـووری دەکـرد و واقعـی دەسـەڵاتی حاکمـی پـتر بـۆ ڕوون دەبـۆوە. ئـەو نادادپـەروەری و نایەکسـانییانەی کـە ڕیشـەکەیان لـە سـەردەمی دەسـەڵاتی پەهلەویدا شـۆڕ ببوونـەوە و لەگەڵ هاتنـی خومەینی توندئـاژۆدا زەقـتر دەبوونـەوە، بـۆ غەفوور مەولـوودی و منداڵانی کوردسـتان لـە فەرشـەوە هەتـا عـەرش بـوو، ئەمـەش ژیانـی بـۆ گەلـی کـورد لێوڕێـژ کـردووە لـە گرفـت و بەربەسـت، یـەک لـەو هـەزاران غـەدرەی کـە ئـەو ڕێژیمـە لـە کوردسـتانی کـردەوە، نەهێشـتنی دەرەتانـی چوونـە قوتابخانـە و درێـژەدان بـە خوێنـدن بـووە. بـە شـێوەیەک کـە بەشـێکی بەرچـاو لـە منداڵانـی کوردسـتان و لـە نێویشـیاندا غەفـوور مەولـوودی نەیتوانـی لـە کاتـی خـۆی و بـە ئاسایی بچێتـە قوتابخانـە. سـەپاندنی شـەڕی سێ مانگـە و هێرشـی بەرفراوانـی هێـزی داگیرکـەر لـە ژێـر فەرمانـی فەتـوای جیهـادی خومەینـی بـۆ ناوچەکانـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، زەرەر و زیانێکـی یەکجـار زۆری قەرەبوونەکـراوی مرۆیـی و ئابـووری، نـەک هـەر بـۆ کـورد، تەنانـەت بـۆ هەمـوو ئێرانـی بـەدواوە بـوو، سـەرهەڵدانی شۆڕشـی خوێنـاوی ژینـاش لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان لـە سـاڵی ١٤٠١ی هەتاویـدا درێـژەی بەرەنـگاری گەلـی کوردسـتانە لـە دژی ئـەو هەمـووە شـەڕەنگێزی و دوژمنایەتییـەی کـە هەتـا ئێسـتاش دەسـەڵاتە یـەک لـەدوای یەکەکانـی ئێـران پەیـڕەوی دەکـەن و حاشـا لـە بـوون و تەنانـەت شوناسـی کـورد و مافەکانـی دەکـەن.

دوانیـوەڕۆی ٢٦ی خەزەڵـوەری ١٤٠١ی هەتـاوی، ئاگـری ژیلەمـۆی شۆڕشـی «ژن، ژیـان، ئـازادی»، لـە میـراوای بـۆکان تەنانـەت بـە تین‌وتاوتـر لـە ڕاپەڕینەکانـی ١٣٥٧ و ٥٨ی گەلانـی ئێـران پـەرەی ئەسـتاند و پەیامـی ئـەو شۆڕشـەی گەیانـدە لووتکـەی کێوەکانـی ناڵەشـکێنە و بـەردەزەرد و هـاوار

و بانگی ئازادی گەیشتە مەزاری حەسەن زیرەک و موقبلی بەرزەفڕ و تێکەڵ بە سۆزی شمشاڵەکەی قالەمەڕە و چریکەی زیرەک بوو.

غەفوور مەولوودی جوامێر یەک لەو دەیان کەسانە بوو کە وەک پێشەنگ لە ڕیزی پێشەوەی ڕاپەڕینەکە بە هەستکردن بە ئەرکی ئەخلاقی و ئینتیمای نیشتمانی وەک شوورایەکی پۆلایین لە بەرامبەر دوژمنانی ئازادی و قەرەیەخە و بەکرێگیراوانی کەواسووردا بوێرانە وەستا.

ئەو لە هەموو تەمەنی نەحەساوەی خوێدا چاوپۆشی لەبیر ئازادی و مافی یەکسانی و سەربەستی نەکرد. غەفوور مەولوودی زۆر بە باشی هەستی بە جیاوازییە چینایەتی و غەدرە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دەکرد. ئەو هەر چەندە لە منداڵییەوە لە چوونە قوتابخانە بێبەش بوو، بەڵام بە هەوڵ و بەهرەی خۆی تا پۆلی پێنجی ئاکابیری بە سەرکەوتوویی تەواو کرد. غەفوور مەولوودی مرۆڤێکی خاوەن بەهرە بوو، باوەڕی قووڵی بە بنەماکانی مافی مرۆڤ و یەکسانی ژن و پیاو هەبوو، بەکردەوە ئەو پابەندییەی خۆی بە باوەڕەکەی لە بنەماڵەیدا جیبەجێ دەکرد.

غەفوور مەولوودی وەک نموونەیەکی سەرکەوتوو لە کاری لوولەکەشی و بیناسازی و پیشەسازی لە ئۆلەمپیادی زانستی١٣٨٠ی هەتاوی، پلەی دووهەمی لەسەر ئاستی ئێران بەدەست هێنا و ئەگەر دەرفەت و بواری گونجاوی بۆ ڕەخسابا، دەستکەوتی زۆر زیاتری بە دەست دەهێنا. غەفوور مەولوودی ئینتیمای بۆ نیشتمان و گەیشتن بە ئامانجەکانی زۆر بەرز بوو.

ژینی قاڵاوی بە پووشێک نەدەویست. هەر بۆیە جاش و خۆفرۆشەکانی

شــاری بــۆکان، کــە ڕاســتەوخۆ تەقەیــان لــە خۆپیشــاندەران دەکــرد لــە ئێــوارەی ڕۆژی ٢٦ی خەزەڵــوەر ســینگی پــڕ جۆشوخرۆشــی ئەویــان کــردە ئامانــج و گــەڵای ئاواتەکانیــان لــێ هەڵوەرانــد و شــەهیدیان کــرد.

**کانیی خوێنم تازە کوێر نابێتەوە**
**بەردەوام دەژێیتەوە و دەژێیتەوە**
**زاری سەرچاوەی سروودیی جوانییە**
**باسی ژینە کوتنەکەی، دەیڵێتەوە**
**تا دەخنکێ هەر لە کوڵدا و هەڵدەچێ**
**بێوچان دەکوڵێت و هەر دەکوڵێتەوە**
**زۆر مەنازە تۆ بە بیری شەختەییت**
**گەرمەخوێنی من هەمووی دەتوێتەوە**
**خوێنەکەم بۆ ژین لە جۆشەو ناسرەوێ**
**هەر کفارەی دێ چلۆن دەبڕێتەوە!**
**ساڵەهایە بین لە خوێنی دڵ دەدەی**
**ئەو هەموو خوێنە چلۆن دەخورێتەوە؟**
**خوێنەکەم ڕۆژێ دەبێتە چۆمی ڕق**
**ئاسەواری تۆ لە ژین دەسڕێتەوە**

(سەربازی ون)

بــەڵام دوای شــەهیدبوونی داری پڕبــاری ژیانــی بــە ئەمانــت بــۆ هاوســەری ژیــر و خۆراگــری خاتــوو شــەهێن بەجــێ مــا بــۆ ئــەوەی شەهێنئاســا پاڵپشــتی یوســف و ئەویــن و ڕامانــی جگەرگۆشــەیان بــێ و وانەکانــی بابــی شــەهیدیان بــە گوێــی دنیــا بگەیەنــن. هــەر بۆیــە دەبینیــن کــە یوســف

مەولـوودی لەسـەر مـەزاری بابـی بەوپـەڕی ئیـرادەوە پەیـام و ڕاسـپاردەی بنەماڵەکـەی و وانەکانـی باوکـی بـە هەمـوو ناوەندەکانـی ڕاگەیانـدن و دەسـەڵاتی داگیرکـەری تـاران پـڕ بـە گـەروو ڕایگەیانـد و گوتـی: «**خەڵکـی بەشـەرەفی کوردسـتان، بابـم هەمـوو ژیانـی خـۆی تەرخـان کـرد بـوو بـۆ نانێـک کـە بۆنـی ئـاوی ڕوون و شـەڕافەت و مەردانەگـی لـێ دەهـات، خەڵکـی بەشـەڕەفی کوردسـتان بـاش بزانـن نانـی مەردانەگـی و نانـی خۆفرۆشـی زۆر جیـاوازە**». شـەهید غەفـوور ئاواتەخـواز بـوو ئـەو زسـتانە دواییـن زسـتان و کۆتایـی دەسـەڵاتی داگیرکـەر بێـت و سـاڵی داهاتـوو جێژنـی سەربەسـتی و ئازادیـی گەلـی کـورد و هەمـوو ڕێبوارانـی ئـەو ڕێبـازە پیـرۆزە بـێ و کۆتایـی بـێ بـە ئەسـڵی ئـەو نیزامـە داسـەپاوە ئاخوندییـەی کـە هـەر وەک کـوڕی شـەهید غەفـوور وتـی: «**مامەڵەکردنـی لـە تـاران لەگـەڵ ناڕازییـەکان بـە باتۆمـە و لـە کوردسـتان بـە گولـلـە**». کۆتایـی بـێ بـەو ڕێژیمـەی لـە تـاران فاشیسـتە و لـە کوردسـتان داگیرکـەرە.




# شەهید دوکتور ئازاد حوسێن‌پووری

**لەیلا قادری**

جۆش‌وخورۆشی خەڵکی کوردستان بەتایبەت لاوان و ژنان لە شۆڕشی ژینادا وەک داینەمۆی پێویست بۆ نزیکبوونەوە لە ئامانجی گەل کە ئازادییە، بەڕادەیەک بوو کە زۆر زوو لە ئاستی ئێران و جیهاندا دەنگدانەوەی زۆری لێکەوتەوە، ئەگەرچی هەر دڵۆپە خوێنێکی ڕژاو لەپێناو گەیشتن بە ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان خەم و ئومێد وێکڕا لە دڵی هەر ئازادیخوازێکی کورددا ئاوێتەی یەکتر دەکات، بەڵام هاوکات خوێنی بەناڕەوا ڕژاوی شەهیدانمان لە شۆڕشی ژینادا ناوبانگی گەلی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەیاندە هەموو سووچێکی ئەم جیهانە کە چۆن لاوانی کورد ئامادەن لەپێناو ژیانی سەردەمیانە و بنیاتنانی سیستمێکی دێموکراتیک گیانیان فیدا بکەن و بەڵێنیی نەوە دوای نەوەی شۆڕشگێڕانی ڕاستەقینە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستەبەر بکەن.

یەکەم ڕۆژی بەهاریساڵی ١٣٧٠ی هەتاوی، ئەو کاتەی شنەی شەماڵ وادەی پشکووتنی چرۆی نێرگزی وەک دیاری نەورۆزانە بە نیشتماندا بڵاو دەکردەوە، دوکتور ئازاد حوسێن‌پووری، شەهیدە سەربەرزەکەی شۆڕشی ژینا لە شاری پیرانشار لەدایک بوو.

لەدایکبوونـی ئـازاد حوسـێنپووری هـاوکات بـوو لەگـەڵ دەسـتپێکی ڕاپەڕینـی گەلـی کـورد لـە باشـووری کوردسـتان، کاک عەبـدوڵای باوکـی شـەهید ئـازاد لـە کاتـی لەدایکبوونـی ئـەو ڕۆڵـە شـیرینەی، لـە باشـووری کوردسـتان دەبـێ و یـازدە ڕۆژ دوای لەدایکبوونـی واتە لـە ڕۆژی ڕزگاربوونی هەولێـر لـە دەسـتی ڕێژیمـی بەعـس دەگەڕێتـەوە ڕۆژهـەڵات و بـەو بۆنـە پڕشـکۆیەوە نـاوی ئـازاد لـە کـوڕە یـازدە ڕۆژەکـەی دەنێـت، بـەو جـۆرە ئازاد بـە نـاو ئازادیـی باشـووری کوردسـتانەوە کـرا کـە لـە ئەنجامـی ڕاپەڕینـە مەزنەکـەی خەڵکـی باشـووری کوردسـتان بـەدژی ڕێژیمـی بەعسـی ڕووخـاو هاتـە ئـاراوە. ئـەو ڕاپەڕینـەی کـە خاڵێکـی گرینـگ و وەرچەرخانێکـی مێژوویـی بـوو لـە بزوتنـەوەی ڕزگاریخـوازی گەلـی کـورد لـە هـەر چـوار پارچـەی کوردسـتان و بەتایبـەت خەڵکـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتانی یەکجـار دڵخـۆش کـرد و بـۆ بنەماڵـەی ئـازاد بـوو بـە دوو دیاریـی نەورۆزانـە.

ئـازاد هـەر لـە سـەرەتای منداڵییـەوە بـە بیـری ئـازادی و سەربەسـتی و ئەوینـی نیشـتمان فرچکـی گـرت و بیـر و زەینـی بـە ڕوحـی نیشتماندۆسـتی ئاودێـر کـرا.

ئـازادی مێرمنـداڵ لەگـەڵ بـرا و خۆشـکەکانی یەکتریان زۆر خۆش دەویسـت، وەک ئـەوەی ڕوحیـان گرێـدراوی یەکـتر بێـت، پێکـەوە گـەورە بـوون و یـاری و چوونـە قوتابخانـە و وەرزش و تەنانـەت ئایدیـا و ئاواتەکانیشـیان زۆر لێکدەچـوون، شـەهید ئـازاد هۆگرییەکـی زۆری بـە وەرزشـی ژیمناسـتیک و ڕاوەماسـی هەبـوو.

تەمەنـی ئـازاد دەگاتـە ١١سـاڵ کـە بنەماڵەکـەی کـۆچ دەکـەن بـۆ شـاری مەهابـاد و لـەوێ نیشـتەجێ دەبـن. ئـازادی چاونەتـرس و بیرتیـژ لـە قۆناغی یەکـی دواناوەنـدی ئـەو کاتـەی تەنیـا ١٤ سـاڵ تەمەنـی بـوو، بڕیـار دەدا

ببێتە پێشمەرگە و چەکی شەڕەفی پێشمەرگایەتی بکاتە شان، بۆیە دوو وێنەی دایک و بابی بۆ یادگاری هەڵدەگرێ و ماڵاوایی لە براکەی دەکات و ڕوو دەکاتە باشووری کوردستان و ڕێی خەباتی شاخ دەگرێتەبەر و خۆ دەگەیەنێتە سەنگەرەکانی پارێزەرانی نیشتمان، بەڵام بەهۆی ئەوەی تەمەنی کەم دەبێ وەرناگیرێ، ناچار دەگەڕێتەوە نیشتمان و سەرقاڵی کار و ژیان دەبێت و ماوەیەک کاروانچییەتی دەکات.

بەڵام دواتر واز لەو کارە دێنێ و لە تەمەنی ٢٦ساڵی بە شێوەی «تەجروبی» دەست بە کاری ددانسازی دەکات و لە تەمەنی ٣١ ساڵیدا بە مەبەستی شارەزابوونی زیاتری لە پیشەکەیدا بەتایبەت لە بواری زانستی بەوپەڕی ئیرادە و باوەڕبەخۆبوون دەست دەکات بە خوێندن و لە ڕشتەی پزیشکی و ددانسازی وەردەگیرێ و بە حەزەوە لە دوورەدیمەنی خەون و ئاواتەکانی دەڕوانێ.

**نیشتمان ئەی خاک و خۆڵت**

**گلێنەی چاوانمە ...،**

**کوردستان ناوی بەرزت**

**هێزی ڕۆح و گیانمە**

**نیشتمان ئەی بەربەیانت**

**ڕۆشەنی ئیمانمە**

**کوردستان ئێوارەکانت**

**خەڵوەتی عیرفانمە**

**کوردستان**

**قوربانی کوێستانت دڵی پڕ دەردی من**

**نیشتمان حەیرانی گەرمیانت**

## هەناسەی سەردی من

دوکتـور ئـازاد جیـا لـە کەڵکەڵـەی بەردەوامـی بـۆ سەربەستی و ئاوەدانیـی نیشـتمانەکەی، هیچـکات ڕەنـج و زەحمەتەکانـی دایـک و بابیشـی لەبیـر نەدەچـۆوە و باشـترین ژیانـی بـە شـیاوی ئـەوان دەزانـی.

دوکتــور ئــازاد زۆر قۆنــاغ و دەرفەتــی بــۆ خەبــات ئەزمــوون کردبــوون، بۆیـە وەک زۆربـەی لاوانـی مەهابـاد لـە ڕاپەڕینـی ژینـادا کـە وەک ژیلەمـۆ بووژایـەوە و بـوو بـە شۆڕشـێکی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و ڕۆشـنبیری کـە جگـە لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، زۆربـەی جوغرافیـای ئێرانـی تەنییـەوە، دوکتـور ئـازاد بـووە لیدرێکـی بەرچـاو و کارا لـە شـاری مەهاباد و بـەردەوام لاوانـی ڕێنوێنـی دەکـرد و هانـی دەدان بـۆ ئەوەی ڕۆڵـی کاریگـەر و دیاریان لـەو ڕاپەڕینـەدا هەبێـت، هـاوکات بـۆ دەرمـان و چارەسـەری برینـدارەکان ڕۆڵـەی بوێـری مەیـدان بـوو.

سـەرەڕای ئـەوەی بۆخۆشـی چەنـد جارێـک برینـدار ببـوو، بـەڵام دیسـان بـە گوڕوتینـی زیاتـرەوە تێکـەڵ شۆڕشـەکە دەبـۆوە، زۆرجـار لـە تریبوونـی مزگەوتەکانــەوە بــە سروودی «**ئــەی شــەهیدان**» یــادی شــەهید واحیــد حاجیـی، دایکبـرای کـە بـە دەسـتی پاسـتاڕەکانی ڕێژیمـی ئاخونـدی لـە گونـدی «لاچیـن»ی سـەر بـە شـاری مەهابـاد دەسبەسـەر کـرا و دواتـر شـوێنHبزریان کـرد، زینـدوو ڕادەگـرت.

**هەر دەژیم و سەربڵیندم تاکوو ڕۆژی مردنم**
**من بەپێوە گیان ئەدەم قەت ناکەوم بۆ دوژمنم**
**من لەسەر بستووی ژیانا کۆنەدارم نانەوم**
**من قەڵای ئەرگم بە تۆپی ڕووس و عوسمان ناکەوم**

**گەر بە خوێنی جەرگی خۆم سووری بکەم من دیمەنم**
**ملکەچ نابم دەبێ بمری بە مەرگت پێکەنم**
**گەر تەواوی تانوپۆی ژینم لەبەریەک هەڵبڕی**
**جەرگی خۆم و لاوەکانم هەر وەکوو گورگ هەڵدڕی**
**گەر مناڵ و دایک و بابم تۆ بخەیتە ناو کڵت**
**شەرتە ئاخێکیش نەکێشم داخ بنێمە سەر دڵت**
**من دەگەڵ تۆ دوژمنی کورد هەر سەری جەنگم هەیە**

**تاکوو سەرکەوتن بەشەڕ دێم قەسد و ئاهەنگم هەیە**

(مامۆستا سووتاو)

مخابن رۆژی ٢٦ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی، لە گەرمەی خۆپیشاندانەکانی دژبە ڕێژیم لە مەهاباد دوکتور ئازاد حوسێنپووری ڕۆڵە بەغیرەتەکەی نیشتمان، پێشمەرگە چاونەترسەکەی شار، دوکتورە دڵسۆز و خەمخۆرەکەی مەهاباد، پەیمانی خۆی بردە سەر و گیانی فیدای ڕاپەڕینی ژینا بۆ ئازادی کرد و بە شەهیدبوونی خەونە ڕەنگاوڕەنگەکانی ئاوێتەی خاکی پیرۆزی کوردستان کرد، ئاخر بڕیار بوو لەگەڵ هاتنی بەهار و یادکردنەوەی رۆژی لەدایکبوونی بچێتە خوازبێنی گراوەکەی و کۆشکی ئاواتەکانی ژیانی هاوبەشیان بنیاد بنێن. دوای شەهیدبوونی دوکتور ئازاد چەند لاوێکی بوێر و چاونەترس تەرمی پیرۆزی شەهید ئازاد لە شوێنەکە ڕادەگوێزن و دەیشارنەوە، بەڵام قاتڵان و کۆمەڵێک جاشی جەنایەتکاری دژەگەل و چەند بەرپرسێکی ئەڵقەلەگوێی ڕێژیم بەهەڵەداوان خۆدەکوتنە ماڵی باوکی شەهید ئازاد

و دەیانهەوێ لە ژێر گوشاری هەڕەشەدا ناچاریان بکەن کە کوژرانی ڕۆڵە ئازیزەکەیان بخەنە ئەستۆی هێزە شۆڕشگێڕە کوردستانییەکان و بەڵێنی پارە و دیەیان پێدەدەن، بەڵام لەگەڵ بوێری و چاونەترسیی خوشکی شەهید ئازاد و بنەماڵەکەی و بەتایبەت باوکی بەرەوڕوو دەبن و بە سەرشۆڕی دەگەڕێنەوە.

ڕۆژی دواتر واتە لە ٢٧ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی، تەرمی شەهید دوکتور ئازاد بە بەشداریی هەزاران کەس لە خەڵکی وەفادار و بەئەمەگ و ڕێبوارانی ڕێگای ئازادی بە دروشمی ئاگرینی «ک**وردستان کوردستان، گۆڕستانی فاشیستان**» و «**شەهید ئازاد قارەمانە، شەهیدی کوردستانە**» و چەندین دروشمی دیکە لە گۆڕستانی شەهیدان بە خاکی پیرۆزی نیشتمان دەسپێردرێ و یاد و بیرەوەرییەکانی وەک ئەمانەتێک و میراتێکی پیرۆز بۆ شۆڕشی ژینا و ئەویندارانی بەجێ دەمێنێ.

**ئەگەر ئەمجارە بێمەوە**
**لە گۆی مەمکی هەر کانییەک**
**قومە ئاوێک دەخۆمەوە**
**گشتیان دەکەم بە دایکی خۆم**
**لە هەر ئەشکەوتێکا شەوێک**
**سەر بە گاشەبەردێ دەکەم**
**گشتیان دەکەم بە لانکی خۆم**
**ئەگەر ئەمجارە بێمەوە**
**زمانی گڕ دەهێنمەوە بۆ لاڵەکان**
**شاپەڕی گڕ دەهێنمەوە**
**بۆ باڵندە بێباڵەکان**

**ئەگەر ئەمجارە بێمەوە**

**نایەڵم لاوان گوڵ بچنن**

**بۆ گوڵدانی مردووی سەر مێز**

**فێریان دەکەم**

**کە چوونە ژوان**

**لە بەرۆکی کچانی دەن**

**پێش ئەوەی بیانگرنە ئامێز**

**ئەگەر ئەمجارە بێمەوە**

**ئەگەر ئەمجارە بێمەوە ...**



## شەهید دانیال پابەندی

**لەیلا قادری**

فەلسەفەی شۆڕشی ژینا کە بە مانای ڕزگاری، ڕێنسانس، ڕۆشنگەری، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و یەکسانی بۆ هەموو نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان دێت و لە هەناوی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە سەری هەڵدا، گەلێک جیلوەی جوانی لە شۆڕشێکی مودێرن هێنایە سەر پەردەی مێژووی سەردەم و جیهانی سەرسامی خۆی کرد، پیاوان بوون بە ئاڵاهەڵگری چەقی قورسایی شۆڕشێکی ژنانە و جوامێرانە سەریان کردە بەردەبازی ئەو شۆڕشە و گیانیان بۆ بەخشی.

شەهید دانیال پابەندی یەکێک لەو سوورخەڵاتانەیە کە خەڵکی شاری سەقزە، شوێنی لەدایکبوونی دروشمی «**ژن، ژیان، ئازادی**» و چەخماخەی شۆڕشی ژینا.

دانیال پابەندی شەهیدە مێرمنداڵەکەی سەقز کە تەنیا ١٧ ساڵ بە سەر پشکوتنی چرۆی چاوەکانی بەڕووی دونیادا تێپەڕی بوو، ١٩ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٨٤ی هەتاوی بە لەدایکبوونی چرای ماڵی دڵی کاک بەهمەنی باوکی و سەیزادە نەسرین مستەفەوی دایکی بۆ دووهەم جار گەشاندبۆوە، ئاخر دانیال منداڵی دووهەمی بنەماڵەکەیان بوو، دە ساڵ لە ڕەزای برای بچووکتر بوو.

مخابن پەنجەی هەژاری لە ژێر هەژموونی دەسەڵاتی تاڵانچیی ڕێژیمی ئاخوندی گەرووی بنەماڵەی کاک بەهمەنیشی وەک زۆربەی خەڵکی ڕۆژهەڵات و ئێران گرتبوو، کاک بەهمەن هەمیشە بە زەحمەت و بە کرێکاری تەقەلای دەستەبەری ژیانێکی شکۆمەندانەی بۆ بنەماڵەکەی داوە، بەڵام قورسایی چەرخی ژیان دانیالیشی وەک براگەورەکەی لە خوێندن دابڕی و تەنیا توانی تا پۆلی حەوتی سەرەتایی بخوێنێت و ڕووی کردە مەیدانی کار و بە شاگرد میکانیکی دەستی پێکرد و بە تەمەنی منداڵی خۆی ئاوات و ئارەزوو و خەونەکانی خستە گرەوی دڵخۆشیی دایک و باوک و برا و سەحەری تاقانە خوشکی کە لە خۆی بچووکتر بوو. دانیالی تازەلاو زۆر لەوەش قووڵتر و بەرینتر دەیڕوانییە ژیان و ئەو تێگەیشتنەش هەڵقوڵاوی پەروەردەیەکی نیشتمانپەروەرانە بوو کە بەرەنگاربوونەوەی زوڵم و زۆرداری دەکاتە ئەرک و ئازادی و سەربەخۆیی و ژیانی شکۆمەندانەی هەر تاکێکی کورد لێک گرێ دەدا. ڕۆژی چوارشەممە ٢٥ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی بوو کە لە درێژەی خۆپێشاندانەکانی شۆڕشی ژینادا، بڵاوبوونەوەی هەواڵی شەهیدبوونی دانیال پابەندی تەمەن ١٧ ساڵ لە سەقز جارێکی دیکە برینی جەستەی ئەو شارەی هێنایەوە سۆ، هەر ئەو شەوە بە سەدان کەس لە خەڵکی قارەمانی ئەو شارە ڕوویان کردە نەخۆشخانەی «تەئمین ئیجتماعی» سەقز کە دانیال بە بریندار ی گەیەنرابووە ئەوێ، ژمارەیەکیش لە جەماوەری خورۆشاو لە مەیدانی مامۆستا قانع نزیک نەخۆشخانە کۆ بیوونەوە.

**دەرگای شێران کرایەوە**

**دار و بەرد دەنگی دایەوە**

**گوێ لە زڕەی زنجیر بگرن**
**پاڵەوان ناترسن بمرن**
**بۆ مەرگ دێن بە ئازایی**
**دەڵێی دەڕۆنە سەر شایی**
**مەردانە هەنگاو هەڵدێنن**
**بەدکار بە توندی دەدوێنن**
**ڕوو گرژن بەرانبەر دوژمن**
**دم بە بزەن بەرەو مردن**

بـە وتـەی شـایەتحاڵەکان کاتژمێـر ١٨:٣٠ خولەکـی ئێـوارەی ڕۆژی چوارشـەممە ٢٥ی خەزەڵـوەری ١٤٠١ هەتـاوی، خەڵـک لـە دەوری ماتۆڕسـکلیتێک کـۆ ببوونـەوە کـە لاوێکـی شـەلاڵی خوێنـی لەپـاڵ کەوتبـوو. ئـەو شـۆڕەلاوە لەلایـەن هێـزە بەکرێگیراوەکانـی ڕێژیـم لـە نێـو ماشـێنێکی شەخسییەوە درابـووە بـەر دەسـترێژی گوللـە و قاتـڵان بەپەلـە شـوێنەکەیان جێهێشـتبوو. هـەر زوو چەنـد کـەس لـە خەڵکـی دەوروبـەری، دانیالـی برینـدار هەڵدەگرنـەوە و دەیگەیەننـە نەخۆشـخانەی سـەقز، بـەڵام بەداخــەوە برینەکــەی زۆر کاری بــوو، بــەر لــەوەی بگاتــە نەخۆشــخانە شــەهید دەبــێ. هــەر زوو لەگــەڵ کۆبوونــەوەی جەمــاوەری تــووڕە لەبـەردەم نەخۆشـخانە چەنـد بەرپرسـێکی ڕێژیـم لەوانـە، فەرمانـداری سـەقز، بەرپرسـی بەنـاو «دادی سـەقز» و دوو فەرمانـدەی هێـزی سـپا و چەنــد بەکرێگیراوێکــی ئەمنــی لــە ژووری بەڕێوەبەریــی نەخۆشــخانەی سـەقز کۆبوونەوەیـەک ئەنجـام دەدەن. لـەو کاتـەدا بنەماڵـەی دانیالیـش خۆیـان گەیاندبـووە نەخۆشـخانە، دوای کۆبوونەوەکـە فەرمانـداری سـەقز

لەگەڵ بنەماڵەی شەهید دانیال دەکەوێتە گفتوگۆ و بە ڕووهەڵماڵراوی دەڵێ:» کوڕەکەی ئێوە بە بێتاوان کوژراوە، هەر وەک کوژراوەکانی سیستان و بەلووچستان، بڕیارە ئەوانە وەک شەهیدی کۆماری ئیسلامی حسێب بکەین، کوڕی ئێوەش شەهیدی ئێمەیە، بۆیە دەبێ زۆر بە بێدەنگی بە خاکی بسپێرن و نابێ ڕێگە بدەن ڕووداوەکە بتەقێتەوە».
ئەو مەرجەی فەرماندار و هێزە بەکرێگیراوەکانی ڕێژیم کە بۆ بنەماڵەی دانیالیان دیاری کرد، تاقە پووشێکی نەکرد. بنەماڵەکەی سەربەرزانە خاوەنداریێتی شەهیدی خۆیان کرد و داوایان لە خەڵکی بەشەرەفی سەقز کرد لە ڕێورەسمی بەخاکسپاردنی شەهیدەکەی ڕێبواری ئازادی و سەربەستیی کوردستان بەشداری بکەن.
خۆپیشاندانی جەماوەری تووڕەی سەقز بەدژی ڕێژیم کە داخی شەهیدکرانی دانیالی بێتاوانیشی هاتبووە سەر، لە دەرەوەی نەخۆشخانە و چەند گەڕەکێکی دیکە تا نیوەشەو بەردەوام بوو، ئەو کاتەی کە بنەماڵەکەی شەهید دانیال لە نەخۆشخانە پێداگرییان لەسەر وەرگرتنەوەی تەرمی کوڕەکەیان دەکرد و جەماوەری خۆپێشاندەریش هەوڵیان دەدا خۆیان بگەیەنە حەوشەی نەخۆشخانە، بەکرێگیراوانی ڕێژیم بەدزییەوە تەرمەکەیان گەیاندبووە گۆڕستانی ئایچی. بنەماڵەی دانیال و خۆپیشاندەران دوای زانینی ئەو هەواڵە خۆیان گەیاندە گۆڕستانی ئایچی. هێزێکی زۆری ڕێژیم بە مەبەستی ڕێگەگرتن لە گەیشتنی جەماوەر بۆ گۆڕستان لە مەیدانی مامۆستا قانع و سەر ڕێی گۆڕستان بڵاوەیان پێکرابوو.
کاتێک بنەماڵە و خزم و کەس و ژمارەیەک لە خۆپیشاندەران توانیان خۆیان بگەیەننە گۆڕستانی ئایچی جەستەی بێگیانی دانیاڵ بەبێ

ئامادەبوونـی بنەماڵەکـەی شـۆرابوو و کفـن کرابـوو، خەریکبـوون بـە خاکـی بسـپێرن کـە بنەماڵەکـەی گەیشـتنێ و شـەڕ لـە نێـوان ئـەوان و هێـزی بەکرێگیـراوی لیبـاس شەخسـی ڕوویـداو و لەئەنجامـدا تەنیـا ئەوەنـدە ڕێگـە بـە بنەماڵەکـەی درا کـە کفنەکـە لەسـەر ڕوخسـاری شـەهید دانیـال لادەن و ماچـی بکـەن و دواماڵاوایـی لێبکـەن.

**من نامرم**

**لەناو خوێنما ئەژوێمەوە**

**وەک چوزەرە و چرۆ**

**لەسەر لووتکەی خۆمدا دەڕوێمەوە ...!**

شـەهید هەمیشـە خۆڵقێنـەری حەماسـە و ئافرێنـەری جوانتریـن وەرزەکانـی بیرەوەرییـە لـە یادگـەی هەمـوو ئەوانـەی لەگەڵـی ژیـاون و ناسـیویانە.

ناکـرێ لـە دانیـال بدوێیـن و یادەوەریـی سـەیزادە نەسرینـی دایکـی بـاس نەکەیـن کـە دەڵـێ: «**دانیالـی کـوڕم، هەمیشـە پێیخـۆش بـوو جلوبەرگـی کـوردی بپۆشـێ، کـەواو و پاتـۆڵ لەبـەر بـکا و جامانـەش لەملـی بئاڵێنـێ و کڵاش لەپـێ، کوردانـە بگـەڕێ، دانیـال شـانازی بـە کولتـوور و جلوبەرگـی نەتەوەکەیـەوە دەکـرد و لـە دوورەدیمەنـی خەونەکانیـدا ئازادیـی کوردسـتانی دەبینـی و لـە خـەون و خولیاکانیـدا بـە ڕەوینـەوەی زوڵـم و زۆرداری شاگەشـکە دەبـوو**».

دانیـال دڵسـۆز و خەمخـۆری سـەحەری خوشـکی بـوو گەلێـک بیـرەوەری بـۆ تاقانـە خۆشـکەکەی جێهێشـتووە، لـە دلۆڤانـی و خۆشەویسـتی و کڕینـی دیـاری.

بـۆ باوکـی و کاک ڕەزای براشـی تەنیـا کـوڕ و بـرا نەبـوو، بەڵکـوو هـاوڕێ و

پشـت و پەنـا بـوو.
تەرمـی دانیالـی ئازیـزی دایـک و بـاوک و بنەماڵـە و خەڵکـی سـەقز و کوردسـتان لـە کازیـوەی بەرەبەیانـی ٢٦ی خەزەڵـوەری ١٤٠١ی هەتـاوی، بـە خاکـی پیـرۆزی کوردسـتان سـپێردرا و جەمـاوەر سـەرەڕای چاودێریـی تونـدی هێـزە ئەمنـی و لیبـاس شەخسـییەکان دیسـان دروشـمەکانی دژ بـە ڕێژیمـی پـەت و سـێدارەیان وتـەوە و بەڵێنیـان دا ئـەو ڕێگـە و ڕێبـازە تـا گەیشـتن بـە ئامانـج هـەر زینـدوو ڕابگـرن.

**ڕۆڵەی پەروەردەی نانی هەژاری**
**زەحمەتکێشەکەی ڕێی کرێکاری**
**دەستی خەزانی ڕۆژگار بشکێ**
**نەیهێشت پێ بگەی بۆ کوردەواری**

## شەهید بەهمەن مەعرووفی

ناسر سادقی



**ناوم بنووسن تکایە**
**دەمهەوێ کتێبی خوێنم بڵاو بێتەوە**
**بە سووری**
**لە قەفەسەکانی وڵاتدا**
**بیخوێننەوە بە چاوی داهاتوو**
**منداڵان (.... .)**

چاوی مێژوو بە هەزاران وێنە و گرتەڤیدیۆی دەگمەن و ناوازەی لە سەرهەڵدانەکانی بزووتنەوەی ژینا لە زۆربەی شار و شەقام و کۆڵانەکانی ڕۆژهەڵات چرکاندووە.
هەرکام لەو وێنە و گرتە ڤیدیۆیانە هەڵگری دەیان پەیام و ئایدیای کۆمەڵایەتی و سیاسی و نەتەوەیی بەهێزی سەردەمن.
زۆرێک لەو چرکەساتانە لە شۆڕش و گۆڕانکاریی بنچینەیی بزووتنەوەی ژینا و خەباتی خەڵکی ڕۆژهەڵات، جێی ڕامان و لێکدانەوەن.
وێنەیەکی دیار لەناو ئەو ڕابوونە سەرتاسەرییە وێنەی «بەهمەن مەعرووفی»یە. ڕۆژی ١٠ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی، لە گەڕەکی

حەسـەناوای شـاری شـنۆ، باغـی ژیانـی کاک سـولەیمان مەعرووفـی و دایـە خەیـاڵ بـە پشـکووتنی چـاوی بەهمەنـی ڕەزاسـووک هاتەبـەر و کۆشـکی ئاواتیـان پـڕ بـوو لـە گوڵبـزە و پەپوولـەی شـادمانی.

بەهمـەن لەوسـاوە کەوتـە سـەرپێی و دواتـر لـە تەمەنـی حـەوت سـاڵیدا وەک زۆربـەی منداڵانـی نیشـتمان چـووە قوتابخانـە و دەرسـی خوێنـد و ژیانـی بـردە سـەر.

بەهمـەن لـە بنەماڵەیەکـی نیشتماندۆسـتدا پـەروەردە بـوو و هـەر ئـەوەش وای کردبـوو خۆشەویسـتیی نیشـتمان و وڵاتەکـەی بـۆ ئـەو لـە سـەرووی هەمـوو شـتێکەوە بـێ و شـانازی بـە کوردبوونـی دەکـرد و لـە کۆڕی دۆسـت و هاوڕێیانیـدا بـەردەوام باسـی لـە ئـازادی و سەربەسـتیی نەتەوەکـەی دەکـرد و دەیکـوت: «**پێویسـتە هەموومـان هـەوڵ بدەیـن بـۆ ئـەوەی نەتەوەکەمـان لـە ژێردەسـتی ڕزگاری بێـت**».

شـاری شـنۆ مێژوویەکـی دوورودرێـژی هەیـە لـە هـەوراز و نشـێوی ڕابـوون و بەرەنگاریـی دەسـەڵاتەکانی عـورووس و عوسـمانی و پەهلـەوی و شـوێنکەوتووانی خومەینیـزم، لاوان و خەڵکـی شـاری شـنۆ بـە ئیلهـام وەرگرتـن لـە یـادگاری پێشـەوای مـەزن و کۆمـاری کوردسـتان و خەباتـی ناسیۆنالیسـتی بـە ڕێبەریـی سـمکۆ سـەرلەنوێ بوونـەوە بـە بزوێنـەر و فاکتەرێکـی سـەرەکی لـە بزووتنـەوەی ژینـا و دروشـمی «ژن، ژیـان، ئازادی».

خەڵکـی شـنۆ بـە شـێوەیەک هاتنـە سەرشـەقام و بەشـداریی شۆڕشـیان کـرد کـە داگیرکـەران برسـت و توانـای کۆنترۆڵکردنـی زۆر لـە ناوەنـد و گەڕەکەکانـی شـاریان لەدەسـت دەرچـوو. بەهمـەن مەعرووفـی یەکێـک لـەو کەسـانە بـوو کـە هەمـوو شـەوانە بوێرانـە بەشـداریی خۆپیشـاندان و ڕێپێوانەکانـی دەکـرد و ئاوێتـەی هەسـت و سـۆزی ئاپـۆڕای شـەقام دەبـوو.

بەهمـەن بـە تێگەیشـتن لـەو وتـە مێژوویـیـەی دوکتـور قاسـملووی ڕێبـەر کـە دەیفەرمـوو: «**گەلێـک ئازادیـی بـوێ دەبـێ نرخـی ئـەو ئازادییـە بـدا**»، گوێـی دڵـی سـپاردبوو.

ئـەو بەکـردەوە لـە مەیدانـدا بـوو و لـەو کەسـانە نەبـوو هـەر لـە دوورەوە سـەیری شـەپۆلی شـەقامیان دەکـرد و دیـل و دەستەوەسـتان و بێلایـەن بـوون.

خاتـوو عەزیمـە مەحمـوودی هاوژینـی دڵسـۆزی بەهمـەن مەعرووفـی و جگەرگۆشـەکانی واتـە بێهنـازی تەمـەن یـازدە سـاڵ و مەهیاری تەمـەن چوار سـاڵان زۆرجـار بـە دڵ گوێیـان بـۆ چیـرۆک و ئاواتەکانـی بابیـان ڕادەگـرت کـە لەپێنـاو نیشـتمانێکی ئـازاد و مافـی یەکسـانی گەلەکـەی چەنـدە بـە تامەزرۆیـی لەگەڵیـان دەدوا و لـە ئاسـۆی ئازادیـی دەڕوانـی و دڵـی بـە کوردسـتان و ژیانـی بنەماڵەکـەی خـۆش بـوو.

بـەڵام کـورد هیچـکات ئـازادی بـە بـەلاش نەویسـتووە، خەباتـی کـردووە، ڕەنجـی زیندانـی چێشـتووە و دووری تاراوگـەی دیـوە و خوێنـی بەخشـیوە و لەپێنـاو ژیـان و سەربەسـتی دەسـتی لـە ژیانـی ئاسـوودەیی هەڵگرتـووە و لـەو پێناوەشـدا نرخـی بـۆ داوە و تـا ئێسـتا بـە هـەزاران کـەس لـەو ڕێبـازەدا گیانـی پیرۆزیـان پێشـکەش کـردووە.

بەهمـەن مەعرووفیـش یەکێـک لـەو ڕۆڵـە باوەڕمەندانـەی ئـەو ڕێبـازە پـڕ بەردەبـازە بـوو، بەهمـەن لەمـاوەی شۆڕشـی ژینـادا چەندیـن جـار لـە لایـەن ئیتلاعاتـی سـپای پاسـدارانەوە بانـگ کرابـوو و هەڕەشـەی لێکرابـوو، ڕۆژی پینجشـەممە ڕێکەوتـی ٢٤ی سـەرماوەزی سـاڵی ١٤٠١ی هەتـاوی، بـۆ جارێکـی دیکـە بـە بیانـووی هێندێـک پرسـیار و واژۆکردنـی چەنـد بەرگەیەکـی درۆییـن ناچـاری دەکـەن بچێتـەوە ئیـدارەی ئیتلاعـات، بـەڵام

دوژمنانــی دواکەوتــوو و قینلــەدڵ هەمــووکات دژی زمانــی مەنتــق و دیالــۆگ و ئاشــتی بــوون و ئــەوەی لــە بەرانبــەر واقیــع و زمانــی دیالــۆگ و شــەقام بۆیــان نەچۆتــە ســەر، بــە پیــلان و زینــدان و تیــرۆر و نامــەردی کردوویانــە.

بەهمــە مەعرووفــی پێــش ئــەوەی بچێتــە ئیــدارەی ئیتلاعــات بــاری تەندروســتی جێگیــر دەبــێ و هیــچ گرفتــی نابــێ بــەڵام بەداخــەوە دوای ئازادکرانــی لــە شــەوی ٢٥ی ســەرماوەز بــاری تەندروســتی تێکدەچــێ و دوای ئــەوەی دەیگوازنــەوە بــۆ نەخۆشــخانەی نەبیئەکرەمــی شــنۆ، کاتژمێــر ٣ی نیوەشــەو بەهــۆی ئــازار و ئەشــکەنجەی جەســتەیی و ڕوحــی دڵــی لــە وەســتان دەکــەوێ و تووشــی ئیســتی قەلبــی دەبــێ، لــە کاتێکــدا کــە پێشــتر نەخۆشــی دڵــی نەبــووە و، گومــان دەکــرێ ژەهرخــواردوو کرابێــت، بــەو کــردەوە نامرۆڤانەیــەش بەڵگەیەکــی دیکــە بــە تاوانەکانــی ڕێژیمــی فاشیســت و دژەمرۆیــی کۆمــاری ئیســلامی زیــاد دەبــێ.

تاریکــی شــەو باڵــی بــە ســەر دنیــادا کێشــاوە، ئەســتێرە لــە ئاســمانی شــار بــزرە، دیســان زامــی مێــژووی شــنۆ کولایــەوە، کاک ســولەیمان وەک پیــری داســنیان شــین دەگێــڕێ و تەرمــی شــەهید بەهمەنــی قارەمانــی کــوڕی پــڕ بــە بــاڵا لــە ئامێــز گرتــووە، لــە دواییــن ســاتی دیــداریدا دەڵــێ: «**لێمگەڕێــن منیــش لەگەڵــی دەچم**».

بــەڵام بەشــداریی جەمــاوەری گەلدۆســتی شــاری شــنۆ، لــە ســەر گڵکــۆی بەهمــەن مەعرووفــی لــە گۆڕســتانی سوڵتانمســتەفا بــۆ جارێکــی دیکــە ســەلماندیان کــورد تەنیــا بــە یەکگرتوویــی و یەکدڵــی ڕزگاری دەبــێ و دەتوانــێ پیلانەکانــی ڕێژیــم پووچــەڵ کاتــەوە و لــە کاتــی پێویســتدا بــە هاوخەمــی و هاودەردیــی گشــتییان سووکنایی بــە دڵــی زامداری بنەماڵــەی


شــەهیدان بێنــێ.

**بمشارێنه به تامی گێلاس،**
**ئێستایش به تامی خوێن... .**
**من سەرم شوورای ئازادییەو**
**خوێنم کوانووی وڵاتێکی بێئاڵایه**
**ئاڵای من پەنجەکانمەو له هەموو سەرایەک هەڵی ئەدەم،**
**کەم له منارەی سەرمەوە بانگ بدەن**
**«ان الحق»**
**ئێوە ناحەقترین بوونەوەرن،**
**بوێرانه گیانمان فیدای نیشتیمان و**
**سەرمان خولیای ئازادییه،**
**هۆ پیری شاران**
**ئێمە شارەگمان بۆ نیشتیمان و**
**دڵم بۆ تۆ لێ ئەدا**
**مەیان نەماوە سەمامان تێدا نەکردبێ و**
**گۆڕستان نەماوە سەرمان تێدا نەناشتبێ،**
**مێژوومان به خوێن**
**خوێنمان لەمێژە گێلاس دەگرێ و**
**کوانووی ئاگردانی مێژوومان هەر گرپەیه و**
**خەونی دووژمنانمانی پێ ئەسووتێ،**
**ئێمە هەر گڕینی و ئاگربانجان،**
**ئێمە له مێژترەوە له کێلەشیندا،**

شین بووین وەک بەهار و
هەموو وەرزەکانمان گوڵی سوور و
لە منارەکانی سەرمانەوە بانگی ئازادی و
دەستەکانمان دەکەین بە قوڕگی
هەموو ئەم کەمتیارانەی
کە لەبەردەم بێچووە شێردا
سەری کڕنۆش دائەنوێنن،
ئێمە هەر هەبووین و هەر هەین،
بە شەهادەتمان مێژوویەکی زیندوو
دەنووسینەوە

(باهۆز ئەحمەد)



## شەهید محەممەد حاجی ڕەسوڵپوور

ناسر سادقی

پەنجەکان لێزان و ئارام لەسەر تەلی ئامێرەکانن، ژێی تەنبوور، ویلۆن، سینگی دەف، زەرب، هەناسەی بلوێر و نەی! پۆلێک لە نوێ لاوانی کچ و کوڕ بە جلوبەرگی ئاڵوواڵای کوردانەوە وەک کۆلکەزێڕینەی پاش بارانی خۆر بە ئاماژەی ڕێبەری ئۆرکێست، سازی ناسازی هەڵپەسێراویش وەجۆش دێنن. دەنگی باڵەبانی عوسمانە سووری هونەرمەند، تێکەڵ بە زایەڵەی سروودەکانی ڕابوونی بزووتنەوەی شەقام و کۆڵانەکانی شاری بۆکان بوون و جوانترین سەمفۆنیایان پێکهێناوە، گوڵم سوارە لەو شارە نارِوا، مامۆستا ڕاوچی یادی کوێستان و تاسەی ڕاوی لەسەر دایە. نووری شاعیر پەیامی کۆمار و پێشەوای پێیە، مامۆستا حەقیقی و سەید کامیل و هەژاری مەزن کۆڕی شێعریان بۆ پۆلێک شاعیری نوێخوازی لاو پێکهێناوە، حەسەن زیرەک دڵی خاڵە ڕێبوار دەداتەوە، بۆ ئەمساڵی تازەیە نەورۆزە زۆری نەماوە.

سەرچاوەی پەروەردە و سایکۆلۆژی ئەو بنەماڵەیە بە شیری دایە فاتمەی زانا فرچکیان گرتووە، بابی جوامێریان لەگەڵکوو هەستی بە گرِوگاڵی منداڵەکانی دەکرد، خۆشەویستیی نیشتمانی بە گوێیان هەڵدێنا و گۆشی دەکردن هەتا ئاوێتەی بیر و زەینیان بێ، بیری ناسیۆنالیستی

و هـزری ڕابـوون لـە ناوچـەی ئەحمـەدی کـۆر و گونـدی ئاڵیکەنـد ڕیشـە و مێژوویەکـی دێرینـی هەیـە. شۆڕشـی جووتیـاران لـە سـاڵەکانی ١٣٣١ـ ١٣٣٢ی هەتـاوی، ڕاپەڕیـن و شۆڕشـی گەلانـی ئێـران لـە سـاڵەکانی ٥٧ ـ ٥٨ بزوتنـەوەی چەکـداری لـەو ناوچـە و مەڵبەنـدە، ڕۆڵـی گرینگیـان لەسـەر هەسـتی خەڵکـی موکریـان بەگشـتی و بنەماڵـەی حاجـی رەسـوڵپوورییەکان بەتایبەتـی دانـاوە.

ئـەوان بنەماڵەیەکـی نموونـە و نـاسراون. هەوێـن و هێـمای ڕوحـی کوردایەتـی کـوڕان و کچانـی ئـەو خێزانـە بەگشـتی و محەممـەد کـوڕە گەورەیـان بەتایبەتـی هەمـوو سـاڵێ لـە وەرزی بەهـار چـرۆی دەکـرد و لـە هاویـن گـڕی ڕابوونیـان دەبـووە خەرمانـی سـووری خەبـات و لـە وەرزی پاییـز هەتـا ڕێبەنـدان چاویـان لـە نوێبوونـەوەی شـکۆی کۆمـار و پەیامـی پێشـەوای مـەزن بـوو. مێـژووی جوامێـری و ڕوحـی نەتەوەیی و سـەرهەڵدان لـەو ناوچەیـە هـەر لـە زەمانـی دەسـەڵاتە گەندەڵـە یەک‌لەدوای‌یەکەکانـی قاجـار و حەمەڕەزاشـای مەیتـەر و کوڕەکەیـەوە هەتـا فەتـوای جیهـادی پیـری ئاخـر شـەڕی جەمـاران و خامنەیـی نگریـس، مەکـۆی نوێبوونـەوەی بەرخۆدانـی نـەوە لـەدوای نـەوەی ڕێبوارانـی دێموکـرات بـووە.

سـاڵی ١٣٤٤ی هەتـاوی، لـە کازیـوی بەرەبەیانێکـی فێنکـی ڕۆژی ١٩ی مانگـی خەرمانـان لـە گونـدی ئاڵیکەنـد بنەماڵـەی حاجـی ڕەسـووڵپوور بـە مـژدەی هەواڵـی لەدایکبوونـی کوڕێکـی ڕەزاسـووک و چاوگـەش دڵیـان شـاد و شـکوور بـوو. کـۆڕی بنەماڵەکەیـان بـە نۆبـەرە و بـەری ژیانیـان کۆشـکی ئاواتەکانیـان ڕۆدەنێـن و باپیـری واتـە ئەحمـەدی حاجـی، نـاوی محەممـەدی بـۆ کۆرپەسـاواکە دیـاری کـرد. مخابـن نەبوونـی قوتابخانـە بـۆ خوێنـدن و زاڵبوونـی سیسـتمی نایەکسـانیی حکوومەتـی پەهلـەوی لـە

ئاڵیکەنـد، محەممـەد و زۆر منداڵـی بەهـرەدار و چاوکـراوەی لـە خوێنـدن بێبـەش و مەحـڕووم کـرد.
محەممـەد وەک یەکـەم کـوڕ و نۆبـەرەی بنەماڵـە وێـڕای بابـی هەتـا کاتـی لاوی بـە کاری جووتیـاری و وەرزێـری سـەرقاڵ بـوو.
لەسـەرەتای شـۆڕشـی گەلانـی ئێـران و ئاشـکرابوونی خەباتـی حیزبـی دێموکـرات جووڵـە و بزووتنـی لاوان و خەڵکـی ئاڵیکەندیـش وەڕێکـەوت و بیـری شـۆڕش و بەرگـری هەتـا دەهـات، بـە دژی فەتـوای جیهـادی خومەینی و هێرشـی بەربەرینـی پاسـتارەکان بـۆ ناوچـەی چۆمـی مەجیدخـان و ئاڵیکەنـد پـتر پەرەیـان دەسـاند و لاوان خۆیـان ڕێـک دەخسـت، سـاڵی ١٣٦١ی هەتـاوی محەممـەدی ١٧ سـاڵ ڕووی لـە ڕیزەکانـی حیزبـی دێموکرات کـرد و لـە هێـزی ١١٠ی بەیـان لـە لکـی ١ سـازمان درا، ئـەوە لەکاتێکدابـوو کـە سـێ ئامـۆزای محەممـەد بـە ناوەکانـی کەریـم حاجیڕەسـووڵی (مامۆسـتا زێـڕە) و دوکتـور سـوڵتان و برایمـی ئامـۆزای لـە هەمـان هێـز و لـک بـە فەرماندەیـی قاسـم باقـی، ئاوێنـەی باڵانوێنـی ئەخـلاق و شـارەزای شـەڕی پارتیزانـی یەکیـان گرتـەوە و بـە دیـداری یـەک گەشـانەوە و لـە هەمـوو عەمەلیـات و بۆسـە و چالاکییـەک بەشـدارییان دەکـرد، ئـەوان پڵینگئاسـا لـە زۆر شـەڕدا کازیـوەی بەیانییـان لـە دوژمـن دەکـردە شـەوی تاریـک و ئەنگوسـتەچاو ڕێیـان لـێ ون دەکـردن و تەنگیـان پێهەڵدەچنیـن.
قاسـمی باقـی کـە لـە نزیکـەوە شـارەزای هەسـت و بـاوەڕی ئـەو لاوانـە و بنەماڵەکەیـان بـوو، هـەر کـە سـاڵی ١٣٦١ی هەتـاوی، بـۆ یەکەمجـار لـە ڕیزەکانـی شۆڕشـدا چـاوی بـە محەممـەدی تەمـەن ١٧ سـاڵ دەکـەوێ، بەوپـەڕی خۆشەویسـتی و سـۆزەوە لـە ئامێـزی دەگـرێ و دەسـت لەسـەر شـانی دادەنـێ و نازنـاوی مەمـەدە چکۆلـی وەک خۆشەویسـتی بـۆ دیـاری

دەکا. مەمـەدی ژیـر و خوێنگـەرم لـە هیـچ ئـەرک و بەرپرسـیارەتییەک خـۆی بـە دوور نەدەگـرت. مەمـەدە چکـۆل سـەرەڕای ئەوەیکـە بەهـۆی کەمتەمەنـی لـە عەمەلیاتـەکان هەڵیاندەبـوارد، بـەڵام چالاکانـە خـۆی دەگەیانـدێ. بـۆ سـەلماندنی بوێـری و ئازایەتـی مەمـەد زۆرن ئـەو هـاوڕێ و هاوسـەنگەرانەی کـە لـە شـەڕەکانی گونـدی قەرەکەنـد و چاوەرچیـن و نۆبـار و لەگـز و مەلالـەر و نـاو شـاری بـۆکان هاواڵـی بـوون و، بـە قەڵـەم و لـە زمانـی خۆیانـەوە شـتیان نووسـیوە و ئێسـتاش یادیـان دەکرێتـەوە و وەک ڕەمـزی بەرگـری و جوامێریـی ئـەو هێـز و لکانـە ئاوێتـەی گوێـی مێـژوون و زایەڵـەی دەنگیـان لەگوێـی داگیرکەرانـدا دەنـگ دەداتـەوە. بـەڵام شـەڕی شـارویران لـە سـاڵی ١٣٦٣ی هەتـاوی، لـە ناوچـەی مەهابـاد مێژوویەکـی جیـاوازە لـە بزووتنـەوەی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتاندا، لـەو شـەڕە جێبهەییـەدا دوژمـن چـی چەکوچـۆڵ و هێـزی لـە تەیـار و قینلـەدڵ بـوون بـەکاری هێنـا.

زەمـان و جوغرافیـا و چۆنێتـی ئـەو شـەڕە داسـتان و چیرۆک و وێـردی زمانی هەمـوو خەڵکـی گونـد و شـارەکانی ڕۆژهـەڵات بـوو، لـەو شـەڕەدا ئـەوە ئازایەتـی و بوێـری مەمـەدە چکـۆل و هاوسـەنگەرانی بـوو، سـەرکەوتن، نـەک ژمـارە و هێـزی زل و ناوەرۆکـی بەتاڵـی دوژمـن.

لـەو شـەڕەدا پێـش ئـەوەی لەشـکرێکی پۆشـتەوپەرداخ هەبـێ، فەرماندەیەکـی لێـزان و کارای وەک حەمەدەمیـن بـارام میـرزا، نـاسراو بـە (چرچـە) پێویسـتە.

**«تـۆ» ئـەو هێـما و شوناسـە نەتەوەییـەی نـە خامـە باشـارت دەکا و نـە وێنەیـەک و قاڵبێـک هەڵدەتگـرێ هەتـا لەسـەر تاقچـەی ژووری ماڵـە شـەهیدێک، خوشـکێکی دڵبەکـوڵ ڕوندکـی شـانازیت بـۆ هەڵوەرێنـێ و**

**نـە ڕۆمـان و هەقایـەت و چیـرۆک ئەوەنـدە کەمـە دەبییـە ئەفسـانە و لەسـەر شـاباڵی تیـژی هەڵـۆ پەیکەرێـک لەسـەر «زێئـووس» ڕۆدەنێـی و دەبییـە خواوەنـدی ئاسـمان و لەسـەر زەوی فەرمانـدەری بیـر و هـزری هەستونەسـتی کۆمەڵـگادا و لـە دڵـی هەمـوو تاکێـک بـە قەڵەمـی کۆکـەن داتـاشراوی و نـاوی بـەرزت ڕووگـەی ئارامـی چڵکنـان دەشـێوێنێ و هەتـا مـەرگ هەیـە ئەزموونـی دەکـەی و قـەت جارێـک چـۆک دانـادەی، نە ڕەنگـەکان ئەوەنـدە هـەن نیگارکێشـێک دیمەنی سـەختی شـەڕ و بەرگریت وێنـا بـکات و نـە مۆسـیقایەک لەبـەر گەورەیـی نـاوت ژێ دەپسـێنێ.**
**لێـرەوە لـە شـەقامە چـۆڵ و بێکەسـییەکانمدا لـە ماڵێکـی ئاماڵوێرانـی بێکـەس و شـەیدا، ئەوینـی چـەک و نـاوی «پێشـمەرگە» ئۆقـرەم لـێ هەڵدەگـرێ و دەپەڕمـەوە ئەوبـەری نێـو ڕووبـار و دادەگژێمـەوە سـەر پـەڕەکان و خواوەندەکانـی تاریکایـی و دێوەزمـەی شـەوی پـێ دەتۆقێنـم، نـاوت دەکـەم بـە چـرا و شـەوەزەنگ دەشـکێنم و خەباتـت دەکـەم بـە ڕێنوێـن و ئازادیـی پـێ دەسـتێنم.**

(سەلیم حەقیقی)

ڕۆژی١٢ی پووشـپەڕی سـاڵی١٣٦٣ی هەتـاوی لـە دەشـتی شـاروێران، لـە بەرەبـەرەی نێـوەڕۆ هێزێکـی دوژمـن دەکەونـە بۆسـەی پۆلێـک لـە هاوڕێیانـی مەمـەدە چکـۆل و دەسـتەیەک لـە هاوسـەنگەرانیان لـە هێـزی پێشـەوا، گـڕی ئاگـری هەمـوو چەکێـک لـە گەرمـای تاقەتپڕووکێنـی نێـوەڕۆدا لەسـەر پێشـمەرگەکان تاقـی دەکرێنـەوە و پەلامـارەکان بـەردەوام لـە ئاسـت وره و ئیمانـی پێشـمەرگەکان بـە فەرماندەیـی چرچـەی بـارام میـرزا هـەر دێ و ڕوو لـە شکسـتە. هێـرش و تەقـەلای پـتر لـە یـازدە

سـەعاتی هێـزی زۆری ڕێژیـم و پشـتیوانیی بێپسـانەوەیان لـە شـاری مەهابـاد و ناوچەکـە، یـەک لـە دوای یـەک بێئـاکام دەبـێ، بـەڵام مخابـن سـەرەڕای ئـەوەی مەیـدان لـە دەسـت مەمـەد و هاوڕێکانیـدا دەبـێ، گوللـە خۆمپارەیەکـی کوێـر چارەنووسـی زۆرێـک لـەو ئازیزانـە دەگـۆڕێ و پۆلێـک لـە هاوسـەنگەرانی مەمـەدە چکـۆل و فەرمانـدەی بـەوەج و ڕەمـزی ڕۆژە سـەختەکان و ڕاسـانی شـاخ چرچـەی بـارام میـرزا شـەهید دەبـن و مەمـەد و دوکتـور سـوڵتانی ئامـۆزای و چەندیـن پێشـمەرگەی هاوڕێشـی بەسـەختیی برینـدار دەبـن. زۆرن ئـەو هـاوڕێ و هاوسـەنگەرانەی مەمـەدە چکـۆل کـە شـاهیدی زۆر لـە ئـاکار و کـردەوە نیشـتمانی و هەڵوێسـتە بوێرەکانـی ئـەون چ لـە بەرەکانـی شـەڕ و چ لـە ژیانـی شەخسـی ئـەو شـەهیدە مەزنـەدا .
مەمـەد دوای شـەڕی شـاروێران بـۆ چارەسـەری و سـارێژبوونی برینەکـەی ڕەوانـەی نەخۆشـخانەیەک لـە دیـوی گەرمێـن و باشـووری کورسـتان دەکرێ.
مەمـەد لـەو ماوەیـەی کـە لـە ئاسایشـگا دەبـێ، فێـری نووسـین و ناسـینی پیـت و کۆدەکانـی زمانـی کـوردی دەبـێ و سـەرنجی هەمـوو هاوڕێکانـی لـەو ماوەیـەدا ڕادەکێشـی. مەمـەد دوای سـاڕێژبوونی زامەکانـی سـەرلەنوێ دەگەڕێتـەوە ڕیزەکانـی هێزەکـەی واتـە هێـزی ١١٠ی بەیـان دسـت بـە چالاکـی دەکاتـەوە.
ئـەوەی جێـی سـەرنج و ڕامانـە مەمـەد دوای ئـەوەی لەسـەر ئیزنـی حیـزب و بەهـۆی کۆمەڵێـک گرفتـی تایبـەت بـە ژیـان و یارمەتـی بنەماڵـە و بەرپرسـیارێتی کۆمەڵایەتـی، لـە شـاخ دەگەڕێتـەوە سـەر ژیانـی ئاسـایی و وەرزێـری لـە ئاڵیکەنـد، بـەڵام لـە ناخیـدا وەک هەمیشـە هەڵگـری هەمـان ئایدیـا و پەیامی ڕاسـانی شـاخ و سـەنگەرە و لـە هەموو هـەل و دەرفەتەکان بـۆ گەیاندنـی پەیـام و پـەروەردەی نیشـتمانی کەڵـک وەردەگـرێ و بگـرە لـە

جـاران زیاتـر هەسـت بـە بەرپرسـیارەتی و ئەرکـی شۆڕشـگێری دەکات و وەک ئەندامێکـی نهێنـی و کارا بـەردەوام دەبـێ. ئـەوەش سـەرەڕای ئـەوەی چەندیـن جـار تووشـی بەندیخانـە و لێپێچینـەوە دەبـێ.

ساڵی ١٣٦٨ی هەتـاوی، بەناچـاری دەورەی سـەربازی تـەواو دەکات، بـەڵام بەهـۆی سـەربزێوی و ڕوحـی بەرهەڵسـتکارییەوە سـێ مانـگ دەورەکـەی زیـاد دەکـەن و دوای ئـەو سـێ مانگـە زیادەیـەش سـێ مانگیـش لـە زیندانی دەریـا لـە ورمـێ دسبەسـەری دەکـەن.

دوای سـەربازی بـۆ بژێـوی ژیـان و یارمەتـی بنەماڵـە ڕوو لـە تـاران دەکات و سـەرقاڵی دارتاشـی و پیشـەی نەجـاڕی دەبـێ و وەک وەسـتایەکی دەسـترەنگین و شـارەزا لـە بـۆکان دووکانـی دارتاشـی بنیـات دەنـێ. مەمـەدە چکـۆل لەگـەڵ خاتـوو فەوزیـە بابەکـری بناغـەی ژیانیـان لەسـەر ڕێچکـەی ئەوینـی مـەم و زیـن دادەڕێـژن و میـلاد و شـیلانی جگەرگۆشـەیان لەسـەر هەمـان ڕێبـازی پیـرۆزی وڵاتپارێـزی و بـە هەمـان چیرۆکـی ڕاسـان و ڕابـوون پـەروەردە دەکـەن. تایبەتمەندیـی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و لەسـەرەخۆیی محەممـەد حاجیڕەسـووڵپوور بـۆ هەمـوو دۆسـت و ناسـیارەکانی جێـی ڕێـز و حورمـەت بـوو، بۆیـە لـە زۆر بۆنـە نەتەوەیـی و کـۆڕ و کۆبوونەوەکانـدا بـەدڵ گوێیـان بـۆ دەنـگ و هەسـتی بەسـۆزی دەگـرت و سـەرنجی وتەکانیـان دەدا و لەسـەر پێشـنیار و داوای ئـەو زۆرجـار لاوان و هـەواڵان کۆدەبوونـەوە و وەک یادێـک لـە هاوڕێیانـی تاراوگـە و سـەربازانی ون بـە بەرزاییەکانـی تەرەغـە هەڵدەزنـان و بـە دەنگـە بەسـۆز و هەسـتبزوێنەکەی شـێعرەکانی مـام هێمـن و سروودەکـەی ڕەزازی سـووکنایی و ئۆخژنـی بـە دڵـی هەواڵانـی دەبەخشـی. ئـەو چاونەترسـی و تایبەتمەندییانـەی مەمـەد، زۆرجـار تووشـی گرتووخانـە و ئـازاری کردبـوون.

هەر لە سەرەتای ڕابوون و ڕاپەڕینەکانی شۆڕشی ژینا لە شاری سەقز و گوند و شارەکانی ڕۆژهەڵات و بۆکان ئەویش وەک لیدێر و کەسێکی بەئەزموون و ڕێنیشاندەر، کەوتە بەرچاوی خەنیمان و ناحەزانی نەیار و سەرەنجام دەسبەسەر دەکرێ و ڕەوانەی زیندانی بۆکانی دەکەن، بەڵام بەداخەوە بەهۆی خۆراکی خراپ و پاک و خاوێن نەبوونی شوێنەکەی، باری تەندروستی تێکدەچی، بنەماڵەکەی بە دانانی بارمتە زوو ڕەوانەی نەخۆشخانەی تەورێزی دەکەن، بەڵکوو چارەسەری پێویستی بۆ بکەن. بەڵام پاش دوو حەوتوو لە چارەسەربوونی، دیسان لە دووکان و شوێنی نەججاڕییەکەی، کە وەک هێمایەک بۆ **هێزی ١١٠ی بەیان** ناوی نابوو، سەرلەنوێ دەستبەسەر دەکرێتەوە و ڕەوانەی بەندیخانەی دەکەنەوە، محەممەد حاجیڕەسووڵپوور ئەمجارەیان بەداخەوە لەژێر ئەشکەنجە و ئازاری ڕوحی و جەستەییدا لە هێز دەکەوێ، هەتا ئەوەی لە نەخۆشخانەی بۆکان دوکتورەکانی هیچ چارەیەکیان لە دەست نایا و مخابن مەمەدە چکۆل پاش پێنج ڕۆژ بەربەرەکانی لەگەڵ مەرگ لە حاڵێکدا ماوەیەک بوو لە بێ هۆشیدا مابووەوە، چاوەکانی وەسەر یەکنا و دایە فاتمە و بابی جوامێری و هەواڵانی لە چاوەڕوانی شیلەبزە و دەنگە بەسۆزەکەیدا هێشتەوە و ڕەمزی «**چۆن بژی شەرتە نەوەک چەند بژی**» بۆ شیلان و میلان و فەوزیە خاتوونی هاوژینی وەک میراتێکی هەرمان بەجێ هێشت، هەر لەبەر ئەو ئەشقە بوو، دایە فاتمەی زانا لە سەر گڵکۆکەی بە دەنگی بەرز بەگوێی ئاپۆڕای خەڵکی هەڵێنا و فەرمووی: «**من ورەم بە قەد تەرەغە بەرزە، من ناگریم، محەممەدی جوامێرم پیشکەش بە نیشتمان کرد؛ شەهید نامرێ**».



## شەهید شۆڕش نیکنام

دلێر ڕۆژهەڵات

ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان لـە سـەد سـاڵی ڕابـردوودا هیچـکات دەوڵەتـی ناوەندگـەرای ئێرانـی بـە خاوەنـی زەوی و ئاسـمانی خـۆی نەزانیـوە و بـەردەوام هەتـا ئەمڕۆکـەش دژ بـە دەسـەڵاتی سـەپێندراو، لـە خەبـات و گیانفیدایـی سـڵی نەکردۆتـەوە و هـەر ڕۆژیـش بەگوڕتـر لـە پێشـوو بـۆ وەدیهێنانـی ئامانجـە نەتەوەییەکانـی خـۆی بەپێـی سـەردەم هەمـوو شـێوازەکانی خەباتـی تاقـی کردۆتـەوە.

بـە درێژایـی ئـەم ٤٤ سـاڵەی دەسـەڵاتی نگریسـی کۆمـاری ئیسـلامی، بـەردەوام زوڵـم و نادادپـەروەری دژی گەلـی کـورد لـە هەڵکشـان دابـووە و لـە هیـچ شـێوازێکی نامرۆڤانـە بـۆ سـەرکوتی خەڵکـی کوردسـتان درێغیـان نەکـردووە و لـە درێـژەی بێدادییەکانیانـدا، خەرمانانـی ١٤٠١ی هەتـاوی، ژینـا کچـە کـوردی سـەقزی لـە تـاران شـەهید کـرا.

ئەمجارەیـان شـەقام شـڵەژا، شـار شـێوا و شـاخ خرۆشـا، ئەمجارەیـان ئازایەتیـی و نەترسیی کیـژ و کـوڕی کوردسـتان گشـت نەتەوەکانـی دیکـەی ئێرانـی دنـە دا و سـامی دروشـمی مـەرگ و نەمـان بـۆ کۆمـاری ئیسـلامی شـکا و ئـاڵای کوردسـتان لـە شـەقامەکان شـەکایەوە.

مەهابـادی پێشـەواش، وەک هەمـوو شـارانی دیکـەی کوردسـتان، وەک

هەموو ڕابردووی خۆی، وەک لانکەی کۆمار بووە داشداری خوێنی ژینا و هەموو ئەو دڵۆپە خوێنانەی بۆ کوردایەتی ڕژابوون.
ڕێکەوتی ٢٦ی خەزەڵوەر، دروشمی «**کوردستان کوردستان، گۆڕستانی فاشیستان**» ئاسمانی شاری داگرت.
شۆڕش نیکنام، کوڕی «خاڵە ڕەسووڵ و دایە زێڕین» لەدایکبووی ٣ی جۆزەردانی ١٣٦٧ی هەتاوی، لە گوندی قەڵاجۆغەی مەنگوڕایەتیی سەر بە مەهاباد، بە دەسپێکی شۆڕشی ژینا دڵی لەکوڵی بە بیستنی دروشمی دژ بە داگیرکەر ئاوپژێن دەکرا و چاویشی فرمێسکیان بۆ دەیان ژینا و فوئادی کوردستان دەخووسا. شۆڕش قۆناغەکانی خوێندنی هەتا قۆناغی سێی ناوەندی لە قەڵاجۆغە و خەلیفان تێپەڕاند و هەموو ڕۆژێک تینوێتی بە ئاوی «کانی بەردین» دەشکاند و لەگەڵ هەر دڵۆپێکدا، هێندەی زەریایەک خۆشەویستی بۆ نیشتمان لە دڵیدا پەنگی دەخواردەوە.
لە مەهاباد درێژەی بە خوێندن دا و لە زانکۆی نەیشابووری پارێزگای خۆراسانی ڕەزەوی لە بواری کشتوکاڵ (ڕشتەی کەشاوەرزی) لە خوێندن بەردەوام بوو. بەڵام لەبەر ئەوەی کارتی بەسیجی نەبوو، بەشی پاراستنی سەر بە دەسەڵات لە بەڕێوەبەرایەتییەکان دەبێتە لەمپەری خزمەتکردنی لە بواری زانستی خۆیدا و ناچار خولیای دامەزران لە کاری دەسەڵاتدا داوێتە پشت گوێیان و ڕوودەکاتە کاری کڕین و فرۆشتنی ماشێن و سەربەرزانە بژێوی ژیان دابین دەکات و سەر بۆ نەیاران شۆڕ ناکات.
شۆڕش، ساڵی ١٣٩١ی هەتاوی لەگەڵ خاتوو سەیران مستەفاپوور ژیانی هاوبەشی پێکهێنا و بۆ ماوەی ١١ ساڵ ژیانێکی پڕ لە خۆشی و

ئەویـن و متمانـە تێپـەڕ دەکـەن و بەرهەمـی ئـەم خۆشەویسـتییەش، سـانیا کچـە چوارسـاڵانە تاقانەکەیانـە.

شـۆڕش، ئـەو شۆڕشـەی عەشـقی بـۆ کوردسـتان وای لـێ کردبـوو ئـاو و خـۆڵ و بـەرد و شاخیشـی خـۆش بوێـت، ئـەو شۆڕشـەی شـانازی بـە کوردبوونـی دەکـرد و بـە کـوردی دەیخوێنـدەوە و بـە کوردیـش دەینووسـی، شـێعری دەنووسـی، بـۆ نیشـتمان، بـۆ قەڵاجۆغـەی زێـدی، بـۆ پێشـمەرگە، بـۆ پێشـەوا، بـۆ عەشـق. کەسـێک ئـەم بەیتـە شـێعرەی:

«**لای هەڵۆی بەرزەفـــڕی، بەرزەمــژی**

**چۆن بژی شەرتە، نەوەک چەندە بژی**»

کردبێتــە وانــەی ژیــان و لــە زۆر شــوێن بیخوێنێتــەوە و بــۆ لادیمەنــی پڕۆفایلەکـەی دایبنـێ، لـە وەهـا ڕۆژێکـدا، ڕۆژی ئازایەتـی، ڕۆژی کوردایەتی، تـۆ بڵێـی ئـەو شۆڕشـە لـە ماڵـەوە خـۆ بگرێـت و سـامی گوللـە و دڕندەیـی دوژمـن، تـرس بخزێنێتـە دڵـی وەهـا ڕۆڵەیەکـەوە.

نەخێـر، شـۆڕش نیکنـام نەخەجڵا و تەنانـەت لـە دەسپێکی شۆڕشـی ژینـا، هەتـا ئـەو ڕۆژە، واتـە ٢٦ی خەزەڵـوەر بـۆ بەشـداری لـە خۆپیشـاندانەکان هانـدەری خـزم و دراوسـێ و هاوڕێکانـی بـوو.

هاوڕێیەکـی دەگێڕێتـەوە: شـۆڕش نەترسـا و نەتاسـا و تاسـەی دیتنـی ئـاڵای کوردسـتان کێشـایە گەڕەکـی پشـتەپ و لـە سـێڕێیانی شـیلانان و چەنـد کەڕەتێـک لەسـەر یـەک، هەمـوو وزەی خسـتە نێـو سـینگییەوە و دلێرانـە گوڕانـدی: «**ئێمـە کوردیـن نابەزیـن، نـەوەی پێشـەوا قازیـن**».

گولــلەی بەکرێگیراوانـی ڕێژیـم شۆڕشـی پێـکا و نیشـتە کەلەکـەی کـوڕە مەنگوڕەکـەی قەڵاجۆغـە، دیسـانیش نەترسـا. بـە بـزەوە ڕووی کـردە هاوڕێکانـی بـە سیلەی ڕق و بەڵێنیـی تۆڵـە ڕووی کـردە جـاش و خۆفرۆشـان

و ناحەزانـی گـەل. زەویـش تۆسـقاڵێک خۆڵـی بـە قژیـدا کـرد، بەشـکم شـەیداکەی وڵات، بۆنـی نیشـتمان و خۆڵـی کوردسـتان بـۆی ببێتـە مەرهـەم. یەکێـک لـە نزیکانـی شـەهید شـۆڕش دەگێڕێتـەوە: هەتـا پێنـج ڕۆژان لـە بەشـی «چاودێریـی چـڕی»ی نەخۆشـخانەی مەهابـاد دڵەکوتێـی دڵـی پـڕ لە هیـوای بـەردەوام بـوو. شـۆڕش وەک پێشـوو بـە بـزەوە قسـەی بـۆ دەکردیـن و ورەی بـە هەموومـان دەدا.

ئـەم شـایەتحاڵە لـە درێـژەدا گوتـی: هـەر بۆیـە کاتێـک دوای پێنـج ڕۆژان، شـۆڕش لەپڕێـکا دەکەوێتـە کۆمـاوە، هەمـوو دوکتـۆرەکان و پەرسـتارەکان واقیـان وڕمـا بـوو و پێیانوابـوو هۆکارەکـەی خەیانـەت، یـا لانیکـەم کەمتەرخەمییـە کـە لەوێـش دەسـتی مۆرەکانـی سـەر بـە سـپا و ئیتلاعاتـی ڕێژیمـی تێـدا بـووە.

دواتـر جەسـتەی نیـوە گیـان و بـێ هۆشـی شـۆڕش دەنێرنـە نەخۆشـخانەی ورمـێ و لەوێـش پێنـج ڕۆژان دەمێنێتـەوە و بەردەوامیـش لەلایـەن چـەن کەسـێکی ئیتلاعـات و سـپای تیرۆریسـتەوە ئـازاری بنەماڵـەی دەدەن و لـە ڕۆژی ٦ی سـەرماوەزدا لەحاڵێکـدا کەپسـوولی ئۆکسـیژێنەکەی دوو سـەعات بـوو تـەواو ببـوو، دوا هەڵمژینـی هـەوای نیشـتمان لـە سـینەیدا پەنـگ دەخواتـەوە.

**«چ خەمبـارم مـن بـۆ خەونێـک، بماتـەوە باوەشـی ئـەو نیشـتمانەی لـە پێناویـدا ئاسـمان دێنمـە بەرپـێ و خـۆر قاڵ دەکەمـەوە و مانگ و ئەسـتێرە دەچێنـم! بـەڵام قـەت بـۆ جارێـک لەپێنـاو نـان گوڵێـک هەڵناقرتێنـم!»**

شـۆڕش لـە تەمەنـی ٣٤ سـاڵیدا دەچێتـە ڕیـزی شـەهیدانی کوردسـتان و تەرمـی بـێ گیانـی لـە نـاو ئاپـۆرای خەڵکـی قەڵاجۆغـە، مەهابـاد و کوردسـتاندا، ئەسـپاردەی خاکـی پیـرۆزی نیشـتمان دەکرێـت.

**ئەگەر دێوی دزێوی مردن**
**بە پێکەنینی ناحەزی هەمیشەییەوە**
**بە سەرما بدا**
**گیان و دلی پڕ خەمم لە ناو بچێ**
**وامەزانن من مردووم، من زیندووم**
**ئەگەر چرای ژینم**
**لە سەر سەرینی سەرەمەرگم**
**پڕشنگی ساردی دوایی بدا و دوا تریفەی بێ**
**وا مەزانن من مردووم، من زیندووم**

یـادی شـەهید شـۆڕش نیکنـام لـە دڵمانـدا بەردەوامـە و لای لایـەی دایـە زێڕینیـش بـۆ هەمیشـە لـە گوێمانـدا دەزرینگێتـەوە.



## شەهید زانیار ئەڵڵامورادی

**لەیلا قادری**

لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی ژینا لە شاری سەقز، ئاگری ڕاپەڕین لە شاری سنە کەشوهەوای مانگی گەلاوێژی بەتین‌وتاوتر کرد. شەهید کردنی ژینا بەو شێوە نامرۆڤانەیە بە دەستی تاریکپەرستانی ڕێژیمی ئاخوندی کە بووە سەرباری چل و چوار ساڵ غەدر و زوڵم و زۆرداری لە نەتەوەی کورد و هەموو نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران، بڵێسەی ئاگری تۆڵەی لە دڵی جەماوەر و بەتایبەت لاوانی خوێن‌گەرمی ئەو شارە بەگوڕتر کرد.

بەرەنگاربوونەوەی داگیرکەر و پاوانخواز و ملهوڕان لە مێژووی چوارسەد ساڵەی شاری سنەدا یەکێک لە خەسڵەتە بەرزەکانی نەوە لە دوای نەوەی ئەو شارەیە، هەر ئەو تایبەتمەندییەش وای کرد دەنگی ناڕەزایەتی بەرامبەر شەهید کردنی ژینای کوردان لە شاری سنە بە گەلێک زاراوە و بنزاراوەی سۆرانی و هەورامی و گۆران و جاف و یارسان تێکەڵ بە دەنگی ژییەکانی تەمبوور و سۆزی عەباسی کەمەندی و شێعرە بێوێنەکانی جەلالی مەلەکشا بەرز بێتەوە:

**ئاویەر من کێوێکی ڕاوەستاوم لەو بەرزە**

**هەورەتریشقەش پشتم ناخاتە لەرزە**

**سینگم داڵدەی ڕۆڵەی ئازا و بوێرە**
**لانی تەژی نرکەی پڵینگ و شێرە**
**گوڵی زۆریان لە داوێنم دزیوە**
**پای چەند ڕۆڵەم لە تەپکە و داو خزیوە**
**سەدان کەڕەت هێرشیان بۆ هێناوم**
**لە ڕوویاندا وەستاوم، ڕاوەستاوم**
**بەڵام دیسان هەستاوم و هەر ماوم ...**

زانیـار ئەڵڵامـورادی لاوە خوێنگـەرم و ڕەزاسـووکەکەی سـنە بـە هەڵوێسـتی بوێرانـەی خـۆی لـە شۆڕشـی ژینـادا، خۆڕاگـری و کۆڵنەدانـی قـەڵای دمدمـی بـە سـەرکردایەتی خانـی لـەپ زێڕیـن سـەرلەنوێ وەبیـر مێـژوو هێنایـەوە، زانیـار ئەڵڵامـورادی بـوو بـە خانـی لـەپ زێڕینـی شۆڕشـێکی ژنانـە کـە بـە دانپیانانـی هەمـوو کۆمەڵگـەی جیهانـی نوێتریـن و سـەردەمیانەترین ڕاپەڕینـی مرۆڤایەتییـە.

زانیـار ئەڵڵامـورادی ٣ی سـەرماوەزی ١٣٧٦ی هەتـاوی لـە گەڕەکـی عەباسـاوای شـاری سـنە چـاوی بـە ڕووی دنیـا هەڵێنـا.

هـەر لـەو گەڕەکـە چـووە قوتابخانـە و پلەکانـی خوێندنـی بـڕی و دیپلۆمـی لـە بەشـی بـەرق وەرگـرت. بـەڵام غـەدری داسـەپاوی داگیـرکاری، کێشـە و هـۆکارە نەخوازراوەکانـی وەک بەشـی هـەرە زۆری خەڵکـی ڕۆژهـەڵات و ئێـران لـە ژیانـی ئەویشـدا زەق کـردەوە و بوونـە ڕێگـر لەبـەردەم درێـژەدان بـە خوێندنـی. بۆیـە زانیـاری کۆڵنـەدەر شـانی دایـە بـەر کار و لـە بـواری بیناسـازیدا دەسـتی بـە کار کـرد، بەداخـەوە ٤ی ڕەشـەمەی ١٤٠٠ی هەتاوی، لـە کاتـی چاککردنەوەی سـیمی بـەرق، تووشـی ڕووداوی کار دەبـێ و ٢١ڕۆژ

دواتـر بـە هـۆی سـەختی برینەکـەی بەناچـار دەسـتی چەپـی لـە سـەرووی مەچەکییـەوە دەبڕدرێتـەوە.

بـەڵام ئـەو ڕووداوە تاڵـەش نابێتـە هـۆی ئـەوەی زەڕەیـەک لـە ئومێـد و خۆزگـە و ئاواتەکانـی کـەم بکاتـەوە، بەڵکـوو خانـی لـەپ زێڕین‌ئاسـا پـڕ لـە وزە و بـاوەڕی دەروونـی لـە هـەوڵ و تێکۆشـان بـۆ دەسـتەبەرکردنی ژیانێکـی شـکۆمەندانە تێدەکۆشـێ.

زانیـار لەگـەڵ دەسـتپێکی ناڕەزایەتییـەکان لەگـەڵ چەندیـن گەنجـی خوێن‌گەرمـی هاوڕێـی بـە پێـی ئـەو شـارەزاییەی لـە چۆنێتـی جووڵـەی بەکرێگیراوانـی ڕێژیـم هەیانـە، هـەوڵ دەدەن خۆپێشـاندانەکە رێکبخـەن، واڕێککەوتـن چەنـد کەسـێکیان بـە کردنـەوەی ئاگـر و دانانـی بەربەسـت لەسـەر شـەقامەکە ڕێـڕەوی ماشـێنەکان بگـۆڕن و بـەرەو شـوێنێکی دیکـە ئاڕاسـتەیان بکـەن، هـاوکات ژمارەیەکیشـیان لـە نزیـک کتێبخانـەی ئیـمام ڕەزا ڕاوەسـتاون و دۆخەکەیـان خسـتووەتە ژێـر چاوەدێرییـەوە، بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ گەیشـتنی هێـزە سـەرکوتکەرەکانی ڕێژیـم، پێشـیان پێبگـرن و ببنـە پەرژیـن بـۆ پاراسـتنی ئـەو خۆپێشـاندەرانەی لـە شـەقامەکە دەنگیـان هەڵبڕیـوە و بـە دروشـمی ئاگریـن لەرزیـان خسـتووەتە دڵـی ناخڕەشـانی ڕێژیمـەوە. یەکێـک لـەو لاوە بوێـر و گیـان لەسەردەسـتانە زانیـاری ئەڵڵامـورادی خانـە لـەپ زێڕینەکـەی شۆڕشـی ژینایـە کـە بـە بـاڵای بەرزییـەوە سـەری لـە نێـو سـەراندا دیـارە و سـەر و چـاوی بـە جامانەیـەک داپۆشـیوە. زانیـار و هاوڕێکانـی لـە شـاری سـنە و لـە گەڕەکـی عەباسـاوا هـەر لـەو شـوێنەی چـاوی بـەڕووی دنیـا هەڵێنـا، لـە شۆڕشـی ژینـادا بـوون بـە لیدێـر و سـەرقافڵەی ئـەو ڕاپەڕینـە مەزنـە. بـە وتـەی یەکێـک لـە هاوڕێکانـی زانیـار ئـەوان هـەر لـە سـەرەتای خۆپێشـاندانەکانەوە شـەقامیان

چـۆڵ نەکـرد و بەتین‌وتـاوی شۆڕشـگێڕانەیان وەرەیـان دەدایـە بـەر گیانـی جەمـاوەری خورۆشـاو.

تێکهەڵچـوون لـە نێـو دڵـی تاریکـی، شـەوی ٢٤ی سـەرماوەز نزیـک نیـو کاتژمێـر دوای داخسـتنی شـەقامی عەباسـاوا ڕوویـدا. زیاتـر لـە پـازدە ماتۆڕسـوار کـە سـەر بـە هێـزە دژی گەلییەکانـی یەکـەی گاردی تایبەتـی ڕێژیـم بـوون، لـەلای چوارڕێیانـی گوڵشـەن و لـە لای زانسـتگەی تێکنیکیـی یەزدانپەنـاوە بـەرەو کەمەربەنـدی عەباسـاوا کەوتبوونـە ڕێ. سـەعات حەوتـی ئێـوارە تێکهەڵچوونەکـە توندتـر بـوو، ماتۆڕسـوارەکانی ڕێژیـم هـەر کەسـێکیان لـە پیادەڕۆیەکـە دەدیـت دەیاندایـە بـەر دەسـتڕێژی گوللـە و سـاچمە. لەگـەڵ چڕبوونـەوەی تێکهەڵچوونـەکان خۆپێشـاندەران بـۆ پاراسـتنی مـاڵ و مڵکـی هاووڵاتیـان و ئـەو ماشـێنانەی لـە شـەقام ڕاگیرابوون هەوڵیانـدا پاشەکشـێ بکـەن.

بەوحاڵـەش ماتۆڕسـوارەکان وازیـان نەهێنـا و هێرشـیان بـردە بـەر کۆڵانـەکان، چەکـی دەسـتی خۆپێشـاندەران تەنیـا بـەرد بـوو، بـەڵام بـە وتـەی شـایەتحاڵەکان هێزەکانـی ڕێژیـم لـەو کاتەدا نیـازی دەسبەسـەرکردنی کەسـیان نەبـوو، بەڵکـوو بەخێرایـی بـە کۆڵانەکانـدا دەسـووڕانەوە و هـەر کەسـیان دیتبـا دەسـترێژیان لێدەکـرد و سـاچمە و گوللـەی جەنگییـان بەسـەردا دەبارانـدن.

تێکهەڵچـوون تـا کاتژمێـر ٧:٤٥ دەقـەی شـەوی خایانـد. هێزەکانـی ڕێژیـم بازنـەی گەمـارۆی خۆپێشـاندەرانیان تەنگـتر کـردەوە، خۆپێشـاندەران کـە لـەو کاتـەدا گەیشـتبوونە «کـوی مـورداد»، ویسـتیان بازنـەی گەمـارۆ بشـکێنن، بێئـاگا لـەوەی چەنـد ماتۆڕسـوارێکی دیکـە لـە یەکـەی تایبەتیـی ڕێژیـم ئـەو سـەری گردەکەشـیان لێگرتـوون.

روحـی هـاوکاری و فیـداکاری بەتایبـەت لـە ڕۆژانـی ڕاپەڕینـدا لـە لووتکـەدا بـوو، خەڵـک درگای ماڵەکانیـان بـەڕووی خۆپیشـاندەراندا واڵا دەکـرد، مخابـن ئـەو شـەوە زانیـار لـە کاتـی هەڵاتنـدا لـە هاوڕێکانـی جیـا دەبێتـەوە و بـە تەنیـا بەسـەر ڕێگەیەکـی دیکـەدا دەکـەوێ و ئـەوەش بـۆ هێـزە سـەرکوتکەرەکانی ڕێژیـم هـەل دەڕەخسـێنێ و لـە هـەر دوو سـەری کۆڵانەکانـی «کـوی مێهـر» و «کـوی مـورداد» هێرشـی دەکەنـە سـەر، بەوحاڵـەش زانیـار هـەوڵ دەدات ڕێگایەکـی دەربازبـوون بدۆزێتـەوە کـە دوای چەنـد هەنـگاو لـە هەڵاتنـی سەرنشـینی یەکێـک لـە ماتـۆڕەکان زۆر لێـی نزیـک دەبێتـەوە و لـە مـەودای دوو مەتـری لـەلای راسـتیەوە دەیداتـە بـەر دەسـتڕێژی گوللـە.

زانیـار دیسـان بـەو برینـەوە لـە هەوڵـی هەڵاتـن و خۆدەربازکـردن نائومێـد نابـێ و لـە یەکێـک لـە کۆڵانـەکان لـە دەرگای ماڵێـک دەدات، بـەڵام بەداخـەوە خـاوەن مـاڵ بـە دیتنـی گیانـی خوێنـاوی زانیـار دەترسـێ و ڕێگـەی چوونـە ژوورەوەی پێنـادا.

زانیـاری دڵ پـڕ لـە ئـاوات و شـەیدای ئـازادی بـەو برینـەوە درێـژە بـە هەڵاتنەکـەی دەدات، بـەڵام مخابـن لەبـەر کاری بوونـی بریـن و خوێنبەربوونـی لەڕادەبـەردەر هاوسـەنگیی خـۆی پێڕاناگیرێـت و وەعـەرزی دەکـەوێ.

چەنـد دەقـە دوای بڵاوەپێکردنـی هێـزە سـەرکوتکەرەکان، دانیشـتوانی کۆڵانەکـە دەگەنـە سـەر زانیـار و هـەوڵ دەدەن، نەهێڵـن لـە هـۆش خـۆی بچـێ و بـە ڕێنوێنـی کادرێکـی دەرمانـی لـە ڕێـی تەلەفۆنـەوە هەوڵـی وەسـتاندنی خوێنبەربوونەکـەی دەدەن. دواتـر بـە ماشـێنی یەکێـک لـە دانیشـتوانی ئـەو گەڕەکـە دەیڕفێننـە بنکەیەکـی دەرمانـی و بەهـۆی

بڵاوەبوونـی هێـزە سـەرکوتکەرەکان لـە هەمـوو شـوێنێک، ناچـار ڕێگەیەکـی پـازدە دەقەیـی بـە چـل دەقـە دەبـڕن.

دوای گەیاندنـی زانیـار بـە بنکەیەکـی دەرمانـی هەرچەنـد کادری دەرمانـی هەوڵەکانیـان بـۆ وەهـۆش هێنانـەوەی زانیـار دەخەنـە گەڕ، بـەڵام بەداخەوە برینەکانــی زۆر کاری بــوون و ســەرەنجام بــە ئامبوڵانــس دەگەیەنرێتــە نەخۆشـخانەی تەوحیـدی سـنە، مخابـن سـییەکانی خوێنێکـی زۆریـان لەبـەر ڕویشـتبوو، هـاوکات نزیـک سـەد گوللـەی ساچمە جەسـتەی پێکابـوو، بـەو هۆیــەوە زانیــار گیانــی ســپارد و دوای چەنــد کاتژمێــر تەرمــی بێگیانــی ئـەو شـێرە کـوڕە ڕادەسـتی بنەماڵەکـەی کرایـەوە و لـە ژێـر گوشـاری هێـزە داگیرکـەر و خۆفرۆشـەکان لـە تاریکیـی شـەودا لـە گۆڕسـتانی محەممـەدی سـنە بـە خاکـی پیـرۆزی کوردسـتان سـپێردرا و هـەر وەک چـۆن شـەهید فەخـرەی قارەمانـی پـوورزای لـە ئاوایـی نـەوڕە ڕۆڵ و کاریگەریـی دیـار و هەرمانـی لـە بیـر و نەسـتی زانیـار و بنەماڵـەی سـەربەرزیان بەجێهێشـت، زانیاریـش لـەو ناچەیـە وەک میراتێکـی پیـرۆز لـە درێـژەی ئـەو ڕێبـازە سـەری دانـا، بـەڵام سـەری نـەوی نەکـرد و ئـەو ڕستەیەی لـە سـتۆرییەکیدا بـۆ هەمیشــە لــە زەینــی خوێنــەران و ڕێبوارانــی ڕێــگای ئازادیــدا کــردە یـادگار: «**هفـت بـار سـقوط کنیـد و هشـت بـار بایسـتید» واتـە «ئەگـەر حـەوت جـار کەوتـی، هەشـت جـار هەسـتەوە**».



# شەهید ئیبراهیم شەریفیفەڕ

لەیلا قادری

**دەترسم لەو هەرا و بگرە لە کاروانێ بەجێ مێنم**
**قەسیدەی بەرزی سەرکەوتن لەگەڵ ئەو شارە نەخوێنم**
**دەبینم ئەو شەقامانە پڕن لە مێر و مێرخاسە**
**چ دڵتەنگم دەبینم من، شەقامی تەڕ نەکرد خوێنم**

(کەژیار)

ئیبراهیم یەکێکی دیکە لەو هەزاران شەهیدەی ڕێگای ئازادیی کوردستانە کە ڕاستەوخۆ بەدەستی جاش و بەکرێگیراوانی خۆیی شەهید دەکرێ.

ئەو کەسانەی لە غیرەتی کوردبوون بەتاڵن و ئامانجە پیرۆزەکانی نیشتمان و نەتەوەکەی خۆیان لەبیر دەکەن و لەپێناو پارەدا خۆیان و کەرامەتی بنەماڵەیان w ئاوات و ئامانجی بەرزی نەتەوەکەیان دەفرۆشن، ئەو کەسانە لە کولتوور و مێژووی کوردستاندا بە جاش پێناسە کراون، جاش وەک پەڵەی ڕەش شەتەک دراونەتە تەوێڵی لاپەڕەکانی مێژوو.

ئەو بەکرێگیراوانە دۆخی گەلی کوردی بەشمەینەتیان بە سەدە وەدوا داوە و لە کەس شاراوە نییە بەشی بەرچاوی ئەو باجەی خەڵکی

ڕاپەڕیـوی کوردسـتان لـە شۆڕشـی ژینـادا دایـان بەهـۆی خەیانـەت و خۆفرۆشـتنی جاشـەکانەوە بـووە.

نموونەیەکـی دیکـەی بێوێنـە لـە شـەهیدانی «شۆڕشـی ژینـا» ئیبراهیـم شـەریفیفەڕە کـە گیانـی بەنرخـی بـە دەسـتی چەپەڵـی بەکرێگیراوێکـی بێمایـە دەبێتـە خەڵاتـی ئازادیـی نیشـتمان.

ئیبراهیمـی لاو تەنیـا ٢٩ بەهـاری لـە تەمەنیـدا بـەڕێ کردبـوو کـە شـەهید کـراو. ناوبـراو ڕۆژی ١٥ی سـەرماوەزی ١٣٧٢ی هەتـاوی، لـە شـاری بـۆکان لەدایـک بـووە و منداڵـی چوارەمـی بنەماڵەکـەی و خاوەنـی برایـەک و سـێ خوشـک بـوو.

ئیبراهیـم لـە پۆلـی نۆیـەم وازی لـە خوێنـدن هێنـا و ڕووی کـردە کاری ئاڵماتۆڕبەنـدی.

رۆژی ٢٥ی خەزڵـوەری ١٤٠١ی هەتـاوی، کـە لـە شۆڕشـی بێوێنـەی ژینـای نیشـتماندا بـۆ شـاری بـۆکان یەکێکـە لـە ڕۆژە پـڕ لـە حەماسـەکان، ئیبراهیـم بەسـەختی برینـدار دەبێـت.

ئـەو ڕۆژە ئیبراهیـم و ئەفشـینی بـرای وەک ڕۆژانـی دیکـە بـۆ خواردنـی نانـی نیـوەڕۆ لـە سـەر کار دەگەڕێنـەوە مـاڵ.

ئاشـکرایە ئـەو ڕۆژانـە کەشـی ڕاپەڕیـن و دەنگهەڵبڕینـی جەماوەریـی بـۆ دەسـتەبەرکردنی ئـازادی بـە سـەر ئێـران و بەتایبەتـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتاندا زاڵـە.

ئـەو رۆژە بـۆکان بـەرەو تۆمارکردنـی ڕۆژێکـی لەبیرنەکـراوی دیکـە هەنـگاوی دەنـا.

ئاپـۆڕای جەمـاوەر تـا دەهـات زیاتـر دەبـوو. دەرفەتێـک بـوو بـۆ ئیبراهیـم و گشـت شۆڕەسـوارانی ڕێـگای ئـازادی پێکـەوە دەنگیـان بـە دژی

بێـدادی هەڵبـڕن. لـە نێـو ئاپـۆڕای خەڵکـدا لەگـەڵ ئەفشـینی بـرای لێـک هەڵدەبڕدرێـن. ئیبراهیـم لـە نێـو شـەپۆلی هـەزاران کەسـیی جەمـاوەری تـووڕەدا خـۆی لـە نزیـک سـووتمانی مـاڵ و ماشـێنی ئـەو جاشـەدا دەبینێتـەوە کـە دەسـتی بـە خوێنـی چەندیـن ڕۆڵـەی گەلەکەمـان سـوورە. ئـەو ڕۆژە بـۆکان شـانازیی بـە خۆیـەوە دەکـرد لاوە خوێنگەرمـەکان ئـاڵای کوردسـتانیان تێـدا هەڵکـرد و بـۆ جارێکـی دیکـە ئـاڵای پیـرۆزی کوردسـتان لـە شـەقامەکانی ئـەم شـارە دەشـەکایەوە.

خـۆ ناکرێـت ئـاڵای کوردسـتان لـە شـوێنێک بشـەکێتەوە و لـەرزە نەخاتـە گیانـی خۆفرۆشـانەوە. ئـەو ڕۆژە ئیبراهیـم لـە نزیکـەوە شـایەتی هەمـوو ئـەو ڕووداوانـە بـوو. لـە هەڵمـەت و هەڵوێسـت و بەرەنگاریـدا بەشـێکی دیـار و بەرچـاو بـوو و باشـیش دەیزانـی ئەگـەری هەیـە ببێتـە قۆچـی قوربانـی ئـەم ڕاپەڕینـە، بـەڵام بڕیـارە و لەگـەڵ خـۆی یـەکلا بۆتـەوە.

لـەو جـۆش و خـورۆش و حەماسـە خولقانـەدا، شـەهید ئیبراهیـم ڕقـی پیـرۆز و ئاگـری تۆڵـە لـە دەروونـی لاوانـی شۆڕشـگێڕدا خـۆش دەکات و بەرەنـگاری جاشـێکی خیانەتـکاری دیکەیـان دەکاتـەوە کـە ڕۆژانـی پێشـتر بـە تەقـەی ئـەو چەنـد لاوێـک برینـدار ببـوون. بـەڵام ئـەو جاشـە خۆفرۆشـەی بـۆ هەمـوو کـەس نـاسراوە، پێشـتر بـەدەردی خـۆی زانیبـوو، بۆیـە لەگـەڵ ژمارەیەکـی زۆر بەکرێگیـراوی دیکـە هێـرش دەکەنـە سـەر خۆپێشـاندەران و ژمارەیەکـی زۆریـان لـێ شـەهید و برینـدار دەکـەن. ئیبراهیـم شـەریفیفەڕ یەکێـک لـە برینـدارەکان بـوو، بـە چـاوی خـۆی دەبینێـت ئـەو جاشـەی بـۆ هەموولایـەک ناسراوە، ڕاسـتەوخۆ بە قەسـتی کوشـتن دەسـترێژی لـێ دەکات و بـە تەقـەی ئـەو ٦٩ سـاچمە سـەرتاپای جەسـتەی برایـم دەپێکـن. هـەر چۆنێـک بێـت چەنـد کـەس لـە خۆپیشـاندەران دەیگوازنـەوە بـۆ ماڵێکـی

نزیک شوێنەکە و دەیشارنەوە. دواتر بە هەر شێوەیەک بوو ئیبراهیم بە برینداری دەگوازرێتەوە ماڵی باوکی و پرستاری بۆ بانگ دەکرێت تا بەڵکوو بتوانن چارەسەرێکی بۆ وەرگرن. شەوێکی ناخۆش و پڕ لە ئازار بۆ برایمی بریندار و هەموو ئەندامانی بنەماڵەکەیەتی. برایم پەروەردەی ژینگە و کولتووری ڕۆژهەڵات و وانەی ڕێز و خۆشەویستی بۆ بنەماڵەکەی بە جوانی وەرگرتووە و لە خراپترین دۆخدا لە بیری ناکات. سەرەڕای ئازاری زۆری جەستەی پڕ لە زامی، یەک بە یەک ئەندامانی خێزانەکەی لە ئامێز دەگرێت و بەڵێنی حورمەت و خۆشەویستییان بۆ دووپات دەکاتەوە. باوک، دایک، برا، خوشک و براژن، هەمووان لە دەوری برایم ئامادەن و لەو کاتە دایە وەسیەتەکەی خۆی دەکات، وەسیەتێک کە دەبێتە مانیفیستی سەرورەیی کوردستان. بە باوکی دەڵێت: «**بابە گیان من دەمرم! بەڵام تۆ خوا کە مردم بڵێ کوڕەکەم «شەهیدی ڕێگەی ئازادیی کوردستانە**».

ڕۆژی دواتر برایم دەگەیەنرێتە نەخۆشخانەی ورمێ، بەڵام سەختیی برینەکانی، کاری پزیشکەکانی زۆر دژوار کردووە. دوای ١٢ رۆژ مانەوەی لە نەخۆشخانەی ورمێ لە رۆژی ٨ی سەرماوەز، گیانی پاکی دەبەخشێتە نیشتمان و ناوی خۆی بە خەتی زێڕین دەسپێرێتە لاپەڕەکانی مێژووی کوردستان.

دوای شەهیدبوونیشی، جەستەی بێگیانی شەهید برایم لەرزە دەخاتە گیانی دوژمن و بە ناچار لە ژێر کۆنترۆڵی سەختی هێزە بەکرێگیراوەکانی ئیتلاعات و سپادا، تەرمەکەی دەگەڕێندرێتەوە بۆکان و هەر ئەو شەوە بە خاکی پیرۆزی کوردستانی دەسپێرن.

خاڵە محەممەدی جەرگسووتاو لە ڕێوڕەسمی چلەی شەهید برایمدا،

بە دەنگی بەرز ڕوو بە ئامادەبووان و خەڵکی کوردستان وەسیەتی کوڕە شەهیدەکەی بەجێ دەگەیەنێت و دەڵێ کوڕی من «**شەهیدی ڕێگای ئازادیی کوردستانە**».

**خێڵی تاوان چیان لە دەست دێ ...؟؟**
**دەبا بیکەن**
**سڕ کەن**
**شڕ کەن**
**قڕ کەن**
**بادەی جینایەتتان پڕ کەن**
**نەوی نابێ لووتکەی کوێستان**
**نە کورد دەمرێ نە کوردستان ...**



## شەهید موحسین محەممەدی

لەیلا قادری

سـەرهەڵدانی شۆڕشـی ژینا لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان دوای شـەهید کردنی ژینـای کیـژی کـوردان بەدەسـتی دوژمنانـی ڕووناکـی، سـەرەڕای ئـەوەی سـۆنامی تووڕەیـی خەڵکـی کوردسـتان و ئێرانـی بـە دژی زوڵـم و زۆریـی ٤٤ سـاڵەی ڕێژیمـی توتالیتێـر و فاشیسـتی ئاخونـدی وەلرفـە خسـت، لەبەرامبەریشـدا هیـوای ڕزگاری لـە دڵـی هەمـوو خەڵکـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان و ئێرانـدا بووژانـدەوە، ئـەو شۆڕشـە بەرینـەی گەلێـک جیلـوەی جوانـی لـە ئایدیـا و جـۆش و خـورۆش و ئاگایـی و ئازایـی لاوان و ژنـان و پیاوانـی کوردسـتانی تێـدا وێنـا کـرا.

لەچکـەکان بوونـە دەسرەی سـەرچۆپی، ئیـرادەی سیاسـیی تـاک بوێرانـە لەنـاو جەرگـەی شـاردا ئـازاد بـوو، یەکیـان گـرت و بوونـە هـەزار، بـەڵام داخەکـەم خێڵـی داڵاش وەک هەمیشـە دەمامکیـان لـە ڕوخسـاری شـوومی خۆیـان لادا و ماشـێنی کوشـتاریان لـە شـەقام خسـتەگەڕ و گەلێـک ڕۆڵـەی بەجەرگیـان لـێ سـاندین.

شـەهید موحسـین محەممـەدی یەکێـک لـەو شـەهیدە سـەربەرزانەیە کـە لـە شۆڕشـی ژینـادا لـە ئیشـقی سەربەسـتی وڵات بـوو بـە هەڵـو و فڕیـە ئاسـمان و بـووە میوانـی ئەسـتێرە و کۆلکەزێڕینـە.

شـەهید موحسـین ٤ی سـەرماوەزی ١٣٦٩ی هەتـاوی، لـە شـاری دیوانـدەرە چـاوی بـە دونیـا هەڵێنـا و ترپـەی دڵـی بـۆ کاک مەسـعوودی باوکـی و خاتـوو ڕابیعـەی دایکـی بـوو بـە خۆشـترین مۆسـیقای سـەر زەوی. شـەهید موحسـین دوو خوشـکی هەیـە بـە ناوەکانـی بـوشرا و شـنۆ و برایەکیشـی هەیـە بـە نـاوی موسـلیم.

موحسـین لـە دیوانـدەرە چـووە قوتابخانـە و دیپلۆمی کامپیوتێری بەدەسـت هێنـا. پێدەچـێ زایەڵـەی دەنگـی دەف لـە دڵـی مێـژووی کوردسـتانەوە هەسـتی موحسـینی بزواندبـێ، کـە وا لـە منداڵییـەوە هۆگـری سـازی دەف بـوو، موحسـینی ژیـر و هەستناسـک و دلۆڤـان وێـڕای خوێنـدن، کاریشـی دەکـرد و شـارەزایی باشـی لـە کاری «ئیمدیئێف»کاریـدا هەبـوو.

موحسـین ئـازا و زیـرەک بـوو، بـۆ دەسـتەبەرکردنی ژیانێکـی شـکۆمەندانە سـەرەڕای خوێنـدن شـانی دابـووە بـەر ئیشـی «ئیمدیئێـف»کاری. موحسـین لـە نێـو خێـزان و خـزم و کەسـوکار و تەنانـەت خەڵکـی شـاریش بـە کەسـێکی دڵسـۆز و بەڕێـز و حورمـەت نـاسرا بـوو.

ڕۆژی ٢٦ی خەرمانانـی ١٤٠١ی هەتـاوی، دوای بەخاکسـپاردنی ژینـا ئەمینـی، موحسـین محەممـەدی وەک زۆربـەی خەڵکـی بەشـەرەفی کوردسـتان بەڵێنـی دا، داکۆکـی لـە خوێنـی بەناحـەقڕژاوی ئـەو کیـژەی کـوردان بـکات، بۆیـە هـەر ئـەو ڕۆژە لـە لاپـەڕەی ئینسـتاگرامەکەی نووسـی: «**کوردهـا از یـاد نمی‌برنـد و کینـه تاریـخ انقضـا نـدارد» واتـە «ئێمـەی کـورد ئـەو سـتەمە لەبیـر ناکەیـن و ڕق و نەفـرەت لـەو ڕێژیمـە کاتـی بەسـەر ناچـێ**».

ڕێـک دوو ڕۆژ دوای بەخاکسپاردنی ژینـا ئەمینـی، واتـە لـە ٢٨ی خەرمانانـی ١٤٠١ی هەتـاوی، لەگـەڵ دەسـتپێکی خۆپیشـاندانەکان موحسـین کاتژمێـر

١٠ی بەیانــی دەچێتــە ســەر کار و یــازدە و نیــوی نیــوەڕۆ دەگەڕێتــەوە ماڵــەوە.

موحســینی دڵ پــڕ لــە ئــاوات و بێئۆقــرە بــۆ بەشــداری لــە خۆپیشــاندانی دەربڕینــی نارەزایەتــی دژی شــەهید کرانــی ژینــا دەچێتــە شــەقام بــۆ ئــەوەی تینوتــاوی زیاتــر ببەخشــێتە خۆپیشــاندانەکان، بــەڵام تەنیــا نیــو کاتژمێــر دوای ڕۆیشــتنی، کاتێــک کاک مەســعودی باوکــی بەدوایــدا دەڕوا، دەبیســتێ بەداخــەوە تیــری گوللــەی دوژمــن پێکاوێتــی و برینــدار بــووە. دوای بڵاوبوونــەوەی ئــەو هەواڵــە دڵتەزێنــە هەمــوو ئەندامانــی بنەماڵەکــەی دەچنــە نەخۆشــخانە.

کادری نەخۆشــخانە کاتژمێــر یەکــی دوانیــوەڕۆ موحســین دەبەنــە ژووری نەشــتەرگەری و تــا پێنجــی ئێــوارێ لــە ژووری نەشــتەرگەری دەمێنێتــەوە و دەڵێــن باســکی برینــدارە و تووشــی خوێنبەربــوون بــووە.

هێزەکانــی ســەر بــە ڕێژیــم کــە لــە نەخۆشــخانە چاوەدێــری هــەر جموجۆڵێکیــان دەکــرد ناهێڵــن بنەماڵەکــەی تــا دواســاتەکان چاویــان بــە موحســین بکــەوێ. هــەر بۆیــە هەمــووان دەســتەودوعا لــە نەخۆشــخانە نــزا بــۆ چاکبوونــەوەی موحســین دەکــەن. بەداخــەوە گوللــەی کلاشــینکۆف جەرگــی موحســینی پێکابــوو، هــەر ئــەو برینــەش بــووە هــۆی شــەهید بوونــی موحســینی دڵ پــڕ لــە خۆزگــە و سەوداســەریی ئــازادی.

**من بۆیە بە خۆم دەنازم**
**بە ناوی خۆم سەرفرازم**
**کە ناوم دێ سەر هەڵدێنم**
**لە بەر چاوان خۆ دەنوێنم**

شاگەشکەم بەم نێوە خۆشەم
بۆ کاروانی خەبات تۆشەم
شەمم بۆ شەوگاری گەلم
یاری وەفاداری گەلم
ئەو ڕێگایەی گرتوومە بەر
بەرم نەداوە تاکوو سەر
گیانم دانا لەسەر دەستم
سەربەرزیی گەل، بوو مەبەستم
بۆ ئازادی و بە شادی ژین
بۆ ژیانێکی پڕ پێکەنین
بۆ نەمانی فرمێسکی سوور
وەدیهێنانی حەزی دوور
بۆ نەمانی کۆت و زنجیر
بۆ ئازادیی دیل و یەخسیر
بۆ سەرین و ئامێزی نەرم
بۆ پێخەفی ئاسوودە و گەرم
بۆ ژینێک هەمووی بەهار بێ
گوڵی سووری بە خەڵوار بێ
پڕ بێ لە ئاوازی مەلان
دەنگیان پڕ کا دەشت و تەلان
هەتا شەرم نەبێ ئەوین
لە تاوی مەم نەناڵێ زین
کوبڕا نەچێ بێسەروشوێن

**عەزیز نەگەوزێ لەناو خوێن**
**کانی پڕ بێ لە ئاوی ڕوون**
**نەزانن دەردی توونیی بوون**
**کەس بۆ نان و لەپێناو کار**
**سەر دانەخا لەلای زۆردار**
**نەیار و دژ و داگیرکەر**
**لە وڵاتم نەیبێ ئەسەر**
**شەهیدی ڕێی نیشتمانم**
**شانازیم بۆ کوردستانم**

(سەربازی ون)

کاتێـک گەردەلوولـی تـرس و خـۆف لـە ڕاپەڕینـی خەڵـک ناخـی دوژمنـی غـەددار تێکەودەپێچـێ، هـەر زوو دوای شـەهید بوونـی لـە تاریکـی شـەودا تەرمـی شـەهید موحسـین لـە دیوانـدەرەوە دەڕفێنـن بـۆ شـاری سـنە بـۆ ئـەوەی لـەوێ دوور لـە چـاوی خەڵـک و بـە دزییـەوە ئەسپاردەی بکـەن. بـەڵام بنەماڵـەی سـەربەرزی شـەهید موحسـین بوێرانـە بـە پشـتیوانیی خەڵکـی دیوانـدەرە تەرمـی شـەهیدەکەیان دەسـتێننەوە و دەیگەڕێننـەوە دیوانـدەرە و کاتژمێـر ٢ی شـەو لـە گۆڕسـتانی بەهەشـتی محەممـەدی بـە خاکـی پیـرۆزی کوردسـتانی دەسـپێرن.
دوای بەدواداچـوون لـە چۆنێتی شـەهیدبوونی موحسـینی بوێـر دەردەکەوێ کـە لـە ڕۆژی خۆپیشـاندانەکەدا موحسـین لەگـەڵ ئاپـۆڕای خەڵکـی تـووڕە ئازایانـە هێـزە سـەرکوتکەرەکانی ڕێژیـم و بەکرێگیراوانـی ئەڵقەلەگوێیـان بـەرەو حەوشـەی بنکـەی سپا ڕاماڵیـوە، ئەوانیـش ترسنۆکانە ڕاسـتەوخۆ بـە

کڵاشـینکۆف و چەکـی جەنگـی خەڵکیـان دابـووە بـەر دەسـترێژی گوللـە و موحسـین لـە پشـتەوەڕا پێکرابـوو، دواتـر کەوتبـووە زەوی، لـەو دۆخـە نائەمنـەدا و لـە شـپرزەیی شـار و شـەقامدا بـە زەحمـەت دوای بیسـت دەقـە چەنـد کەسێک هـەوڵ دەدەن موحسـین هەڵگـرن و کـۆڵان بـە کۆڵان بـڕۆن، دواتـر ماشـێنێکیان دەسـت دەکەوێـت و دەیگەیەنـە نەخۆشـخانە، بۆیـە تـا دەگاتـە نەخۆشـخانە خوێنێکـی زۆری لەبـەر دەڕوا و کاتژمێرێـک دواتـر لـە ژووری نەشـتەرگەری شـەهید دەبـێ، بـەڵام دوای شـەهید بوونـی بـە بنەماڵەکـەی دەڵێـن چاوەڕێیـن خوێنبەربوونەکـەی ڕاوەسـتێ بـۆ ئـەوەی نەشـتەرگەری بـۆ بکەیـن، ئـەو سـێناریۆیەش هەمـووی لەترسـی جەمـاوەری ئامـادەی نەخۆشـخانە بـوو کـە وەک شـوورەی پۆڵاییـن لـە پشـت ماڵباتـی شـەهید موحسـین ڕاوەسـتابوون. بەوحاڵـەش هەرچەنـدە توانیـان لـە دەرگای پشـتەوەی ژووری نەشـتەرگەری تەرمـی شـەهید موحسـین بڕفێنـن و بیگەیەنـە نەخۆشـخانەی کەوسـەری سـنە و لـەوێ هەواڵی شـەهیدبوونی موحسـین بـە بنەماڵەکـەی ڕابگەیەنـن، بـەڵام وەک هەمیشـە پیلانەکەیـان سـەری نەگـرت و بنەماڵەکـەی توانیـان تەرمـی شـەهیدە سـەربەرزەکەیان بسـتێنەوە و بـە دەسـتی خۆیـان و بەوپـەڕی شـکۆ بـە خاکـی پیـرۆزی کوردسـتانی بسـپێرن.

**نە کۆڵدەرم نە ڕادەوەستم**
**بە نیشتمانم بە ئەشق و هەستم**
**بە سوورخەڵاتان پەیمان دەبەستم**
**گوڵی سەربەستی دەگرمە دەستم ...!**

شـەهید موحسـین گیانـی کـردە قوربانـی شۆڕشـی ژینـا بـۆ ئـازادی و،

هەمــوو ڕۆژێ ڕێــک لــەو شــوێنەی موحســـین هــاواری دژی داگیــرکاری هەڵبـڕی، ڕوحـی دەبێتـە باوەشـێک لـە ئیـمان و بـڕوا و سروودی ئـازادی بـۆ نیشــتمان دەچــڕێ.



## شەهید شەماڵ خەدیری‌پوور

سۆما ناسری

کاتێـک داگیرکـەر و جەبـری هەڵکەوتـەی جوغرافیـای وڵاتەکـەت دەسـت دەدەنـە یەکـتر و سـتەم و داگیـرکاری بـە بـاڵات دەبـڕن، بەرخـۆدان و ڕاپەڕیـن دەبنـە ئـەرک و ئەوجـار تاکـە هوشـیارەکان دەبنـە کاریزمـای سـەردەمی خۆیـان و بـە ڕەسـمی جوامێـران سـەرلەپێناو و گیانلەسەردەست، بـە خوێـن پارێـزگاری لـە نیشـتمان دەکـەن و ڕۆڵـی پێشـەنگ دەگێـڕن و وەک نموونەیەکـی خـاوەن کەرامـەت و وڵاتپارێـز بـە ورەی پۆڵاییـن دژ بـە سـتەم و نـادادی پێشـەنگایەتی گەلەکەیـان دەکـەن و لـەو ڕێگەیەشـدا بەرگـی نەمـری بـە بـاڵای خۆیـان دەگـرن.

زۆرن ئـەو لاو و ژنانـەی لـە «شۆڕشـی ژینـا»دا بوونـە سـەرقافڵەی دوژمنبەزێـن و بـە شـەهید بوونیـان پێناسـەی هەرمانـی مێژوویـان کـردە خەڵاتـی خۆیـان و بوونـە شـانازی بـۆ گەلەکەیـان.

مێـژوو سـەلماندوویە هـەرکات داگیرکـەر شـیر و تیـری زیاتـر دەسـوێ، کـورد بـە خۆڕاگریـی و بەرخـۆدان بەرەنـگاری دەبێتـەوە و چۆکـی پێدادەدا.

یەکێـک لـەو لاوە سـوورخەڵاتانەی شۆڕشـی ژینـا کـە لەپێنـاو وەدیهێنانـی ئامانجـە بەرزەکانـی ئـەو شۆڕشـەدا گیانـی فیـدا کـرد و نـاوی چـووە ڕیـزی نەمرانـی مێـژووی ڕۆژهەڵاتـەوە، شـەهید شـەماڵ خەدیری‌پـوورە.

شـەهید شـەماڵ ١٣ی خەزەڵـوەری ١٣٦٩ی هەتـاوی لـە شـاری مەهابـاد چـاوی بـە دونیـا هەڵێنـا و بـە لەدایکبوونـی نەمامـی هیـوای لـە دڵـی کاک حەسـەنی باوکـی و خاتـوو زبێـدی دایکیـدا چانـد. شـەماڵ بـاڵای کـرد و نێردرایـە بـەر خوێنـدن، بـەڵام هەمیشـە گوشـاری ئـەو بـارە نالەبـارەی ڕێژیمـی ئاخونـدی بـە سـەر ژیانـی خەڵکـی کوردسـتانیدا سـەپاندووە، کاریگـەری زیاتـر دەخاتـە سـەر دۆخـی منداڵـەکان و بەشـێکیان لـە درێـژەدان بـە خوێنـدن بێبـەش دەکات. هـەر ئـەو دۆخـەش بـوو بەهـۆی ئـەوەی شـەماڵی دڵ پـڕ لـە ئـاوات نەتوانـێ زیاتـر لـە نـۆ کلاس دەرس بخوێنێـت و بەناچـار شـانی دایـە بـەر بەرپرسـیارەتی و دابینکردنـی بژێـوی ژیـان و بـە شـاگردی لـە کارگەیەکـی میکانیکـی دەسـتی پێکـرد و هـەر ئـەوەش بـۆی بـوو بـە پیشـەیەکی دایمـی.

شـەماڵی لاو وێـڕای ئـەوەی یاریزانێکـی بەتوانـای وەرزشـی بۆکـس بـوو، چەندیـن میداڵیـای قارەمانـی وەرگرتـووە، هـاوکات هۆگرییەکـی زۆریشـی بـە شـاخەوانی هەبـوو. زۆرجـار لەگـەڵ هاوڕێکانـی بـە شـاخە بڵنـد و سەرکێشـەکانی کوردسـتانی ئازیـزدا هەڵدەزنـا.

شـەماڵی ئەوینـدار و ئاشـق بـە ژیـان لـە دڵـی ئەشـکەوتی چیـا بەرزەکانـی کوێسـتانی سـەر بەتەمـی کوردسـتانەوە هەسـت و هەناسـەی گەرمـی ئاوێتـەی تـەزووی سـەرمای ئـەو سـەرانە دەکـرد و ئەسـپی خەیاڵـی بـە دەم تەمومـژەوە بـەرەو جێژوانـی لاوی تـاو دەدات و نوقمـی خـەون و ئاواتەکانی لەگـەڵ خاتـوو ئـارەزووی هاوژینـی دەبـوو کـە بـە خۆشەویسـتی پێـک گەیشـتبوون و وێنـای داهاتوویەکـی پڕشـنگداریان بـۆ سـەنای تاقانەیـان دەکـرد و وەک ئـەوەی ئیلهامـی پێکرابـێ کـە پەرچـەم و ئەگریجـەی کیـژی کـورد دەبێتـە ڕەمـزی پیـرۆزی شۆڕشـێکی سـەردەمیانە، سـۆزی دەنگـی

تێکـەڵ بـە گۆرانـی نازیلێـی گـەورە هونەرمەنـدی کـورد عەلـی مـەردان و نەجمەدیـن غوڵامـی دەکـرد.

شــەهید شــەماڵ و هەمــوو شــەهیدانی کوردســتان شــەیدای گەشــە و پێشـکەوتنی نیشـتمان و نەتەوەکەیـان بـوون، بۆیـە بـۆ گەیشـتن بـە بەهـاری سەربەسـتی و ڕزگاری بـە خوێنـی خۆیـان سرووشـتی جـوان و داری ئازادیـی کوردسـتانیان ئاودێـر کـرد.

شـەهید شـەماڵ خەدیریپـوور، لاوێکـی خوێنگـەرم و بەهەڵوێسـت بـوو، لـە ڕابوونـی شـەقامەکانی مەهابـاددا ڕۆڵێکـی بەرچـاوی هەبـوو. چاونەترسـیی شـەهید شـەماڵ لـە ڕاپەڕینـی ژینـادا بـوو بـە هێـمای ورە و بـاوەڕ بـۆ لاوان و خەڵکـی ڕاپەڕیـوی شـاری پێشـەوا.

ڕۆژی هەینــی ٢٧ی خەزەڵــوەری ١٤٠١ی هەتــاوی، ئــەو ڕۆژەی لاوان و خەڵکــی تــووڕەی مەهابــاد تەرمــی شــەهید دوکتــور «ئــازاد حوسـێنپووری»یان بـە دروشـمی ئاگرینـی دژ بـە جەنایەتـکاران بـەرەو گۆڕسـتانی گـەورەی ئـەو شـارە دەبـرد بـۆ ئـەوەی بـە خاکـی پیـرۆزی کوردسـتانی بسـپێرن، شـەهید شـەماڵ هاوشـانی هێـزی بەرگریـی شـەقام بــۆ پشــتیوانی لــە لاوان و جەمــاوەری خۆپیشــاندەر، ڕۆڵــی پێشــەنگیان دەگێـڕا و ڕێـی بەرەوپێشـچوونیان لـە داگیرکـەر تـەوق دەکـرد و بـە بـەرد دوژمنیـان ڕاو دەنـا، ئەمـەش سـەرەڕای ئـەوەی خۆپیشـاندەران جگـە لـە ورەی پۆڵاییـن و بـەردی مشـتیان هیچـی دیکەیـان بـۆ بەرگـری پـێ نەبـوو، بـەڵام دوژمنـی بەدخـوو و غـەدداری ئاخونـدی بـە چەکـی جەنگـی هێرشـی کـردە سـەر خۆپیشـاندەران و لـە گەرمـەی ئـەو بەرخۆدانـەدا شـەماڵی بوێـر و خولیـای سەربەسـتی و چەنـد کەسـی دی دەکەونـە بـەر دەسـتڕێژی گوللـەی ناحەزانـی مێـژوو. لـەو هێرشـەدا سـنگ و سـکی شـەماڵ دەپێکـرێ

و بەسـەختی برینـدار دەبـێ. شـەماڵ دەگوازرێتـەوە نەخۆشـخانەی ورمـێ، بـەڵام بـە هـۆی کاریبوونـی برینەکانییـەوە چەنـد ڕۆژ دواتـر و لـە ٣ی سـەرماوەزی ١٤٠١ی هەتـاوی دەچێتـە ڕیـزی سـوورخەڵاتان و گیانـی دەبەخشـێتە خاکـی پیـرۆزی کوردسـتان و بـە شـەهید بوونـی وەفـاداری بـۆ ئـەو ڕێبـازە دەسـەلمێنێ کـە بـاوەڕی پێـی هەبـوو. شـەهید شـەماڵ گەلێـک وتـەی جوانـی لەبـارەی ئـازادی و خۆشەویسـتی بـۆ نیشـتمان تۆمـار کـردووە کـە هەڵقـوڵاوی ویسـتی دەروونیـی خۆیەتـی. بـۆ نموونـە لـە لاپـەڕەی ئیسـتاگرامەکەی دەنووسـێ: «**بـۆ ئـازادی پێویسـت نییـە عـەرز و ئاسـمان بگـرن، تەنیـا خۆتـان مەفرۆشـن بەسـە**».

پۆشـینی بەرگـی پیـرۆزی پێشـمەرگایەتی و هەڵگرتنـی چەکـی شـەڕەف، ئاواتـی شـەهید شـەماڵ بـوو، هەرچەنـدە بـە هـۆی هەلومەرجـی تایبەتـی ژیانییـەوە نەیتوانـی ئـەو ئاواتـەی بێنێتـە دی، بـەڵام بەکـردەوە لـە هەڵسـوکەوت و ڕەفتاریـدا سـەلماندبووی کـە مرۆڤێکـی تـا بلێـی نیشـتمانپەروەر و وڵاتپارێـزە.

هەڵگـەڕان بەسـەر چیـای قەندیـل و هەڵکردنـی ئـاڵای کوردسـتان لـە لووتکـەی هەڵگـورد ئاواتێکـی جوانـی دیکـەی شـەهید شـەماڵ بـوو. شـەهید شـەماڵ گەشـبینانە دەیڕوانییـە ئاسـۆی شۆڕشـی ژینـا و بـاوەڕی بـە سـەرکەوتنی ئـەو شۆڕشـە هەبـوو، هەمیشـە دەیـوت: «شـۆڕش خوێنـی دەوێ و ئامـادەم خوێنـی خـۆم بکەمـە خەڵاتـی سـەرکەوتنی ئـەو شۆڕشـە». شـەماڵ بەکـردەوە مردنـی بـە چـۆک داهێنـا و بـە شـەهیدبوونی بـە نەمری مایەوە.

شـەهید شـەماڵ زۆر هۆگـری سروودە حەماسـییەکانی هونەرمەندی گەورەی کـورد نـاسر ڕەزازی بـوو، لەهـەر کات و شـوێن و هەلومەرجێکـدا گوێـی لـە

سروودی «**ئـەم خاکـە خاکـی کوردییـە/ خـۆ خاوەنـی دیکـەی نییـە**» دەبـوو، بـۆ ڕێزلێنـان لـە نیشـتمان هەڵدەسـتا سـەرپێ و دەسـتی هەڵدێنـا و دەیـوت: «**مـن گیانـم فیـدای ئـەو خاکـە دەکـەم**».

ئەگەرچــی درەنگانــی شــەوی پێنجشــەممە ٣ی ســەرماوەزی١٤٠١ی هەتـاوی تەرمـی شـەهید شـەماڵ خەدیریپـوور بـە بنەماڵەکـەی درایـەوە و لـە کاتژمێـرە سـەرەتاییەکانی بەرەبەیانـی ئـەو شـەوەدا لەژێـر گوشـاری ناوەنـدە ئەمنییـەکان بـە خاکـی کوردسـتان سـپێردرا و لـەو بارەیـەوە جـەلال بـرای شـەهید شـەماڵ لـە لاپـەڕەی ئینسـتاگرامەکەیدا نووسـی؛ «**شـەماڵمان لـە شـەوێکی ساردی پاییزیـدا بـە باوەشـی سـڕی زریـان ئەسپارد**»، بـەڵام ڕۆژی ١٢ی بەفرانبــاری ١٤٠١ و لــە چلــەی شــەهید بوونیــدا، ســەرەڕای گوشـاری بەکرێگیراوانـی ڕێژیـم سـەدان کـەس لەسـەر گڵکۆکـەی شـەهید شــەماڵ کــۆ بوونــەوە و بــە وتنــەوەی دروشــمی ئاگرینــی دژ بــە ڕێژیــم پەیمانیــان نوێکردنــەوە و پاڵپشــتییان لــە پەیامــی ئــارەزوو هاوســەری شـەهید شـەماڵ کـرد و ڕوو بـە دوژمـن دووپاتەیـان کـردەوە کـە هەرگیـز لـە خوێنـی شـەهیدەکان خـۆش نابـن.

**ئەوە شەماڵە دەڵێ :**

**هەر دێمەوە**

**دایە گیان هەر دێمەوە**

**پێبکەنـە دایـە گیـان لـەو وڵاتـەی گریـان داگیـری کـردووە، پێبکەنـە کـە پێکەنینـت بزمارێکـە تیـژ ڕۆدەچێ بە تابووتـی یەکەیەکەی سـەردەمکوژان، ڕادەری قاقـای دێـزەی دێوەکانـە، مەڵهەمـە، ژارکـوژە، ئومێـدە بـۆ هەرچـی بوونـەوەرە بـۆ هەرچـی ئینسـانە.**

**مــن شــەماڵم و دێمــەوە، شــەماڵم و ســەرلەنوێ بــە بەژنــی شــاخێکا**

هەڵدەچمەوە، دێمەوە دایە گیان، لەگەڵ ئەو پۆلە باڵندانەی بە لای گڵگۆی مندا تێدەپەڕن و بای دەشتی ئازادیان پێیە، دێمەوە هەتا چیرۆکی مناڵانی ئەم سەرزەمینە بە بێ هەبوونی کوشتن بنووسمەوە، ئەوە هەر خۆیەتی لە بەژنی دارە سێوەکانی ئەم دەڤەرەدا شکۆفەی داوە و شکۆیەک لە ماڵباتی جوانی بەم بەهارە بەخشیوە. شەماڵ و هاوڕێیانی سەرلەنوێ لە ڕووبارەکانی ئەم وڵاتەدا هەڵدەقوڵێنەوە، دەبن بە متفەڕکی سەر و چاوی ئەو خوشکانەی جلوبەرگی ئەوانیان لەبەر کردووە، دەبن بە چەک و ڕەختی لە قەد هاڵاوی هەموو ئەو برایانەی بۆ مەرگی برا شینیان نەگێڕا و، شینیان کردنەوە، هەر وەک ئەو دارستانانەی مەرگ چۆکیان بۆ دادەدا.

(پارتیزان)



# شەهید ئەسعەد ڕەحیمی

ناسر سادقی

دنیـا پـڕ بـووە لـە هـاواری «ژن، ژیـان، ئـازادی»، زایەڵـەی ئـەی ڕەقیـب و بـڕی کوردسـتان لـە سـنووری ڕۆژهـەڵات تێپەڕیـوەو هەمـوو جیهانـی تەنیـوە، هـەر لـە یەکـەم ڕۆژەکانـی دەسـپێکی ڕاپەڕیـن و شۆڕشـی ژینـاوە، هەمـوو خەڵکـی ڕۆژهـەڵات بـە ژن و پیـاو و گەنـج و بەسـاڵاچووەوە جوانتریـن دیمەنـی مێـژووی ڕاسـانیان لـە ناوەنـدی شـار و شـەقامەکانەوە تۆمـار کـرد.

ئەسعەد ڕەحیمی پاڵـی وەپەردەیەکـەوە داوە نوقمـی خەیـاڵ و چاوەڕوانی گراوەکەیەتـی. شـەو نەرمەشـەپۆلەکانی ڕووبـاری تەتەهـووی لەسـینگیدا ڕاگرتـووە. شـوێنەکەی زیـرەک لـە باغەکـەی میـراوا شـەقڵی نەشـکاوە. دەنگـی سروودەکانـی تاهیـر خەلیلـی ئاوێتـەی دروشـمی جەمـاوەری شـار بـووە.

ئەسـعەی لاو  ئۆقـرەی نییـە. گـڕی ئەشـق و ئـازادی بـەرەو ڕێپێـوان و سـەرهەڵدانەکانی گەڕەکـی عەشـایر و جـادە حەسـار هانـی دەدەن. ئاخـر خێروبێـری دەسـەڵاتی داسـەپاوی ڕێژیمـی ئیسـلامیی ئیـران لـە مـاوەی ٤٤ سـاڵ تەمەنـی ڕەش و تاریکـی  بـۆ کـورد لـە ڕۆژهـەڵات، بێجگـە لـە کاولـکاری و تێکدانـی ژێرخانـی ئابـووری و زیندانیکردنـی لاوان، تیـرۆری

ڕێبـەران و بێسەروشـوێنکردنی بژاردەکانـی نیشـتمان و تـەرە و دوورەوڵاتـی هیچـی دیکـەی بـۆ کـورد پـێ نەبـوو.
ئەسـعەد ڕەحیمـی لـە ٢ی ڕێبەندانـی سـاڵی ١٣٧١ی هەتـاوی، لـە شـاری بـۆکان هاتـە دونیـا و مۆمـی لەدایکبوونـی، بنەماڵـەی کاک ئیبراهیـم و خاتوو زێنەبـی ڕوونـاک کـرد و بـوو بـە میوانێکـی ڕەزاسـووکی شـەوانی ڕێبەنـدان.
ئەسـعەد سـەردەمی منداڵـی و مێرمنداڵـی هەتـا لاوی لـە قوتابخانەکانـی بـۆکان تـەواو کـرد و سـەرەنجام لیسانسـی لـە ڕشـتەی وەرزشـی بـە شـێوەی زانسـتی بـە سـەرکەوتوویی وەدەسـتهێنا.
خاتـوو نەسریـن سـیامی لـە ١٤ی گەلاوێـژی سـاڵی ١٤٠٠ی هەتـاوی، بـە ئایەتەکانـی ئەویـن و وەفـاداری لەگـەڵ ئەسـعەد ڕەحیمـی چیـرۆک و لاپەڕەکانـی ژیانـی هاوبەشـیان پەنجەمـۆر کـرد و ژیانـی پـڕ لـە ئەوینـی هاوبەشـییان پێکهێنـا.
ئەسـعەد چەپکێکـی گوڵـی سـووری لەدەسـت دایـە، لـە چاوەڕوانـی کـەژاوەی بووکەخـان مزگێنـی دەبەخشـێ. دەنگـی مۆسـیقا و گـەڕی شـایی لـە کـۆڵان و گـەڕەک گەرمـە؛ دوو دڵـدار بەیـەک گەیشـتن، کۆشـکی ژیـان ڕازایـەوە. ئەسـعەد و نەسریـن بـۆ دابینکردنـی ژیانێکـی سـەرفرازانە و شـیاو بـە یارمەتـی یەکـتر خواردنگەیەکـی بچـووک دەکەنـەوە. ئـەوە لـە حاڵێکدایە کـە سـەروەت و سـامانی زۆروزەوەنـدی نیشـتمان بـە دەسـت داگیرکەرانـی دەسـەڵاتی فاشیسـتی ئێرانـەوە بـە تـاڵان دەچـێ و هیـچ بەهرە و سـوودێکی بـۆ لاوان و کرێـکاران و خەڵکـی مافخـوراوی کوردسـتان نییـە.
**«هـۆ ئەوینـی شـیرینم، ئەوینـی نیشـتمان وای لـێ کـردم بەبـێ ماڵاوایـی بـۆ گەیشـتن بـە سەربەسـتی بـاوەش بـۆ مـەرگ بکەمـەوە، ببـوورە ئەوینـی شـیرینم، ببـوورە گوڵـە نەسرینـم».**

ئەسـعەد ڕەحیمـی بەهـۆی ئـەوەی ماڵەکەیـان لـە گەڕەکـی عەشـایر و نزیـک سـەرهەڵدان و ڕێپێوانـەکان بـوو. وەک لاوێکـی خـاوەن هەڵوێسـت و ئازادیخـواز و ئاشـنا بـە مافـە نەتەوەیـی و ئینسـانییەکان بەشـداری لـە خۆپیشـاندانەکان دەکـرد. زۆربـەی خەڵـک لـە گـەڕەک و کۆڵانەکانـی شـار بـەدژی هێزەکانـی ڕێژیـم ڕژابوونـە دەرێ.

ئەسـعەدی جوامێریـش وێـڕای لاوان ئازایانـە بەرەنـگاری خۆفرۆشـان و پاسـتارەکان دەبنـەوە و بەرگـری لـە ویسـتە ڕەواکانیـان دەکەن. شـەوی ٢٥ی خەزەڵـوەری سـاڵی ١٤٠١ی هەتـاوی، کاتژمێـر هەشـتی شـەو دوژمنانـی قینلـەدڵ وەک هەمیشـە کاتێـک لەئاسـت هێـزی واقعیـی خەڵـک بـە چـۆک دادێـن، پەنـا بـۆ پیلانـی دزێـو و ئـاکاری نامرۆڤانـە دەبـەن و ڕووناکایـی و کارەبـای شـەقامەکان دەکووژێننـەوە هەتـا لـە تاریکاییـدا ڕووی قێزەونیـان نەنـاسرێ و بەبـێ ئـەوەی دەسـت بپارێـزن ڕووی چەکەکانیـان دەکەنـە خەڵـک و لـە شـەقامی زەیتـوون ئەسـعەد ڕەحیمـی دەدەنـە بـەر دەسـڕێژی گوللـە و سـاچمە و بەسـەختی برینـداری دەکـەن. دوای لێـدان و ئازارێکـی زۆر دڕندانـە، هـەر لـەوێ بەجێـی دەهێڵـن، لاوێکـی نیشتماندۆسـت کاتێـک ئەسـعەد بـەو شـێوەیە دەبینـێ، دەیگوازێتـەوە بـۆ ماڵێـک و بـە موبایلەکـەی ئەسـعە، نەسرینـی هاوژینـی ئـاگادار دەکاتـەوە. خاتـوو نەسریـن وێـڕای بنەماڵەکـەی دەیبەنـە نەخۆشـخانە، بـەڵام بەداخەوە ئەسـعەد ڕەحیمـی پێـش ئـەوەی بگاتـە نەخۆشـخانە بەهـۆی سـەختیی برینەکانـی و ئـەو زەربانـەی وەسـەری کەوتبـوون دوکتورەکانیـش نائومێـد دەبـن لـە چارەسـەری و گیـان دەسـپێرێ و شـەهید دەبـێ.

**شەهید واتای هەبوون و مان و ژینە**

**شەهید سوورەی دڵەو ئایەی ئەوینە**

**شەهید کێل و مەزاری قیبلەگایە**
**شەهید جامانەکەی بەڕماڵی دینە**
(یوسف بێبەش)

یەکێـک لـە ئاواتەکانـی شـەهید ئەسـعەد ئـەوە بـوو کـە ئـەو ڕێژیمـە جینایەتـکارە بڕووخـێ و داگیرکـەران لـە کوردسـتان وەدەربنرێـن، یەکێک لـە قسـەکانی شـەهید ئەسـعەد کـە بـەردەوام دەیکـوت و دەینووسـییەوە ئـەوە بـوو «**لـە کۆتایـی هەمـوو شـەوێکدا خـۆر هـەر هەڵـدێ**» کـە بەداخـەوە کۆتایـی ئـەو شـەوە ڕەشـەی نەدیـت و وەک هـەزاران گەنـج و لاوی ئـەم نیشـتمانە ئـاوات و خۆزگەکانـی بـردە ژێـر گڵ.
**کۆتایی شەو**
**سپی نەبوو**
**سێبەری شوومی مەرگ بوو!**

پاسـتاڕە فاشیسـتەکانی ئاخونـدی بـۆ شـوێن بزرکردنـی تەرمـی شـەهید ئەسـعەد ڕەحیمـی و چەنـد لاوی جوامێـری دیکـە کـە لـە هەمـان شـەو بـە شـێوەیەکی تراژیـدی شـەهید کرابـوون. لـە ساردخانە دەسـتیان بـە سـەر دادەگـرن. بـەڵام بـە یارمەتـی چەندیـن لاوی جوامێـر و خاوەن بـاوەڕی وەک شـەهریار محەممـەدی شـێرە کوڕەکـەی ڕاپەڕینـی ژینـا لـە شـاری بـۆکان کـە نـاوی لـە مێـژوودا تۆمـار کـرا و بـە یارمەتـی بنەماڵـەی شـەهیدەکان دەرگای سـاردخانە دەشـکێنن و تەرمـی شـەهید ئەسـعەد ڕەحیمـی و محەممـەد حەسـەنزادەی لاو لـە چنـگ کەمتیارەکانـی ئاخونـدی دەردێنـن و وەک حەماسـەیەکی مێژوویـی لـە بزاڤـی ڕزگاریخـوازی کـورد بـە گیـان و دڵ

پارێـزگاری لـە خوێنـی ڕۆڵەکانیـان دەکـەن.
دەزگا ئەمنــی و ئیتلاعاتییەکانــی ڕێژیــم بــە زەبــری هێــزی چــەک و هەڕەشـە و گوشـار زۆریـان هـەوڵ دا بنەماڵـەی شـەهید ئەسـعەد ناچـار بکـەن چاوپۆشـی لـە تـاوان و چەواشـەکارییەکانی ڕێژیـم بکـەن و خـۆ لـە ڕاسـتیەکان ببوێـرن و درۆکانیـان لەقـاو نـەدەن، بـەڵام وەک هەمـووکات لەئاسـت ئیـرادەی بنەماڵـەی سـەربەرزی شـەهیدان تووشـی شکسـت و ڕیسـوایی بـوون.
کاتژمێـر ٣ی نیوەشـەوە دەنگـی شمشـاڵێکی بلاوێـن خـەوی لـە چـاوی شـار و شــەقام زڕانــدوە. گۆڕســتانی کولتەپــە ئامێــزی بــۆ تەرمــی شــەهیدێکی دیکـەی سـوورخەڵاتی نیشـتمان واڵا کـردووە، بنەماڵـە و کەسـوکاری شـەهید ئەسـعەد لەلایـەن هێـزە چەکدارەکانـی ڕێژیمـەوە وەک شەمشـەمەکوێرە دەوریـان دراوە، شـار میلیتاریزەیـە، بەڵام بە هەناسـە و سـۆزی شمشـاڵەکەی قالـە مـەڕە ڕوحـی سـەرهەڵدانێکی نـوێ وەبـەر بزووتنـەوەی ژینـا لـە بـۆکان دەگـەڕێ و بـە دروشـمی شـەهیدان نامـرن و «**ژن، ژیـان، ئـازادی**»، سـەرلەنوێ ڕێبـازی شـەهیدان پـڕ دەبـێ لـە ڕێبوارانـی ڕێـی سـەرفرازی، شـەپۆلی دەنگـی ئـەی وەتەنـی حەسـەن کاکەیـی وەک ڕووبـاری جەغەتـوو دەهـەژێ و ئاوێتـەی ڕابوونـی شـەقام دەبـێ و مـرۆڤ سەرمەسـتی ئـازادی دەکا.

**شەهید خاوەن حماسەی پڕ لە هەستە**
**فیدای نێوت شەهید بەو خوێنە خەستە**
**دەڕووخێنی قەڵای زاڵم بە ڕۆحت**
**لە پێناوی دەبەخشی گیان و جەستە**

(یوسف بێبەش)



# شەهید عیسا بیگلەری

ناسر سادقی

لـە ڕۆژژمێـری مێـژووی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان زۆر پەیـام و ڕووداوی سـەرنجڕاکێش و جەوهەریـی گرینـگ هەیـە بوونەتـە میراتێکـی پیـرۆز و ئاوێتـەی بیـر و هـزری شوناسـخوازین بـۆ نەوەکانـی داهاتـوو.

١٠ی خاکەلێـوەی سـاڵی ١٣٢٦ی هەتـاوی لـە مەیدانـی چوارچـرای شـاری مەهابـاد، پێشـەوا قـازی محەممـەد، سـەدری قـازی و سـەیفی قـازی، بـە بڕیـاری حەمەڕەزاشـای گۆڕبەگـۆڕ بـە تاوانـی کوردبـوون و پاراسـتنی شوناشـی نەتەوەیـی لـە سـێدارە دران. پێشـەوا قـازی لـەو چرکەسـاتە تراژیدییـە دەڵـێ: «**دڵنیا بـن دوای لەسـێدارەدانی مـن هـەزاران ڕۆڵـەی دیکـە لەدایـک دەبـن و دێنـە مەیـدان و درێـژە بـە خەباتی کـورد دەدەن**».

عیسـا بیگلـەری کـوڕی کاک نیعمەتـوڵا و خاتـوو فاتمـە، لـە ڕۆژی ١١ی خاکەلێـوەی سـاڵی ١٣٦١ی هەتـاوی، لـە شـاری چالـووس، سـەر بـە پارێزگای مازەنـدەران، دوور لـە زێـد و نیشـتمانی بـاب و باپیرانـی لەدایـک بـووە، بـەڵام لەسـەر هەمـان بیـر و ئایدیـا و ڕێبـازی پیـرۆزی پێشـەوا فرچـک دەگـرێ و، پـێ دەگـرێ و ڕێ دەگـرێ.

لەدایکبوونـی عیسـا بیگلـەری دوور لـە زێـدی بـاب و باپیرانـی بەڵگەیەکـی زینـدووە، لـە سـتەم و نایەکسـانیی ئابـووری، کاولکاریـی ژێرخانـی

پیشەسازی و نەڕەخساندنی هەلی کار بۆ بژێوی ژیانی دانیشتووانی خەڵکی کوردستان و نموونەیەکی واقعە لە بیری شۆڤینی دەسەڵاتداران و دوورخستنەوە و ڕاگواستنی زۆرەملێی هاوولاتییانی کوردستان و بۆ وێنە ئێل و عەشیرەتی خاجەوەندی شاری سنە لە سەردەمی قاجارەکان، کە دەسەڵاتداران لە دێرزەمانەوە دژی دانیشتووانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەیڕەویان کردووە. بەڵام هەمووکات سەریان لەئاست هزری شوناسخوازی و هوشیاری ڕۆڵەکانی وەک عیسا بیگلەری لەبەردی بەرەنگاری دراوە و بەپێچەوانەوە بیری پاوانخوازیی داگیرکەران و دەسەڵاتبەدەستان بۆتە هۆی بووژانەوەی مەیلی زیاتری نەتەوەخوازیی کوردانی ڕۆژهەڵات. شاعیرگوتەنی ئێمەی کورد، ئەوەتەی کۆچ هەیە کۆچ ئەکەین و ژانی دابڕان و کۆچ لە سەر شانمانە.

بنەماڵەی عیسا بیگلەری ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی تاسە و ئەوینی نیشتمان هەڵیاندەگرێ و سەرلەنوێ لە شاری چالووسەوە، دەگەڕێنەوە ئاوایی نەسەنار سەر بە شاری سەوڵاوا لە ناوچەی مەریوان. دوایین کۆچی بنەماڵەی عیسا بیگلەری ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی بەرەو سنە بوو، عیسا قۆناغەکانی خوێندنی لە قوتابخانەکانی پەروین ئیعتسامی، مەیسەم و کاوشگەران تەواو دەکا و سەرەنجام دیپلۆمی لە بواری کامپیوتێر لە بەشی ئایتی وەدەست هێنا.

عیسای لاو بەهۆی بارگرانیی ژیان و دارمانی ئابووری و بەتاڵانبردنی سامانی نەتەوەیی ناوچەکەیان، لەلایەن دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، ناچار واز لە بەردەوامیی خوێندنی زانکۆ دێنێ و وێڕای کاک نیعمەتوڵای بابی ڕوو لە کاری پردسازی دەکا. عیسا بەهۆی شارەزایی و لێهاتوویی لە پرۆژەی دروستکرنی پردسازی لە کەرتی

تایبـەت، توانـی لـە ڕێگەوبانـی شـارەکانی ئەهـواز، ئابـادان، ئیسـفەهان، تـاران و چالـووس، جێپەنجـەی دیـار بـێ و ببێتـە جێـی متمانـە و بـاوەڕی زۆر کـەس و لایـەن.

عیسـا بیگلـەری و خاتـوو دڵشـاد سـوبحانی لـە سـاڵی ١٣٨٥ی هەتـاوی لەسـەر بنەمـای ئەویـن، ژیانـی هاوبەشـیان پێکهێنـا و سـاباتی بنەماڵەیـان بـە تانوپـۆی ئەشـق و خۆشەویسـتی، بـۆ پێگەیانـدن و پـەروەردەی کارۆی تەمـەن پـازدە سـاڵان و کـوڕی چکۆلەیـان ماهـووری تەمـەن دوو سـاڵان ڕازانـدەوە و لـە دوورەدیمەنـی ئاسـۆی سـەرکەوتن و سـەرفرازی ماهـوور و کارۆیـان دەڕوانـی.

لەڕەوتـی ڕاپەڕیـن و ڕووداوەکانـی بزووتنـەوەی ڕۆشـنبیری و جەماوەریـی ژینـا، عیسـا بیگلـەری وێـڕای خوێندکارانـی جوامێـری زانکـۆی کوردسـتان لـە شـاری سـنە، ڕۆژی ٢٤ی خەزەڵـوەری سـاڵی ١٤٠١ی هەتـاوی، بـوون بـە سەرمەشـق و داینەمـۆی خۆپێشـاندەران و بووژانـەوەی  جەمـاوەری شـەقام و شـار.

پاسـتاڕە پاسـیوەکانی ڕێژیـم و مشـەخۆرەکانی ئاخونـدی بـۆ بڵاوەپێکردنـی ئاپـۆڕای سـەربەرزی شـار، ئـەو ڕۆژە دەسـتیان لـە کـەس نەپاراسـت و زۆر بێڕەحمانـە خەڵکیـان دایـە بـەر دەسرێـژی گوللـە و داخێـک و سـەد مخابـن، عیسـا بیگلـەری شـەهید دەبـێ و تێکەڵ بـە ڕێبوارانی سـوورخەڵاتی کاروانـی شـەهیدانی بزووتنـەوەی ژینـا و نـەورۆزی خوێنـاوی سـاڵی ١٣٥٨ و بزاڤـی «ژن، ژیـان، ئـازادی» دەبـێ. شـەهید عیسـا مرۆڤێکـی خـاوەن بیـر و هـزری سیاسـی و نەتەوەیـی بـوو، پێوەنـدی و ڕۆڵـی شـەهید عیسـا لەگـەڵ چـالاکان و هەڵسـووڕاوان و بەڕێوەبەرانـی ڕێکخسـتنەکانی شـەقام دیـار و بەرچـاو بـوو. شـەهید عیسـا زۆر بـە تامەزرۆیـی لـە ئاکامـی بزووتنـەوەی

ژینـای دەڕوانـی، ئـەو هەمـووکات بـزە و مزگێنیـی سـەرفرازی و سـەرکەوتنی بـۆ کارۆی کـوڕی و ماهـوور و هـەواڵان لەسـەر زار و لێـو بـوو، بـە ئـاوات بـوو ڕووخـان و لەناوچوونـی دەسـەڵاتی دژی گەلـی بـە چـاوی خـۆی ببینـێ.
ڕۆژی ٢٤ی خەزەڵـوەری سـاڵی ١٤٠١ی هەتاوییـە، کـەش و هـەوا بارانییـە، ئاسـمان چـاوی پڕئەسریـن و فرمێسـکە، هـەور لـە گرمـە و ناڵـە کەوتووە،گرد و بەرزاییەکانـی ئاویـەر وێـڕای ئاپـۆرای خەڵکـی شـار، شانبەشـانی مـام نیعمەتـوڵا بابـی شـەهید عیسـا بـەرەو گۆڕسـتان و گڵکـۆی بەهەشـتی محەممـەدی بـو ئەسـپاردەکردنی تەرمـی شـەقام هـاوار دەکـەن: «**مـەرگ بـەر خامنەیـی مـەرگ بـەر خامنەیـی، مـەرگ بـەر جـاش**». کێـژ و لاوێـک، ئەملاوئـەولای بابـی شـەهید عیسـایان گرتـووە، زایەڵـەی دەنگـی «شـەهید نامـرێ»ی هـەزاران کـەس لەسـینگی چیـاکان دەنـگ دەداتـەوە.
شـەپۆلی دەنگـی مۆسـیقای دروشـمی خەڵکـی ئازادیخـواز لـە ڕێـی مـەزار و گڵکـۆی شـەهید عیسـا بیگلـەری هەسـتی ڕابـوون و ئازادی بە شـار و شـەقام دەبەخشـێ و پەرژینی سـەختی تاریکپەرسـتانی داگیرکەر دەشـکێنن.
عیسـا پێـش لـە شـەهید بوونـی ڕایسـپارد بـوو لەسـەر بـەردی مەزارەکـەی بنووسرێـت: «**بەپێـوە مـردن باشـترە لـە ژیانـی سـەر چـۆک، مـن قـەت چـۆک نـادەم ئەگـەر ئاسـمان لـە قامەتیشـم کورتـتر بێـت**».
بنەماڵەکـەی عیسـا ئـەو وەسـیەتەیان بەجـێ گەیانـد و لەسـەر مەزارەکـەی نووسـییان.

**وەکوو زریان، پشوو ئەدەم،**
**بەڵام نانووم**
**وەکوو هەڵۆ هەڵئەنیشم،**
**بەڵام لوتکە قەت بەرنادەم**

دەستیان هێنا، تەوقە ئەکەم،
بەڵام دەستم قەت نافرۆشم
وەک نارنجۆک لەسەر کەمەر،
دائەنیشم،
بەڵام هەرگیز
لێوی بێدەنگی ناکرۆژم
وەک چۆن هاژەی چەم و کەنار،
باڵندە و دار،
جووتە دڵدار،
لە یەکتری وەڕەز نابن
منی قوربانیش لە شۆڕش،
لە عەشقی خاک،
لە خاکی یار،
وەڕەز نابم!

(شێرکۆ بێکەس)




## شەهید فریشتە ئەحمەدی

لەیلا قادری

ڕۆژی یازدەی مانگی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی، وێنەی ژنە کوردێک ڕووبەری زۆربەی کامپیوتەر و مۆبایل و تەلەفزیۆنەکانی هەموو کوردستان و ئێران و تەنانەت جیهانیشی تەنییەوە. وێنەکە ژنێکی ئارام و لەسەرەخۆ پێشان دەدات، هەر کە سەرنج دەدەی هەست دەکەی دوور دەڕوانێت. ڕوانینێک بە هەزاران پرسیارەوە، ڕوانینێک وەک تاڤگەی شەڵماش بەخوڕ هاژەی دێت و دەڕژێتە چۆمی کەڵوێ و ئاودیووی ئەو دیو سنووری دەستکرد دەبێت تا چیرۆکی باوانی کچی بەیان بکات کە چنگی پڕ کردووە لە خۆڵی سەر گڵکۆی دایکی و پڕ بە گەرووی ڕوو بە دنیا هاوار دەکات: «**کوا دایکم، من دایکمم دەوێ ...**» زریکە و زتڕەی باوان گوێی فەلەکی کەڕ کردووە، بەڵام ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی بەناو داکۆکیکاری مافەکانی مرۆڤ زۆر لە مێژە لە پێناو بەرژەوەندییەکانیان گوێیان ئاخنیوە و لە ئاست ئەو هەمووە زوڵم و تاوانەی بە سەر گوندی بنەوخەڵەف و بێوران و کیمیابارانی سەردەشت و کوژرانی سەدان کۆڵبەری کورد لە سنوورە دەستکردەکاندا هاتووە، بێدەنگ و بێ‌هەڵوێستن.

دەنگی شین‌وشەپۆڕی پیاوێک لەسەر گڵکۆی فریشتە وەسەر دەنگی

هەمــوو ئــەو خەڵکــە شــینگێڕە کەوتــووە. ئــەو پیــاوە باوکــی باوانــە، دەستی کچەکەی لە نێو دەستانی گرتووە جارناجارێک کەزییە ئاڵۆز و خۆڵاوییەکانی لە سەر گۆنای تەڕ و چاوە پڕ فرمێسکەکانی لادەدات و جارجاریش سەیری میران، کوڕی بچووکی دەکات کە گویی لە دەنگی ئەو سەدان کەسەیە کە پڕ بە گەروویان هاوار دەکەن؛ «**مرگ بر دیکتاتور**».

فریشتە کچی مام عەبدوڵڵا و دایە شەمسێیە. ساڵی ١٣٦٩ هەتاوی، لە گوندی بنەوخەڵەفی سەر بە شاری سەردەشت لەدایک بووە.

فریشتە ئەحمەدی دەورانی سەرەتایی خوێندنی لە قوتابخانەی فەرهەنگیان تەواو کردووە و پلەکانی دواتری خوێندنی بڕیوە و فەوقی لیسانسی کۆمپیوتەری لە زانکۆی ئازادی سەردەشت تەواو کردووە.

**لە ناوی بەرزم قەڵایەک بەرخودان**
**کێوێک خەبات**
**مێرگێک خۆشەویستی و ئامێزێک دایک**
**لە لاپاڵی کوێستان خوشکێکی بێری**
**لە شەقامی شار ئەوینێک پڕ گوڕوتین**
**لە زانکۆ زانست و لە پێدەشتی بەری بەندیی**
**خۆڕاگرێک لە دارە بەڕوو و قەزوان**
**لە نیشتمانم کوردستان**
**لە زۆزانم هاوار**
**لە سەر ڕەوەزان تەوار**
**لە بەر مچوڕکی غەم شەم و**


**هەتا هەتەرکا «ژن»**
**منم ئەو کەزییەی تەنافی دار و دەسرازەی بێشکە ڕادەژێنم**
**ڕقم گڕە و کۆلکە و گابەرد دەشەوتێنم**
(سەلیم حەقیقی)

فریشــتە ژیانــی هاوبەشــی لەگــەڵ کاک ڕەحیــم گوڵــی دەســت پێکــرد و بــەری ئــەو ژیانــە باوانــی تەمــەن حــەوت ســاڵ و میرانــی تەمــەن ســێ ســاڵانن. لــە گەرمــەی ڕاپەڕینــی خەڵکــی مەهابــاد لــە شۆڕشــی ژینــادا فریشــتە لــە گەڕەکــی بــەری شــیلانانی ئــەو شــارە میوانــی خزمێکــی کاک ڕەحیمــی هاوســەریەتی. لــە نــاکاو گولــلەی بێئامانــی چەکــی دوژمنــی غــەددار و ڕێژیمــی جەنایەتــکاری کۆمــاری ئیســلامیی ئێــران ســینگی دەپێکێــت و لــە دواییــن نیــگا و هەناســەکانیدا لــە ئامێــزی گەرمــی بــاوان و میرانــی جگەرگۆشــەی، ماڵاوایــی لــە ڕەحیمــی هاوســەری بێبەشــی دەکات. ســەرەڕای ئــەو تاوانــە دژەمرۆییــە، هێــزە چنــگ بەخوێنەکانــی حکوومەتــی ســەرەڕۆی کۆمــاری ســێدارە ڕێگریــان لــەوەش کــرد تەرمەکــەی فریشــتە بگەڕێنێتــەوە بــۆ ئامێــزی زێدەکــەی خــۆی لــە سەردەشــت و لــە ژێــر ســێبەری داربــەڕووەکان ئەســپەردەی خــاک بکرێــت. کاربەدەســتانی ڕێژیــم بــەوەش نەوەســتان لــە درێــژەی تاوانەکانیانــدا مەکینــەی درۆ و چەواشــەکارییان خســتە کار بــۆ ئــەوەی بەهــەر نرخێــک بێــت، تاوانەکــە لەئەســتۆی خۆیــان داماڵــن و پرســەکە بەلاڕێــدا بــەرن. بــەڵام ئیبراهیــم ئەحمــەدی بــرای شــەهید فریشــتە، زۆر بوێرانــە و چاونەترســانە لــە گرتــە ڤیدیۆییەکــدا ڕوو بــە هەمــوو خەڵکــی ڕۆژهــەڵات و جیهــان ڕاشــکاوانە گوتــی: «**ئێمــە جگــە لــە ڕێژیمــی کۆمــاری ئیســلامیی ئێــران، هیــچ کــەس**

**و لایەنێـک بـە بەرپرسـی شـەهیدکردنی فریشـتە نازانیـن و دەسـتی هێـزە سـەرکوتکەرەکانی کۆمـاری ئیسـلامی بـە خوێنـی خوشـکەکەم سـوور بـووە و دادگا و ڕێکخـراوە نێودەوڵەتییـەکان و هەمـوو جیهانیـان بـا بـاش بزانـن لـە ئاسـت ئـەم تاوانـە بێدەنـگ نابیـن. ئێمـە سـەرمان بـەرزە کـە فریشـتە لـە ڕێـگای ئازادیـدا گیانـی بەخشـی و چ شـانازییەک لـەوە گەورەتـرە ئێمـە ئێسـتا بنەماڵـەی شـەهیدین و دوژمنیـش دڵنیـا دەکەینـەوە دەرحـەق بـە خوێنـی کچەکەمـان بـە هیـچ شـێوەیەک لەگـەڵ هیـچ کـەس و لایەنێـک ساتوسـەودا ناکەیـن».**

ڕەحیـم گوڵـی هاوژینـی فریشـتە ئەحمـەدی ڕۆژێـک دوای شـەهید بوونـی هاوسـەرەکەی لـە وڵامـی داواکاری گشـتی بـۆ شـوێنی ڕووداوەکـە، ڕەتیکـردەوە پێشـوازی لـە پارێـزگاری ورمـێ بـکات و زۆر جوامێرانـە بـە شـەهامەتەوە گوتـی: «**فریشـتە لـە کاتـی خۆیـدا نەمـرد، کۆمـاری سـێدارە و جەنایەتکارەکانـی شـەهیدیان کـرد**». لـە ڕۆژی حەوتـووی شـەهید بوونـی شـەهید فریشـتەدا مـام عەبدوڵـڵای بابـی بـە دڵـی حەزیـن و چـاوی پـڕ لـە فرمێسـکەوە بـۆ جارێکـی دیکـەی حکوومـەت و نیشتمانفرۆشـانی جاشـی ڕیسـوا کـرد و لـە نێـو ئاپـۆڕای خەڵکـی گونـدی هەمـزاوادا لـە سـەر گـۆڕی شـەهید فریشـتەی کچـی دەنگـی هەڵبـڕی و پـڕ بـە گـەروو هـاواری کـرد؛ «**ئێمـە شـەڕافەتی خۆمـان بـە پـارە نافرۆشـین، ئێمـە کوردیـن ئەوانـەی ئـەو ئـاکارە ڕەچـاو دەکـەن، لـە نەتـەوەی ئێمـە نیـن. دەبـا خـوا و هەمـوو خەڵقـی خـودا بزانـن، ڕێژیمـی دیکتاتـۆری ئێـران بـە هـەزاران منداڵـی وەک بـاوان و میرانـی فریشـتەی منیـان لـە ئامێـز و نـازی دایـک و بابیـان بێبـەش کـرد و دەیـان و سـەدان ژن و پیـاوی پیریـان جەرگسـووتاو کـرد. بـەڵام دوژمـن ئـەوە بزانێـت هـەزار هێنـدەش توندتـر ڕێگـەی کوشـتن و**

بڕیـن بگرێتەبـەر، هەرگیـز ناتوانێـت بیـری ئـازادی و سەربەسـتی لـە دڵـی خەڵـک و منداڵـی کـورددا بکوژێـت و ئەمـەش فەلسـەفەی کوردبـوون و مانەوەیەتـی». ئەوجـار خەڵکەکـە تێکـڕا هاواریـان کـرد «شـەهید نامـرێ، شـەهید بـاڵای بـە قـەت بـاڵای کوردسـتانە».



# شەهید ڕەزا شەهپەڕنیا

**لەیلا قادری**

شۆڕشی ژینا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەکاتێکدا سەری هەڵداوە کە بەگشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەک هەر مودێرنیتە و دێموکراسییەت لە پاشەکشێ دایە، بەڵکوو ئاراستەی توندڕەوی بە دژی ژن تا ڕادەیەکی زۆر لەهەڵکشانە، کەواتە ئەگەر شۆڕش بە مانای گۆڕانکاریی ڕیشەیی بێت، بە دڵنیاییەوە شۆڕشی ژینا ڕووخانی دەسەڵاتی فاشیستی ئاخوندی بەدوای خۆیدا دێنێ.

ئەو شۆڕشەی کە گەلێک شەهیدی سوورخەڵات ڕوحی نەمرییان پێ بەخشیوە و یەک لەوانەش شەهید ڕەزا شەهپەڕنیایە.

ئێوارەی ٢٩ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی ئەو کاتەی شەقامی شارە سینگ پڕ لە ڕووداو و ڕەمز و ڕازەکەی کرماشانی کوردان، بەدژی شەهیدکرانی ژینا خوروٚشا، ڕەزای ڕەزاسووک پێیوانەبوو ئەوە دواوتەی دەبێت لەگەڵ دایکی :»**دایکە حەزم لە ماکاڕۆنی شێوەدارە**» و تەنیا چەند کاتژمێرێک دواتر هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی پەت و سێدارە بالای دەدەنە بەر دەسترێژی گوللە و نزیک بە سەد گوللەی ساچمە لە بالای دا بەتاڵ دەکەن. ئەو نەیدەزانی خێڵی ڕەشەکوژ بێڕەحمانە هەموو گیان و تەنانەت چاو و ددانەکانیشیان دەدەنە بەر دەسترێژی

گوللـە.

**لە تاوانم مەپرسن خاکە گیانم**
**ئەمن ڕۆڵەیەکی پاکی نیشتمانم**
**ســـەرم شاباشی ڕێــگەی نیشتمانە**
**ئەوەش تاوانی قورسە باش بزانە**

ڕەزا شـەهپەڕنیا، ٢٣ سـاڵی تەمـەن بـوو، لەگـەڵ نێرگـزی تاقانـە خوشـکی ئاواڵدوانـە بـوون، ڕۆژی ٢ی خاکەلێـوەی سـاڵی ١٣٧٨ لەدایکبوونـی ڕەزا و نێرگـز باغـی ئەوینـی خاتـوو ئێبتهـاج عەزیـزی و کاک مورتـەزای ڕازانـدەوە، ڕەزا بەڕەسـمی مـەردان گەرچـی تەنیـا خولەکێـک لـە خوشـکەکەی گەورەتـر بـوو، بـەڵام هەمیشـە ئەرکـی گەورەیـی خـۆی بەجـێ دەگەیانـد، خوشـکی زۆر خـۆش دەویسـت و پشـت و پەنـای یەکـتر بـوون، ڕەزا دیپلۆمـی لـە ڕشـتەی ئینسـانی وەرگرتبـوو. هۆگـری خوێندنـەوە بـوو، سـاڵێک زیاتـر دەبـوو خزمەتـی زۆرەملێـی سـەربازی تـەواو کـرد بـوو، بـەڵام دایکـی وتەنـی دەرگا نەمـا لێینـەدا بـۆ کار و هـەر دەسـتی نەکـەوت.

ڕەزا هۆگـری وەرزشـی زۆرانبـازی بـوو. ئەوەنـدە نەبـوو بڕوانامـەی نێودەوڵەتـی شـۆفێری وەرگرتبـوو، بـۆ وەرگرتنـی بڕوانامـەی شـۆفێری لیفـتراک ناونووسـی کـرد بـوو، بـەو هیوایـەی ڕۆژێـک بتوانـێ چ لـە نێوخـۆی وڵات چ لـە دەرەوە بـە ماشـینی گواسـتنەوەی کەلوپەلـی قـورس کار بـکات. مۆبایلەکـەی ڕەزا پـڕ بـوو لـە کتێبـی مێژوویی، زۆربـەی کتێبـە مێژووییەکانی دادەبەزانـدە سـەر مۆبایلەکـەی و دەیخوێنـدەوە. بنەماڵەکـەی تـا بـەر لـە شـەهید بوونـی ڕەزا بەختـەوەر بـوون، کاک مورتـەزای باوکـی کـە ڕاهێنـەری

مەشــقی شــۆفێریە لەتــاو ئــازاری لەدەســتدانی جگەرگۆشــەکەی بــاری دەروونــی تێکچــووە و بــە وتــەی یــەک لــە خزمەکانــی تــا ئێســتاش ڕۆژانــە لەبــری پێنــج فێرخــواز تەنیــا دوو فێرخــواز وەردەگرێــت و تــا درەنگانــی ڕۆژاوا لەســەر گڵکۆکــەی ڕەزا دادەنیشــێ و بەکــوڵ دەگــری و دەیلاوێنێتــەوە.

ڕۆژی ٢٩ی خەرمانــان، بــەر لــە دەســتپێکی خۆپێشــاندان ڕەزا و بنەماڵەکــەی لــە ڕێوڕەســمی بەخاکســپاردنی خزمێکــی کۆچکردوویان بوون. نزیــک ڕۆژئاوا دوای گەڕانەوەیــان بــۆ مــاڵ ڕەزا دەڵــێ: دڵــم زۆر تەنگــە دەچمــە دەرێ هەوایــەک بگــۆڕم. کاک مورتــەزای باوکــی کــە جگەرگۆشــەکەی خــۆی بــاش دەناســی و لەئاســتی ئاگایــی و هۆشــیاری و نیشــتمانپەروەری گەیشــتبوو، هەســتی باوکانــەی دەردەبــڕێ و دەڵــێ: «ڕەزا تــکا دەکــەم مەچــووە نێــو شــلووقی، خــۆت دەزانــی تــۆ هــەر کــوڕم نــی، بەڵکــوو بــاوک و براشــمی. ڕەزا لــە وەڵامــدا دەڵــێ: «**بابــە گیــان ئــەوە چ قســەیەکە ژینــاش تاقــە یــەک دانــە بــوو، تــا خوێــن نــەڕژێ شــۆڕش ســەر ناکــەوێ**». دوای ئــەو گفتوگۆیــە ڕەزا دەڕوا، کەمێــک دواتــر دایکــی زەنگــی بــۆ لێــدەدا و لێــی دەپرســێ ڕەزا گیــان چیــت بــۆ لێنێــم، دواییــن وتــەی ڕەزا لەگــەڵ دایکــی ئــەوە بــوو : «**دایــە حــەزم لــە ماکاڕۆنــی شــێوەدارە**».

ئــەو شــەوە دواکەوتنــی ڕەزا بنەماڵەکــەی زۆر نیگــەران دەکا، مۆبایلەکــەی کووژابــۆوە، قــەت ڕووی نەدابــوو ڕەزا ئەوەنــدە وەدرەنــگ بکــەوێ.

کاتژمێــر یــازدەی شــەو هەمــووان پەرێشــان و نیگــەران دەکەونــە ســۆراغی ڕەزا، بــەڵام شــەقام و کۆڵانەکانــی کرماشــان بــەدوای خۆپێشــاندانەکانی دژی ڕێژیــم تــەواو ئەمنیەتییــە و هێــزە ســەرکوتکەرەکان هەمــوو شــوێنێکیان تەنیــوە، بنەماڵــەی ڕەزا دەچنــە کەلانتــەری، بــەڵام بــە وتــەی بەرپرســێکی کەلانتــەری گوایــە ئــەو شــەوە کــەس دەسبەســەر نەکــراوە! ئەمجــار ڕوو

دەکەنـە نەخۆشـخانە، کادری نەخۆشـخانە پێیانڕادەگەیەنـن کـە دوو کۆچکردوویـان هەیـە، ژنێـک و پیاوێکی تەمەن ٣٥ سـاڵە. دواتـر دەردەکەوێ کـە ژنەکـە خاتـوو مینـوو مەجیـدی بـوو کـە دەسـتی ڕەشـی خێڵـی شـەوە شـەهیدیان کردبـوو. هەواڵـی ئـەوەی کـە پیـاوە کۆچکردووەکـە تەمەنـی نزیکـەی ٣٥ سـاڵانە، پشـوویەک دێنێتـەوە بـەر دایـک و باوکـی ڕەزا کـە لانیکـەم لـە نێـو کوژراوەکانـدا نییـە.

بنەماڵـە تـا بەربەیـان بـەدوای دۆزینـەوەی ڕەزادا وێـڵ بـوون و هەمـوو ناوەنـدە ئەمنییـەکان گـەڕان و پرسـیاریان کـرد، بەڵکـوو هەواڵێکـی جگەرگۆشـەکەیان دەسـت بکـەوێ، بـەڵام هیـچ هەواڵێکیـان دەسـت نەکـەوت، کاتژمێـر ٤ی دوانیـوەڕۆی ڕۆژی دواتـر لـە ئیـدارەی ئاگاهییـەوە زەنـگ بـۆ ماڵـی باوکـی ڕەزا لێـدرا و پرسـیار کـرا کـە ئایـا ڕەزا لـە خۆپێشـاندانەکاندا بەشـدار بـووە؟ دواتـر کاک مورتـەزای باوکـی ڕەزا بـۆ وەڵامدانـەوە بـە پرسـیارەکانی ئیتلاعـات بانـگ دەکـرێ.

دایکـی ڕەزا هیـوادار بـە تەندروسـتی کوڕەکـەی تەنانـەت دەرمانەکانـی ڕەزا بـە هاوسـەرەکەی دەدات بـۆ ئـەوەی بـە دەسـتی بگەیەنـێ. بـەڵام بەداخـەوە ماوەیـەک دواتـر خاڵـی ڕەزا بەمەبەسـتی پشـکنین و شناسـایی تەرمێـک بانـگ دەکـرێ.

ڕەزای لاو هەمـان پیـاوی بەڕواڵـەت ٣٥ سـاڵە بـووە کـە لـە ساردخانەی نەخۆشـخانە بـووە، بـەڵام بەهـۆی شـێواویی ڕوخسـار و جەسـتەی شـەڵاڵی خوێنـی بـە لێوردبوونـەوەی زۆر جـا توانـرا بناسرێتـەوە.

ڕەزا تەنیـا دوای چـوار رۆژ بەسـەر شـەهیدبوونی ژینـادا بـە دەسـتی هێـزە سـەرکوتکەرەکانی ڕێژیمـی پـەت و سـێدارە شـەهید کـرا، ئـەو کاتـەی هێشـتا ناڕەزایەتییـەکان بەرفـراوان نەببـوو، ڕەزا بـە دەسـتی خاڵـی

چووبـووەوە خۆپێشـاندان، لـە گەڕەکـی نەوبەهـار و لـە شـەقامی خوڕڕەمـی کرماشـان درایـە بـەر دەسـترێژی گوللـە و تەنانـەت دەسـتیان لـە چـاو و ددانیشـی نەپاراسـت. تەرمـی پیـرۆزی شـەهید ڕەزا شـەهپەڕنیا ڕۆژی ٣١ی خەرمانانـی ١٤٠١ی هەتـاوی لـە گۆڕسـتانی کرماشـان بـە خاکـی پیـرۆزی کوردسـتان سـپێردرا. دایـک و تاقـە خوشـکەکەی تەنیـا یـەک چرکـە بـەر لـە ئەسـپاردەکردنی چاویـان بـە تەرمـی ڕەزای ئازیزیـان کـەوت. بـە وتـەی شـایەتحاڵان جەسـتەی ڕەزا بەئەنقەسـت دابێژدابێـژ کرابـوو، هیـچ شـوێنێکی جەسـتەی نەبـوو گوللـەی سـاچمە نەیبڕبێـێ. ئـەوە لـە حاڵێکدایـە کـە سـەرباری شـەهید کرانـی ڕۆڵـەی شـیرینیان گوشـاری هێـزە ئەمنییەتییـەکان بـۆ سـەر بنەماڵـەی شـەهید ڕەزا هـەر بـەردەوام بـوو. ڕێوڕەسـمی چلـەی شـەهید ڕەزا لـە ژێـر چاودێـری هێـزە ئەمنییەتییـەکان بەڕێـوە چـوو، بەجۆرێـک بەشـێک لـە ئامادەبـووان کاتێـک دروشـمی دژ بـە ڕێژیمیـان دەوتـەوە، هێرشـیان کرایـە سـەر و ڕێوڕەسـمەکە لەلایـەن هێـزە بەکرێگیـراوەکان شـێوێندرا، هـەر بۆیـە بنەماڵـەی شـەهید ڕەزا بـۆ ڕێگەگرتـن لـە دەسبەسـەر کرانـی ئامادەبـووان دوای نیـو کاتژمێـر کۆتاییـان بـە ڕێوڕەسـمەکە هێنـا.

**لە تاوانم مەپرسن بۆچ ئەوایە**
**هەمووی بۆ مەوتەنە، چون بێنەوایە**
**دەروونم پڕ لە زامە بۆ وڵاتم**
**شەڵاڵی خوێنە دەشتی نەینەوایە**

شـەهید ڕەزا کوڕێکـی ئـارام و لەسـەرخۆ و خوێنەرێکـی بـاش بـوو، جێـی

شـانازی دایـک و بـاوک و خوشـکی بـوو. ڕەزا هۆگـری دەنگـی بەسـۆزی هونەرمەندانـی گـەورەی کـورد نـاسر ڕەزازی و حەسـەن هەیـاس و ئەحمـەد کایـا بـوو.

بـە شـەهیدبوونی ڕەزا شـەهپەڕنیا، کوردسـتان و بەتایبـەت شـاری کرماشـان ڕۆڵەیەکـی ئەمەگـدار و نیشـتمانپەروەری لەدەسـت دا، بـەڵام بەدوایـدا هـەزاران لاوی خوێنگـەرم بەڵێنـی درێـژەدان بـە ڕێگـەی شـەهید ڕەزایـان نـوێ کـردەوە.



## شەهید سەید کەماڵ ئەحمەدپوور

سۆما ناسری

پاش ئەوەی ژینا ئەمینی کچە کوردی خەڵکی سەقز لە شاری تاران، بە بیانووی ڕەچاونەکردنی حیجاب، لەلایەن گەشتی ئیرشادی تاران دەسبەسەر کرا و ڕۆژی ٢٥ی خەرمانان، بەهۆی ئەو زەبرەی وەسەری کەوتبوو گیانی لەدەست دا و ڕۆژی دواتر واتە ٢٦ی خەرمانانی ساڵی ١٤٠١ی هەتاوی، لە کاتی بەخاکسپاردنی ژینا، لە گۆڕستانی ئایچیی سەقز لە سەر بەردەکێلەکەی نووسرا: «**ژینا گیان تۆ نامری ناوت ئەبێتە ڕەمز**» ئەوە بوو بە دەسپێک و سەرەتای خۆپیشاندان و ڕاپەڕینەکان لە کوردستان و ئێران، بەمجۆرە شەقام شڵەژا و شار و شاخ خورۆشان.

شاری مەهابادی هەمیشە پێشەنگیش کە ڕابردوویەکی زێڕینی بۆ خۆی لە مێژوودا تۆمار کردووە، بۆ خاوەنداریەتی لە خوێنی بەناحەق ڕژاوی ژینا هاتنە سەر شەقامەکان و بە دەستی بەتاڵ، بەڵام بە ورەی پێشمەرگانە و پۆڵایینەوە شار و شەقامیان لە دوژمنان کردە جەهەننەم و بەکرێگیراوانیان وەتەنگ هێنا.

سەید کەماڵ ئەحمەدپوور ئەو لاوە ئازا و خوێنگەرمە وەک هەموو هاوڕێ و دۆستەکانی بەشداریکردن لە خۆپیشاندانەکانی بە ئەرکی نیشتمانیی خۆی دەزانی و بەوپەڕی جوامێرییەوە، هاوڕێکانی کۆ

دەکـردەوە بـۆ ئـەوەی بـەدەم بانگەوازەکانـەوە بێن کـە بۆ خۆپیشـاندانەکان بـڵاو کرابوونـەوە و سـێ ڕۆژەی بانگـەوازی گشـتیی کـە لەلایـەن ناوەنـدی هاوکاریـی حیزبەکانـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتانەوە درابـوو، واتـە ڕۆژەکانـی ٢٦، ٢٧و ٢٨ی خەزەڵـوەری ١٤٠١ی هەتـاوی، تـەواو وەخـت بەشـداری کـرد و بوێرانـە ورەی بـە هـاوڕێ و هاوبیرەکانـی دەدا و لـە هیـچ سـڵی نەدەکـردەوە و بـەردەوام بـە دۆسـت و هاوڕێیانـی دەکـوت ئێمـە نابـێ شـەقام بەجـێ بهێڵیـن و ئـەوە ئەرکـی سەرشـانی ئێمەیـە کـە تۆڵـەی خوێنـی بەناحـەقڕژاوی ڕۆڵەکانمـان بکەینـەوە و خـۆی دەچـوو بابۆڵـەی بـۆ خۆپیشـاندەران دەهێنـا بـۆ ئـەوەی شـەقام چـۆڵ نەبێـت.

سـەید کەمـاڵ ئەحمەدپـوور کـوڕی سـەید تاهیـر و دایـە مریـەم سـەوزە لـە ٢٠ی خەزڵـوەری سـاڵی ١٣٦٧ی هەتـاوی، لـە گەڕەکـی مەنبەعـی ئـاوی شـاری مەهابـاد لەدایـک بـووە و هـەر لـەو گەڕەکـە گـەورە بـوو، دوو بـرا و سـێ خوشـکی هەبـوو بـە ناوەکانـی عەبدوڵـڵا، خالیـد، حومەیـرا، مێهـری و فاتمـە.

سـەید کەمـاڵ لـە بنەماڵەیەکـی کوردپـەروەر و نیشتماندۆسـتدا پـەروەردە ببـوو و بـاوەڕی بـە سەربەسـتی و ئازادیـی نەتەوەکـەی هەبـوو، دڵسـۆز و خەمخـۆری گەلەکـەی بـوو، زۆر بـە داهاتـووی ئـەم شۆڕشـە گەشـبین بـوو و بـەردەوام بـە هاوڕێکانـی دەکـوت دڵنیابـن ئێمـە سـەردەکەوین و ئـاڵای کوردسـتانمان لـە بەرزایـی فەقرەقـا دەشـەکێتەوە و کۆتایـی بـەو زوڵـم و سـتەمەی کۆمـاری ئیسـلامیی خوێنمـژ و کوردکـوژ دێنیـن و دەگەیـن بـە ئـازادی و سەربەسـتی.

سـەید کەمـاڵ دیپلۆمـی «منبـتکاری»ی هەبـوو و خەریکـی کاری گەچـکاری، سـپیکاری و شـێوەکاریی خانووبـەرە بـوو. ناوبـراو لەگـەڵ خاتـوو

پەریسا تاڵانە ژیانی هاوبەشی پێکهێنا بوو و بەرهەمی ژیانیان کچێک و کوڕێک بوو بە ناوەکانی کەژینی تەمەن ٧ساڵ و بارزانی تەمەن ٢ ساڵ، لەسەرەتای وەرزی پاییز و یەکەم ڕۆژەکانی دەسپێکی قوتابخانە، کەژینی کچی بە دڵخۆشی و پێکەنینەوە بەڕێ دەکاتە قوتابخانە و کۆمەڵێک خەون و خولیای بۆ داهاتووی ئەو و بارزان لە مێشکدابوو.

سەید کەماڵ ڕێزی تایبەتی لە بنەماڵەکەی دەگرت و لە نێو خزم و دۆستاندا زۆر کەسێکی خۆشەویست و جێگای ڕیز و متمانەی خەڵکی شاری مەهاباد بوو، لە کۆڕی دۆست و هاوڕێیانی و لە شایی و هەڵپەڕینەکاندا دەسرەی دەستی ئاڵای جوان و واڵای کوردستان بوو و باوەڕێکی قووڵی بە مسۆگەربوونی ئازادی و شەکانەوەی ئاڵای پیرۆزی کوردستان لە بەرزاییەکانی نیشتماندا هەبوو.

لە گەرمەی ڕاپەڕینەکاندا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەو ڕۆژهەڵاتەی بۆ جارێکی دیکەش بە ڕێژیمی پەت و سێدارەی سەلماند کە لە خوێنی بەناحەق ڕژاوی ڕۆڵەکانیان خۆش نابن و خاوەنداریێتی لە خوێنیان دەکەن، ڕۆژی ٢٧ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی، ئەو ڕۆژەی کە خەڵکی شاری مەهاباد شاری پێشەوای نەمر، بە گەنج و لاو و پیر و منداڵەوە ڕژابوونە شەقامەکان و شار جمەی دەهات، ئاڵای کوردستان بە دەستی لاوانەوە لە شەقامەکانی ئەو شارە دەشەکایەوە و سروودی ئەی ڕەقیب و ئەی شەهیدان لە مزگەوتەکانی ئەو شارە گوڕوتینێکی دیکەی دابوو بە شۆڕش و شار و خەڵکی خورۆشاو.

جاش و بەکرێگیراوانی ڕێژیم ئەوانەی کە فرچکیان بە بێوێژدانی گرتووە و بەتاڵن لە هەست و سۆزی مرۆیی و بوونە داردەستی ڕێژیم، کوێرکوێرانە تەقەیان لە خەڵکی ڕاپەڕیوی شەقام دەکرد و دەستیان

لـە هیـچ نەدەپاراسـت و بـە هەمـوو جـۆرە چەکێکـەوە دەسـڕێژیان لـە خۆپیشـاندەران دەکـرد، لـەو نێوەنـدەدا سـەید کەمـاڵ ئەحمەدپـوور لـە شـەقامی مەنبەعـی ئـاو هـەر ئـەو شـوێنەی لێـی لەدایـک بـوو و ٣٤ سـاڵی تەمەنـی لـەوێ ژیابـوو لەنێـو خۆپیشـاندەراندا بـە گولـلەی جەنگـی پێکـراو و شـەهید بـوو و ڕێـڕەوی خەباتـی بـۆ هاوڕێیانـی بەجێهێشـت.

**کاتێ زانیان**
**بورکانە دامرکاوەکان ئەخرۆشێنی**
**بوومەلەرزە خنکاوەکان**
**لەناو خوێنتا ئەجووڵێنەوە**
**نەخشەی جیهان ئەشێوێنی**
**سنوورەکان لەژێر پێتا ئەتوێنەوە**
**وەک بڵێسەی کڵپەی ئاگر**
**لەناو شەوەزەنگا ئەگڕی**
**هاتن سینگتیان هەڵدڕی ...**


(جەلال مەلەکشا)

بەکرێگیراوانـی ڕێژیـم هەوڵیـان دا تەرمـی شـەهید کەمـاڵ بڕفێنـن بـۆ ئـەوەی بـۆ خۆیـان بـە بێدەنگـی بینێـژن. بـەڵام لاوانـی ئـازا و بوێـری ڕاپەڕیـو نەیانهێشـت دەسـتی کوردکـوژان بـە تەرمـی پیـرۆزی ڕابـگات و تەرمـی شـەهیدیان ڕاگواسـت و ئـەو شـەوە تـا بەیانـی خـەو نەچـووە چاوانیانـەوە و ڕۆژی دواتـر واتـە ٢٨ی خەزەڵـوەری ١٤٠١ی هەتـاوی، تەرمـی شـەهید سـەید کەماڵیـش وەک هاوڕێیانـی شـەهید بەڕێـزەوە لەنێـو ئاپـۆڕای خەڵکـی شـاری مەهابـاد ئەسـپەردەی خاکـی پیـرۆزی نیشـتمان کـرا

و نێـوی سـەید کەمـاڵ ئەحمەدپووریـش وەک شـەهید سـەید کەریمی مامی چـووە نێـو لاپـەڕە زێڕینەکانـی مێـژووی پـڕ لـە سـەروەریی کوردسـتانەوە و لاواندنـەوەی دایـە مریـەم و چاندنـی نەمـام بەدەسـتی کەژینـی تەمـەن حـەوت سـاڵ لـە سـەر گلکـۆی باوکـی و پێکەنینـی بـارزان بـەدەم وێنەکانـی باوکـی شـەهیدییەوە بـۆ هەتاهەتایـە لـە دڵمانـدا دەمێنێتـەوە.

**تۆڵەی شەهید**

**من هەر ئەو خۆرە گەشەی نێو قەدی کەسک و سوورم**
**من سروودی گەلم و ناخیی دڵی جمهوورم**
**عەهد و پەیمانی من و گەل بێ هەتاکوو ماوم**
**پشت بە تۆڵەی شەهیدانی گەلی خۆ ئەستوورم**
**هۆ گوڵی سووری شەهید هەستە لە خاک و ڕابە**
**با کراسێک لە ژیان بۆ قەد و باڵات دوورم**
**تا کوڕە کوردێ هەبێ کیژێ لەشانی وەستێ**
**بەرگی زێڕینتر ئەبێ لاپەڕی مێژووی دوورم**
**بڕۆ هەی خائینی گەل بیرێ لە حاڵی خۆکە**
**ڕۆژی تۆڵەم کە بگا ئەستەمە گەر بتبوورم**



# شەهید هوومەن عەبدوڵڵاهی

ناسر سادقی

بیری سەربەستیی نەتەوەیی و کولتووری بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵات، ڕیشەی لە خاک و سروشتی کوردستان دایە. کاتێک دژەسروشتەکانی شۆڤینی، ئاگر لە دارستان و لێڕەواری چیاکان بەردەدەن، بە سەدان نەمامی نوێ لە شوێنی پیرە بەڕووەکان دەڕوێنەوە و، لە هەناوی کوێستانی کوردستان پۆلپۆل چرۆی بەڕووی ساوا بەرەو هەتاو سەرهەڵدەبڕن و ژیانێکی نوێ سەرهەڵدەدا، هەتا چی باڵندەی تەرەو و زیزبووی دەستی خێوەی شەڕەنگێزان و دێوی دەسەڵاتە، نوقمی خەونی سەوزی چیا و کانی ڕوونی لاپاڵی شاخەکان و هەوای ئازادیی ببنەوە.

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی لە شار و شەقامی ڕۆژهەڵات وێنەی سروشت و دارستانی چیاکان، لە هەر هەلومەرجێکی گونجاو و بە هەموو شێواز و فۆرمەکان، بەردەوام سەرهەڵدەدا و، لاوان هەردەم لاپەڕەیەکی نوێ لە خەباتی ڕۆشنبیری و سیاسی و کۆمەڵایەتی تۆمار دەکەن. خەڵکی نیشتمانەدۆست لەپێناو ئازادیی نەتەوەیی هیچکات درێغی لە تێچووی گیانی و مەعنەوی ناکەن.

بنەماڵەی هوومەن عەبدوڵڵاهی یەک لەو هەزاران بنەماڵە نیشتماندۆستانەن کە هەمان ئایدیای سەربەستی و ئامانجی ڕزگاریان

بــۆ کوردســـتان لەدڵدایــە.

هوومــەن عەبدوڵڵاهــی لــە ١٣ی ســەرماوەزی ســاڵی ١٣٨٠ی هەتــاوی، لــە ئامێــزی خاتــوو ئــارەزوو حوسـێنی لـە شـاری زاراوە شـیرینەکانی ئـەردەڵان و گـۆران و جـاف و هەورامـان، شـاری مۆسـیقا، شـێعر، ئـەدەب و هونـەر، واتە شـاری سـنە چـاوی بـە دنیـا هەڵێنـا و بـە سـۆز و بلاوێنـی کاک فەرشـیدی عەبدوڵڵاهـی گوێـی بـە وشـەی بـاوک ئاشـنا بـوو. هوومـەن عەبدوڵڵاهـی قۆناغەکانــی قوتابخانــەی لــە شــاری ســنە تــەواو کــرد و دیپلۆمــی لــە بــواری زانســتی کشــتوکاڵ لــە زانکــۆی کوردســتان بەدەســت هێنــا، بــە هــۆی بڵاوبوونــەوەی پەتــای کۆڕۆنــا و بــۆ خۆپارێــزی لــە تووشــبوون بــەو پەتایــە بڕیــار وابــوو، بەشــێوەی ئانلایــن لــە ماڵــەوە درێــژە بــە خوێنــدن بـدا. هوومـەن وێـڕای بابـی لـە کارگـەی بەرهەمهێنـان یارمەتـی و پاڵپشـتی باوکــی دەکــرد.

بنەماڵــەی هوومــەن بــاش هەســتیان بــەوە دەکــرد کــە هوومــەن دڵــی لــە هــەوار و سروشــتی حەســەناوا ئــارام دەگــرێ و ڕەشــماڵی خەونەکانــی بــە دیمــەن و ژینگــەی ئــەو دەڤــەرە دەحەســێتەوە و زۆر حــەز دەکا لــەوێ ژیـان بـکات، بۆیـە لەبـەر هۆگـری و تامەزرۆیـی هوومـەن بڕیاریانـدا ماڵیـان بچێتــەوە بــۆ حەســەناوا. بنەماڵــەی هوومــەن لــەو ماوەیــەدا کــە ســەرقاڵی ڕاگواسـتنی ماڵەکەیـان لـە شـەهرەکی زاگرۆسـی سـنە بـۆ حەسـەناوا بـوون، ڕاگەیاندنــی مانگرتنــی سەراســەری لــە ڕۆژانــی ١٤ـ ١٥و ١٦ی ســەرماوەز، خەڵکـی شـاری هێنابـووە سـەر شـەقام و شـار خورۆشـا بـوو.

ئێـوارەی ڕۆژی ١٦ی سـەرماوەزی سـاڵی ١٤٠١ی هەتـاوی، خاتـوو ئـارەزووی دایکـی هوومـەن و کاک فەرشـیدی باوکـی لەگـەڵ بـرا چکۆلەکـەی هوومـەن لـە حەسـەناوا نابـن. حەسـەناوا ئـەو ڕۆژە لـە گـڕی ڕاپەڕیـن و خورۆشـاندا

بــوو. کاک فەرشــید کاتژمێــر ٥ی ئێــوارە تەلەفــۆن بــۆ هوومــەن دەکا کــە خــۆی بپارێــزێ، هوومــەن لــە وەڵامــی باوکیــدا دەڵــێ؛ نیگــەران نەبــێ و ئــەو لەگــەڵ هاوڕێکانــی بڕیــارە بچــن بــۆ ســەیران، بــەڵام کاک فەرشــید کاتێــک دەگەڕێتــەوە بــۆ حەســەناوا و دۆخــی حەســەناوا دەبینــێ لــە نزیــک ماڵــی باوکییــەوە کــە دەکەوێتــە پشــت مزگەوتــی جامعــەی حەســەناوا، تەلەفــون بــۆ هوومەنــی کــوڕی دەکا بــۆ ئــەوەی ئــاگاداری بکاتــەوە کــە لــە ماڵــێ وەدەرنەکــەوێ و هۆشــداری پێــدەدا کــە مەئمــوورە دژی گەلییــەکان هەمــوو کۆڵانەکانەکانیــان میلیتاریــزە کــردووە و دەســت لــە کــەس ناپارێــزن. بــەڵام هوومــەن وڵامــی تەلەفۆنەکــەی باوکــی ناداتــەوە. باوکــی دیســان زەنگــی بــۆ لێــدەدا ئەوجارەیــان کەســێکی دیکــە بــە مۆبایلەکــەی هوومــەن وەڵامــی کاک فەرشــید دەداتــەوە و پێــی ڕادەگەیەنــێ کــە هەرچــی زووە خــۆی بگەیەنێتــەوە ماڵــەوە و هوومــەن برینــدارە.

کاتژمێــر پێنــج و نیــوی ئێــوارە کاک فەرشــید لەنــاو دەرگای ماڵەکەیــان چــاوی بــە جەســتەی هوومــەن دەکــەوێ کــە شــەڵاڵی خوێنــە و چەنــد کەسێکیش لــە دەوری هــاڵاون، ســەرەتا وا هەســت دەکــەن زاری پێکــراوە بۆیــە خوێنــی لــێ دەچــۆڕێ، بــەڵام کاتێــک کراســەکەی لــە بــەری دادەکەنــن، ئەوجــار برینەکانــی ســینگی هوومەنــی لاو دەبینــن کە بە ســەدان ســاچمە دابێژراوە و خوێنــی لــێ دەچــۆڕێ هــەر بۆیــە زوو دەیڕفێنــن بــۆ نەخۆشــخانەی کەوســەر لــە شــاری ســنە. دایکــی هوومــەن کاتێــک دەگاتــە نەخۆشــخانە دەبینــێ کــە کــوڕە خۆشەویســتەکەی لەژێــر چاوەدێــری پزیشــکی دایــە و بیســت خولــەک دواتــر هوومــەن دەبرێتــە ژووری نەشــتەرگەری، بــەڵام کاتژمێــر ١٢ی شــەو بــە هــۆی کاریبوونــی برینەکــەی و دابەزینــی لێدانــی دڵــی ڕەوانــەی بەشــی چاوەدێــری چــڕ واتــە (ئــای ســی یــوو) دەکرێــت. بەداخــەوە ئــەوە دواییــن

دیدار وماڵاواییان لە هوومەن دەبێ و مخابن هوومەن شەهید دەبێ.
پاش شەهید بوونی هوومەن، بنەماڵەکەی بەتایبەت دایکی پێداگری دەکەن کە کوڕەکەیان بەئانقەست و لە ناو دەرگەی ماڵەکەی خۆیان بەر گوللەی پاستاڕە جەنایەتکارەکانی ڕێژیمی دژی گەلی کەوتووە و سنگی پێکراوە، نەک لە شەقام.
هوومەن کوڕێکی ڕەزاسووک و مێهرەبان و لەبەردڵان و خەڵکدۆست بوو. ئەو دژی ناعەداڵەتی و جیاوازی بوو.
هوومەنی چوکەڵەسوار زۆر هۆگری ئەسپسواری بوو، سوڵتان ناوی ئەو کەحێلە ڕەسەن و خۆشبزووتەیە کە هەتا ئێستاش چاوەڕوانی چوکەڵە سوارەکەیەتی کە ئاخۆ کەی بێتەوە و دەست بە یاڵ و قژی دابێنێ و لە پەرێز و دەشتە گوڵجاڕەکانی حەسەناوا لەگەڵ هەور و با غار بدا و زایەڵەی حیلەی لە بناری زاگرۆس و ئاویەر دەنگ بداتەوە و ئاوێتەی هەوهەوەی شۆڕەسوارانی ئەردەڵان و گۆران و جاف و ئاوازی سیاچەمانە و هۆرەی هەورامان بێ.
شەوی ١٦ی سەرماوەزە، حەشامەتێکی زۆر لە ماڵی هوومەن کۆبوونەوە، بەڵام بنەماڵەکەی لە ترسی ئەوەی حکوومەتی دژی گەلی دەست بەسەر تەرمی کوڕەکەیاندا نەگرن و، کێشە بۆ خەڵک نەنێنەوە، داوایان لە خەڵک کرد، بڵاوە بە گردبوونەوەکە بێنن؛ بە خەڵکیان ڕاگەیاند بەیانی تەرمی هوومەن بە خاک دەسپێرین، بەڵام لە کاتژمێر ٣ بۆ ٤ی نیوەشەو بە بەشداریی چەند سەد کەسێک تەرمی هوومەنی سەرچۆپیکێشی دیلان و دڵ بە ئاوات لە گۆڕستانی حەسەناوا ئەسپەردەی خاکی پیرۆزی نیشتمان دەکەن.
لە ڕۆژی چلەی شەهید هوومەن کە بەفر هەموو شاخەکانی سپیپۆش

کـردووە، هــەزاران کـەس لـە خەڵکـی قارەمـان بـە گوتنـەوەی دروشــمی شۆڕشــگێڕانە پەیامــی یەکڕیــزی و خۆڕاگریــان بــۆ گەلــی ئازادیخــوازی بەلـووچ و بنەماڵـەی شـەهیدان ڕاگەیانـد و بـە دانانـی گوڵـی سـوور لەسـەر گڵکـۆی شـەهید هوومـەن و هەڵفڕاندنـی دوو کۆتـر بـە نیشـانەی ئاشـتی و ئازادیـی گەلانـی ئێـران و هێـمای سـەرفرازی شـەهیدان لـە ئاسـمانی سـنە و بەرزاییەکانـی ئاویـەر، پەیمانـی خۆڕاگرییـان گەیانـدە هەمـوو میدیاکانـی جیهـان .

**ئەگەر مردم لەسەر گۆڕم مەکەن شین**
**بەجێی شین وا چاکە بۆ گەل بکۆشین**
**هەتا ڕۆژێ لە خاکی نیشتمان**
**بەگشتی داری ئازادی دەبن شین**
**وا بە خوێن سوور بوو ڕێگای ڕزگاری**
**شەهید قەت نامرێ لە کوردەواری**


ژینا گیان
تۆ نامری
ناوت دەبێتە ڕەمز











UNIVERSITY OF CAMBRIDGE



























اگر جرم ما کرد یا بلوچ بودن است
ما تا آخر عمر مجرم هستیم





# Sorxelatan

Taybet e bi
**şehîdên şoreşa Jînayê**

Berga Yekem

خوێنت

سروودی سەرکەشی زەمان

نەمانی بێدادی

دەنگت

پەیامی شۆڕشی شەقام

ژن و

ژیان و

ئازادی

فەرەیدوون ئەرشەدی

